فەلسەفە و کۆچ.. "فیلسوفی ئەمانی: "جولیان نیدا ئەملین".. و: هاوڕێ خالید

وەڵامی پرسیارەکانی ئێستای کۆچ دەداتەوە

پرۆفیسۆر نیدا ئەملین، قسەیەکی پێ باوەڕان جۆرێک لە قسەیانی ئاراستەکراوی هەناوە. ئ**ایا فەلسەفە دەتوانێت یارمەتی سیاسەت بدات؟**

فەلسەفە ناتوانێت هیچی قسەیەکی کەن ببینێت. بە بۆای من ئەمە هیچ جۆرێکی زانستییە نەبوونی سەرچاوە و مەرجی بابەتییە بۆ ئەوەی بە وردی بیاری ئەوە بدەن کە چی باشە و چی باش نییە؟، ئەمە لە سیاسەتی پێناباڕانیشدا جێبەجێ دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفە موکی هەستی هاوبەش و دەستەواژەی پێکەوەیی و ئەنجامە لۆژیکیەکانە. لە ناو ئەم چوارچێوەیدا و ئەو سنورانەی کە دەتوانن پشتگیری دابین بکەن ئەو دەتوانێت بەشداری بکات لە رووبەڕووبونەوەی مەسەلەکان،، کە هەروەها لە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی سیاسەتی پێناباڕیتییدا جێبەجێ دەکرێت بۆیە هاوینی ئابردوو دەستم بە نووسینی (هیچ وشتی کۆچ) کرد، کە لە فیستیڤاڵی پێشانگای کتێبی بەهارەدا باوەڕکراوە

دیارە لێرەدا دوو هەڵوەستی دژ بەیەک هەیە: تێڕوانینی یەکەم پشت بە مافی مرۆڤەکانی ئازادی جولانەوە و گواستنەوەی نودەوڵەتی دەبەستێت و لەکاتێکدا هەڵگرانی دی پشتگیری مافی مرۆڤی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن لە چوارچێوەدا یاسا و یاساکان بە هاتنە ناوەوەی خێرا بە ناوەوە و قەدەغەکردنی بەپێی پێویستی و هەلومەرج. هەڵوەستی "هیچ وشتی کۆچ" لەم بابەتەدا چییە؟

بەڵاستی، لایەنگرانی سنوور کراوەکان زۆر جار پێی دەڵێن کە کەسێڵەژی. زۆر جار خەیان لەبەردەم پارێزەری شەرعییەتی سنورەکانی وڵاتێکی تردا دەبینەوە ئەوان لە ئەنگڵە ساکسۆن بە "نەتەوەپەرستان" یان "یارمەتیدەرانی ناوخۆیی" ناسراون، من خەم بە تایبەتی پشتگیری لە پرەنسیپی جیهانگیری دەکەم، واتە نەرم و بەها جیهانییەکان هەن کە سنووری دەوڵەت – نەتەوە تێپەڕێنن. کرۆکی ئەم نەرم و بەهایانە مافی مرۆڤە. من گومانم هەیە لە هەکاری ئەوەی کە وڵات لەسەر بنەمای هاوکاری هاوبەشی ناوخۆیی (یان تەنانەت

ئیتنیکی) دامەزراوە، بەڵام منیش پشتگیری بڕگری لە سنووری شەرعیەکانی وڵات دەکەم.

" من لایەنگری پرەنسیپی جیهانگیریم، بەڵام لە هەمانکاتدا بڕگری لە سنووری شەرعیەکانی وڵاتان دەکەم "

جۆی باس چەپی سیاسی، لە مارکسیستەکانەوە بۆ سۆسیال لیبرالەکان، ئەو ئارگۆمێنتە بەکاردێنێت کە ئایدیۆلۆژیای نیولیبڕاڵیان بنەمای بازاڕ لەگەڵیدا دەگونجێت. ئەم تیۆرییە بازاڕە بە باشترین شێوە دەزانێت بۆ دروست کردنی سیستەمەکان. ئەوان باس لەوە دەکەن کە ئەو تەنها سەبارەت بە خزمەتگوزاری و کاڵاکان نییە، بەڵکو سەبارەت بە هەڵی کار هەرچەندێک بێت، بۆ بەزگرتن و پابەندبوون بە سنورەکانی دەوڵەت، بازاڕی کار مافی چارەی خێنووسینی دەستەجەمعی لاواز دەکات یان هەر هیچ نەبێت هەڕەشەی لێ دەکات، کە لە شێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و دیموکراسییەکی ڕەکخراودا خۆی بڕجەستە دەکات دامەزراندنی بازاڕی کاری جیهانی بۆ سنوور و مەرج ناتوانێت لەگەڵ بەرزترین ئاستی کەمایەتیدا بگونجێت و دەبەتە هۆی هەژاری زیاتر لە هەژارترین ناوچەکانی جیهان، چونکە هەڵی کاری لەهاتوو و لەهاتوو دەچێتە ناوچە دەوڵەمەندەکان بەڵای من مافی بنەمایی دەوڵەت بۆ کۆنتڕۆڵکردن و سنووردارکردنی یاسایی بوونی سنووری کانی دەوڵەت و جوڵانەوەی کۆچکردن بۆ هاتنی بەرژەوەندی جیهانی و بەرژەوەندی و تێگەیشتن و پاساوی ئەخلاقی جیهانییە. بەڵام لە هەمان کاتدا پابەندی مافەکانی مرۆڤ هەیە بە ئەو کەسانەی کە داوای مافی پەنابەری و پاراستن و پاراستنیان دەکەن (کۆنسەونتی جنێف). ئەوانەی لە جەنگ و شەڕی ناوخۆ هەڵهاتوون مافی پاراستنیان هەیە و مافی پەنابەرێتییان هەیە، بۆ شێوەیەکی سەرەکی لە وڵاتانی دراوسێ بە پاشتی دارایی کەمێگەی نەبوونەوەتی و بەشداری هەموو دەوڵەتەکان، تا ئەو کاتەی هەکارەکانی قەیران و جەنگ یان شەڕی ناوخۆ لەناودەچن هەرچەندێک بێت، ئەوە پشوختە کە بۆ شێوەیەکی ئەتۆماتیکی ئەم پاراستنە ببەسترێت کە لایەن پەیماننامەی مافی مرۆڤەوە سپێنراوە لەگەڵ ئەگەری تەکەبوون بۆ کەمێگایەکی نوێ. وەرگرتنی پەنابەرێک بۆ خۆرایی و بۆ باشترین شێوە بۆ ئارەزووی تەکەکردنی کەمێگایەکی نوێ گرفتێکە بۆ ئەو کەسانەی کە دژەفتیان هەیە یان ئەگەریان هەیە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشەیی بژین. بۆ پەنابەرانی شەڕی ناوخۆ – هیوادارم – ئەمە نەرمەکە نییە.

بۆ دیاریکراوی: ئەو مەرجە ئەخلاقییانەی چین کە دەبێت لە داهاتوودا سیاسەتی مافی پەنابەری زیرەک بەڕێوەببرێت؟ ئەو ئەرکە ئەخلاقیانە

چین کە بە ئاشکاوی دەتوانرێت فۆرمول بکرێن؟

لەم خاڵەدا تەنیا دەتوانم چەند خاڵێکی گرنگ بکەم: دەست پێ بکەم بە ئەخلاقێکی ناوەندی و بڕیە کۆشەی فەلسەفی: کۆشەی پێناهەندە دەوڵەتەکان دەخاتە ڕوو بە کۆشەیەکی ئەخلاقی گەورە. لە پەرەنسیپدا پابەندی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێکدا بەپێی ئادەی پێویستی و پێویستی جێبەجێ دەکرێت. ئەمە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین کە لەسەر سنووری کانمان وەستاون، کە ئاسایش و پاراستنیان دەوڵەت و ڕێزیان لە دەگرن، وەک چۆن مامەڵە و ڕێز لە هاونیشتمانیانمان دەگرین هەرچەندێک بڕێت وردەکارییەکانی ئەم مەسەلەیە بەبیارەکانی دادگای باڵای دەستووری فیدراڵی دیاری دەکرێت و ورد دەبێتەوە، بە نموونە هاوکاری و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان. لە هەمان کاتدا دەوڵەتەکان بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقییان هەیە کە لە پێکهاتەی هاوکاریدا لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا ڕەنگی دەتەوە و ئەو کەسانەی کە زیاتر پێویستیان بە یارمەتی هەیە، ئەولەویەتی دەدەن ملیاری خوارەوە، هەژارترین ملیار کەسی جیهانە، کە توانای کڕینی یەکسان بە یەک یەرەی ڕەژانیان هەیە، ناگەنە سنووری ئەوروپا یان ئەمریکای باکوور، یان ڕەنگە زۆر کەم.

"کاتێک یارمەتیەکانمان بە شێوەیەکی سەرکی جێخت لەسەر ئەو کەسانە دەکەینەوە کە گەیشتوونەتە ناو سنووری کانمان، ئەمە کەسانیتر فڕاوانش دەکەین کە دەتوانین زۆر زیاتر یارمەتیان بدەین، بە نرخێکی زۆر کەمتر"

هەژارترین هەژارەکان بە گشتی پێناچێت کەچ بکەن بە کیشوەرەکان و وڵاتان. وەک کاتێک کە یارمەتیەکانمان لە بنەڕەتدا تەنیا لەسەر ئەو کەسانەی کە دەتوانن بگەنە سنورەکانمان، ئەمە ئاوانی تر پشتگوێ دەهەنین دەتوانین بە نرخێکی زۆر بەرز و زۆر کەم یارمەتی بدەین بانکی جیهانی هەندێک حسابەتی کرد و بڕیم ئەنجامە گەیشت کە نیوەی بەرهەمی نەتەوەیی جیهان دەتوانێ بەس بەت بە ئەوەی هەموو دانیشتوانی جیهان لە هەر ڕۆژێکدا 2 دۆلار ببەزێنن. نیوەی بەرهەمی نەتەوەیی جیهان بەسە بە نەهەشتنی هەژاریی زۆر، بە نزیکەیی یەک لەسەر سێی دانیشتوانی جیهان دەناڵێنن! لەڕووە پێویستییەکی ئەخلاقی بە پەسەند کردنی دەستبەجێ بە ئاوانی لە خراپترین ماوەدا دەتە ئاراوە و بڕوەش مەبەستم لە پرسیارکردنی ڕەوایەتی پەسەندکراوی کەچکردنی نەوان کەنتینەنتییەکان، وەک ڕەگەیەک بە ڕووبووبوونەوەی هەژاری. هەروەها ئۆەش هاتووە کە لەبەر ڕەشنایی زۆری هەژارترین لە جیهاندا، بڕیم شێوەیەک مرۆڤ

ناتوانێت چاوەڕوانی سەرکەوتن بکات لە لابردنی نەهامەتییەکانی. سیاسەتکی کەچی گونجاو و ئاگادار دەبێت جیاوازی نێوان شەڕە جیاوازەکان و شێوە جیاوازەکانی کەچکردن لەبەرچاو بگرێت. ئەمانیا ئێو دەرفەتی لە دەست داوە کە لە هەگبەی یاسایکی گونجاوی کەچ و کەچبەرانەوە سیاسەتکی گونجاوی هەبێت، کە توانای لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی وڵاتکی کەچ و بەرژەوەندی وڵاتی دایک لە هەماهنگدا هەبێت. بەبەچوونی من کەچکردن کە تەنیا بەرژەوەندیەکانی ئێو وڵاتی کە کەچبەری وەردەگرێت لەبەرچاو دەگرێت (و ئێو بەرژەوەندیانەش بە گومان بەردەستن، بەتایبەتی لەبەر هەشنایی گەشەی دیمەگرافی و لەدەستدانی چەندین کرکاری شیاو) تەنیا ئەگەر وڵاتانی دایک لەلایکی ترەوە گرنگێ هاوکاری و هاوکاری وڵاتانی دراوسێ بکرێت لەحاڵەتی شەڕ و شڵەی ناوخێ لەناوچێ ناکۆکەکاندا، بە ئەوەی ئێو وڵاتانە بتوانن کەچبەران وەربگرن و ژیانکی شکەمەندانە بە ماوەیکی کاتییان بە دابین بکەن، واتە هیچ کەچکی کاتی و کەچ لەلایکی ترەوە دەبێت سەرەتا ئازارەکانی پەنابەرێتی و کەچکردن کەمبکرێتەوە بەدابینکردنی یارمەتی لەسەر شوێن و لەهەگبەی هەکوتنی بازرگانی دادپەروەرانە بە نموونە لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقی پشتگیری و هاندانی پکهاتە ئابووریێ ناوخێیەکانی تەدا بکرێت. لە کەرتی کشتوکاەدا لەرەدا کەچکردنی نەودەوڵەتی بەگشتی مانای زیادکردنی ئازارێ لەوڵاتدا نەک کەمکردنەوەی.

وەک وەزیری دەوڵەت بە هەشنبیری لە یەکەم وەزارەتی شەدەردا، تە بە تایبەتی ئەزموونکی زەرت لە دنیای سیاسەتێو بەدەست هێناوە. ئەتوانین سەرکەوین؟

زەر هیوادارم ئەمانیا لە چوار مانگی ابردووی 2015 و دوو مانگی یەکەمی ساڵی 2016دا مامەڵەیکی باش لەگەڵ شەپۆلێ گەورەکانی کەچ بکات. ئەم جەرە شەپۆلێ گەورەیی کەچ و پەنابردن لە وڵاتی دەوڵەمەندی کەماری فیدەاڵی ئەمانیا زەر گەورەتر دەبێت لە توانای بە هەمژین و خەاگری. نابێت هەستک لە ناو خەکدا دروست بکەین کە سیاسەت بەدەسەات و سەرلەشواوە و بە هیچ شێوەیک ناتوانێت شەپۆلکانی کەچ و کەچبەران یان سنووریکانی وڵات کەنترێ بکات. ئەم تەوانینەی تەحەدای ناسروشتی هەزی لەخوەین بوو بە پشکەوتن و بەهەزبوونی بزاڤێ جەماوەریێ استەوکان نەک تەنیا لە ئەمانیا بەکو لە سەرتاسەری ئەوروپادا. وەامی من ئەوەیە کە ئەگەر بە کورتی، بەڵێ لە هەوبەوونەوەدا سەرکەوتوو بین، چونکە زەر کەس لە ئەمانیا بوون و هەشتا ئامادەن یارمەتی بدەن حکومەت و دەزگا

حکومیەکان بە تەنیا نەیانتوانی ماملێ لەگەڵ ئەو کێشانەدا بکەن بەڵام پەیامی دووەم دەبێت ئەوە بێت: سنوورە کراوەکان وەک هامی ڕاست نین بۆ ئازار و هەژاری، وەک هاوکاتی تر هەیە، هێگای باشتر و کاریگەرتر هەیە بۆ ئەوەی جیهانمان دادپەروەرانەتر بکات.

https://www.deutschland.de/ar/topic/syast/alflsft-walhjrt?fbclid=IwAR2LGSAbpXXhp_NozXcWRmEBZDU4wnZ7i3liWWBAekhYhPTFPB5o74DdMBg

14.11.2016

دوا مانیفێستی من.. شەرزاد حەسەن

- سڵاو دەستانی ئازیزم.. ئەم کاتەتان باش.. بۆ بە زەحمەتی لە سەروختی ‘راپەڕین’ەوە تا هەنووکە، ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە، تاوەکو ئێستاکە کە دەکا پتر لە (٣٠/ سی) ساڵی ڕابردوو؛ جارەها کەس پێلاماریان داوم، لەسەر ئاستی تەمار و زارەکی و ڕەبواری و فیزیکی و ڕۆحی و ڕوانی، بە ناوی ڕاستقینەی خیانەوە بووبێت یان خوازراو و نادیارەوە، کە هەندێکیان بانگخواز و ئەندامی کارا و سەرانی حیزبە ئیسلامییەکانن، هاوکات هەیانە کە بەڵایەنن و سەر بە هیچ گروپ و حیزبێکی سیاسی نین، کە بەردەوام لە ڕێگەی کەناڵەکانی ماس-میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی و بگرە لە ڕێگەی ‘مەبایل’ەوە جنێوی سووکی زەر و هەڕەشەی بەردەوامم بۆ دەنێرن کە گوایە من دژی ئەم ئایینە پیرۆزەی ‘ئیسلام’م، هەست و نەستی موسڵمانان بریندار دەکەم کە ناکرێت ئیمانیان وا تەنکەژە بێت. لە کاتێکدا ئەوان کە خودایەکی مەزن و پێغەمبەرێکی خاتەم و قورئانێکی پارێزراویان هەیە لە ” لەوحی مەحفوز(دا و ئایین و ئیمانێکی وا تەکمیان هەبێت کە لە ملیارێک و نیو تێپەڕیانکردووە. ئاخە چۆن بە چەند گومان و پرسیارێکی من شڵووبن و دەمارگیرانە بەرپەرچی من دەدەنەوە، نەک بە

دیالەگ، بەڵکو بە جنەوی سووک و بە زمانێک کە هی گفتوگۆ نییە؟!

ئەوان هەق لە خۆیان بپرسن کە ئاگەر خودی "خودا" خۆی منی دروست کردبێت و ئاوەز و دەماغێکی پڕبەخشیوم و ڕێگای داوم بیر بکەمەوە و قسان بکەم و تا هەنووکە خودی "زاتی ئیلاهی" بۆزی نەهاتووە دەمم دابخات و کەوڵاڵم بکات یان بمکوژێت و مەحفم بکات، کە ئەم ڕستە و دەستەواژانە، لە پاڵ تۆغارێک لە جۆن و هەڕەشە کە هی سەر زاری ناحەزەکانی منە کە من بە دەستیان دەزانم، بەڵگەش ئەوەیە کە من تاوەکو ئێستاکە بە یەک وشە کاردانەوەم نەبووە!

هەبێتە نەوەیەکیش پەیدا بوون کە بە هەزارەها و زمانی عەرەبی نازانن و هەر بە سیلەی ڕەحم موسڵمانن کە هونەر نییە، چونکە گەر لە هەریمی "تبەت/ تەیبت" لە دایک بوونایە، دەبوون بە {بوودیست} و "گواتما بوودا" بە پەیامبەری خۆیان دەزانی و "دالای لاما"ش بە ڕەهبەری دینی و ڕەحانی، ژمارەیەکی بەشومار ناشزانن ناوەڕۆکی ئەو ئایینە پیرۆزەی ئەوان لە چی دەدەوێت و سوودی چییە بە ئەوان و مرۆڤایەتی و من؟ هەموو تێگەیشتنەکەی ئەوان لەسەر زاری ئەو مزگەوتانەدە و ئاخوندە و زاتانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەر مینبەرەکانەوە بە فەرمی و نافەرمی خۆیان بە وتەبژ و پارێزەر و زمانحاڵی 'خودا' دەزانن بە ئەوەی بتوانن بەنە پای دیالەگ و لێژیک و گفتوگۆیەکی زانستیانە و شارستانی. هەبێتە من بە درێژایی ژیانم وەڵامی جنەوکان و تەکفیر و تەخوین و هەڕەشە و گوڕەشەی هیچ مەردمگەلێکم نەداوەتەوە، چونکە هیچ جوانی و ڕێزێکی تێدا نابینم بە دیالەگێکی کراوە!

ئەمن بەوام بە وتە دروستەکەی "کارل مارکس: ۱۸۱۸-۱۸۸۳"ی فەیلەسووف هەیە کە ناوەڕۆکەکەی شیدەکەمەوە کە دەڵێت، " پشمەرجی هەموو ڕخنەیەک سەبارەت بە هەر ئایدیا و بۆچوونێک و کایە و چالاکییەکی مرۆیانە بێت، ناچێتە خانەی ڕخنەگرتنەوە، ئاگەر لە ڕخنەکردنی ئایینەوە دەست پێنەکات."

کە دیارە لای منیش ئەم پشمەرجەی "مارکس" زۆدە پەسندە چونکە خودی ئایین وەک کایەی تەفکرین زادەی تەئویل و تەفسیرێکە کە بە تەنها "خودا" و "پێغەمبەرەکان" کایەیان تێدا نەکردووە، بەڵکو لە ماوەی هەزارەها ساڵ ژمارەیەکی بە شومار لە پیاوان و نەرگەل سەرگەرمی ڕاڤە و توێژینەوە و شیکاری بوون و شێنوکەویان تێدا کردووە، بەو نیاز و مەرامەی کە بە ڕەحمکی داخراو و دەگماتیک و ئایدیاڵیستانە

روانین و خواستی خەیان هەبووە، نەک تەنامانێکی مرۆڤپەروەرانە، کە زۆرینەیان نەرینە بووون، نەک مەینەتی کە بە روانینی من کرێکی کارساتێکی گەورەیە و جەگەی گومانە کە تیایدا سەر لەبەری مێژوو هی پیاوکانە نەک هی ژنان، بە تایبەتی لە ناوئاخنی کایەی ئایین و سیاسەت و سەرمایەگوزاری و بزنسدا!

هەبەتە میراتێکی فیکری و فەلسەفی هەبووە کە لە لەژیک و ئاوەزداری و عەقڵانیەتێکی سەرشار بووە، بەڵام ئاوەی کە هەنووکە زاڵە و هەم دەچنەوە سەر میراتی فیکری "ئیبن تەیمیە: ١٢٦٣-١٣٢٨" و "ئیبن ئەلقەییم: ١٢٩٢-١٣٥٠" کە بە واتا پێچەوانەکەی دەبینین کە کەمەتیک بزافی وەک "قاعیدە" و "بوکوحەرام" و "داعش" و "تالیبان"ی خوقاند کە خاوەنی سەدەها سەرچاوەی خوێناوین، کە ئاوەیان بە من شاەگی گومان و پرسیاری منە بە درێژایی نیو سەدە، کەواتە ئەمە لە هەنووکەدا لە سەدەی بیست و یەکدا ناژین، بەڵکو لە سەدەی سیازدەی میلادیدا دەژین کە فیکری 'ئیبن تەیمیە' و 'ئیبن ئەلقەییم' و شاگردەکانی بوون بە ئابەر؛ نموونەی سەرانی ترسناکترین رێبازی "وەهابیزم" کە پەیڕەوکەرانی ئاو دوو زاتەی سەرەوەن کە بوون بە مایەی فەزایەکی تاریکستان ئاسا لە نێو دونیای عەرەبی و ئیسلامیدا کە تا هەنووکەش بەردەوامە کە بە تەواقدانی عەقڵ کۆتایی هاتووە!

پارادەکس و تاوس و بزمە سیرەکە لاوەدایە کە من بە ڕەوای دەبینم کە ملیارەک و نیو موسڵمان هەن لەسەر زەمین، بەڵام ئاو ملیۆنەهایە و ئاو هەزارەهایە لە خەڵکانی خەمان و کورد-زبان بەرگەی ئاوە ناگرن کە بە قەولی خەیان منی کافر و زندیق و و مورتەد و خوانەناس پرسیار و گومانم هەبێت، یان پێیان ئاستەمە کە ڕەخنەگری کەی ئەم میراتەی باب و باپیران بم کە بەڵکی زۆری ئاو میراتە جەگەی گومان و پرسیاری منن، بە واتا شایستەی هەڵوەشاندنەوە و نەمان و سینەوەن، نەک بە پیرۆزکردن.

روانین و لێکدانەوەی منیش زادەی ئاوەز و عەقڵ و تەفکرین و تەنامانێکی منە بە دین و دونیای لای خەمان کە بایی ئاوەندش هەش و گەشم هەیە کە 'هەقیقەت' لای من نییە و هەرگیز بە تەنها بە خەمی قەرغ ناکەم، چونکە من بەوام بە "یەقین" و "تەلقین" و "نەقل" و تاکەوی هەقیقەتپەرستی ڕەها نییە کە دەگاتە دەگما و وشکە باوەڕ و ئیمانی کوێرانە، کە سەهەبەندانی عەقیدەیی لە دەخوەقەت کە ئیمانێکی تاریکپەرستانە بە دوای خەیدا دەهێنەت، کە بە ناوی پیرۆزکردنەوە "عەقڵ" و تیفکرین و ڕەخنەکاری دەکوژن!

خ ئ گ ر وا ب ت منی ف ر م س ن د چ م د ز خ و "و- بیئس ل م سیر"، ل ت ک "ش ی ت ا ن"ی ه ا وکوفم پ ک و ب س ت وون ک ی ئ ا گ ر ی ن و ل ناو ر استی ج ه ن ن م دا د ب س ت ر ی ن و و ب ه ت ا ه ت ا ی د س وو ت ی ن ک من د م ک خ م م ب ئامادە کردوو و گرفت ک م نیی، چونک ب ماوی س ا ن ک ی ز ر س ر م ام بوو تا رادی ئ و ی ک ئ س ق ا ن ک ا نم بوون ب ش خ ت ب ند و زوقمی ناو چ ل ی زستان، س ر م ام بوو ل پای ب ر ک و ت ن م ب و ه ز ار ه ا م ر دمگ ل ی ک ز د س ار د ب وون ب ئ ن د ازی ک ک د ب وو ب چ ل ی ه اوین پ ت/س اق ل ب ر بک م، س اردتر ل ن او د م ی مردوو ک ان و ب ف ر ک ا نی س ر شاخ ک ا نی 'ه یمالایا'، ه اوکاتیش پ یرزبایی ل و ملیار ه ایش د ک م ک د چ ن فیرد وس و ب ه ه ش ت و ج ن ناتی ع دن-ی پ ل ع یش و ن ش و ح اری و غیلمان و ش ر ابان ت هور و چ ی و چ ی ک من ه ر گیز ب خ م ی ناخوازم، ک دی ار پ م ش ر م ل ژ ر ع ر ش ی "خ ودا" ب ووت و ق ووتی س ر گ ر م ی س ر م قولات و گ وگ وزان بم ل ب ر د م و چاوی 'ی زدان' ک ئ یمان ار ک ا نی دیک خ ونی پ وە د ب ی ن ن!

جار ئ وان م ر ج ب زان ن ک ئ من 'ح یکم ت ی ئ یلاهی' ج ب ج د ک م ک ئ گ ر ئ من 'ئ ه ل ی د ز خ' بم، چونک ز ر ی ن ت ان د زان ن ک م ر ج د ز خ ی ی زدان پ پ ب ب ت و و ک ب ه ه ش ت ک ی ک خ زمان و خ ک ک ی ز ر خ ی ان ب ساز و ئامادە کردوو، ب پای پ یلان ببن ب خاون ی ک ش ک و ت لاری خ ی ان ل ناو ب ه ه ش ت ب ر ب ر ی ن ک دا ک رازاوت و ب ی ان .. پ یرزیان ب ت؛ ب ب من!
ئ ای ت ک ت ان ه ی ک د ب ژی: " یَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِید؟ٍ

م ر ج ئ و ب ه ه ش ت ی ان ب زان ن ک خ ودی 'خ ودا' خ ی ب ر ام ب ر ب "ش ی ت ان" ک ه گ ای و ئامادە ن ب وو کرنوش ب "ئ اد م" ب ات س زاک ی کوشتن ن ب وو، ب ک و ل ب ه ه ش ت د ر ی کرد و ب ب ر ی کرد ل ف ریشت ب وون و ه ی د ای س ر ئ م ئ س ت ر ز د ر ن گ ین ک س ر ز م ی ن ی ئ م ی و خ ر ی ک ب ن ی اد م ک ان گ اوی د ک ن، بگر ی زدان 'ئ ی ب ل ی س"ی س ر ب س ت و ئ ازادی ک رد ل وی ک ل ف ری ودان و گ ون اهکردنی ب ر ام ب ر ب م ر ق ب ر د وام ب ت ک ب د ی دی م ن ئ ف سان ی ک ی ر م زدار پ تر ل وی واقیع بووب ت!

دیسان و گ ر ئاو ل 'ن خ ر' و ه گ ان وی 'ئ اد م' و 'ح وا' ب د ین و ب ر ام ب ر ب 'خ ودا' ک ر ن م ای ی ک ردن و بگر ه ش ی ل ک ردوون ک ل و س و ی ان گ گ ن م ی ان ل و می وی ح ر ام ک راوی د ر خ تی ناسراو ب 'د ر خ تی م ع ر ی ف' نزیک ن ب ن و و ن ی خ ن، ب ام

خواردیان و سزاکیان تێکردن و وەدەرنانیان بوو لە بەهەشت و فێدانیان بە سەر زەوی و بەس، نەک کوشتن!

ئەمن وەک کادیرێکی پەروەردەکار بە ماوەی سێ سەدە و نیو وا سێیری دەکەم کە ماقوول نییە من پیرەزبایی لە ملیۆنەها دەکەم کە دەچنە بەهەشت و بە رەوای دەبینم و هەست و نەستم بریندار نابێت، بەڵام ئەو ملیۆنەهایە یەک کافر و زەندیق تەحەمول ناکەن کە منم. هەر بە راست تە بەڵێت من ئەوەندە ترسناک و ئاوقات و بەرباد بم کە بتوانم ئایینی ئیسلام هەبوشنمەوە کە پتر لە چواردە سەدەیە گوریشە دادەکوتێت کە لە رێگەی ‘فتوحات و غەزەوات’ەوە هاتوون و وڵاتانیان داگیرو تاڵان کردووە، کە بە ناوی “جیهاد”ەوە کراوە و دەکرێت، واتا چلە زەیتوونیان پێنەبووە و کەتری ئاشتیەوانی نەبوون، بەڵکو شمشێرکانیان خوێنی لێتکاوە.. نەک شیر و هەنگوین.

منەک کە کادرێکی پەروەردەم و بەوام وایە کە وانەی یەکەم و ئێرکی پەروەردەکاری تازەگەر ئەوەیە کە لە ‘کیندەر گارتن’ و ‘باخچەی ساوایانەوە’ دەست پێبکەین بەوەی کە کچان و کوڕانی خەمان وەک نەوەیەکی نوێ و داچنیو فێری ئەوە بکەین کە ئەمەی کوردگەل بە هەزارەها ساڵە داگیرکراوین لە لایەن چەندەها نەتەوەی جیاوازەوە، بگرە لەسەر ئاستی دونیادا بە خاک و خەڵکەوە بووین بە موستەعمەرە وکۆلۆنیاڵیکی نەونەتەوەیی و جیهانگیری و گلۆبال، چ بە ناوی ‘خودا’وە بووبێت یان گەمەی چەپەڵی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەمە لە ناوکانی خەمانەوە بە ناوەرک و سەر پێی رەحمان داگیر کراوین، پرسەی داگیرکاری و ئاکام و دەرئەنجامە زەر خراپ و کوشندەکانی وانەی یەکەمی پەروەردەناس و فەیلەسووفی بەرازیلی “پاولۆ فرێری: ١٩٢١-١٩٩٧”ی مامۆستامە کە فێری کردووم، بە تایبەتی لە رێگەی کتێبە دانسقەکەی بە ناوی “پێداگۆگی ستەمدیدە” کە تیایدا بە قووڵی ئاماژە بەوە دەدات کە ستەمدیدە و ستەمکار بە هەمیشە جێگەکە دەکەن، چونکە رەحمی داگیرکاری لە لای هەردووکیان پتەوە و بنەبە نەکراوە تا هەنووکە، بە تایبەتی لە “ڕەشهەلاتی ناوەراست”!

کەی مەژووی ئیسلام کە عەرەبی بیابان-نشین بوون بە خاوەنی لە بەرژوەندی شۆڤێنیزمی دینی و هەم فاشیزمی میلیتاری و عەسکەرتاری پان-عەرەبیزم کۆتایی هاتووە کە هەزار و چوار سەد ساڵ پترە بەو ڕەحمە باربارییستە و وەحشییەتگرایە کوردگەل و نەتەوەکانی دیکە دەچەوسێنێنەوە، ئەوەی بە من سێیر و سەمەرەیە و هەم هەدمگرتیم دەکات ئەوەیە کە ماقوول نییە داگیرکەر و چەوسێنەری خەمان بە ناوی ئاسمانەوە بپەرستین و پرسیار و گومانکمان نەبێت بە ماوەی چواردە

سەد؟!

واتا پشمەرجی پەروەردە و فەرکردن هەر لە وانەی یەکەمەوە تا دوا وانە و بە درێژایی ژیانمان خوێندنەوە و هەڵکەتین و پشکنینە سەبارەت بەوەی کە ئەمە لە کەنگەوە داگیر کراوین لەسەر ئاستی رەحی و رەوانی و فیزیکی کە بە داگیرکردنی "مشک" و مێژوومان کەتایی هاتووە؟ بۆچی و لەسەر چی و چۆن بووین بە کۆیلە و کرێچی و کرێگرتەی سەر خاکی خەمان؟ بۆچی دوژمنانی داگیرکەر بوون بە خانەخوێ و سەرداری ئەمە؟ بە چ زمانێک و ئامرازێک و بیانوویەک و ئامانجێک وایانکرد داگیرکەرانی خەمان بپەرستین و هیچ گومان و پرسیارێکمان نەبێت؟ بە راست ئەمەی کوردیل ڕەمان هەبووە لە میانەی پرسەی بە کۆیلەبوونی خەمان؟ یاخود سوپەر پاوەر و زلهێزەکانی دونیا نەخشەی ژیانی ئەمەیان لە باری رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەزهەبزادەیی و فەرهەنگییەوە داشت و سمیان پێوانا کە ئەمە ببین بە سواکەر و دەرزەکەرانی سەرزەمین بە تەزەک سەربەستی؟ یان هەتیوەکانی ژێر دەواری دەاو و هەلاهەلای رژێمە باربارییست و وەحشیەتگەری وەاتانی دراوسێ کە هەر هەموویان خەیان بە جەنگاوەرانی ئاسمان و خودا و ئایینەکەی دەزانن کە وا نییە؟
"کارل مارکس" بەوایە وایە کە "ستەمی ڕژهەڵاتیی" ستەمێکە کە وەنەی نییە لە تووندوتیژی و وەحشیەتگەری لەسەر ئاستی رامیاری و کۆمەڵایەتی کە تا هەنووکەش ئەو روانینەی 'مارکس' بەردەوام و بەرجەستەیە و من لە ڕەحی داگیرکاری و باربارییستی ئەو چوار وەاتانەدا دەیبینمەوە کە بە ئاگر و ئاسن ئەمە لەدەخوێن: تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا کە بەوەو دەنازن کە خەیان بە دەوڵەتی تیلەژی و ئایین پەروەر و موسلمان لە قەڵەم دەدەن کە خراپترین چوار ولاتانی دونیان لەسەر هەموو ئاستەکاندا، هەبەتە لە پاڵ ئەو چوارەی سەرەوە مەرجە ئاماژە بە حوکمەانی دکتاتۆریانەی ئەفغانستان و پاکستان و سودان و سعودیەی عەرەبی بدەین کە دەزەخەکیان بە خەکانی خەیان ئاگر داوە!

ئەم گومان و دەڕاوکە و پرسیارانەی سەرەوە بە هەر خانەوادە و ماڵبات و تیرە و هەز و خێڵ و مەزهەبدار و نەتەوەیەک پێویستە و پشمەرجی زیندووییەتی هەر خێڵک و نەتەوەیەکە کە ئەمەی کوردگەل، لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، لە بواری پەروەردەدا تا هەنووکە ئەو پرسیارەمان لە خەمانمان نەکردووە، دیارە کە خاوەنی قەوارەی خەمان نەبین و دەوڵەتداری سەنترال جەومان بکەن، مەحاڵە لەم دەخ

تراژیک و دراماتیکە دەربچین!

ئایا بەچی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بە درێژایی مێژووی ڕەحی بەرگری و چەوساندنەوەی ئەمە و شکستی درامی و تراژیکی شۆڕشکانمان و هەواسین و کوشتن و زیندانیکردنی رابەرکانمان تاوەکو هەنووکە پلان و نەخشەیەکی سیاسی و ستراتیژی و لۆبییەکی یەکگرتوومان نییە؟ بە ئەمەی پڕاوپڕخراوی ناو مێژوو کە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا دەکەوینەوە ناو بازنە و سەر یادی پەیماننامەی "لۆزان" کە لە بەرواری (٢٤/٧/١٩٢٣)دا بووین بە قوربانی و وەک بەرخەکەی "ئیبراهیم" سەر بڕاین و خوراین. گوایە دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی دوای یەکەمین جەنگی جیهانگیریی بە چاکیان زانیوە، بۆجگە لە کوردگەل، زۆرینەی نەتەوەکانی دیکەی "شەهڵاتی ناوەراست" شایستەی قەوارەیەکی سیاسی خۆیان بن، بۆجگە لە ئەمە کە وەک (عیسا-ی مەسیح) بە خۆک و خاکەوە لە خاچ دراین و "خودا"ش سەیری هەمووانی دەکرد و نەیدەکرد.

"ڕۆجەب تەیب ئەردۆغان"یش کە خەی بە جەنگاوەری ئاسمان و ئیسلام و خۆ بە خوداناس دەزانێت مرخی لەوە خۆشکردووە کە دیسانەوە بە ناوی "فتوحات و غەزەوات"ەوە کە چڵەن بۆشکی لە کوردستانی "ڕۆژئاوا" و "باشوور"ی داگیر کرد، بە موبارەکەی خودا و دونیا، لە خۆونی ئەوەدایە کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی دەرین و لە دەستچووی زیندوو بکاتەوە، ئەو ڕۆژگارەی کە بە بەرچاوی هەموو دونیای دوون و خوتووەوە هاواری کرد ئەمە بڕۆ "عەفرین" دەچین، هەر وەک چڵەن باوک و باپیرانمان دەچوونە "فتوحات و غەزەوات"، بە واتا وانەی یەکەمی ئەوان داگیرکردنی خۆک و خاکی دیکە بوون کە کوردگەل تیایدا زۆرینەن بوون، لە دەر زەمانەوە تا هەنووکە!

بۆنام ئەوەیان چ ئایینێکە کە چوار وەاتی خۆ بە موسلمان-زان بە موبارەک-بایی و موبارەککردنی زلهێزەکانی دونیاوە بە هەتاهەتایە لە خاچمان بدەن؟

بیرمەندی ئانگلۆ-ئایرش"جۆناتان سویفت:١٦٦٧-١٧٤٥" دەڵێت: "ئەمە بۆی ئەوەندە زۆر ئایینمان هەیە کە بە هەمیشە کینە و ڕقمان لە یەکتری بکتەوە، بۆنام هەرگیز بایی ئەوەندە دین/ ئایینمان نەبووە کە یەکتریمان خۆشبوێت!"
ئەو ڕوانینەی 'جۆناتان سویفت' مێژوویەکی دەرینی هەیە و دەنەو 'شەهڵاتی ناوەراست' و دونیای ئەمەدا تا هەنووکە لە بڕوادایە و خوێنبارانەکەش زۆریای خوێنی بڕپاکردووە و هەر هەموومان مۆڵی تەدا دەکەین!

"ئەردەغان"ێک کە بە هەزارەها لە موسڵمانانی کوردگەل هەن کە ئەم چنک خوناویە بە نموونەی باڵای خیانی دەزانن، بە ئاوەی تەماشا بکەن کە ئەمە خاوەن چ دیرکۆک و چارنووسێکین کە تا هەنووکە بەسەر خاچکاوین و خوێنمان لەدەچێت، گوایە چاوەوانی دونیای دوون و بە مەالین لەو خاچە دامانبگرن کە ئاوان لە تەختە و داری خەمان ئەو خاچیان بە ئەمە دروستکردووە!

پرسیاری من ئاوایە کە ئاگەر خودا دادگاییەکی باڵای خۆی هەیە لە ئاسمانە کە لە قیامەتە و سەروەختی 'حەشر و نەشر' دادگایی هەموومان دەکات، مەگە بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی بە قەنارەوە هەڵدەواسرێت، کە دایکم و نەنکم بە هاوری و دڵنیاییەوە وایان دەگوت. دەی.. کاواتە ئەم سەدەها دادگا و دادوەری گشتییە چییە کە بە ملیۆنەها بە ناوی ئاسمانەوە لەسەر زەمین دایانمەزراندووە؟ ئەو هەزارەها و ملیۆنەهایە چڵەن وەکالەتی عام و خاسیان لە خودا وەرگرتووە؟ کەنگی و لە کوێندەرە و بە چ هەق و مافێک؟ ئاوەی ئاوان دەیکەن رەک هەڵوەشاندنەوەی دادگای باڵای "یەزدان"ی خیانە لە ئاسمانە!

ئەمن لە کەتایی ئەم مانیفێستەدا وەک هەموان، چ بەهەشتی و چ دەزەخی، منی فەرمەسان حەزمە زیندوو ببمەوە و دادگایی بکرێم و بە دەزەخ شاد ببم، نەک بەهەشت، بەڵام ئاگەر لە دادگاکەی 'باری تەعالا' ماف و هەقی ئاوەم هەبێت لەتەک خودا و دادوەرکانی چەند راز نیازێک بدرکێنم، ئاوسا چەند راستییەکی گەڵێک تاڵ و کوشندە هەن کە ئیماندارکان حەز ناکەن لە منی ببیستن، کە مەحاڵە دەی هیچ خوداناسێک خەشبکات، چونکە پڕە لە گومان و پرسیار و سکاڵای جەرگبڕ، خە گەر خوداش گوێی لەنەگرتم و وەک باوکم راژدییەکی سراوەندە بناگوێم و دەمی منی داخست و بە دەزەخی شاد کردم، ئاوسا دەزانم زەر ئاسانە لەگەڵ دەزەخدا هەڵبکەم و ئاشنا بم بە ئاگر و سووتان، چونکە من سەر بە خانوادە و گەڵەکێک و شار و وڵاتێک و نەتەوەیەکم کە لە ناو جەهەننەمدا ژیان و زیندەگیان گوزەراند، کە وا مەزەندە دەکەم شوریە کە دوای بینینی هەزارەها دەزەخی سەرزەمین؛ دیسانەوە و سەر لە نوێ بچینەوە دەزەخ، گەر وا بوو، من دەبم بە سەرقافلەچی کاروانی کوردگەل یان پاسەوان و پاشکۆی کاروانسەرای روو لە دەزەخ، کە شکەمەندانە و سەربەندانە رووەو دەزەخی هەڵایساو بە بەرگی بەسە و ئاگرەوە رەدەکەین و نالەرزین و ناترسەین، چونکە نە بەهەشت بەو شێوەیی کە وەسفکراوە جێگەی خەشحاڵی منە و نە دەزەخیش جێگەی نیگەرانی و ترس تەقاندنی منە!

(شەرزاد حەسەن)
پایزی/٢٠٢١

نووسینی ئۆتۆماتیکی یان شیعری ئۆتۆماتیکی؟.. سەدیق سەعید وەندزی

سەرنجێك لە بارەی کتێبی_ نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری نوێی کوردیدا

1

بە درێژایی مێژووی شیعر وەك ژانرێك لە ئەدەبی کوردیدا، هەمیشە هەڵگری ناوەڕۆك و گوتارێك بووە، کە لە شێوەی پەیامێکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی، گوزارشتی لێکراوە. ئەزموونی شیعری ئێمە لە قۆناغی کلاسیکەوە تاکو شیعری ئازاد کە لە (گۆران) ی شاعیرەوە دەست پێ دەکاتو ئیدی کۆشو سەروا لە شیعردا نامێنێتو فۆرمێکی ئازاد وەردەگرێت، هەڵگری ئەو گوتارە بووە. شاعیرانی ئێمە گەرچی دەرچووی هیچ نێوەندێکی ئەکادیمی و مەعریفی نەبووینە، بگرە دەرچووی تەکیە و خانەقا و مزگەوتەکان بووینە، بەڵام بەردەوام دیدێکی ڕەخنەیی و پەیامێکییان پێ بووە بە ئامانجی ڕیفۆرمکردنی کۆمەڵگە. بۆیە پێگەی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، پێگەیەکی دیارە و تەنانەت مێژووی فەرهەنگی کوردی، لە شیعرەوە دەست پێ دەکا و بە درێژایی مێژووش تاکو ئێستا، شیعر وەك ژانرێکی سەربەخۆ، لە ئەدەبی کوردیدا بینراوە و دەناسرێتەوە و شوناسی ناسینەوەی پەیوەستە بە شیعر خۆیەوە. واتا شیعر، لە چوارچێوەی شوناسی شیعر دایە و ئەوەی هەیە تەنها شیعرە، نەك ژانرێکی تر بکرێتە ئاماژەیەك بۆ ناسینەوەی شیعر و گوتاری شیعری، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

_2_

لێرەدا وەك خوێنەرێك، ئێستەك لە ئاست کتێبی (نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شبعری نوێی کوردیدا دەکەین) و مەبەستمانە ڕوونی بکەینەوە کە ئایا لە شیعردا شتێك هەیە بە ناوی نووسینی ئۆتۆماتیکی؟ یاخود تا

چەند ئەو نموونە و شۆڕشانەی نووسەری کتێبەکە، وەك نموونەی شیعری ئۆتۆماتیکی هێناویەتییەوە ، یەکانگیرە لەگەڵ ناونیشانی کتێبەکە و ئاماژەکانی ئەو بابەتە. ئەم کتێبە ، لە بنەڕەتدا نامەیەکی ئەکادیمییە و وەك بەشێك لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەرلە ئەدەبی کوردیدا نووسراوە. کتێبەکە لە چەند باسێکی سەربەخۆ پێکهاتووە، وەلێ ئەوەی ئێمە مەبەستمانە وەك خوێنەرێك ئەوەیە، کە ئایا نووسینی ئۆتۆماتیکی هەیە لە شیعر؟ بە تایبەتیش کە نووسەری کتێبەکە پەیوەستە بەو باسە، ئەو شێوازە لە نووسین دەبەستێتەوە بە ڕەبازی سوریالیزم. سەرەتا، لە ناونیشانی کتێبەکەوە دەست پێ دەکەین. ناونیشانی کتێبەکە (نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری نوێی کوردی) یە، کە مەبەستی نووسەر، شێوەی نووسینی ئۆتۆماتیکییە لە شیعردا. لێرەدا ئەو پرسیارەمان لا دروست دەبێت، کە ئاخۆ شتێك هەیە بە ناوی نووسین لە نێو شیعردا؟ مەگەر شیعر بێ خۆی وەك ژانرێکی سەربەخۆ، نووسین نییە و وەك تێکستێکی نووسراو هەڵگۆی ئاماژەکانی نووسین نییە؟ بە دەربڕینێکی تر، ئایا شوناسی دەقی شیعری، وەك شوناسی دەقێکی نووسین، کە پێکهاتەیەکە لە ڕەزمان و بونیادی زمانەوانی و ئاماژە و واتا و دەلالەتی شیعری، نووسین نییە؟ کە واتا بە بۆای من، ناونانی نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعردا هەڵەیە، چونکە ئەوەی لە نێو شیعردا هەیە، بەشێك لەو ڕووبەر و تۆپۆگرافییا شیعرییەی، کە فۆرم و ناوەڕۆکی دەقێکی نووسین بە ناوی شیعرەوە پێك دێنێت. ئەوەی لە شیعردا هەیە، نووسینە، نەك ئەوەی نووسینێك لە نێو شیعردا هەبێت، کە جیاوازە لە دەقی شیعری. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، هەموو ئەو نموونانەی وەك دەقی ئۆتۆماتیکی هێناونەتەوە، لە بنەڕەتدا شیعرن، نەك نووسین. چونکە شیعر، بە تایبەتیش شیعری نوێ، ڕاڵەت و تۆپۆگرافییا و ئاماژەیەکی سەربەخۆی هەیە، کە هیچ پەیوەندی بەو شێوازەوە نییە، کە تێکستێك وەك نووسین، بێ نموونە (وتار یان چیرۆك) جیا دەکاتەوە لە شیعر. لێرەوەش ناونانی کتێبەکە، یەکەم گیرو گازە کە خوێنەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بۆیە دەبووایە ناونیشانی کتێبەکە (شیعری ئۆتۆماتیکی بووایە، نەك نووسینی ئۆتۆماتیکی لە نێو شیعردا) بەو مانایەی شیعر، دوا جار شیعرە و لە جیاکردنەوەی لەگەڵ دەقەکانی دیکە، وەك شیعر دەخوێنرێتەوە و دەناسرێت، نەك نووسین. ئەگەرچی شیعریش دواجار بەشێکە لە تێکستێکی نووسراو، بەڵام بگومان دەقی شیعری، ئاماژە و بنەما و خاسیەتی هونەرییانەی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە نووسینی ژانرەکانی تر. بەو مانایەی خوێنەر کە لە بەردەم دەقێکی شیعری دایە و دەیخوێنێتەوە، لە بنەڕەتدا شیعر دەخوێنێتەوە نەك نووسین، کە ئیحا و فەزای ئەدەبیشی جیایە لە

ژانرەکانی تر. وەرای ئەمەش، دیسانەوە دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین، کە ئایا دەکرێ نووسینێك ئوتۆماتیکی بێت؟ ئەمەش پرسیارێکی دیکەیە. کە پێویستی بە هەڵوەستەکردن وتێ هزرین هەیە. بەگومان هەموومان دەزانین، دوو لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی چەمکی (ئۆتۆماتیکی) ئەوەیە، کە خۆکاریی و فیزیکیبوونە. بەو مانایەی کردەی ئۆتۆماتیکی، کردەیەکی خۆرسکی و خۆکارییە و خۆی کارەکانی خۆی، بە بێ هەبوونی هیچ پاڵنەر و فاکتۆکی دەستکرد دەکات. کاتێ شتێك ئۆتۆماتیکییانە کار دەکات، ئەوا بکەری نییە، چونکە کردەکەی خۆکارە. واتا لە دەرەوەی دەستەڵات و هێز و پاڵنەری مرۆییانەیە. بۆیەشە کاتێ کردەی ئۆتۆماتیکییانە دەدەینە پاڵ هەر شتێك، لە سەرەتاوە هەموو ئەو هێز و بزوێنەر و جوڵانەی لێ دا ئەماڵێن، کە لە پەیوەندی دان بە مرۆڤەوە. لێرەوەش ئەگەر شیعر، وەك دنیابینی مرۆڤێك کە شاعیرە و، وەك خەیاڵ و تێگەیشتنی هزرییانەی شاعیر ببینین، کە واتا شیعر کردەیەکی ئۆتۆماتیکییانە نییە، بەکو کردەیەکە کە بکەر و بزوێنەرێکی هەیە کە ئەویش بیر و ویست و توانای هزریی و جەستەیی مرۆڤە. بە دەربڕینکی تر، شیعرێك بوونی نییە، ئەگەر شاعیرێك نەینووسیبێت، هیچ شیعرێك دنیابینی و گوتار و زمان و مانای نییە، ئەگەر شاعیرێك بەرجەستەی نەکات، کە واتا لە هەموو ڕوویکەوە، کردەی شیعر نووسین، کردەیەکی خۆکاری نییە، بەکو بەرکارییە و کەسێك بە کردەکە هەڵدەستێت، نەك خۆی بیکات. شیعر، خۆی خۆی نانووسێت، شاعیر دەینووسێت. شیعر بەرهەمی هەردوو دیوی هەستی و نەستی شاعیرە و بە تایبەتیش لەو سەردەمەدا، شیعر چیتر دەرەنجامی هەستێکی ئاماسییانەی ڕووت نییە، بەکو ئاگایەکی گەورەی هزریی و زمانییە. لەو ڕوانگەیەوە ناونیشانی کتێبەکە، جارێك لە ئاڕازیی تێدایە، وەلێ چونکە یەکەم کارە لە بارەی ئەو چەمکەوە لە شیعری کوردیدا دەکرێت، ئیدی نووسەری کتێبەکە بە پێویستی زانیوەوە وەك کارێکی تازە و جیاواز، ناوی بنێت (نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعردا). نووسەر لە درێژەی کتێبەکەیدا، بنەما و ئاسکانی نووسینی ئۆتۆماتیکی دەخاتە ڕوو. لێرەدا، ئەمە لە سەر ئەو باسانە ناوەستین، کە نووسەری کتێبەکە لە ڕوویی مێژوویی و میتێدی و ئەدەبییەوە باسیان دەکات، تەنها لە سەر ئەو باسە دەوەستین کە ئایا نووسینی ئۆتۆماتیکی چییە و خاسییەت و ڕاڤەت و بنەماکانی چین؟ ئایا ئەو نووسینانەی لە نەستەوە دێن، دەکرێ پێیان بگووترێت نووسینی ئۆتۆماتیکی؟ یەکێك لەو بنەمایانەی بە درێژایی ناوەڕۆکی کتێبەکە نووسەر باسی دەکات ئەوەیە، کە نووسینی ئۆتۆماتیکی دەبەستێتەوە بە ڕەبازی سوریالیزم و بە بۆای ئەو، هەموو ئەو نووسینانەی بە شێوەیەکی سوریالی دەنووسرێن، نووسینی ئۆتۆماتیکین.

لەو ڕوانگەیەوە دەنووسێت:(سوریالییەکان دوورکەوتنەوە لە هەموو بوونیادێکی عەقڵانی و زمانەوانی و بیرکردنەوە و ئامادەسازیی پێش وەختەی نووسین، ئەمەش خێی لە نووسین بە شێوەی ئۆتۆماتیکی دەبینییەوە. لا26) بگومان سوریالیزم، ڕێبازێکی ئەدەبی سەربەخێیە، بەرمەبنای ئەو ڕەشبینیی و نائومێدییە بوو، کە شاعیران لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم تێی کەوتن. واتا ڕەشبین و داڕووخاو بوون و بڕوایان بە هیچ پێوەرێکی ئەقڵانی نەما، چونکە پێیان وابوو شەڕ و کوشتارەکان بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤن. ئەمانە جگرە نووسینێکی تازەیان تاقیکردەوە کە ڕەچاوی هیچ بنەمایەکی هزریی و ئەدەبی و زمانی تێدا نەدەکراو چییان بە خەیاڵ داهاتبا، ئەوەیان دەنووسی. شیعرەکانی ئەو ڕێبازە، دەچنە نێو پێناسەی سوریالیزم خێیەوە، نەك شوناسی تر، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر دیدگای نا ئەقڵانی و نا لۆژیکی و زمانی نا فەرهەنگی و ئەبستراکت وەك ئەدگارەکانی سوریالیزم بناسێنین، ئەوا هەموو ئەوانە، دواجار بەرهەمی نەستی مرۆڤن و نەستی مرۆڤیش هاوشان لەگەڵ هەست، دیوەکەی تری مشکی مرۆڤ پێکدێنن. بەمەش دیسانەوە ئێمە لە بەردەم نووسینێك نین خەکارو خەکرد، بەکو لە بەردەم نووسینێك داین، کە بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە، بەڵام بە دیوێکی نا ئاگایانەدا. لێرەوەش کردەکە خەکار و لە خەوە نییە، بەکو بکەرێکی هەیە، کە ئەویش نائاگاییانەی شاعیرە. بۆیە کورتکردنەوەی نووسینی ئۆتۆماتیکی لە وێنە سوریالییەکاندا، بە بڕوای من شتێکی نوێ و تازە نییە و پێشتریش دەیان تێزی ئەکادیمی لە بارەی سوریالییەتەوە نووسراون. نەست ئەگەر پاڵنەری هەموو گوتن و کردەیەکی نا ئاگایانەش بێت، بەڵام بەشێکە لە هزری مرۆڤ و فرۆیدیش بە پاڵنەری سەرەکی زۆر کردەوە و هەڵسەکەوتی مرۆڤەکانی دەزانێت. کەواتا دیسانەوە ئێمە و لە بەردەم نووسینێك نین خەکاری، ئەگەر لە نەستەوە و لە دەرەوەی ئاگایی و دەسەڵاتی مرۆڤیشەوە لە ڕووی هزریی و زمانییەوە بێت، چونکە دواجار سەرچاوەی ئەو دەربڕینە نا ئاگاییانە، هەر مرۆڤ خێیەتی و بەمەش دیسان نووسین بکەرێکی هەیە و نەك ئەوەی خۆرسکانە خێی کاری بکات، وەك هەر ئامڕو کەرستەیەکی دیکەی ئۆتۆماتیکی. ئەگەر ئەو مرۆڤە نەبێت، لایەنی نەستی و زمانی بێ ئاگاییانەی نەبێت، ئەوا ئەو نووسینەش بوونی نابێت. نووسەری کتێبەکە بەردەوام دەبێت و ئەمجارەیان دەنووسێت:(نووسینی ئۆتۆماتیکی جەختکردنە لە کاری ئەفراندن و داهێنان بە بێ بوونی هیچ چاودێریەکی ئەقڵی ولۆژیکی. لا 154) ئەگەر لە پەراوێزی ئەو بۆچوونەوە بڕوانینە کردەی ئەفراندن و داهێنان بە گشتی و داهێنانی ئەدەبیش بە تایبەتی، ئەوا دەبێ بپرسین ئایا هیچ نوێکردنەوە و داهێنانێك لە دەرەوەی لۆژیك و ئەقڵ بوونی هەیە؟

دەکرێ پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئەگەر نووسینی ئێتیماتیکی بەشێك بێت لە سەرچاوەی نەست و ئەقڵ و ئاوەز تیایدا هیچ سەنتەر و ڕێگای ئاراستەکردنێکی لێژیکی تێدا نەبینن، دەکرێ داهێنانێك بێتە کایەوە؟ مەگەر داهێنان زادەی بیرکردنەوە و ئەزموونێکی درێژ و قووڵ و کارکردنێکی بەردەوام نییە لە هەموو ڕووکەوە؟ دەشێ کەسێك لە خۆیەوە شتێك بڵێت و هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی هزریی و زمانەوانی و لێژیکی نەبێت و دواجار داهێنانێکیش بکات؟ ئایا سوریالییەکان توانییان داهێنانی گەورەی شیعری بێ نموونە وەك ئەوەی ڕامبۆ کردی بێننە ئاراوە؟ ئەگەر سوریالییەت، بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی هەشبینانە و دەرەنجامی دۆخێکی دەروونییانەی ئاڵۆز و پڕ لە نائومێدییانە بێت، ئایا کەسانی هەشبین و نائومێد و داڕووخاو، دەتوانن داهێنانی گەورە لە ژیانییان بکەن؟ لێرەدا باسەکە ئەوە نییە کە نووسینی ئێتیماتیکی و نا ئاگاییانە، گوتار و مانایەکی هەیە، یان دەلالەتێکی هزریی و لێژیکی دەگەیەنێت، بە تایبەتیش کە سوریالییەکان لە دەرەوەی ڕوانین و دیدی ئەقڵانییانە شیعرییان دەنووسی، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، دەکرێ لە ڕێگەی خەیاڵ و هزراندنێکی پووچ و بێ مانەوە، داهێنانێکی گەورە ئەنجام بدرێت و بێتە کایەوە؟ هەر پەیوەست بەو بابەتەوە، نووسەر دەنووسێت:(ئامانج لە نووسینی ئێتیماتیکی بریتییە لەوەی تا چ ئەندازەیەك، دەق بارگاوییە بە واتا و دەلالەت و دڵزینەوەی نادیار. لا 171) ئەگەر بەو دیدگایەی نووسەری کتێبەکە بێت، ئەوا ئێمە لە بەردەم جۆرە نووسینێك داین، کە بەو پەڕی ئاگایی زمانی و هزری، بە دیدگایەکی لێژیکییانە نووسراوە.لە بەر ئەوەی ئەو پێوەرانەی نووسەر وەك ئەتمۆسفیرێك بێ دەقی ئێتیماتیکی دیاری کردووە، تەنها لەو کاتانەدا بونییان هەیە، کە شاعیر لەو پەڕی ئاگایی، بیر کردنەوە و ڕوانینی قووڵی شیعریاینە بێت. ئەگەر شاعیرێك بەمەبەستی دەلالەتی بزر و نادیار لە شیعردا شیعری نووسی، کەواتا ئەوەی بەلای ئەو شاعیرەوە گرنگە، مانا و دەلالەتی بزرە بە مەبەستی کەشفکردنییان لای خوێنەر، نەك هەڕەمەکییانە و خۆرسکانە چی بە خەیاڵ و سەر زمان داهات بینووسێت. بە بڕوای من پارادۆکسێکی گەورە، لە بێ ئاگاییەوە بێت، یان لە تێنەگەیشتنەوە لە شیعر بێت، لەو بڕچوونەی نووسەری کتێبەکە هەیە. مانای نییە نووسینی ئێتیماتیکی هەڕەمکییانە و بێ کۆنترۆلی هزرییانە بنووسرێت، کە چی نووسەرەکەی هەڵچاوی مانای بزر و دەلالەتی قووڵی شیعری بکات. هەر پەیوەست بەو باسەوە نووسەر درێژەی پێ دەدات و ئەمجارەیان دەنووسێت:(شیعری ئێتیماتیکی بریتییە لە پەیام و خاوەن ئامانج و پەیامی خۆیەتی. لا132) ئایا هیچ پەیامێك، بە بێ پلان و ڕێکخستنی هزریی و ستراتیژیەتێك بوونی

هەیە؟ ئەگەر شیعری ئۆتۆماتیکی هەگبەی پەیامێك بێت، مانای وایە ئامانج لەو شیعرە، کارکردنە لە پێناو دۆزکی سیاسی ، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و شۆشگێڕیی، کە ئەمەش بە بێ هەبوونی دیدگایەکی هزریانە بوونییان نابێت. کە پەیام لە شیعر هەبوو، مانای وایە ئامانجێك هەیە، کە ئامانجکیش هەبوو، ئەوا کارکردنکی هزریانە و لۆژیکییانەی دەوێت. هیچ دەقێك نییە، هەگبەی ئامانج و پەیامێك بێت، ئەگەر ئەو دەقە لە دنیابینییەکی قووڵ و ڕوانینکی لۆژیکییانە، سەرچاوەی نەگرتبێت. ئەوانەی بە پووچی و نائومێدییەوە دەڕوانن ژیان و شیعر لە دەرەوەی هەموو جۆرە کردەیەکی ئەقڵانی و زمانی و لۆژیکی دەبینن، لە ڕاستیدا نە دەتوانن پەیامێکییان هەبێت، نە ئامانجکیشییان هەیە، تاکو لە ڕگەی ئەو پەیامەوە پێی بگەن. بۆیە دەبینین، کە هەمیشە فەلسەفەی وجودی و شیعری سوریالیی و دادایەکان، ڕەت دەکرێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا هەگبەی هیچ پەیامێکی ڕوون، واتادار، ئامانجکی کۆمەڵایەتی و ژیاریی و ئەدەبی نین. بەکو ڕووکەشانە و عەبەسییانە دەنووسن و بیر دەکەنەوە. ئەگەر شیعرێك لە بێ ئاگاییەوە نووسرابێت و تەنها قسە ڕزکردنکی خۆکارانەی بێ ڕکخستنی زمانەوانی و هزری بێت، دەکرێ بڵێین ئامانج و پەیامێکی هەیە؟ گریمان ئەگەر مەبەستیشی ئەو پەیامە نائومێدی و ڕەشبینانە بێت، کە سوریالییەکان هەگری بوون، ئەوا دەبێ بزانین کە هیچ کاتێك کەسانی داڕووخاو، ڕەشبین و نائومێد، ناتوانن پەیامی گەورەیان هەبێت. چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا، لە دەرەوەی بازنە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکە دەژین و بیر دەکەنەوە و هەموو شتێك ڕەت دەکەنەوە، کە بەرهەمی ئەقڵ و بیر کردنەوە بێت، وەك چۆن دادایەکان دەیانکرد. بۆیە پەیامێك نییە، ئەگەر هزرێك نەبێت، ئامانجێك نییە، ئەگەر نەخشە ڕگەیەك و پلانێك و کارکردنکی گەورەی هزریانە نەبێت.

3

لە پاژی سێیەمی کتێبەکەیدا، نووسەر بە پراکتیکی نموونە لە چەند شیعرێك دەنێتەوە، کە بە تێ گەیشتنی ئەو، دەلالەت لە نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعردا دەکەن. سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە گەلێك لەو دەقانەی وەك نموونە هێناویەتییەوە، ناچنە خانەی نووسینی ئۆتۆماتیکییەوە، چونکە کاتێ ناوەڕۆك و دنیابینی دەقەکان، بە پێوەری نەست و ناگاییانە دەخوێنینەوە، کە نووسەری کتێبەکە وەك بنەمای نووسینی ئۆتۆماتیکی دایاندەنێت، ئەوا ئەو شیعرانە بەو پەڕی هزری و درککردنەوە نووسراون، لەلایەکی دیکەوە، بە بڕوای من، بە تەنها دیوانی (ئیکسیل) ی فەرهاد پیربال، بە تەنها بەس بوو، بێ

ئەوەی بیکاتە نموونەی پراکتیکی باسەکەی. چونکە پیربال لەو دیوانەیدا، بنەماکانی شیعری ئۆتۆماتیکی زۆر جوان بەرجەستە کردووە، بە تایبەتیش لە دەقی شیعری (خلود) دا. ئەم دەقە، چ وەك تێگرافییای شیعری، چ وەك ناوەڕۆك، هەگری نووسینی ئۆتۆماتیکییە. لە سەرەکەوە، شیعرەکە وێنەیی و لە دەرەوەی تێگرافییای شیعری ئازادە، لە سەرەکی دیکەشەوە، کێ شیعرەکە دووبارە کردنەوەی یەك وشەیە کە ئەویش (خلود) ە. بەمەش دەقەکە، وەك ئامێرکی ئۆتۆماتیکی خێ بەبەردەوامی دووبارە کردۆتەوە و خولاوەتەوە. ئەو دەقانەی نووسەر بە نموونە هێناویەتییەوە، دەکرێ بڵێین جگە لە هەندێك لە شیعرەکانی (عەباس عەبدوڵا یوسف) نەبێت، ئەوانیتر کەمترین و هەندێکییان هەر بنەمای نووسینی ئۆتۆماتیکیشیان تێدا نییە. بۆ نموونە: نووسەر شیعرکی (ئەحمەدی مەلای) بە نموونە هێناوەتەوە، ئەحمەدی مەلا لە شیعرەکەیدا دەڵێت:_

ئای جانتکانی من گرانن هەردوو بازووم شل دەبێت
تا دەگەمە ئوتێلێك یان ماڵی خۆم

شاعیر لەو وێنە شیعرییەدا، نەك ئۆتۆماتیکییانە نادوێت، بەکو بەو پەڕی ئاگاییەوە دەزانێت بۆ کوێ دەچێت و چی پێیە و چەندیش ماندووە. هەبەتە هەموو بەرکەوتنەکانی جەستەی مرۆڤ، کاردانەوە لە سەر مێشك دروست دەکەن، بەو پێیەی، ئیعاز لە مێشك وەردەگرن و مێشکیش، سەنتەری کۆنترۆڵکردن و ئاراستە کردنی هەستەکانی مرۆڤە. ئەگەر شیعری ئۆتۆماتیکی، شیعریی خۆرسکی و بێ ڕێکخستنی زمانەوانی و هەموو دیدکی ئەقڵانی و ئاگاییەکی هەستییانە و هزرییانە بێت، ئەوا لەو شیعرەدا، ئەحمەدی مەلا بە پێچەوانەوە، هەست بە ماندووەتی دەکات، دەزانێت دوو جانتای گەورەی پێیە، زۆر باشیش ئەوەی لە خەیاڵە کە دەچێتە ئوتێلێك یان ماڵی خێ، ئەمەش مانای وایە، شاعیر بە ئاگاییەوە هەستوکەوت و هەفتارەکانی، پراکتیزە دەکات و کۆنترۆڵی کردوون و مێشك ڕێی لە ئاراستە کردنییان بینیوە. ئەم وێنە شیعرییە، دەلەلات لە هزر و ئاگایی مرۆڤك دەکات، نەك ئەوەی کەسێك بە بێ ئاگاییەوە کردەوەیەك بکات و نەست پاڵنەری بێت. یەکێکی دیکە لەو دەقانە، کە نووسەری ئەو کتێبە وەك نموونەی نووسینی خۆکاریی و بێ هەموو جۆرە کردەیەکی لۆژیکی و زمانی دەیهێنێتەوە، شیعرکی (ئیسماعیل بەرزنجی) یە. بەرزنجی لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

کە ویستم سەرە خەوێك بشکێنم
سعات سێ و چل و پێنج دەقەی بەیانی بوو
145 مەلا پێکرا گوتییان
الصلاه و خیر من النوم

هەموو ئەو دەستەواژە و دەربڕینە شیعرییانەی لەو وێنەیەدا هاتوون، دەربڕینی ئاتۆماتیکی و عەفەوی نین، بە َکو بە پێچەوانەوە، زۆر بە ئاگایانەوە دەربڕاون و هەنگدانەوەی زەمەن و شوێن و کردەیەکی ئایینی دیاریکراون. لەو شیعرەدا، شاعیر زۆر باش درکی بە هەموو شتێك کردووە، بۆنموونە: ئاماژە بەو هەموو مەلایە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەولێر شارێکە پێە لە مزگەوت، کاتی بانگدانەکە دروست و لێژیکی و لە جێی خۆشیەتی. هەموومان دەزانین لە وەرزی هاویندا، شەو کورت دەبێت و ڕۆژ درێژ دەبێت، بەمەش گۆڕانکاری بە سەر کاتی بانگی بەیانی دادێت و لە هاویندا بەرە و ژوور دەبێتەوە و لە زستانیش، تا نزیك هەفتی بەیانی دەگەوات. شاعیر، درکی بەوە کردووە کە بەیانییە و لە چ کاتێك بانگ دەدرێت و لە شارێکیشە، کە پێە لەمەلا و مزگەوت. کەواتا شیعرەکە، هەنگدانەوەی ئەو دۆخە دەروونی و هزریی و هەستەیە، کە شاعیر لە پەیوەندی بەشەو و خەوەوە تیایدا بووە. من نازانم، ئەگەر شاعیرێك، بە وردی کات و شوێن و جێری ڕووداوێك دیاری بکات، ئەم کردەیەی لە ئاگایی و درککردنەوە هاتووە، یان لە بۆ ئاگاییەوە؟ یەکێکی دیکە لەو شیعرانەی نووسەر وەك نموونەی نووسینی خۆکاری و نالێژیکی و نەستییەوە دەیهێنێتەوە، شیعرێکی (عەباس عەبدوڵا) یە. شاعیر لەو شیعرەیدا دەڵێت:_

مەی ناخۆم
بەیانییان گۆپاڵەکەم چەور دەکەم
نە وەکو مۆرانە دار بۆ
خەنە لە سمێڵم دەدەم

لە سەرەتای وێنە شیعرییەکەوە، شاعیر بانگەشەی ئەنجام نەدانی کارێك دەکات، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە، نامۆیە (یاخو بە نامۆ دەزانرێت) کە ئەویش مەی خواردنەوەیە. ئەم کردەیە، بەشێکە لە ئازادی مرۆڤەکان و بۆ هیچ کەسێك نییە سنووری لە بەردەم دابکێشێت، بەڵام شاعیر، ئاگایانە درکی بەوە کردووە کە مەی خواردنەوە، کردارێکی چەند نەنگە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بۆیە لێی دوور دەکەوێتەوە. واتا شاعیر، بە هوشیاریی و خۆپارێزییەوە لەکارێك دوور دەکەوێتەوە، کە دەزانێت ئەنجام دانی، گرفتی کۆمەڵایەتی و جۆرێك لە ڕووشاندنی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. بە هەمان شێوە، شاعیر دەزانێت، مۆرانە لە دار دەدات، بۆیە گۆپاڵەکەی چەور دەکات، بۆ ئەوەی مۆرانە نەیخوات. یاخود خەنە لە سمێڵی دەدات کە یا بۆ جوانییە، یان شاردنەوەی تەمەن. ئەم کردانە، کردەیەك نین لە بۆ ئاگایی نەستییەوە هاتبن، کردەیەك نین، عەفەوییانە شاعیر دەریان ببڕێت و بیانکات، چونکە خەنە لەو شوێنانە دەدرێت، کە مووی

سپییان لێ دێت. دەبووایە درکی ئەوە نەکات گۆپاڵەکەی چەور بکات، بەڵام کە درك بەوانە دەکات، مانای وایە بە هوشیارییەوە ئەو کارە دەکات و دەزانێت مەرانە چی لە دار دەکات. ئەم وێنە شیعرییانە، دەلالەت لە نەست و نا ئاگایی ناکەن، بەڵکو ئاماژەیەکن بۆ هەست و ئاگایی و بیرکردنەوەی شیعرییانە. یەکێکی دیکە لەو شیعرانەی کە نووسەر وەك نموونەی نووسینی ئۆتۆماتیکی هێناویەتییەوە، دەقێکی (دلاوەر قەرەداغی) یە. شاعیر لەو دەقەیدا دەڵێت:

هەوڵێر: ماڵی عەبدولخالق مەعروف
سلێمانی: ماڵی دڵشاد مەریوانی
کەرکوك : ماڵی ئازاد هەورامی
زاخۆ: ماڵی خانی

ئەگەر سەرنج لەو کۆپڵە شیعرییە بدەین، دەبینین شاعیر زۆر بە هوشیارییەوە ئەدرەسی هەریەك لەو کەسایەتییانەی نووسیوە دەزانێت، ناونیشان و شوێن و ماڵییان لە کوێیە؟ ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی نووسەری کتێبەکەیە، کە شیعری ئۆتۆماتیکی، دەباتەوە سەر نەست و خۆرسکانەی زمان و هزر و بۆ هیچ کۆنترۆڵکردنێکی لۆژیکی و هزری. چونکە ئەگەر بەو تێگەیشتنە بێت، دەبوو دلاوەر قەرەداغی، ناونیشانەکانی تێکەڵ بکردایە، نەك بە وردییەوە بیاننووسێت .ئەمە مانای وایە، لەو پەڕی ئاگایی و هوشیارییەوە، شاعیر ناوی کەسەکان و شارەکانی نووسیوەو ئەوە نییە لە بۆ ئاگایی دابێت. لە ئاستی واقیعیش، ئەم کەسانە خەڵکی ئەو شارانەن کە شاعیر نووسیویەتی. لەرەوەش ئەمە لە بەردەم وێنەیەکی شیعریی نین، کە شاعیرەکەی نەزانێت چی نووسیوە و چی دەنووسێت، بە پێچەوانەوە زۆرباش درکی کردووە و بە ئاگایە لەوەی دەیڵێت. هەرلەو ڕوانگەیەوە، نووسەری کتێبەکە شاعیرێکی دیکەش دەخاتە چوارچێوەی شیعری ئەو شاعیرانەی ئۆتۆماتیکییانە و خۆ کردانەوە دەنووسرێن، کە ئەویش (سەباح هەنجدەرە). لە ڕاستیدا، هیچ شیعرێکی ئەم شاعیرە ناچێتە خانەی نەست و بۆ ئاگاییەوە، ئەو یەکێکە لەو شاعیرانەی، بە ئاگاییەکی زۆر و وردی زمانی و هزری و لۆژیکی شیعر دەنووسێت و شیعر لای ئەو، خەکاری وشە و دەربڕینی عەفەویانە و نەستییانە نییە، بەڵکو دەرەنجامی ئامان و تۆ هزرینێکی قووڵی هزریی و لۆژیکییە. دەشێ شاعیرەکانی دیکە، بکەونە ئەو حاڵەتەوە، بەڵام ئەزموونی ئەم شاعیرە، بە هیچ شێوەیەك ئەزموونی نا ئاگایانەی شیعریی نییە و بە پێچەوانەوە ئەو زۆرباش دەزانێت چی دەنووسێت و چۆن وشە و دەربڕینە شیعرییەکان، لە شیعردا بەرجەستە بکات. شیعر لای ئەو یەکسان نییە یە کردەیەکی نەستی وخەکارانە، بەڵکو شیعر لای ئەو شاعیرە، بە مانی ئامان و بیرکردنەوەو قووڵبوونەوەیە لە نێو زمان و مانا و

شیعرییەتدا. لەلایەکی تردەوە ئەم دەقەی سەباح هەنجدەر، کە باس لە گەنەوە بۆ هابردوو دەکات، نوستالۆژیایەکی مۆژوویی تێدایە، کە شاعیر سەرجەم ئەو هوودواوانەی بینیویەتی، وەك فلمێك دێنێتەوە بەر چاو. هاستە ئەمە خەیاڵ و گەنەوەیە بۆ یادەوەرییەکان، بەڵام مانای وانییە شاعیر نەزانێت بۆ چی دەگەڕێتەوە هابردوو، یاخود چی دێنێتەوە نێو خەیاڵی. بە تایبەتیش کە شیعرەکە، وەك پانۆراما یەکی ژیانی شاعیرە و بە وردی هووداو بیرەوەرییەکانی گێڕاوەتەوە. نەك تەنها لە نموونەی دەقە شیعرییەکان، بەڵکو نموونەی ئەو بەیت و چیڕۆکە میللی و فۆلکلۆریانەشی کە نووسەر بە نموونەی نووسینی خۆکار و نەستی هێناویەتییەوە، هەندێکیان ناچنە دووتوێی شوناسی ئەو جۆرە نووسینەوە. بەڵکو ئاماژەیەکی واتایی و دەلالەتێکی هزریی و زمانییان هەیە کە هەنگە ئۆرە کات و شوێنی شڕۆڤەکردنییان نەبێت.

4

ئەم کتێبە، گەرچی وەك ناونیشان و تێزێکی ئەکادیمی، کارێکی نوێیە بە تایبەتیش لە هووی ناونانی بابەتەوە، کە باس لە نووسینی ئۆتۆماتیکی دەکات، بەڵام کارێکی تەواوەتی نییە، چونکە نموونەی ئەو جۆرە شیعرانە زۆرن و دەبوو نووسەر پراکتیزەی زیاتری شیعرەکانی بکردایە، بە تایبەتیش نموونەی لە شیعری دەیەکانی دوای هاپەڕینیش بەناباییەوە. دواجار شیعر شیعرە، لە ناسینەوە و پێناسەکردنیدا، نابەستراوەتەوە بە هیچ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، بەڵکو وەك شیعر دەبینرێت و دەناسرێت و دەخوێنرێتەوە. هەر شیعرێکیش لە دەرەوەی ئاگایی شاعیر و کۆنتڕۆڵی هزری و لۆژیکی شاعیرێك دابێت، لە هاستیدا شیعر نییە، بەڵکو گوتەیە، گوتەش وەك دەقێکی نووسین، ناناسرێت و ناخوێنرێتەوە، بەو پێیەی هیچ خاسیەتێکی ئەدەبی و هونەری نییە و تەنها لە هووبەڕە کۆمەاڵیەتییەکە بەهای هەیە، نەك وەك دەقێکی شیعریی.

پەراوێز: ناوی کتێب: نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری نوێی کوردیدا، نووسینی: سالار کەریم حوسێن، بڵاوکراوەی: دەزگای سەردەم_ زنجیرە 981_ ساڵی چاپ_2021

- ئەم بابەتە لە لاپەڕەی (ئەدەب) ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1190) ی ڕۆژی 1/9/2021 بڵاوکراوەتەوە.

تیرۆریستە دەندەکانی داعش بۆ ئاشکرا لە چیای قەرەچوغ دا شوێنیان بۆ دابین کراوە!.. ٢١-١٠-٢٠٢١

کۆ داعش دەرهێنراوە لە چیای قەرەچوغ؟

ماڵپەڕی شار پرەس لە ٢١ی-١٠- ٢٠٢١ دا چاوپێکەوتنێکی بۆ کردووە کە لە گەڵ غازی فەیسەڵ، فەرماندەی هێزی خۆبەخشی پێشمەرگە لە سنووری (مەخمور-گوێ) دا، ئەنجامیداوە دەڵێت: " گرووپی تیرۆریستی داعش لە چیای قەرەچوغ بۆ ئاشکرا شوێنیان بۆ دابین کراوە"
بۆیە، بۆ بۆوای من، ئەو پرسیارە گرنگەیەی کە خەڵکی عێراق بۆ گشتی و خەڵکی کوردوستان بۆ تایبەتی دێبۆ لە هەردووک حکومەتی عێراق و کوردوستانی بکەن ئەوەیە کە : کە داعش دەرهێنراوە لە چیای قەرەچوغ و کە شوێنی لەوە بۆ دابین کردوون؟
کاتێک کە مقەمقە لە نێو خەکیدا بۆاو ببوو کە دەیان گوت ئەوانەی کە داعشکان پەروەردە دەکەن هەر لە ناوخۆدان، ئێم گوتەیە وا بۆ بۆگۆ پشت ڕاست دەکرێتەوە لە لایەن فەرماندە سەربازییەکانی خۆیانەوە.
لە سەردەمی شۆڕشی داعشدا کاتێک کە پێشمەرگە بۆ دیل دەگیران و بۆناو بازارەکانی حەوجەدا لە ناوقەفەس و بۆ جلی پرتەقاڵیەوە دەسوێنرانەوە لە لایەن تیرۆریستە داعشکانەوە سوکایەتی و بێڕێزییان پێدەکرا، لە کاتێکدا کە بۆ دەیان پێشمەرگە شەهید دەکران لە لایەن ئەو تیرۆریستە داعشانەوە، لە کاتێکدا کە ئەو داعشانە ڕوویان لەهەر شوێنێک بکرایە ئەو شوێنیان لە گەڵ زەویدا تەخت دەکردو وایان لە دەکرد پێووی تێدا بخوێنێت، لە کاتێکدا کە داعش جینۆسایدی یەزیدییەکانی ئەنجامدا بوو، هەزارەها بۆ هەزاران کچ و ژنی یەزیدییان ڕفاندبوو و لە بازارەکانی موسڵ و ڕەقەدا وەک سەبایا و کەنیزەک دەفرۆشران، لە کاتێکدا داعش بۆ زەرە ملە خەڵکی غەیرە موسڵمانی لە شوێنی خۆیان دەردەپەڕاندو سەروەت و سامانیانی داگیر دەکرد، ئا لەو کاتانەدا هەندێک لە بەرپرسانی سەربازی و نێو دەسەڵات دەستیان کردبوو بۆ مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش دا. بۆیە خەڵکی کوردوستان هەقی بوو کە دەیان گووت "ئێم دەسەڵاتێ نایەوێت داعش لەناوبچێت".

بەیە هەقو کارەکی دروووست و دەبە بە پەلەش بە کە خەڵک بە گشتی و کەس و کاری شەهیدانی دەستی داعش بە تایبەتی و هەروەها هەمووخەڵکی یەزیدی وخەڵکانی ناموسەمانی تر لە وەنەی مەسیحی و کاکەیی و شەبەک و ئەوانەی تر بەنە دەنگ و داوای ەوونکردنەوە بکەن لە هەردووک حکومەتی عەڵاق و حکومەتی کوردوستان دەربارەی بووون و جگای داعشکان لە چیای قەرەچوغ.
دەبە پرسیار بکرەت لە هەر دووک حکومەتی عەڵاق و کوردوستان کە کە ئەو شوەنەی بە داعش دابین کردووە لە چیای قەرەچوغ؟ کە نان و ئاویان دەداتە؟ کە چاوساغییان لەبەدەکات و چەک و تەقەمانی و هاوکاریی پەویستییان پە دەگەنەت؟ کە و چ لایەنەک ەیان پیشاندەدا بە ئەوەی ئەو هەموجارانە هەرش بکەنە سەر پەشمەرگەو خەڵکی و بە سەلامەتیش بگەنەوە هەمان بنکەی خەیان لە چیای قەرەچوغ؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر کە دەبە خەڵک بە گشتی و بە تایبەتیش پسپەو شارەزایانی سەربازی داوای ەوونکردنەوە بکەن لە حکومەتی هەرەم و عەڵاق.
بوونی داعش لە چیای قەرەچوغ جگەی پرسیارە. داعش لە نەو خەڵکی کوردوستاندا جگەی نابەتەوەو مەحاڵە بتوانەت جەی خەی بکاتەوە. کەواتە چەن جگەی بەتەوە لە نەو دەی چیای قەرەچوغ دا؟ دەیان پرسیارو گومان دروووست دەبەت..بەیە لە دیدو بەچوونی خەڵکەوە ئەو سە چوارینەتان پەشکەش. هەر بە زاخاوی مەشک

ئەی داعشی، چاو گەشم
تا تەهەی، هەر دە بەشم
بەیە، پەروەردەت دەکەم
تا بە تە، نەبەڵ بەشم

تا تە هەبی، لەو ناوە
تەق و تەق کەی، ناو ناوە
بە مە خەری، زەر تەدا
زەرتر، لە چایی و قاوە

کەت کوشت و، یا مل پەاند
چەند جارت، یاسا بەزاند
گەردنی بابت، ئازاد بەت
وەزعت لە من، نەشواند

لینکەکەی شارپرەس
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=196581

حەسەن ئازانی ٢٠٢١-١٠-٢١

لوتکەی کۆنفرانسی بەرگریی لە ژینگە.. زاهیر باهیر

بەیارە ڕۆژی 1شەمە، 31/10/2021 ، بە ماوەی 10 ڕۆژ کۆنفرانسێك لە شاری گلاسگۆی سکۆتلەندە لەسەر پرسی ژینگە و باشکردنی، بگیرێت. لەم کۆنفرانسەدا وا خەمڵێنراوە کە 124 وڵات بە سەرۆك و دەستوپێوەندکانیان و بزنسمانە گەورەکانیانەوە کە هەر هەمووی دەگاتە نزیکەی 30 هەزار کەس بەیارە بەشداری بکەن. هاوکاتیش پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە زیاتر لە 100 هەزار کەس لەوە پرۆتێست بکەن .

بۆچی ئایا ئەم کۆنفرانسە هیوابەخشە؟

ئەزموونکانی ژیان لە سای دەوڵەت و ئیدارەکەیی و بزنس و بزنسمانگەورەکاندا، تا ئێستا ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە هەتا دەوڵەت و بزنس و بزنسمان و سەرمایەداران هەبن هەرگیز کێشەی ژینگە نێك هەر چاك ناکرێت بەڵکو خراپتریش دەبێت.

بزنس و دەوڵەت و ژینگە دوو هێڵی تەریبین بە یەك و هەرگیز بەیەکدی ناگەن ، هەر یەکەشیان دەکرێت ، لە سەر حسابی ئەوی تریان گێشە بکات. بزنس ژینگە دادەزرێنێ و ڕوتکردنەوە و برسیبوونی خەڵکانی کە لەسەر ئەو ژینگەیە هەن، ئەرکەتی و لە ئێستەی دەگرێت.

ئەوەی کە لەو 10 ڕۆژدا ڕووددات نەشکردنی خواردنەوەی نایاب و خواردنی بەلەزەت و دەمەتەقێی نەوان تاوانبار و خەنمێز و شەهەنگیرسێنەر و بکوژ و برسیهێنەرەکانن، نێك بنبڕکردنی کێشەی ژینگە . لە باشترین حاڵەتدا ئەوان تەنها دەیانەوێت کە هاوسەنگییەك لە نێوانی بزنس و تەماحی بزنس و ژینگەدا بکەن و دابنێن، ئەویش لەبەر خاتری بەردەوامبوونی زوڵم و زەر و پاوانکردنی دونیا و کەمکەکردنی زیاتری سەرمایە .

لە نەو ئەو سەرکانەی کە بەشداریناکەن لەم کۆنفراسەدا سەرکی چین و سەرکی ڕوسیایە ، کە هەردوو وڵات کارایی گرنگیان هەیە لەسەر پیسکردنی ژینگە. چین لە سەدا 27 ی دانەوێی غازی دووەم ئەکسیدی

کاربەنی دونیا پێکدەهێنێت کە دوو ئاوەندی دروستکردنی ئاو غازیە کە لە لایەن ئەمریکاوەیە و چوارقاتیش هیندستان.
زۆرێك لە سەرکی بانقە گەورەکان و کەمپانیا زەبەلاحەکان و خاوەن سامانەدارەکان بەشداری دەکەن . کە لەوانە ، هەر بە نموونە ؛ سەرکی بانقی جیهانی، David Malpass ، کە لە ساڵی 2016 دا لە ئیدارەکەی ترامپ-دا دەستبەکار بووە، بەشداردەبیت . ئەم کابرایە پێش ئاوەی کە دەناسد ترامپی ئانتی ژینگە لە ساڵی 2019 دا هەیبژارت بە سەرکی بانقەکە، خەی دژ بە یەفەرم بوو لە ژینگەدا. دەیقد لە ساڵی 2020 دا بە گوڕەی راپەرتکان ، ئاو نکۆی لەوەدەکرد کە گەرمی جیهان [گۆبۆ وەرمینگ، global warming] دەستکردی پیاو بێت [مەبەستی ئاوەیە کە خەی و ئاوانی دیکە سوچەکیان نیە لە خراپبوونی بارودەخی ژینگەدا]. هاوکاتیش بە گوڕەی ڕاپەرتکی دیکە بانقی جیهانی لە ئەستادا هاوکاری و یارمەتی ئاندنوسیا دەکات لە پڕۆژەی زیاتری fossil fuel لاو وڵاتەدا .
هەر بە تەنها ئاو کابرایە نیە کە ئەم راگەیاندنانە دەدات و بە عەمەلیش کار لەسەر وەرانکردنی زیاتری ژینگە و دانیشتوانەکەی دەکات. زەربەی زۆری سەرکی کەمپانیاکانی دیکە و گەلەکیش لە سیاسیەکان و بازرگانەکانیش هەمان ڕاو بەچوونیان هەیە . جا ئایا دەکرێت لە کۆنفرانسەکدا کە بە خاوەنکردنەوەی ژینگە تەرخان کرابێت ، کە ئەمانە پلاندانەر و چاککەری بن ، چاوەڕوانی یاخود هیوایەکی باشی لێبکرێت ؟ من بەش بەحاڵی خەم زۆر بە ئومەدم، هەر زۆریش.

Zaherbaher.com


29/10/2021

سێ کتێبی نوێی ستیڤان شۆمزینی بەاوبوونەوە

لە سەرەتای ئەم هەفتەیە سێ کتێبی نوێی ئەدەبی و فیکریی ستیڤان شۆمزینی لە شاری سلێمانی بەاوبوونەوە و وا بەیاریشە لە نزیکترین


دەرفەتیشدا لە تەواوی کوردستاندا کتێبکان بڵاوببنەوە لە رێگەی چەند مەراسیمکەوە لە شار و شارۆچکەکاندا. کتێبکانیش بریتین لە:

1- **خەندە گرینۆگان و مەراقنامەی پیاوێکی سوریالی.**



ئەم کتێبە لە 222 لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندیدا لە چاپ دراوە. کە پێکهاتووە لەکۆمەڵێ تەکستێکی ئەدەبی و فیکری کە بە زمانی شیعریی و لە شێوەی ئەفریزمدا گەلاڵە کراون.

2-**هستریای وشە و حونجەی بێدەنگی.**



ئەم کتێبە لە 233 لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندیدا چاپ کراوە کە پێکهاتووە لە چەند دەقێکی ئەدەبی

3- **خۆشەویستی لەسەردەمی شەرپەنچەدا.**



چاپی دووەم، ئەم کتێبەش لە تواێی 158 لاپەڕەی نیو ئەی فۆدا چاپ کراوە. خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژیی و فیکریی چەمکەکانی عەشق و خۆشەویستی، جەستە و سێکس، ژیان و مردن، مودێرنە و ڕۆخنە لە کاپیتالیزم، هتد..

هەرسێ کتێبەکە لەلایەن دیزاینەر "هەڕەم عوسمان"ەوە کاری مۆنتاژ و دیزاینیان بۆ کراوە، لە چاپخانەی "کارۆ" لە شاری سلێمانی لە چاپ دراون. شیاوی باسیشە تێچووی دارایی هەر سێ کتێبەکە لەسەر ئەرکی دارایی نووسەر خۆی چاپ کراون.

بانگم کە.. شیعر : ایرج جنتی عطایی وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

" صدایم کن "

""""""""""""""""

بانگم کە
ئەی دەنگی تۆ بۆ شووشەی شەو
بەردی وەرانی
بانگم کە

ئەی دەنگی تۆ بە پەردەی شەو
مشتی وەرانی

خۆش بە حاڵی دەنگت
لە تەپڵەر بوون لە خۆ
بانگم کە
دەنگت خەنجەر
بانگم کە
دەنگت سەنگەر
لە بەسەی ئەم ترسە ، ڕزگارم کە

ئاوازی هەمیشە سەوزی ڕزگار بوون
لە شەوی داخراوا بخوێنە
تا شکۆفتەی گوڵە سوورەکان
ئەبە بە گەرانی هەر لەوێکی داخراو
... بخوێنە

لە جەژنی
سەر دەرهێنانی
گوڵ و ڕووناکی و گەنم
بانگم کە
لەم وەرزە پەمەیی
لەم باغە ژاکاوە
بە گوڵ گرتن ، ڕزگارم کە

ببینە شەوی خوێن
لەم شارە پەمەیی
چەن خەنجەر ئەبارە
گەرانی بە
تا سروودی گوڵ گرتن بەم :
کە ژەمی خوێناوی
بە شەبەق نابە

ئەی دەنگی تۆ
بانگی بە خەبەر بوونەوەی
هەواری ئەمەیی
بانگم کە
ئەی دەنگی تۆ

شیعری سووری تووێیی
خۆک و خوێشی ئەمێیە

با نگم کە… با نگم کە .. با نگم کە
دەنگت خەنجەر
دەنگت سەنگەر
لە بەسەی ئەم ترسە
ڕزگارم کە

ئەدەبی منـاڵآن/ سەمەرە و منداڵ.. ءەلی حەمەشید

لەناو باخچەی منداڵان
سەمەڕەی زیت و وریا
چوو بە لای ئەو منداڵەی
کە بە دایکی دەگەریا
…
لەگەڵیا کەوتە یاری
منداڵەکە ژیر بەوە
گریان بوو بە پێکەنین
دایکیشی لێبیر چەوە
…
ئەوسا سەمەڕەی نازدار
وتی هاوڕێی بەوفام
خۆزگە منیش وەکو تە
لە باخچە وەردەگیرام

١٦/٣/٢٠١٠

ژیان وا لێ شوێنکی دیکە*..
شەرزاد حەسەن

لە دوای ‘راپەڕین’ەوە بە هەمیشە سەدا و وتاری زاڵ لەسەر دکرمە بوون و گومانکردن ئیشی کردووە و ئاوازی ناسازی دەسەڵاتدارانی ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەنگی هەموو کەسێک یان گروپ و لایەنێک کە ئاگادار بەرهەڵستکار و نا-قایل و ڕەخنەگر بووبێت سەبارەت بە واقیعی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، یاخود ڕەخنەی خەیان ئاراستەی چەنییەتی حوکمڕانی حیزبەکان بکەن کە نوقمن لە گەندەڵی و بە مەڵاڵی، هەر پرسیارکردنێک لە راستی و ڕەوابوونی ئەو دەستکەوتە ستەمکارە، وایکردووە کەناڵەکانی راگەیاندن و ماس-میدیا بکەونە گەڕ و سەدەها هەقایەتی خیانەتکاری و پلانی دڕەکی و تابووری پەنجەمی ناحەز و لە باربردنی ئازمووندە ساواکەیان دەبێت بە مانشێت و سەروتار و دیبەتی بەتاڵ و بیانوو هێنانەوە بە داووخان و شکستی کەی هەیکەل و پەیکەری دەوڵەتداری فشۆڕی ئەوان، بەئەوەی دان بەو راستییەدا بنێن کە لە ئازموونی کارکردەی سیاسەت لە ماوەی ئەم (٣٠/ سی) ساڵەدا، ئەوەی سەلماند کە دەستکەوتەکانی دەستەڵاتدارانی کورد دونیای خەیان جیا کردەوە لە دونیای ئەو ملیۆنەها مەردمگەلەی کە لەسەر ئەم خاکە دژین کە دیارە عاشقانی دەستکەوتات و عەرشی کەلاوە دیوارێکی زۆر بڵند و ئەستووریان بونیاتنا کە ملیارەهای تەدا خەرجکراوە کە ئەوان لە ئەمە دابڕیت، هەتا بەوانەشی کە کەمێک خەشگوزەرانن و سەر بە چینی ناوەراستن، بەو مانایەی کە گومانی تەدا نییە گروپ و بنەماڵەی میراتگر و دەستەیەکی پادشا ئاساکان کە خواهانە فەرمانڕەوان و لەماندەخۆن وەک ئەوەی مەگەل بین، بە دەرگاوان و وەرزێر و گزیر و کارەکەر و کەنیزەک کەیلە و و کەی دەست و پەوەندی ناو کەشکەکانی خەیانمان دەشوبهێنن.. بارەکەڵا یان بارەکەلئیبلیس-و!

ئەوان هەمان ژیانی پادشاکان و شازادەکان دەگوزەرێنن لەسەر حیسابی ئارەق و فرمێسک و خوێنی ملیۆنەهای بندەست و ستەمدیدە و نەدارای ناو ئەم ئەردوگایەی کە تەلبەندکراوە و ناوی کوردستان-ە یان گورگستانن بەدەر لە خەکی خاکەڵا و بندەستی باوک و پاتریارکە کورد-زمانەکان؟ ساڵە دوای ساڵە دونیای سیاسەتبازە سەرمایەدارەکان بە تەواوی دوورکەوتەوە و دیوارێک کوتە نێوان ئەمە و ئەوان، درێژکی گەورەیە بەین لە هەمان جوگرافیادا دژین و خاوەنی هەمان

مژوو بین.. مەحاڵ، ئەوان بە تەواوی خەیان جیاکردەوە و وەکو خواوەندەکان بە تاوێک هاتنە سەر زەمین و تەکڵە بە هێشە خەڵکەکە و عەوام بوون و پاشان چوونەوە ئاسمان و وان لەژێر عەرشی یەزدان و بەهرەمەند لە عەیش و نۆشی بەهەشت ئاسا.. ئەی وا نییە.. مەگەر لای خەمان بە دەوڵەندەکان ناگوترێت خواپێداوەکان؟

هەموو حکومەتێکی پاکزاد پێویستی بووە هەیە کە ڕێگا بدات هاونیشتمانیانی سەر خاکەکەی خەیان لە چنییەتی فەرمانڕەوایی و دەوڵەتداری پشکی بەشداریان گەورە و بە هەمەن بێت و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەش بن، بەواتا گەر نان هەیە.. با بە هەمووان بێت، گەر نییە.. دەبا هەموومان پێکەوە برسی بین، نیشتمانپەروەری و ڕەحمکی پارتیزانی و شەرعییەتی شەرشگێری موڵکی چەند سەرێک و بنەماڵەیەک و حیزبێک نییە، ئەوەی لە دوای ‘ڕاپەڕین’ەوە کوشندەتر بووە، بە ئەنازەیەک کە ئەو ڕەحمی شەهشقانی و پارتیزانەی هەبوو مرد، یان وا ڕاستترە بڵێین: کوشتیان، هەم لەڵای کەنە شەهشگەڕەکانی سەردەمی شاخ مردووە و هەم نەوەی بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش بە تەواوی تەڕا و ئینتیمای نەما، چونکە بەهەزارەها مرۆڤی کورد، گەر نەیەم ملیۆنهایە، وەک دەرزەکەری بەر قاپی خواپێداو و گەورەکانیان لەهاتووە، کە دیارە ناکرێت داوا لە دەرزەکەر و سواکەرەکان و بە لانەکان بکەین خاک و خۆکی خەیان خشبوێت، یان داوایان لێبکەین نیشتمانی خەیان لەڵا جوان بێت و لە سەروەختی هەرش و پەلاماری دوژمناندا، داوا لە گەداکان و بەماڵەکان بکەین بەرگری لەخاک و نەتەوە بکەن.

دەستەڵاتدارانی کورد لەو (٣٠/سی) ساڵەدا هەرەمی خەیان جیاکردەوە لەو هێشە خەڵکە، لەرتەکانی/ یان ‘لەردەکانی’ ناو سیاسەتگەرایی کوردی خاوەنی هەمان قوتابخانە و خەستخانەو سەیرانگەکانی هەژاران نین، هەمان نان و بەرگ ناخۆن و لەبەرناکەن، لە فرۆکەشدا ‘لەجی’ جیاوازیان هەیە و پەردەیەک لە ئەمەی هێشکی جیایان دەکاتەوە، بەر لەوەی سواری فڕۆکە بن لە (VIP)پشوویەک دەدەن و دەخەنەوە، لە هەمان ئاهەنگدا بەشداری ناکەن کە هەتا گەر ئەمە تیایدا مەیموونی سەماکەرە بین، گەستانیشیان لەهی ئەمە ناچێت، بگرە بە هەمان نوکتەی ئەمە پێناکەنن، پرسەکان و گریانیشمان لە یەکدی ناچن، قڕا و قوللە و کەشک و تەلار و بارگای سەرۆکەکان وان لە شوێنی زەر خەش و بەند و قایمدا، کە پتر داگیرکردنی ئەو سەیرانگا و هاوینە هەوارانەیە کە «بەعس» نەیتوانی داگیریان بکات، کەچی پێشەوا و سەردارانی کورد بە تەلەبەند و شووڕای بەند خەیان لە

هەموان جیاکردەوە، حزیان بە ترپکی گرد و شاخکانە، مالی هەندکیان سەدها دنم زەوی و زارە، لەو دچت هەمان هەوا هەنامژن کە «عەوام و مسکن» هەیدەمژن. هەمیشە سوپایک لە چکدار و جبی جام رش ئەوان لە خکی دوور دخاتەوە، هەر گومانکردنک لەو جرە ژیانە خواهانە و شاهانەیە کە خکانی دیکە لی بەهرەمند نین، لە چاوی ئەوانەوە وک ئیریی و بغالت و بە وفایی تماشا دکرت، یان رتکردنەوە و رزنگرتنی ئمەیە بە ئەوان کە حیساب بە ئەو هەموو تکشان و رنج و خونی سردەمی بەرخودانی قناغی شاخ ناکین و سپە سک رشین.

ئم روانینە چوتە وک ئەو وایە هەموو کوردگل بە هەتاهەتایە ناچار بت قرزی قناغی بەرگری و بەرخودانی شاخ بداتەوە، کە تیایدا کوگلی خانوادە هزارکان شهید بوون نک هی فیرعەونکانی زمان. شرعییەتی ششگری مانای ئەوە ناگەینت کە ئەوە کشکنشین بن و بە ملیەنەهاش کلاونشین و گووفک-نشین، ئەوە خوان و سفرتان چور بت وبە هزارهاش لە ناو زبخانکاندا بگن بە ئەوی لە پاشماوکانی ئەوە بخن، ششگری و خونی ئازادی راستقینە ئەویە کە هەموان لەو خرو خشی و ئازادییە بەهرەمند بن کە وایکرد هەموان بی بجنگن نک تنها ئەوە، بەوانشی کە لە شارکان و گوندکان بوون و پاپشتی شرش بوون بە جرها شەو. رنگە لم سردەمدا «غاندی» و « نلسن ماندلا» دوو نموونەی جوانی ئەو چشنە تکشانە بن کە رەوشتی بەرزی تکشان قیبلەنومایان بوو، خاونی ئەوە بوون کە خکی هەیانبوو.. زیاتر نا، بە واتا خون و فرمسک و ئارقە و هاوار و نای ئەوان هی ئەوش بت، شش بە خی لە ناوکدا رحکی سفیگرانە دروست دکات کە تا ادیک وا لەو کسە دکات ئازادی و خر و خشی ئەوانی دیکە بخاتە پش حز و تماع و دستاتکانی خی، سازدانی ژیان و گوزرانکە کە ئەوانیدیکە شاگشکی ببن و تی دستاتداریش شادومان بکات، وک ئەو باوک و دایکی کە ئامادن خیان برسی بکن بەو مرجی منداکانیان تر و پشتە و پرداغ بن.

ئمیان ئارزووکە بە خشبختی هەموو خکانی چوار دورت، سیاستباز و سرداركانی کوردستان ئارزووی پچەوانیان گورتر کە پە لە تماع و چسی و نەوسنیکی کوشندە بە دستات و هەموو ئەو ناز و نیعمتی کە پلە و پایە لگە خیدا دیهنت، لەوەدا ناچارین کە سیری هەموو ئاغاکانی سیاست بکین لە

‘ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست’دا کە شەهوەتکی کوشندە و هەمیشەیان هەیە بە پارە و پلە و پایە کە بە مەرگ یان کوشتن و تێکردن کۆتایی هاتووە، چێسی و نەوسنییەکە کە لە برسییەتییەکی کوشندەوە سەرچاوە دەگرێت کە تێربوونی بە نییە، کە مەرج نییە برسییەتی ناو سک بێت، دەکرێت سایکۆلۆژیا یارمەتیمان بدات کە لەو دەندیە تێبگەین بە هەموو دونیا دەخوات و تێر نابێت. بەچی دەبێت بە «شایلۆک»ی ناو شانۆگەرییەکەی «بازرگانی ڤینیسیا»ی شکسپیر کە چەندە دەوڵەمەندتر بێت، چاوچنۆک و قرچۆکتر دەبێت، قەرزەکانی لە بری خوێنمژینی ئەوانیدیکە بە گیرفان و نەدارایە!

پێکەوە ژیانمان لە ناو هەمان جوگرافیا و مێژوودا وامان لێناکات کە وا هەست بکەین هاوشان و تەبا و تفاق لە ناو هەمان پەیوەندی مرۆڤانەداین، چونکە ناهاوسەنگی و جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو ژیانەدا هەیە کە هی دەسەڵاتدارەکان و خێڵکی بندەستە: چی وەک ڕەح و چ وەک جەستە و پەویستییەکان و کەرەستەکانی بەردەستی ئەوان و خێڵکی جیاوازن، خوێن و خولیا و خەمی جیاواز، ئەوان لە شوێنکەدان کە مەحاڵە هەمووان بتوانن بە ئاسانی بچنە ناوی و تیایدا بژین، سەر بە هەمان زەمەن نین، دەسەڵاتدار تاقانەیە و هەم دونیای تایبەتی خۆی هەیە کە دەگمەنە، لە چاوی دەستەڵاتدارانەوە ئەو ڕشە خێڵکە وەک تەنکی هاوشێوە وان و هیچ تایبەتمەندییەکیان نییە، حەز و هیوا و هەوەسکی ئەرستوکراتیانە وا کوشندە لە خوێنی کەسانی دەستەڵاتخوازدایە کە هەرگیز دەستبەرداری نابن، بوون و هاتنی ئەو هەموو دونیا سادە و غەمگینەکەی ئێمە دەشێڵێنێت، ئەوان بەوایان وایە کە خوێنکی شین نەک سوور بە دەمارەکانیاندا دەگەڕێت، نوێنەری هەبژاردە و یەکەمی یەزدانە لەسەر زەوی، هەموو دونیا هی خۆیەتی، ئەو شوێنەی من و تۆش جگەی تایبەتی ئێمە نییە و مافێکی ئادەمیانە و خاکەایی خەمان نییە، چونکە ئەوی دەسەڵاتدار میهرەبانە و بەخشیوییەتی بە ئێمە، مەرجی دەستەڵاتدار ئەوەیە کە زەرتر بخوات و جوانتر و چاکتر لەبەر بکات و جگەی تایبەتی خواهانەی هەبێت، تاوەکو زەرتر بژی و ئاگاداری ئێمە بێت، ئێگینا بە «ئەو» هەر هەموومان بە جگە و ڕگە دەبین و دەفەوتین، ڕەک وەک باوکی من کە دەبوو هەر هەموومان، بە دایک و خوشک و براکانمەوە، دەستەو نەزەر لە بەردەمیدا بوەستین و خوانی بە بەرزنەنەوە، چونکە «ئەو» ڕەنجی کێشاوە و گەر نەمێنێت گورگ دەمانخوات!

هەمیشە جگە و بالینگی باوکە لە بنەبانی ژوورەکە بوو، ئێمەش لە

پایینی و لە خوارەوە دادەنیشتین، ئەم حکومەت و میریە چەندە لە ماڵە شەواوکەی ئەمە دەچێت. ماڵ وەک شوێنێک هی باوکە بوو، ئامادەگی ئەمە لە ماڵدا لە وەختی هاتنەوەی ئەودا ئەوپەڕی ڕەز و وەفا بوو کە پێ بوو لە ملکەچی و ترس، هەروەک چۆن نیشتمان هی ئاغاکانی سیاسەتکار و زەرینەی ئەوانیدیکە کرچین، خاکەکە گوایە کە ئەوان ئازادیان کردووە و تا ماوین ئەرکە لە سەرمان سوپاسگوزار بین، هەر وەک چۆن باوکە شەوان دەچووە گژ دایکمان و لە هەمان ژووردا خەمان مت و کپ دەکرد، هەتا گەر دایکە ئاسوودەش نەبووایە، ئەو هەر بە زەردارەکی لاقی دەکرد و لە تەکیدا جووت دەبوو، ئەمە دەبوو خەمان بکەین بە خەوتوو، ڕەک هەمان وێنەیە کە دەسەاتدار گەر خاک و خۆک ئەتک بکات، مادامەکە هی خۆیەتی و ئازادی کردووە، مەرجە هەمووان خامۆش بن، هەر بۆیە مەردمگەل بە ماڵکان و نیشتمانی خۆیان نامە و نەناس دەبن، بە ئەو ڕەحمی کە کەمان بکاتەوە، مەحاڵە بانگەشەی ئەوە بکەین کە لە هەمان کات و شوێندا دژین، ئەمیان دەخەکە کە لەووی فیزیکییەوە لەتێک یەکتریدا دژین، بەڵام وەک ڕەح و ئینسان دوورین لە یەکتریەوە و نزیکیمان لە یەکدی درێژکی گۆرێە، ژیانی سیاسی و کەمایەتی ئەمە پڕ لە درێی خۆشویستی و پێکەوە ژیان، بەڵام چ بە ئاشکرا و چ بە دزیەوە ژەر بژەریش بێت پڕ لەجەنگ و دوژمنکاری، چونکە ڕەح ژەهراوی بووە..(ژان پۆل سارتەر) واتەنی "ئەوانیدیکە بە من دەبنە دۆزەخ".

ئەوەی کە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە سەبارەت بە ئازادی وتراوە، وای نەکردووە کە مرۆڤکان خاوەن ویست و سەرکەشی و شکۆمەندی خۆیان بن، هیچ دۆزگایکی پەروەردە نادۆزینەوە لە ماڵ و مەکتەب و مزگەوت و بە حیزبیشەوە لەو ویست و شکۆمەندییەی نەدابێت، گەر لە دەرەوە چەند زیندانێکی سەردەمی "بەعس "ڕووخابن، ئەمە بووین بە خاوەنی زیندانی کوردی و لە هەمووی خراپتر هیچ پەروەردەیەک نەیتوانی ئەو بەندیخانەیەی ناو ڕەحی مرۆڤکان بەمەنەت، تە بەڵێت ئازادی و سەربەستییەک هەبێت لە دەرەوەی تەگەیشتنی ئەمە و لە دەرەوەی ئەم جیهانە و لە سەرووی سروشتەوە کە ئەمەی گەلحە تێنەگەین و نەیزانین چییە.

دەسەاتدار وەک یەزدان دوورە، لە جگەیکی دیاریکراو نییە بیگەینە و گفتوگۆی لەتەکدا بکەین. هەتا ئاسان نییە بە زەردارەکی و هەڵشەش لە خەمانی نزیک بخەینەوە، ئەم هەرگیز ناچار نییە ئەو خۆک و عەوامە ببینێت و بیدوێنێت، گەرچی جگەیکی دیاریکراوی نییە، بەڵام خودا ئاسا لە هەموو شوێنکاندایە و هەزارها چاو و

دەستی هەیە کە کەی حەزی کرد بە خەر بە یان شەو بە کاریان دەنێت. گومانی گەورە لەوەدایە کە ئاخە هەر هەموومان لە نەوان هەمان جیهاندابن، یان دوو جیهانی جیاواز، یاخود چەندین جەگە و پەگەی جیاواز کە لە نەوانیاندا هیچ پردەک نییە؟ ئاخە خاوەن هەمان زمان و کەلتوورین؟ کە سەنتەری ئەم ژیان و بوونەیە و کە پەراوێز کراوە؟ ئاخە هەمان ئاستە و ئارەزوو هەیە بە کەبوونەوە لەسەر خوانەک و لە گەپانەکدا کە میهرو سەز و خۆشویستی زمانی ئاخافتن بێت و عەقڵ بەرکەماڵ بێت؟ چەندە ویست و نیازە پاک و راستەقینەکان ئاڵ و گەڵ دەکەین؟ چەند هەزمان هەیە فەرمان بە شەیتان و دەندەکانی ناو ناخمان بکەین بە تاوەک بخەون؟ بایی چەند دەتوانین لەو خودپەرستییەی خەمان دەربچین؟ چ مەدەلەکی ئەخلاقی سیاسی و فیکری و کەمەایەتی لەناو ئەم کولتوورەی خەمان پەسەندە؟

هەموو پەیوەندییەکی مرۆڤدۆستانە بە سەربەخۆیی و ئازادی دوو لایەنەکە: مەحاڵە، جا چ پەیوەندییەکی سیاسی بێت یان عاشقانە، لە نەوان دەسەڵاتدارەکی زاڵ و کەسانی بە ویست و ژێردەستدا هیچ پەیمانەکی مرۆڤپەروەرانە لە ئارادا نییە، هەر دوو لایەن و بەرەوان لە ناو هەمان دونیادا، بەڵام ئەو جیهانەی تیایدا نیشتەجێین، هەمان جیهان نییە، رەنگە واقیعی و کەنکرێت بێت بە هەر دوو لایەن، چ سەرکردەکان بن و چ بنکردەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمان جیهان نییە بە خەشی و ناخەشی هیچ کامیان، بەشداریەک لە ئارادا هەیە لەسەر هەمان خاک، بەڵام بە خەم و خولیا و خەونی جیاوازەوە، پەیوەندییەکی ناەک لە ئارادایە کە پتر پەیوەندی "بکەر" و "بەرکار"، ئاغا و کەیلە. بابێت و شتگەلەک لەبەرانبەردا هەن، بەڵام جیهانەکی هاوبەش نییە بە هەگربوون و پەکەوە ژیان، لەسەر دوو لەواری دوور لە یەکدی سەر خەرندەکی قووە و هەزار بە هەزاردا دەژین، نە هاوکووف و هاوشانی یەکدین و نە دەتوانن ببنە جەگر و زمانحاڵی یەکدی، ئەم دووربوونەی دەستەڵاتداران لە رەشە خەڵکەکە وەک دەخەکی ناتەندروست هەم گشتگیرە، چونکە ئەوان وەک تەنەک حەشاماتەکە دەبینن، کە پتر لە پەیوەندی شوان و مەگەل دەچێت، بەو مانایەی شوانەکان وەک سوود و قازانجی تایبەت بە خەیان سەیری مەڕ و ماڵات دەکەن، نەک وەک ژمارەیەک لە گیانلەبەری ناو سروشتەکی زیندوو، یان وەک بولبولی ناو قەفەز کە جوانی و خۆشیەکەی لەوەدایە چەند خۆشخوانانە بە خاوەن قەفەز بچریکێنێت. هەمیشە گەورەکان ناویان هەیە و دەناسرێن، بەڵام خەڵکی رەشەکی بە ناون و وەک حەشامات و تەنکەی بە ناسنامە و گوهەر دەردەکەون، دەستەڵاتداران رابردووی خەیان جیا دەکەنەوە، ئێستاشمان تەواو

جیاوازە، بە ئایندەش بەهەمان رێگادا ناڕۆین، بە چوونە ناو بەهەشت و دۆزەخیش کلیلەکانی دەرگاکان وا دانەو گیرفانی ئەواندا، لەسەر چاکە و خراپەی مەردمگەل سزا و پاداشت دەکەونە چنگی خوداوەندەکانەوە.

لە ناو وەها جیهانێکدا گیان بە دوای زمانێکی هاوبەشدا کە دنیامان بکاتەوە لەوەی ئەمەش خاوەنی بوونێکی راستەقینەین لەتەک ئەوانیدیکەدا، زمانێک کە بە مانا ئاشکرا و نادیارەکاندا بتوانین دەست بە هەمان فەرهەنگ ببڕین کە ئاماژە و کەدەکانمان بە بکەنەوە، بگەڕێنەوە سەر زمانی دایک بەر لەوەی بارگاوی بووبێت بە هەموو ئەو مانا و نیاز و حەزانەی کە ئەمە و ئەوانیدیکەی لە یەکدی جیا کردەوە، زمانێکی نەرینەیی پڕ لە توندوتیژی ئەوان کە تیایدا خۆ بە نەمر و خوداوەند بزانن، ئەمەش فانی و بەندەی لە هەلادەر و گوناهبار، مەرجە بگەڕێین بۆ زمانێک کە وەفادار بێت بە ژیان خۆی، بە گۆشەکردن و کامەبوون و گەیشتن بەوی دیکە، گەرچی ئەو زمانە هاوبەشەی خۆمانی پێوە دەبینین کە لە نێوان ئەو دوو لایەن و بەرەیەدا هەبێت بە ئاشتیەوانی کە کەوتووەتە دوو دونیای جیاوازەوە، کە بەرەیەکی زاڵ و بەرەی دووەم بندەست و کۆیلە، دەزینەوە وەها زمانێک لە مەحاڵ نزیک بێتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە دیالۆگ و گوفتگرتن لە یەکدی وەها گران و ئەستەم بووە، ئەمە پێویستیمان بە زمانێک هەیە کە یارمەتی هەمووان بدات کە بڕنە ناو بوون و ژیان و دەخێکی شیاو بە مرۆڤ، زمانێک کە لەگەڵ رسکان و زمان پژاندا بمانگەیێنێت و گەورەترو عاقڵترو فامیدەترمان بکات، یارمەتیمان بدات لەوەی بەینە ناو جیهانێک کە پڕکەوە هەبکەین، کەچی جیهانە جیاوازەکان پتر لە یەکدی دوور دەکەونەوە، بە ئەبەد زمانی دایکمان لەیاد دەچێتەوە و دەکەوێنە ناو هەرەمی زمانی باوکە ستەمکار و چەوسێنەرەکان کە بە زمانی خوێن لەگەڵ یەکتری دەدوێن، زمانێک زاڵە کە بە ڕەحی پیاوە جەنگاوەرەکان و خوێناوی دەستیان سواغ دراوە، زمانێکە لەو کاتەوە لە یادمان چێتەوە کە لە سەروەختی ناوک بڕین لە دایکانی خۆمان جیامان دەکەنەوە، ئەو کاتە درامییەیە کە بە ناوی باوکەکانەوە بانگ دەکرێین.. نێک دایکانی گۆزیو لە ناو خوێناو و ئازارچەشتوو بە ژانوژور، کە ناوکەکە بڕا و لە کەشی دایکە جیا بووینەوە بە واتا لە ماڵ جیا دەبینەوە، لە هەلانەی یەکەم کە هەر هەموومان دەتۆرێین تا دەگات بە دوا تۆرانی هەتاهەتایە لە ماڵی دووەم کە 'نیشتمان'ە، نیشتمانی باوک و پیاوە خوێنخۆرەکانی ناو خێڵە بەربەریەکان.

ئیدی زمانێک نامۆنێت لەگەڵ خودی ژیان و خۆشنوودی و میهر و خۆشەویستی و زیندەگی و بوونی خەمان و ئاواتیدیکە ئاشتمان بکاتەوە، زمانێک کە تەنها بەو ئاقارەدا دەمانبات کە بەردەوام بین و بمێنین و لە ورتە ورت و ورێنەکردندا بەردەوام بین، لە خەگوزراندن و خەلەوێاندن و خەسارقاڵکردن و خەسارکردنی جوانی، زمانێکە پێ بە پێستی ژیانێکی کولەمەرگی و رژاڵ بڕکردن و سیاسەتی 'مەمرێ و مژی'. لەبەرانبەریشدا ئیمپراتۆر و فیرعەون و بارەنگاکانی سەدەی بیست و یەک دەپرسن کە بۆچی قسەمان بیرچێتەوە و زمانمان چێتە کلیلەوە، یان کە دەدوێین بۆچی تەمانگەن و ئاوێان چ زمانێکە لەسەر زەمین کە ئەمە بە خەمان دامانتاشیوە و لە هەموو فەرهەنگاکانی دونیادا دەگۆڕێن بە مانا شاراوە و ئاڵۆزکانی.. کۆچی نایەزنەوە. هەر بۆیە پتر داخدار دەبن و بە زەر دەمانخڕێنەوە ناو کلاسکانی زمان فێربوونەوە تاوکو سەرلە نوێ و بە هەمیشە فێری زمانی ئاوان بین و تووتی ئاسا لاسایی ئاو نیوە بنیادەمانە بکەینەوە کە میراتگری سەر و ماڵی ئەمان، ئاوسا ئەمڕیان زمانێک نابێت بە خەمینی ڕەحمکی یەکگرتوو، بە پێکەوە بوون و ژیان، ئاوەی فەرمان دەکەن زمانێکە پێ لە غوربەت و تاوەللابوون و هەلاهەلا بوون و پەرتبوون.

گرفتی زمان لەوەدایە کە وەک هەبوویەک بەسەر یەکەوە دروستکراوی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی زەماندا کارگێیەکە مرۆڤ پەروەردە دەکات و سەرلە نوێ بە بوون و ژیان ئامادەی دەکاتەوە، لە دونیا تێران و غوربەت و نامۆبوونی کوشندە بە تەنها لە ناو شوێنەکان و سەردەمکاندا نییە، بەڵکو نامۆیی و غوربەتی یەکەم لە ناو زماندا دەڵسکێت کە هەر هەموان بە هەموومان نامۆ دەکات، ڕەک وەک هەنووکە و ئاڵەرەدا. نامانی زمانی دایک و پیسبوونی بە زمانی باوکە دەسەڵاتدار و ستەمکارەکان، بزرکردنی هەموو هەڵانێ و پەناگاکان و جوانییەکانێ، پچڕانی پێوەندی ئەمێیە لەگەڵ ئاواندیکە و ئامانی هەموو ئاو پردانەیە کە جیهانەکان بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە. سەرەتای زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا و کۆیلەکردنی بە تەنها زاڵبوون نییە بەسەر جەستە و زیندانی کردن و کۆڵەبچە لە دەست بەستن و زنجیر و سندم لە پێبەستن، بەڵکو زاڵبوونە بەسەر ئاو زمانەی قسانی پێدەکەین، یان لەسەندنەوەی زمانەکە و سەپاندنی زمانێکی دیکەی دەسەڵاتدار، زیندووترین نموونەش زاڵکردنی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکییە بەسەر ئەمەی داگیرکراودا، کە دوا جار بە داگیرکردنی عەقڵ و ڕۆح کۆتایی دێت.

سیاسەتخوازی کوردی لەمڕۆدا پەماندەت ئەمە هیچ زمانێکمان نییە بە گفتوگۆ و گردبوونەوە و چوونە ناو ژیان و ئاشتبوونەوە، «تی.ئس. ئیلیەت»ی شاعیر واتەنی، "ئەو زمانە چەندە لە خشخشی قاچی مشکەکان دەچێت کە بەسەر شوشەی شکاودا ڕەدەکەن" بەواتا داماڕاو و بەتاڵ لە مانا جوان و بەهادارەکان. مژووی خۆناوی ئەمو شەی براکان لە بڕانبەر یەکدیدا، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بەگەی نەبوونی زمانێکی هاوبەشە کە تا هەنووکە درێژەی کێشاوە، شەی نە ئەمارەتی کوردی و خیانەتی هەز و تیرە و خەکان لە یەکدی و سی/٣٠ ساڵ لە ئەزموونی حوکمەانی پێ لە قەیران و شکستی سیاسەتی ئەمە و گەیشتی بە بنبەست بە خەی مردنی ئەو زمانەیە.

ئەو جیهانەی لەو بیست ساەدا دروست بووە، جیهانی دەستبژێرکە لە سیاسەتبازانی قاچاغچی و نەوتفرۆش و قەنتەراتچی و فەرهوود ڕەفتار و ملیاردێری بە خەون کە لەسەر خوێن و فرمسک و ڕەنج و ئارەقەی ملیەنەها دەلەوەن، ئەو دەستەاتدارانەی کە لە ناو جیهانێکدا دەژین کە خەیان دایانمەزراندووە و ڕەنوما و بەسەی ئەخلاقی تەدا ونبووە، تاکە زمانی هاوبەش لە ناو ئەو پەیمانە ستراتیژییەی کە لە نێوان سەرانی حیزبەکاندا مۆر کراوە، پەیمان و ڕێکەوتنێک بووە لەسەر دابەشکردنی بازاەکانی کوردستان بەوپەی وەفا و شەرەفی بازرگانە لە خەم ڕەخسیوەکان کە یان سەر بە زەنی زەردن یان زەنی کەسک/سەوز. ئەمەیان دوو جیهانی جیاوازە، جیهانێک بە ڕەشە خەکەکە کە وان لە ژێرزەمینەکان و کەلاوەکاندا، جیهانێکی دیکەش کە تیایدا هەموو سەرزەمین هی ئەوانە و بە خەیانە و بە هەمیشە بە میرات دەیدەنەوە بە فرزەندەکانی خەیان، وەاتەکە یان جیهانێکە کە تاپەکەی و قەچانی ڕەشی وا لە گیرفانی چەند کەسانێکدا.

دامەزراندن و چوونە ناو پەیوەندی مرۆڤڕۆرانە وا دەخوازێت کە هەر هەمووان پێکەوە لە هەمان جیهاندا بژین، لە خەشی و ناخەشی و خەون و خولیا و خەزگەکاندا پشکی هاوبەشمان هەبێت، لە خۆق و خوو و خدە و مووی هاوبەشەوە تا دەگات بە گوتاری هاوبەش، ڕەح لەتەک ڕەحدا بدوێت و بوونەکان بە یەکدی خەیان گەرم بکەنەوە، گەر ئەمە بە نیازی ئەوە بین کە پێکەوە بژین، پێشمەرجی پێکەوەبوون و دەزینەوەی ئەو زمانە دزراوەی لەمان زەوت کراوە، دەرچوونە لە خەپەرستی و چەسی و نەوسنی هەتاهەتایە. گەر قووتر بڕوانین.. گومان لەوەش دەکەین کە هەمان هەوا هەمژین و هەمان شیری پاکی دایکانی خەمان خواردبێت!

ئاخۆ ئەوەی کە گوێبستی دەبین لە قسە و هات و هاوار و غەبەب غەب، وتووێژ و دەمەتەقێیەکی پڕ مانا و ڕاستەقینەیە یان بە تەنها دەنگە دەنگە و لە زار دەتە دەر و بە تەنها هەوا دەشوێنێت و هیچی دیکە؟ ئاخر ماناکانی ژیان بە تەنها لە پەیوەندی هەموو کەسەکان و لایەنەکان و بڕەکاندا دەسازێت و کە زمانێکی هاوبەش پێردی نێوانیانە، ئەوەی کە دەگوزڕێت یارمەتیمان نادات ئەو جیهانە بناسینەوە کە تیایدا دەژین، جیهانێک لە بری ئەوەی تیایدا ئەقڕە بگرین و هەگری بین و نیشتەجێ بین، پتر تیایدا سەرگەردان و وێڵ دەبین، وەها جیهانێکیش شیاوی ڕەتکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەیە، جیهانێک ڕووی لە وێرانە و خاپووربوونێکی ڕەحی و مەعنەویە، گەرچی تاوەرەکان و باڵەخانەکانی بڵند بە پەڕەش بوەستن، جیهانێکی وا وەک ئەوە وایە بڕ زەبری کارەساتێکی گەورەی سروشتی یان مرۆیی کوتبێت، کە وا بکات هەتا زووە هەر هەموو مەڵەکانی ئاسمان و ماسیێکانی ناو ڕووبار و زەریاکان و گیاندارانی سەر وشکانی و مەردمگەلی سەر زەمین بیر لە هەڵاتن و سەرهەڵگرتن و فڕین و بەجێهێشتنی بکەنەوە و ئاوە نەدەنەوە!

ئەو کڵێ و سەرهەڵگرتنەی نیو سەدەی ڕابردوو بەگژیە لەسەر نەبوونی ژیان لەڕە، بە تایبەتی لەو سی ساڵەی دواییدا کە داستانی گەورەترین کۆچەوەی تەمارکردووە، "ڕامبۆ-ی شاعیر واتانی: ژیان وا لە شوێنکی دیکە!"

گرفتەکە لەوەدا نیە کە گومان بکەین لە بوونی زمانێکی هاوبەش، زمانێکیش هەبووبێت، هیچ یاسا و ڕێسایەکی سینتاکسی (syntax) تێدا نەماوە، پەیوەندی لە ڕەزمانێک ناکات کە بە ئاوگۆ و گفتوگۆی دوو لایەن و دوو کەس و دوو تاقمدا تێپەڕیبێت، هیچ ڕیزکردنێک و ڕێک و پێکییەک لە ڕستەسازی و داشتنی زمانەکەدا نادەزینەوە، پەیوەندییەکانی وشەکانی ناو ڕستەکان لەمان ون دەبن، چونکە پەیوەندی ئینسانی و ڕەحی نەوانمان بزر و شاراوەیە، وەک کەی جیهانی خوداوەندەکانی سەر ئەم خاکە لە ئەمە شاراوەو بزرن، وەک شاردنەوەی ناوی پڕوژە و قەنتەرات و پلانەکان و ژمارەی پارە و پوولەکانتان و ڕووگە و ئاراستەی سەفەرەکانتان، تەقەت و داخراو وەک کەشک و تەلار و قاسەکان و بانقەکانتان، دەڵانی گەورە ئەوەیە بەسەر شان و کەڵی ئەو خەڵکەوە هاتنەوە ناو شارەکان، بەسەر ڕووباری خوێن و فرمێسک و ئارەقەی هەزارەها پێینەوە ناو باخچەکانی شار، کەچی هەنووکە وان لەودیو دیوار و شورا بڵندەکان، چەقیونەتە ناو کورسیە گرانبەهاکانتان و تازە زەحمەت بووە واز لەو حەرەمسرایە بێنن و کەمەکە لەو تەخت و تاراجە بێنە خوارە و گوە لەو هێشخێکە بگرن کە ناچارن هاوار بکەن بەکو خوداوەندەکانی

سەرزەمین ئاوەک لەو هاوارە و ناڵینە بدەنەوە، ئەوش بەباک لەو نواندن و نمایشە خۆناویەی سەر سەکەکان و سەر جادەکان و بەر بارگاکانتان، هەروەک ئەوەی شانۆگەریەکی تراژیدی «شکسپیر» بێت و چاوەڕوانی تەواوبوونی نمایشەکە بکەن و هیچی!

شەرزاد حەسەن

_____

* تایتلی ئەم وتارە لە شاعیری فەرەنسا-یی "ئارتر رامبۆ: ١٨٥٤-١٨٩١" وەرگیراوە کە دەڵێ شیعرەکە، کە دواتر رەماننووسی "چیکی" 'میلان کوندێرا:١٩٢٩-' کردی بە تایتڵی رەمانەکی خۆی هەر وەکو خۆی "ژیان وا لە شوشەکی دیکە" کە دیارە سەرسامیم بەم رەمانە وایکرد کە لە ئینگلیزیەوە وەریبگێڕم سەر زمانی خۆمان.

داعش و سوننەی عێراق وەک دوانەیەک.. هەڵز خەسرەو تەفیق

داعش کە بوو، چی بوو وە لەسەنگەری کێیەوە تەقەی دەکرد؟ تەبعەن پێشتر زەرقاوی سەرکردەی تیرۆریستان لەبەرگی قاعیدەداو کەنە بەعسییەکان لەبەرگی دیفاع وەتانیداو دواتریش داعش لەبەرگی دەوڵەتی ئیسلامییدا، هەموو ئەمانە بەجۆرێک لەجۆرەکان وەکو نزیک لەسوننە یاخود پشتیوانییانی سوننە هەژمارکراون. لانیکەم تەواوی ئەم گروپە تیرۆریستی و تووندئاژۆیانە لەسەنگەری "مەزهەبی سوننە"دا تەقەیان لەهاوپەیمانی نەودەوڵەتی و نەیارانی بەعس و سوننە دەکرد.

بەیە ئەتوانم بڵێم، هەموو ئەم گروپە تیرۆریستانەی لەدوای ٢٠٠٣وە بەناوو لەگەڵ هەنگی جیاوازەوە دروستبوون بەشێوەیەک لەشێوەکان سوننە بوون وە سوننەش ئەم گروپانە بووە. یەعنی بەدیوەکیتردا وەکچەن وتەیەک هەیە دەڵێت: هەموو موسوڵمانەک تیرۆریست نییە، بەڵام هەموو تیرۆریستەک موسوڵمانە. بەیە ئەگەر هەموو سوننەیەکیش لەگەڵ ئەم گروپە تیرۆریستانە نەبوون و نەبن ئەوا لانیکەم هەموو ئەو چەکدارە تیرۆریستانەی شەیان کردووەو دەیکەن لەپەناو

پاراستنی ناوەڕاستی عێراق و ناوچە سوننی نشینەکان، ئەوا سوننەی موسوڵمانن. تەبعەن بەگومان مەزهەبی شیعییش خاوەنی دیان گروپی تیرۆریستییە، بەڵام گروپە تووندئاژۆکانی سەر بە مەزهەبی شیعیی، ئەوان گشتیان لەچوارچێوەی هێزەکی میلیشیایی نیمچەقانونیدا کۆکراونەتەوە بەناوی حەشدی شەعبی و هەموویان ئیعازو فەرمان لە مەرجەعی باڵای شیعەکان وەردەگرن.

من لێرەدا مەبەستم زیاتر قسە لەسەر سوننەی تونڵوو تیرۆریستانی سەر بەم مەزهەبە بکەم. کە بەڕاستی لەسەر ئاستی نەوەدوەڵاتی گروپگەلێکی مەترسیدارن، وە هەزاران و ملیۆنان مرۆڤی بەتاوانی ئەم جیهانە بەجۆری جیاواز قوربانی دەستی ئەم گروپانەن. سەیرەکە ئەمڕۆ جیهان بەگشتی و غەرب بەتایبەتی پێیان وایە تەنها ئەوانە قوربانین کە ڕاستەوخۆ فیشەکی ئەم گروپانە بەر جەستەیان کەوتووە، لە کەم کەس بیری لای ئەوەیە کە خەڵکانێک هەن بەشێوەیەکی فیزیکی و هێڵی بەماددی و هێڵی بەمەعنەوی قوربانی دەستی گروپە تیرۆریستەکان و داعشن. بەنمونە من یەکێکم لەوکەسانەی ئاگەرچی موباشەر فیشەکی داعشم بەرنەکەوتووە، بەڵام ئەم باجە قورسەی من لەڕووی مەعنەویەوە داوم و لایەزال ئێیدەم زەر دژوارترە لەوەی ئاگەر فیزیکییەن ئازاردرابام، چونکە ئاگەر لەوساوە چەند فیشەکێکم بەرکەوتبایە ئێستا دەمێک بوو بریندەکانم ساڕێژ ببوون و هەر بیرم چوبویەوە، بەڵام من شەخسی خەم یەکێکم لەوکەسانەی بە"دیل" یەسیر کەوتمە دەستی داعش و دوای چەند کاژێرێک بەموعجیزە ڕزگارم بوو، دواتریش هەڵەشەی جددی لەسەر گیان و ژیانم بوو، وە من وەکو هەرزە ئامانجێکی دیاریکراوی داعش بووم، هەربۆیە ناچارکرام وەاتی خەم جبەخانەم و دەردەبەری ئەوروپا بەم، بەڵام بەداخەوە لەوەش بەم دەرکەوت مافی مرۆڤ دریەکی ماکیاجکراوی ئازەندراوەیە دەرهەق بە من، چونکە من وامزانی وەکو قوربانی و هەڵاتوویەکی دەستی داعش مافی "پارێزگاریم دەبێت" وە پێشوازییم لەدەکرێت وەکو قارەمانێکی جەنگێکی نەودەوڵەتی دژی داعش، بەڵام ئەمانە بە من هیچی وەڵاستنەگۆران و توشی شۆکێکی گەورەیان کردم. وە من ئەوەی هەمبوو لەژیانا لەدەستداوە ئەستاش تەواو بەئومێدم هەم لەوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان و عێراق تەعویزێکم بکەنەوە بمپارێزن، هەم لەوەی لەوڵاتانی ئەوروپا بپارێزرام، بەبێ هیچم بەدەستەوە نەماوە ئەوەندەبێت کە هەموو ئەوەی لە ٣٥ ساڵی تەمەنمدا ئەزمونم کردووە فەریبووم بەدونیای بیان بکەم، بەئەمەش هیچ ڕاگەیەکم شکنەبرد جگە لەنوسین. من پەموایە ژیانی من تراژیدیایەکی ئازاربەخشە بۆیە بۆنیازم لەچوارچێوەی ڕەمانکدا بەناوی

"نزیکبونەوە لەمەرگ" باوی بکەموە. چونکە لەحەقیقەتدا تارمایی مەرگی داعش باوەشی پێداکردم و سەبری فریشتەی ئەجەل لەتەنیشتمەوە تێپەڕی. وەڕ ژیانی تراژیدیاو دڕبەدەری و لەدەستدانی ژیانێکی ئارامم دوای ئەوە دەستی پێکرد کە لەچنگی داعش ڕزگارم بوو، چونکە نە وڵاتی خەم و نەوڵاتانی غەرب هیچ قەڕەبووێکی مادەی و مەعنەویان نەکردمەوە، بۆیە ئەبێت من ئەم چیرۆکە مەرگساتە بنەوەی دوای خەم بگێمەوەو بڕڵەوەی خنجڕی جەهل و تارمایی تیرەر لەئامەزم بگرن و بۆئەبەد بەدەنگم بکەن. ئەبێت قسبکەم و ئەو ڕاستییە تاڵانەی سەبارەت بە دووڕوویی جیهان پێیگەیشتم دەبێت بیدرکێنم. وەکو سەرەتایێکیش بۆنیازم لەچەند نوسینێکی سیاسییدا تەعبیر لەم بەچونانەم بکەم کەماوێکە کەللە سەرم دەکێن. ئیتر چونکە منیش نە کەناڵێکی تی ڤی نە ڕۆژنامەو نەڕادیەم نییە بۆیە لەهەر کەناڵێکی میدیاییدا باویان دەکەموە کە بتوانێت ئەم بیروڕا سیاسییانەم بەباوبکاتەوە.

ئەموێت بگێمەوە سەر ئەم خاڵەی کەپێشتر تەعریفی مەزهەبی سوننەو تیرەریستانم کرد، لەڕاستیدا من ناموێت بەم تەواوی سوننەی موسوڵمان توندئاژەن، بەڵام ئەتوانم بەشێوەیی بەم کەزەرینەی شوێنکەوتووانی مەزهەبی سوننە لەگەڵ گروپە تیرەریستەکان یەک موتوربەن بەقەدی دارکەوە بەناوی ئیسلام.
ڕاستییەکەی ئیسلام دوو ڕوخساری هەیە، ڕوخسارێ جوانەکەی ئەوەیە کە دایکو باوکانی ئەموومانان پێیەوی ئەکەن، کەجگە لەمیهرەبانی، مرۆڤدۆستی و گیانی بەیەکەوەژیان شتێکیترنییە. ئەم دیوە جوانەی ئیسلام بەردەوام نیشاندەرەت و خەڵکی پێئاراستە ئەکرەت.
وەلێ کەم کەس توانیوێتی خۆی لەقەڕەی باسکردن لەدیوەکەیتر بدات. لەبەردا ئەمە دەماناوەت ڕووی دووەمی ئەم مەژووە هەمماڵین، بەتایبەتی ئاراستەی سەلەفی ئەهلی جیهادی قیتاڵ و ئیسلامی داعشئاسا. ئەوانەی ئینکاریی ئەوە دەکەن داعش لەناو دەقەکانی ئیسلامدا جێیناببتەوە، بەشێکیان لەمەژووی فتوحات تێنەگەیشتوون، بەشێکیشیان هەوڵدەدەن ڕووە باطینیەکەی داپۆشن. ئەمەش ئەماناوەت ئەم دەمامکە لادەین و بەڕاستین ئەوەی داعش دەیکاتو کردی لەچوارچێوەی دەقەکانی شەریعەتدا جێگای دەبێتەوە. لەڕاستیدا داعش، قاعیدە و حیزبە ئیسلامییەکانی ناو حکومەت هەرێکەکن و گشتیان لەیەک مەنهەج فیکریان هەدەنجن، کەشەریعەتی ئیسلامە. حیزبە ئیسلامییەکانی عێراق و کوردستان بەژداری هەبژاردنی دیموکراسیانە دەکەن و لەناو پەڵەمانن و باسی ئازادی دەکەن. ئەوان هەتاکو ئەو کاتەی دەسەاتی ئیسلام ناوچەکە کەنتەڕۆڵدەکات ئەو ڕووخسارە میانەویە نیشاندەدەن،

ئەگینا گەر دەمامکیان لادەی جیاوازیان نییە لەگەڵ داعش و هەمان فیکرو تەوانینیان هەیە سەبارەت بە شەریعەت. بەڵام ئەوان جیهادی قیتالیان بە داعش جەهشتووەو خەشیان لەناو کەمەگادا وردەوردە کەمەگا بەئیسلامی دەکەن و دیانەوەت هەموو ژنان حیجاب ببن و مەیخانەکان دابخرێن و لەهەموو کەنارێکیشدا مزگەوتێک بونیاد بندرێت. حزبی ئیسلامی تیرەری فیکری دەکەن و داعشیش تیرەری فیزیکی دەکات. حزبی ئیسلامی عەقیدەی ئیسلام بە دیدە تەکفیرییەکەی دەرخواردی خوشک و براکانی ئەمەمانان دەدەن و داعشیش فیشەک و شمشێری ئاراستەی مل و دەمی پێشمەرگەو سەربازان دەکرد. ئەوان هەردوکیان ئەرکیان تیرەرە، جا یەکەکیان تیرەری فیکری و ئەویتریان تیرەری فیزیکی.

هەموو ئەوانەش چ ناوەکیان هەیە گرنگ نییە، چونکە هەمویان ئەو منالە تونددەوەن لەدامەنی شەریعەتی ئیسلامەوە لەدایکبوون. بەعس و داعش لەژێر پێشنایی سوننەتی ئینفال دژیان هەزار کوردیان بەزیندوویی خستە ژێر گڵەوەو ژنەکانیشیان کردن بەکەیلەو لەلایەن جەنگاوەرە جیهادیەکانەوە هەتککران. لەئابردوشدا ئیسلام بەزەبری شمشێر کوردستانی داگیرکردو جەنگاوەرەکانی عەرەب هەزاران ژنی کوردیان کردە کەیلەو هەزاران لەبابوباپیرانی ئەمەییان سەربڕی. لەقورئاندا ئایەتی (النساء) دەربارەت: ئەو ژنە ناموسومانانەی لەجەنگدا بە "غەنیمە" بەتاڵانی دەکەونە دەستتان بەتان حەڵاڵن و دەتوانن بەبێ هیچ ئیزامدی خەیان سێکسیان لەگەڵ بکەن! یانی ئەوەی داعش لەشەنگال دژی ئیزیدیەکان کردی هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ شەریعەت بوو. هەتائێستاش هەموو عولەمایانی ئیسلام نەیانتوانیوە بڵێن داعش ئیسلام نییە.

ئیسماعیل سوسەیی، کەئیمامێکی بەناوودەنگە پێش گرتنی وتی: پێشمەرگە لەبەرەی هێزئاوایە و سیستەمێکی عەلمانیی دەپارێزێت بۆیە شەهید نییەو ناچێتە بەهەشتەوە، بەڵام داعش بانگەوازی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات و جیهاد لەپێناوی خودادا دەکات بۆیە ئەوان شەهیدن و دەچن بۆ بەهەشت.
سەیرکە ئەمە ئەبەت زێر بەقوڵی تەئامەنین و ئەم بابەتە زێر بەجددی وەربگرین کاتێک فتوای هەبەرێکی ئیسلام کە سەدان هەزار شوێنکەوتووی هەیەو ئیعاز بەموسومانان ئەدات کە لەدونیای داعشدا شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ بکەن، یانی کاتێک سەدان ئیمامی ئاوا کاریگەر فتوای کوشتنی ئەمەومانان دەدەن، ئەوا بەڕاستی مەترسیەکی جددی لەسەر ژیانمانەو ئەگەری تیرەرمان لەهەر لەحزێکی بەئاگایەدایە.

ئەتوانم بڵێم هەموو بەیانییەک هەر یەکێک لە ئەم‌وماناندا کاتێک لەماڵ دەینێ دەرەوە تارمایی مەرگ لەسەری کەسانێکە چاوەڕێمانە و لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا زیاتر نزیک دەبینەوە لەنوکی ئەم خەنجەرەی بەدەستی هەر موسوڵمانێکی عەوامەوەیە.

هەرەز خەسرەو تەفیق

فلاشبـــــــاک..22.. لە دەفتەری بیرەوەریی رۆژنامەوە.. ستیڤان شمزینی

بەشی بیست و دوو

سێ رۆژە لە ماڵەوە دەرنەچووم، کاتێکانم بەم جۆرە دابەشکردووە: کاتژمێر شەش بە شەش و نیو لە خەو هەستان و نان خواردن. شەش و نیو بە دوانزە و نیو خوێندنەوە. دوانزە و نیو بە دوو پشوودان و خەشتن و خواردنی گۆز و میوە. دوو تاکو شەشی ئێوارە دووبارە خوێندنەوە. شەش بە هەشتی شەو پشوودان و نان خواردن. هەشت بە دەی شەو نووسینی تێبینی لەسەر ئەو کتێبانەی ئەیانخوێنمەوە. دە تاکو شەشی بەیانییەکی تر دیسانەوە خەوتن. لەماوەی ئەم سێ رۆژە تەنها لەسەر سوریالیزم و دادایزم خوێندمەتەوە، کە دوو ڕەبازی ئەدەبی و هونەریی سەروەختی جەنگی جیهانی یەکەم و دوو ساڵی یەکەمی دوای تەواوبوونی جەنگن. خاڵی لەکچوو زۆرە لە نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە گرنگترینیان فەرامۆشکردنی لەجیکە بەمەبەستی دروستکردنی واتای نوێ و تەرزێک لە هونەر و ئەدەب کە لەنەو فەوزا و پاشاگەردانیی کارکردندا مانا و ڕەهەندی تازە بەرجەستە بکا، لە نەو هەردوو ڕەوتەکەدا کەستی "تریستیان تزارا" لە ڕەوتی دادایزم و "سلڤادەر دالی" لە ڕەبازی سوریالیزم زیاتر سەرنجیان بۆلای خۆیاندا ڕاکێشام.
وەک هەمیشە لە پێنا دەنگی مۆسیقا ئاخوێنمەوە، هەفتەی پێشووش تۆسجیلێکی نوێی جۆری "جۆسەنیک"ی دەبە کاسێتم کەی لەگەڵ چەند کاسێتێکی مۆسیقای کلاسیک کە کەس بایەخی پێنادا. زەرجاریش کە گوێ

لە مەسیقا ئەگرم، رامدەکێشە بۆرەو جیهانی "نیتشە" ئەستا ئەو وتەزایی ئەو فیلەسووفە لە مەشکما ئەزرنگێتەوە "رەحمەتی گچکەکانم خەشناوەت، خەشم ناوەن لەبەرئەوەی هیچ شتێکی باشیان تێدا دەستناکەوێ، دەشە بڵێین هیچ شتێکی خراپیشیان تێدا بەدی ناکرێ". واتە تەدەگەم کەشێی ستراکتۆری نیتشە لەگەڵ ناخی مرۆڤ، ئەو ناخی "ولیەم رایش" بە درێژایی کتێبی "گوێبگرە ئەی پیاوی بچووک" سەرقاڵی دواندیەتی.

هەندە جار، کەسوکار ئەڵێن بخوێنەرەوە، دنیای خەت تێکمەدە بە خەونی هەرزەکارانەی شەشی کەمەڵایەتی!، زەرجار منیش ئەڵێم ئەو هەموو کتێب و تیەریە تەنیا بە چەژی خوێندنەوە نەنوسراون، بەڵکو بە گەڵینی جیهان نوسراون، ئەشە رەژە ئینسان بە کتێب بژی، بەڵام مومکین نیە بە ئازادیی بژی، من ئەو ژیانەی لە ناو چوارچێوەکاندا بەند کراوە بە دیوێکی تری مردن تەدەگەم. ئەڵێن تە دانیشە، خەڵکی تر با بیکات.! بەدەست خەم نیە لەم کاتانەدا دەڵێک لە گەرانی "فریشتە"ی "کاروان عوسمان"م دەتەوێ یاد کە ئەڵێت "من نەبم، تە نەبی، کە گورگەکان راو بکات؟.". ئەگەرچی شەش بە ژیان ئەکەین، بەڵام چەنوکی تیژی گورگەکان ژیانمان ئەبڕێ، من لە پەناوی ژیاندا پەم خەشە، ئەشکەنجە ببینم، نەک جەستەیەکی بە زام تەسلیم بە مردن بکەم.

دەڵێک لە شانەیەکی "ژان ژینە" ئەم لەحزەیە دەتە مەشکەوە، ئەگەر هەڵە نەبم، بەمجۆرەیە "رەنگە لە رەژەکی پە جوانیدا، دامێنی چاکەتەکەم بە فرمێسک بازنەتەوە، بگوومان تەنیا بە ئەسرینەکی زەر گرانبەها". ئەستا من لە نامەیەکدا بە یار ئەنووسم "لەم خەشبە، ئەگەر سەرم دانا، لەم ببوورە ئەگەر لە ژوانەک دواکەوتم و چووم پەشۆی خەپیشاندان یان خرەشانەک و لەوەدا کوژرام. بمبورە ئەگەر رەژە پەیمانی گوڵەکی سوورم پەدای، بەڵام دیار نەبم و بە سبەینە تە گوڵەکی رەش بخەیتە سەر تابووتەکەم". مەبەستم ئازاردانی نیە، بەڵام ئەمە خراپترین لەوانەیە، ئەمەوە رایبهێنم کە هەڵکردن لەگەڵ کەسێک کە خەونی گەڵینی جیهان مەشکی داگیر کردووە، هەروا ئاسان نیە، رەگەکەمان سەختە و بەواش ئەکەم قوربانی زیاتری بە بدەین. بیری "بەکر عەلی" ئەکەم، ئەستاش وتارەکەی ئەخوێنمەوە کە لە کتێبی "نمایشکی چینایەتی مەزن" ئەرشیف کراوە. ئەو وتارە و چالاکیە سیاسیەکانی کردیانە خەراکی گورگەکان. ئیدی بەچی ئەم ئەگەرە بە خەشمان لەبەر چاو نەگرین؟.

ستیڤان شەمزینی

15-11-1999

تێبینی: ئەم بەشە لە لاپەڕە 76-79 کتێبی "فلاشباک"چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکەش لە سەرەتای ساڵی 2017 چاپ بووە

(نەی)یم بدە.. جوبران خەلیل جوبران.. و : نەژاد عزیز سورمێ

(نەی)یم بدە و بستره
ستران نەهێنی نەمرییه
دوای لەناوچوونی وجوودیش
ناهەی نەی هەر
دەمێنێتەوە .

داخۆ تۆ وەکو من
دارستانت
لەباتی کەشك و تەلاران
کردووە بە ماڵ ؟
وەك من بە کەژان
هەگەڵاوی ؟
زریبار و زریبار ڕۆیوی؟
خەت بە گوناوە شووشتوە
بە(نوور)ێ خەت
وشك
کردبێتەوە ؟
سپێدەت وەك مەی
لە پیاڵەی حەوادا خواردووەتەوە ؟

(نەی)یم بدە و بستره
ستران خەرترین نوژە
دوای نەمانی ژیانیش
ناهەی نەی هەر دەمێنێ .

تێیش وەکو من ئێواران
لە ناو چیلەمۆان دانیشتووی ؟
تلمیسکی هێشووان
وێنەی چلچرای زێرین
شێ بووبنەوە ؟ێ
شەوان گیات ێاخستووە
ئاسمانت بەخێتا دا بێ ؟
سوپاسگوزار بەوەی دێ
لەبیرکراو لەوەی ێێیی ؟

(نەی)یم بدێ و بستەرە
ستران دێان دێنێتەوە
نایەی نەی
دوای نەمانی گوناهانیش هەر دەمێنێ ..

(نەی)یم بدێ و بستەرە
دەرد و دەرمان لەبیر بکە
ئاخر خەڵکی چەند دڕێکن
بەڵام بە ئاو نووسراونەوە .
ێ

لە ماڵپەڕی :
https://fairouziyat.com/lyrics/%D9%82%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%AF/%D8%A3%D8%B9%D8%B7%D9%86%D9%8A%20%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A7%D9%8A.html

---

نێبوونی روئییەڕی سیاسیی، لێ بێ گوتاریییەوێ، هاتووێ!-2- هادیی حەمێێشید – کامیار سابیر

بەشی دووەم:-

نەبوونی روئیەی سیاسیی، لە بە گوتاریەوە، هاتووە!

لە دروستبوونی عیراقەوە، بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە فۆرمی جۆراوجۆردا، بە چیرۆکی غوبن و پیشخواردنەوە بە دیار رووداوە سیاسییەکانەوە، خەی ئەنتەوە، شیعر ئەنووسێ، حەماسی دەنگ هەڵبڕین و قیەقیە، تەخشان ئەکات، قەچەقانیی و تفەنگ بە دەوەتی عیراقەوە ئەنێ، ستافی مەدەنیی و عەسکەریی ئەکوژێ، بەڵام هەمیشە ئاغاکان، شێخەکان و بنەماڵە دەستەیشتووەکان، ئەم بزوتنەوەیان کەنترۆڵ کردووە و بەشی زۆری نوخبە خوەندەوار و مونەوەرەکانی کوردیش، دوایان کەوتوون، یان بوونە بە مەعدەنی چیرۆکە بەتاڵەکانی ئەم بزوتنەوەیە. ئەم چیرۆکانە، هەموویان یەک ناوەڕۆکی نەژادیی، یەک پارادایمی نەتەوەیی و یەک خاصیەتی طائیفییان هەبووە (بە تایبەتیی لەسەروبەندی ریفراندۆمەکەی ۲۰۱۷ دا) کە حەنیین و وەلائی موطەڵەقی بە دەوەتی تورکیای نوێ(لە کەمالیزمەوە بە حکومەتە ئیسلامییە پانتورکییە ئەردۆغانییەکە) هەبووە و هەیە.

چیرۆکەکی بەتام و ناعەقڵانیی، نا ئەکادیمیی و نا زانستیی، لە لایەن نوخبەکانی کوردەوە، بە تایبەتییش ئەوانەی خەیان بە نەیار و رەخنەگری مالی بارزانیی ئەزانن، زەر ئەوە دووبارە ئەکەنەوە کە عیراق، وەرانە، داڕزیوە، گەندەڵیی و دزیی و طائیفییەت، تەڵایی لە بەیوە، عیراق ناسنامەی نییە، شەرمە خەت بە عیراقیی بزانیت! گەلی عیراق، بە ئەندێشە و ریتەریکە ئەکادیمییەکانی ئەوان، نەتەوە نییە، دەوەتی نەتەوەیی بونیاد نەنراوە، شوناسی نییە و ناشبە بە نەتەوە!، سەیرەکە لەوەدایە تەواوی ئەم ئارگیومێنتە حەماسیی و نەژادییانەی ئەوان، لە قسەمی نوخبەکانی کوردستان و هەندەرانەوە دێنە دەرەوە و زەربەیشیان خەیان بە سەربەخۆ و بەڵایەن ئەزانن، تەناەت پارادۆکسیی ئەمانە گەیشتووە بە شوێنک، زەرکەس لەوانەی بە گرووپی (ئەنتی عیراق) خەیان ئەناسنن، بە عیشقەوە، بە شوێن ئەوەوە بوون، خەیان بە پارلمنتاریی لە بەغداد هەبژێن، هەندەکیشیان بوون بە پارلمانتار، بەڵام لەم خەیاەتە شیعرییانەی خەیان نەکەوتوون و ئیمیتازاتەکانی پارلمانتاریی عیراقیش، بە پەاوی کورداەتییەوە، نەش ئەکەن.

ناوەڕۆکی بەچوونەکانی ئەم جۆرە نوخبە و سیاسییانە، لە مەدیا سەبەر و پەیجە ناسمییەکانی پارتییەوە، پەشوخت لە بازاڕ ئەنرە و کاری ئەم ئەکادیمیست و نووسەرانە، ئەوەیە کە ئیرایزی ئامانجە سیاسییەکانی مەدیای سەبەری پارتیی بکەن. کار گەیشتووە بە شوێنک

ئەدەبییاتی ئەم چەند ساڵەی مەدیا سەبەرەکانی پارتیی، لەگەڵ دەیان و صەدان نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیی کورددا کە خەیان بە نەیاری سیاسەتەکانی پارتییش ئەزانن، تەکەڵە ئەبن و مرۆڤ زەرجار لەی تەک ئەچێ هیی کام لایانە؟ هەکارەکەیشی ئەوەیە ناسیۆنالیزمی نەژادیی- کوردایەتیی و عوقدەی طائیفییەتی ناسیۆنالیزمە سوننییە کوردایەتییەکە، ئەوەندە لە سیاسەت و ئەجێندا موخابەراتییەکانی پارتییەوە، نزیکی کردوونەتەوە، تەواو لە نەهج و ئەهدافەکانیاندا، ئاوەزان بوونە.

بە فیکریی و بە مەعریفەیی و نەبوونی جورئەت لای نوخبەی سیاسیی و "ڕۆشنبییر"ی کورد، وایکرد، زەرینەی ڕەهایان، ڕەگەڵ ریفراندەم موخابەراتییەکەی بارزانیی و ئەردۆغان و داعش بکەون. ئەو ریفراندەمەی کە بوو بەهەی ئەوەی هەر خەیان نەخشە بە وەرانکردنی کەرکوک دابنەن و دواتریش بە تەخدیری تەخویین، ١٦ی ئەکتەبەر بە خیانەت ناوزەد بکەن. لە کاتەکدا، خیانەت ئەگەر کرابەت، خیانەتی ریفراندەم بوو بە ئەجێندای ئیقلیمیی، چونکە لە دوور و نزیکەوە، پەوەندیی بە قەزیەیەی سیاسیی کوردەوە نەبوو، بەڵکو سەرمایەگوزاریی و بیزنسی ئیقلیمیی و لەکاییی- بنەماڵەیی و ئیمارەتی شەخنشیینیی بوو.

سەرەنجام، شکستی ڕەهای ریفراندەم و زەلیلبوونی گوتاری فشەبازیی ناسیۆنالیزمی کوردیی(کوردایەتیی)، ئەبووایە ببەت بە سەرەتای وەرچەرخانێکی سیاسیی گەورە لە ڕەهەندە سیاسیی، فیکریی، مەژووییی و مەعریفییەکەی ئەم کوردایەتییە پڕکەسییەی کە چاوی لەوە بوو، کوردستانی عەراق(یان لای کەم بەشێکی) پاش صەد ساڵ لە دروستبوونی عەراق، لە کەنتەکستی میثاقی میلیی تورکییدا بگەنەتەوە، بە خاکی ئەژداد کە خاکی عوثمانییەکانە! ئەبووایە نوخبە سیاسیی و ڕۆشنبییریی و کەمەڵەیتییەکانی کورد، بییریان لە ئیعادە نەظەرێکی ستراتیژیی گەورە بکردایەتەوە و بییریان لە سەرپەخستن و فەرمەڵەکردنی گوتارێکی سیاسیی عەقڵانیی و واقیعیی و نیشتمانیی بکردایەتەوە و جگەیان بە تەواویی بەم گوتارە نەتەوەیی و نەژادیی و طائیفییەی کوردایەتیی، لەق بکردایە، بەڵام بە داخەوە، ئەستایشی لەگەڵدا بەت، بەشێکی زەریان، دوای چەرکە بەتاڵەکانی بارزانیی و حیزبەکەی ئەکەون و بە هەزار و یەک شێوە، قاچ لەو ئاوە ئەخشێننەوە کە بارزانیی و کۆ و کۆمەزاکانی، بە بیزنسی دەیان میلیاریی و هەژموونی بنەماڵەیی خەیان، رشتیان.

لە کاتەکدا لە ناو جەماوەری بەرینیی خەڵکی کوردستاندا بە گشتیی و

لە ناو توژی لاوان و گەنجاندا بە تایبەتیی، گوتاریکی عەقڵانیی، واقیعیی و نیشتمانیی، لە ناخ و عەقڵیاندا هەیە و پێیانوایە کە بە فیعلیی ئەو سیاسییەکان و نەتەوەییەکانی کورد و حیزبەکانی کوردستانن گەچەپە بە دەوڵەتی عێراق ئەکەن، بە ئەوەی بیزنسی چەتەگەرییە ئابووریەکان(سەربەخێی ئابووریی) و فرەشتنی پتر لە نیو میلیۆن بەرمیلی نەوتی ڕۆژانە و دەیان قاچاغیی میلیارد دۆلاریی تر، درۆژە پە بدەن. گوتارێک کە پێیوایە بە لەقکردنی ئەم چیرۆکانەی ناسیۆنالیزمی نەوتی بارزانییەکان، تاڵەبانییەکان،کوڵانی نەوشیروان،یەکگرتووی ئیسلامیی و چەپە نەژادییەکان ، بیزنس و سەرمایەگوزاریی پەوە ئەکەن، ئەبە نیشتمانییانە و عەراقییانە بییر بکەینەوە و گوتاری مواطینە(هاونیشتمانیی)، جێگەی گوتاری پە لە عونصوریەت و ئینفیصاڵییەت و شیعر-شیعرەنەی کوردایەتیی بگرێتەوە.

ئەم گوتارە، چەند پەویستی بە نوخبەی ڕشنبییر، نوخبەی سیاسیی و حیزبیی سیاسیی(بە مانا ئایدیۆلۆژییە ستالینیی و ئیسلامییە-ئیخوانییەکە نا) هەیە، دەیانجار زیاتر پەویستی بە چەند سیاسییەکی بەرچاو ڕشن، خاوەن ڕوئییەی سیاسیی بەرین، عەقڵانییەت، جەرائەتی سیاسیی و لە سەروو هەمووشیانەوە، پەویستی بە کەسانێکە کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خەیان و خزمەکانیان بەلاوە گرنگ نەبێت و خەریکی بیزنس نەبن و بە کردەوە، قوربانیی بدەن بە ئەوەی ئەم گوتارە نیشتمانییە لە نیشتمانی کوردستانی عەراقەوە، بلکەنرێتەوە بە بەشکانی تری نیشتمانی عەراقەوە. لەڕەوە ئەگەر شتێک هەبە ناوی قەضییەی سیاسیی کورد بێت، ئەبێت لە عومقێکی ستراتیژییەوە سەیر بکرێ کە عومقی عەراقە.

کوردستانی عەراق، گوتارێکی سیاسی پەویستە کە لە ڕوئییەی سیاسیی، مەغزای سیاسیی، زمانیی، فیکریی و مەعریفییەوە، تێنانێت لە مانای مەژوویشەوە، بە تەواویی لەگەڵ گوتاری قرپکی کوردایەتیی و مەژووە چەتەگەریی و پڕکسییەکەی، جیاواز بێت و (تابلۆیەکی تەواو ئینتیگرێیت لە مانا جیاوازەکان لە باری سیسیاسیی، زمانیی و کولتووریەوە، لە خە بگرێت)* بە ڕەهەندی نوێ و دڕکی واقیعی سیاسییەوە، لە مانای دروستبوونی مەژووی عەراق و لە مەغزای جوهەری بزوتنەوەی تەمەودی کوردیی تێبگات و تێجاوزیان بکات و کەندوکسپەکانی، پە بکاتەوە.

- **هادیی حەمەڕەشید**
- **کامیار سابیر**

ئەم زنجیرە باسە، دەژێی هەیە…

VAN DIJK, T. 1996. Discourse, Power and Access. In C.R. ▪
Caldas-Coulthard, and M. Coulthard (eds.) Texts and
Practices: Readings in Critical Discourse Analysis,
.London: Routledge, pp. 84-106

ئایندەی فەلسەفە.. ئەریک ڤایل-وود: هاوڕێ خالید

دەقی چوار لە کتێبی "لۆجیکی فەلسەفە"

فەلسەفە نە وەحی و نە پێغەمبەرایەتییە تا مژدەی ڕزگاری "ئەها" مان پێبدات، بگرە بە پێچەوانەوە، هەموو بەهاکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە [1] تەکەای ئەو بەهایانەی کە لایەن مرۆڤەوە خۆشویستن، تەنها لەبەر ئەوەیە لای باب و باپیرانمان بەهادار بوون. یان لەبەر ئەوەی زۆر بەتوندی بە خەمانی کردووین. فەلسەفە بیری کەنکریتیی سیستەمی نەریتیی موحافیزکارانە دەپشکنێت.. بیرکەرەوە ئامۆز و سنور بەزێنەکان، و ئەوانەی کە (یاخی) بوون لە پێناو یاسا سەردەمییەکان و، هەموو جۆرە دەنیاییەکی مەعریفی و ئەخلاقی و ئیستاتیکی و کۆمەڵایەتی و هتد… لە دادگای "فەلسەفە" یەکلایی دەکرێنەوە… دەکرێت بوترێت فەلسەفە ناکۆکییە لەگەڵ ساویلکەیی،[2] هەروەک ئادیکاڵترین شێوازی گومانکردنی هەیە… باوەڕی بە هیچ شتێک نیە و متمانە بە هیچ شتێک ناکات، وە دان بەوە دادەنێت کە ئەو هیچ نازانێت. یەک شت هەیە کە بە تەواوی لای دەنیایە، ئەویش "ویستی تایبەتی" خۆیەتی بە تێگەیشتن" و بونیاتنانی گوتاری مرۆڤ و یەکخستن لە یەک گوتاردا، هەموو تایبەتمەندی و جیاوازییەک، بە ئەنجامی خای وەک توخمێک لەناو گشتدا، دەبینێت. کە (گشت)ەکە بەبێ ئەو (تاک)ە ناگەڕێ بوونی نابێ. هەرچەندە هەڵەمەکی و توندوتیژیش بێت لە تێکردنەوەی تێگەیشتن…ئەو هەر دەمێنێتەوە. لە دژایەتیکردنیدا، ئەو دەمێنێتەوە وەکو تاکە ناگەڕێک لە ناو گشتەکەدا. بەم شێوەیە فەلسەفە پرسیارە چەپێنراوەکان بە ئاگا دێنێتەوە،[3] و دیمەنی ئەو کێشە سەخت و ئازارانەمان نیشان بدات،

کە کەمێک خەڵکانێک لە پەناوی "فەلسەفە"دا چەشتوویانە.

لە پەناو ڕزگرتن و دەستگرتن بە فەلسەفە، لەماوەی رابردوودا کۆشەی زۆر بۆ ئەو کەسانە دروست بوون، ئەمانە بوونەتە هۆی شکاندنی سەختییەکانی ئەستا، وەک نیگەرانییەکی نادیار ئەو ئاسان هەستی پێ دەکرێت، تەنها بە بەرزبوونەوە بۆ ئاستی بینینی عەقڵی تەدگەین کە ئەمە تونەد لەو ڕووبەووبوونەوانە گرێدراوین. فەلسەفە لەو ماوانەدا دەژیت کە سەردەمی بەدبەختی ڕۆها نین، وە هەروەها سەردەمی پشوودانی فکری و دەنیایی کەمایەتی و سیاسی و ئەخلاقیش نین.[4] بەم واتایە، گریمانەی ئەو هەیە، کە فەلسەفە داهاتوویەکی سەرسوهێنەر چاوەڕێی دەکات. [5].
فەیلەسوفی ئاستەقینە نەک هەر قەناعەتی بەوە هەیە کە لەدنیا تەدگات، بەڵکو دەیهەوێت ئەم جیهانە بگۆڕێ. وەکاتێک لە بنەڕەتدا گرنگی مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤ دوا ئامانجی فەلسەفە بێت، ئیتر بینینی فەیلەسوف دەبێت چۆن بێت؟
و چاک بکاتەوە، بەڵکو زیندووبوونەوەیەکی وە ئیتر چۆن ئینناڕ و فەلسەفە بە ئامانجی بوونی ئەمە و چارەنووسی ئەمە دەدەن؟
نكولاي بردیائف، العزلة والمجتمع، ترجمة فؤاد كامل، الهيئة المصرية للكتاب، صفحة 23.
فەیلەسوف ئەو کەسەیە، ئەگەر بە ڕووی هەموو دنیا بە هەڵواسن. ئەو هەرگیز واز ناهێنێت ئەو تەوگلاوە و پێگەیەکی هەیە لەناویدا ئەو ئەکتەری جیهانە و تێیدا ئامادەیە… بە فەیلەسوف، دنیا تەنیا کاتژمێرێک نییە کە لەبەردەم دوو چاودا نمایش دەکرێت، جیهان شانۆیەکی کرداری و بابەتی چالاکی و کارکەیە، لەم نوێندەدا فەیلەسوف تەنیا بینەر نییە، بەڵکو ئەکتەریشە کە ڕۆی خۆی تیادا دەبینێت.
جوزيف فيالاتو، المقصد الفلسفي، المنشورات الجامعية الفرنسية باريس 1982صفحة 128.

چەمک و پەناسەکان
ئاریک قایە: (1904-1972) فەیلەسوفێکی بە ڕەگەز ئەڵمانی و بە ڕەگەزنامە فەڕەنسییە. هەر لە فەڕەنسا فەلسەفەی خوێندووە، یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی "لۆجیکی فەلسەفە" یە.
بۆها: خەسڵەتێکە کە بە شتێک یان بابەتێک بە دەستهاتووە: لە چوارچێوەی کارلێککردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەم شتە یان بابەتدا. یان بە ئاماژەکردن بە پرسیارێی هەستەنگاندنێک کە لایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت و بە حوکمێک کۆتایی دێت.

بە واتایەکیتر، پەیوەر یان ستاندارێکە، کە ئەمە حوکم و پەواندنی پێدەکەین، بەپێی ئەو بنەمایەی کە چی خوازراوە و چی داوا کراوە.
متمانە: بانگەشەیە بە بوونی حەقیقەتی هەیە. لە هەگەی پەروەردەوە، ئاستەنگەکان بە ئەوانیتر دەگوازێتەوە. لە شوێنێک وەکو دواهەمین هاوددی تەواوەتی، کە هیچ بیرکەر و هەتەچوونێک بە خۆیەوە ناگرێت.
بینای دەق:

- فەلسەفە بوارێکە لە هەخنە و پرسیار (هەخنەگرتن لە بەهاکان – هەخنەی کەلەپوور – هەخنەگرتن لە بیری دەگماتیکی باوەپێکراو – هەخنەگرتن لە دنیایی...)
- فەلسەفە پێچەوانەی زەلیلی و خۆبەدەستەوەدانێکی تەواوە بە گوتاری مرۆڤ.
- فەلسەفە پرسیاری قورس و چەپێنراو دەوروژێنێ. و هەوو بەهووی ئەو کێشە سەختانە دەبەتەوە کە پێن لە ئێستا و جیهان.
- ئایندەی فەلسەفە تا ئەو کاتە گەشاوەیە کە بەرامبەر ئەو هەموو دیاردانەی پێشوو، واتا دروستدێکات و تەحەدا قبوو دێکات.

تێز:
ئیریک ڤایل، بەرگری لە بەها و هەڵەی فەلسەفە دێکات، پێداگری لەسەر ئەوە دێکات کە لە داهاتوودا هیچ ترسێک نییە مەگەر بە بنەما هەخنەییەکانی خۆی و هەتکردنەوەی ئەو بەها و بەها زاڵانەی کە هەخنە و لێپرسینەوەیان لێناکرێت، هەروەها پیادەکردنی فەلسەفە بە عەقڵ و گەیان بەدوای مانا و هەتکردنەوەی تۆندوتیژی و متمانەی دەگمایی

کێشەی دەق
چ جۆرە ئایندەیەک بە فەلسەفە؟ وە ئایا ئەو دەتوانێت درێژە بە ئەرکەکەی بدات؟ یان ئەو لاوازە بە پاشکشەکردن؟

ئارگیومێنتەکانی دەق
ئارگیومێنتی هەخنە و دانەوەی: هەخنە لە ساویلکەیی و دنیابوون لە کردەوەکانی مرۆڤ...
ئارگیومێنتەکی نموونەیی: بە نیشاندانی هەڵەی نموونەیی فەلسەفە و بنچینەکانی: وەک تاقیکردنەوە، هەخنە، بەدیهێنانی عەقڵ و ویست بە تێگەیشتن:
شێوازی هووکردنەوە و هاڤکردن: پێناسەکردنی فەلسەفە بە نەرێنی: فەلسەفە بەرکەوتنی نهێنیی نییە...

لینکەکانی چاو پێکەوتن: بەڵام – بە ڕاستی…
لینکی هەکار و لۆجیک: چونکە…
ئەنجامی بەستەرەکان: بەم شێوەیە بەم مانایە
شێوازی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە: پێناسەی نێگەتیڤی فەلسەفە:
فەلسەفە ئاشکراکردنی نهێنی نییە…
لینکەکانی چاوپێکەوتن: بەڵام – بە وردیتر…
پێوەندییە هەکاری و لۆجیکییەکان: چونکە…
بەستەرە ئەنجامەکان: کەواتە بەم مانایە…

دەرئەنجام

ئیریک ڤایە بەرگری لە پێیامی فەلسەفە و بەهاکەی دەکات، وەک شێوازێک بۆ تێگەیشتن بۆ ئەوانەی کە بەڕاستی خوازیارین: چونکە زەرەرێکی ژیانی وەهمە خەشکانیان هەبێزاردووە، نەک ڕووبەڕووی ڕاستییە تاڵەکان ببنەوە. بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت لە ژیانی خۆیان تێبگەن بۆ وتەی ئیریک ڤایە یەکەم چەکی فەلسەفە ڕەخنەیە: ڕەخنەی متمانە و دۆگما و بیرکەی ئامادە و میراتی بێ شیکردنەوە یان عەقڵانی، چ لایەن هەزاران کەسی پێشووەوە یان شڕۆشگێڕ مەدەرنەکان کە بیرکەی تەواوق و دنیایی پیرز دادەنرێن. شڕ لێگە ئەو کەسانە دەکەن کە لێگە هەموو جۆرە تونددوتیژی و ڕیسواکردنێک ڕازی نین.
بەیە ئیریک ڤایە پێی وایە مەرجی چوونە ناو دنیای فەلسەفە ئەوەیە کە واز لە هەموو شێوەکانی دەمارگیری فکری و مەزهەبی بهێنین… و حەزی ڕاستەقینە بۆ تێگەیشتن هەبێت. ڤایە دەڵێت ، " مرۆڤ دەتوانێت فەلسەفە وەک ڕێنیشاندەرێک بەکاربهێنێت، ئەگەر ئامانجەکەی ئەوە بێت کە مانای کردارەکانی بزانێت، بە واتایەکی تر ئەگەر بیەوێت عەقڵانی بێت.

و: هاوڕێ خالید

سەرچاوەکان:

[1] القيم: جمع قيمة، هي ما يتيح لنا تثمين شيء من أشياء و الحكم عليه، وهي التي توجه سلوكنا و من بينها قيم أخلاقية و قيم جمالية و قيم اجتماعية…

[2] الإضاءة واحد

[3] المكبوتة: المقموعة التي لا يسمح لها بالظهور. و الأسئلة المكبوتة هي التي لا تطرح بشكل علني وواضح.

[4] الإضاءة اثنان

[5] إريك فايل، مستقبل الفلسفة ، ضمن ـ دفاتر إريك فايل ـ المنشورات الجامعية لمدينة ليل 1987صفحات 18-21

کرێکارانی ئیتالیا و ناڕازایەتیەکی چینایەتی مەزن.. نوری بەشیر

ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ناڕازایەتیەکی بەردەوامدا لە مەڕووی بیست ساڵی رابردوی ئیتالیادا، لەسەر بانگەوازی سەرتاسەری پێشتری یەکێتیە کرێکاریەکان، نزیکەی دووسەد هەزار کەس لەسەرتاسەری وڵاتەوە بەرەو ڕەمای پایتەخت ڕۆشتن و خۆپیشاندانی ناڕازایەتیان دژ بە هەڵە فاشیستەکانی ئیتالیا بەڕێخست.
ئەم خۆپیشاندانەو تووڕەیی کرێکارانی ئیتالیا بەدوای ئەوەدا دێت کە ڕۆژی ٩ی ئۆکتۆبەر هەڵە فاشیستەکانی ئیتالیا هەرشیان کردە سەر نوسینگەی یەکێک لە گەورەترین یەکێتیە کرێکاریەکان بەناوی کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی ئیتالیا "CGIL".
ئەم هەرشەی فاشیستەکانی ئیتالیا بۆئاشکراو لە سەسیال میدیای خۆیانەوەو بۆئاگاداری دەوڵەتی سەرمایەدارانی ئیتالیا ئەنجامدراوەو پۆلیس هیچ هەوڵەست و کاردانەوەیەکی نەبوو.
ئەمە یەکەم هەرشی ڕاستەوەخۆ فاشیستەکانی ئیتالیا نەبوو، بەڵکو پێشتریش هەرشی جەراوجۆریان کردووە بەسەر کرێکاران، پەنابەران و کۆچبەران و خەڵکانی جیاوازی وڵاتان کە لە ئیتالیا دەژین.
بەپێچەوانەی هەرشکانی پێشوو، ئەم هەرشەی ئەمجارەیان وەڵامی دەمودەستی کرێکارانی وەرگرت و لەسەر بانگەوازی یەکێتیە کرێکاریەکان کە بانگەوازی سەرتاسەریان کرد بە ناڕازایەتی بە فاشیەت کە وەڵامی شیاو بە فاشیزم هەر لای چینی کرێکار.
ئێستا روشەنبیری ووتارەکی سیاسی ومیکانیزمی ڕێکخستنی تایبەت بەخەیان هەیە، لەناو گروپی ئەلکترونی هەمەجور، بێ نیزیکردنەوەی بوچوونەکان ودەستنیشانکردنی داواکاریەکانی جەماوەر وخەبات ونەرازیبوون، وبوونەتە بزاڤی سیاسی وکۆمەڵایەتی هەمەجور بە سەرکردایەتی گەنجان. سەرەتا ئەوە لە (بەهاری عەرەبی) دیاربوو کە من ناومنان (شورشەکانی چەپی ئەلکترونی نارێکخستوو) لە وتارەك باوم کردەوە لە 2011، لەبەر بەکارهێنانی تەکنلوجیای نوێ وشێوازی نوێی کێکردنەوەی جەماوەر بەپێی پێشکەوتنی زانستی وتەکنلوجی، وئارستەکردنی داواکاری چەپخوازی ڕوون، وسەرکوتووتر بوون لە حیزبە کلاسیکیەکان ولەوانەش چەپخوازەکان.

خەڵشاندان ونەرازیبوون وچالاکی جیاواز….هتد. لەسەر زەمین بنەمای هەر گۆڕانکاریەکی سەرەکین، بەڵام ئەنترنێت وتۆری کۆمەڵایەتی ئێستا گرنگیەکا گەورەیان هەیە، ورولەکی سەرەکییان هەیە لە پێکهێنانی وشیاری وکێکردنەوەی جەماوەر ورێکخستن ونەرازیبوون، وپشتگیری چالاکی مەیدانی جەماوەر، وتوانای گەورەی هەیە بێ خەبات وجولانەوە سەرەڕای شۆن وکات وبەکەمترین تێچوو.

ئەنترنێت وشورشی زانیاری وپەیوەندیکردن وتۆری کۆمەڵایەتی بوونە هوی پەیاکردنی جیهانەکی دیموکراتی زەلال وکراوە وزۆر گەورە، وبوونە بزوێنەری سەرەکی نەرازیبوونەکان، وکاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر گەشەکردنی هزری کارگێری ورێکخراوەیی وشێوازی سەرکردایەتی، بەرەڤ زەلالی زیاتر ونامەرکەزیەت ومرونەت.

هەروەها بوونەتە هوی دووبارە دارشتنی چەمکی (رول ودستێوەردانی جەماوەر) وپەیوەندی لەگەڵ کێکردنەوەی جەماوەر وبەدەستخستنی زانیاری ودەنگ وباس بێ هەر شۆنەکی

جیهان. وبووه هۆی بەجەستکردنی هێزی نەرازیبوونی جەماوەری وفشاری رای گشتی جەماوەر، وبەشێوەکی گشتی بووە هۆی پەیابوونی هەندێ بوچوونی دیاریکراو بەپێی هێزی خاوەن وسەرپەرشتانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وراگەیاندن وسەتەلایتەکان، کە توانای رێکخستنەوە وکونترولیان هەیە لەسەر بزاڤە جەماوەریەکان وسوود وەرگرتن لێیان بێ مەبەستی سیاسی …هتد. وبەشێوەکی گشتی هێز ودەزگای راستەوون ودژی داواکاریە راستەکانن.

ولێرە رولی چەپی ئەلکترونی دێت، بێ رێکخستنەوەی جەماوەر ونەرازیبوونەکان…هتد. وئاراستەکردنیان بەرەو رێگای راست لەجیاتی ئەوەی لەژێر کاریگەری هێزە دژبەرەکانی چەپ وجەماوەر بن. بەرێگەی پێشکەوتن ونوێ کردنەوەی میکانیزمی رێکخستن وکارکردن هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی ئەنترنێت بەشێوەکی کاریگەر وزیرەکانە وشورشی زانیاری وپەیوەندیکردن بێ خزمەتکردنی خەباتی جەماوەر وبەهێزکردنی رولی هێزە چەپکان وپێشکەوتنخوازەکان.
وبێ بەدیهێنانی ئەوە، وچارەسەرکردنی جیابوونەوە ودوورکەوتنەوەی گەورە لەنێوان نەوەی نوێ ورێکخستنەکانی چەپ، چەپی ئەلکترونی پێشنیاری گەشەپێدان وپەرەپێدانی زانستی گەورە دەکات لەبواری میکانیزمەکانی کارکردن وخەباتکردن ودیموکراسیکردن وبەشدارکردنی ئەقلی بەکۆمەڵ بە بەرزترین ئاست، وخۆ گونجاندن لەگەڵ بارودوخی ئێستا، بەرێگەی:

11. شێوازی نوێی رێکخستنەوە: دوور لە شێوازی کلاسیکی وکونترولی دەسەڵات لەلایەن سەرکردەکان بەرەو سیستەمی ناوخۆیی ومیکانیزمی رێکخستنی دیموکراتی نوی وبەمرونەت وەك جورەك لە (هاوپەمانێتی یان تۆری یان سیستەمی فیدرالی) کە مەلبەندی نیین لەروی کارگێرییەوە، ورێژەکی زۆری سەربەخۆیی ونامەرکەزیەت ودیموکراسی تێدا هەبێت، وئازادی هەبێت بێ رێکخراوە حزبی وجەماوەریەکان وشێوازی جیاوازی رێکخستن وسیاسەتکردن لەسەر ئاستی هەرێمی…هتد. وبەخشینی دەسەڵات وهەمئاهنگی لەهەموو بوارەکان. وپێویستە دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە رێکخراو وگروپە جیاوازەکان بێ دارشتنی سیاسەت وبەرنامەکان وپلانی کارکردن بەپێی پێویستی هەر ناوچەك، وهەر گروپەك. وپێویستە چەمکی نوی بەکاربنین

لەبواری کارگێری وڵکێلینەوەی زانستی وپشکەوتنی تەکنلوجی بێ نوێ کردنەوەی میکانیزمی بەرێوەبردن وپەیوەندیکردنی ناوخێیی ودەرەکی. وپێویستە ئەو شێواز ومیکانیزمانە مرونەتیان تێدا هەبێت وبەردەوام نوێ بکرێنەوە بەپێی پێویستیەکان، وبەپێی:

أ. پشکەوتنی تەکنلوجی وزانیاری ومافەکان.

ب. پلەی گەشەکردنی دیموکراسی یاسی ویاسایی.

ت. ئاستی ئازادیەکان وتوانای کاری رێکخراوەیی لەناو هەر کۆمەڵگایەك، ئەگەر بەشێوەکی نهێنی یان ئاشکرا بێت.

پ. چارچێوەی کاری رێکخراوەیی خۆماڵی وهەرێمی وجیهانی.

ج- جوری کێشە ئاراستەکراوەکان ولایەنەکان، بێ هەڵبژاردنی جوری رێکخستنەوە.

ح. کار وپێویستی رێکخراوەکان وقەوارە وگروپە جیاوازەکان.

خ. بنیاتنانی پەیکەری رێکخستنەوەی تایبەت بێ ماوە وحالەتی دیاریکراو.

د- خوێندنی ئاستی کاریگەری وهەڵسەنگاندنی کارکردن وەك رێکخراوی چەپی سەربخێ، یان کارکردن بەشێوەکی تاك یان قەوارە یان بزوتنەوە یان هاوپەیمانێتی لەناو کۆمەڵگا. وپێویستە شێوەکی پشکەوتنخوازی هەبێت وبوچوونی هەمەجور ولەوانەش بوچوونی چەپ، بەپێی هاوسەنگی چینایەتی وحالەتی سیاسی هەر وڵاتەك. بێ نموونە ئەزمونی (بیری ساندرز) ی چەپخواز لەناو حیزبی دیموکراتی ئەمریکا. وپێویستە بزنین کامەیان باشترە وگونجاوترە بێ بەهێزکردنی رولی چەپ لەناو کۆمەڵگا دا.

ژ. پێویستە وشیاربین لەکاتی هەڵبژاردنی ناوی رێکخراو وحیزب وتێرە چەپەکان بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگاکان وهاوسەنگی چینایەتی وسیاسی وتایبەتمەندی هەر وڵاتەك وگۆرینی زێر ناوی ئێستا، ودووركەوتنەوە لەو ناوانەی کاریگەری نەرێنیان هەبێت. وشەی کومونیست، ئیشتیراکی..هتد، مەرج نییە رامانی چەپ وراستی رێکخستنەك بسەلمێنیت. کاری جەماوەری لەسەر ئەرز وبەشداریکردنی لە گۆرینی ژیانی کرێکار وزەحمەتکێشان وکۆمەڵگا بەگشتی بەرەو باشتر، بنەمای هەر هەڵسەنگاندن وراستگویەکە بێ هەر رێکخستنەکی چەپ. وسەرباری کاریگەری نەرێنی پروپاگەندەی دژی چەپ، وکاریگەری روخانی (کەمپی ئیشتیراکی) کە پێویستە ڕەچاو بکرێت.

12. بنەمای ئەندامەتی ومافەکانی ئەندام: چەپی ئەلکترونی سیاسەت ومیکانیزمی نوێ دەخاتە ڕوو لەبارەی ئەندامەتی، بۆ ئەوەی ئەندام زیاتر کاریگەری هەبێت وسیاسەت وبەرنامە دارێژیت، وئازاد بێت لەکارکردن بەپێی بوچوونی هزری وسیاسی، کە ئەکرێ هاوتابێت لەگەڵ هەموو یان بەشەك لە سیاسەتەکانی حیزبی چەپ، وبەهێزکردنی لایەنگری ئەندامەکان وهەستکردن بە بەرپرسایەتی سیاسی وڕێکخراوەیی، ودووركەوتنەوە لە مەرکەزیەت وسکرتاریەتی ڕێکخراوەیی ودسپلینی حیزبی توند، وپێویستە ڕێکخستنەکانی چەپ ئارەزومەندانە بێت بەپێی دسپلینی خۆیەتی ونەك دەزگای لەشکەری بێت.

وداوای هەلوەشاندنەوەی هەر ڕێسایەك دەکات ئاستەنگ بێت بەرامبەر مافی دەربڕینی ئەندامان لەناو ودەرەوەی ڕێکخستنەکانی چەپ، وپێویستە ئازادی تەواویان هەبێت بۆ دەربڕینی بوچوونی چەپ وسیاسی بەشێوەکی گونجاو، وبەشداریکردنی کاریگەر لە دارشتن وپەسەندکردنی سیاسەتە حزبیەکان، و هەلوەشاندنەوەی چەمك وخاڵی وەکو:

أ. دەربڕینی بوچوونت بکە لەناو دەزگای حیزبی یان بلاوکراوەی حیزبی ناوخۆیی یان بەرێگەی نامەیەك بۆ سەرکردایەتی حیزب.

ب. جێبەجێ بکە پاشان گەنگەشە بکە.

ت. گوێ گرتنی کوێر وپولایین.

پ. لایەنگری ئەندامەکان بۆ دەسەڵاتی سەرکردایەتی کە تەنها سەرکردایەتی بیر دەکاتەوە وهەدەستێ بە شیکردنەوە ودەرکردنی بۆیار وپێویستە ئەندامەکان بۆیارەکان جێبەجێ بکەن بۆ نەرازیبوون.

ج. دەستخستنی پوستی حیزبی بەپێی لایەنگری بۆ سەرکردایەتی.

ح.....

ئەو شتانە پێش دەیان ساڵ گونجاو وقەبولکراو بوون، بەڵام ئێستا گشتی ولاوازن لەروی دیموکراتییەوە وزۆر کەون بوونە، وکاریگەری زۆر نەرێنییان هەیە، وگەنجان دوور دەخەنەوە لە حیزبەکانی چەپ. ئێستا وەکو دەبینین لەماوەی چەند خولەکەك گەنجان دەتوانن پوست بلاوبکەنەوە لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، ولەسەر ئەنترنێت ودەربڕین لە بوچوونیان دەکەن وبەشێوەکی ئازادانە گفتوگو دەکەن ودەگەنە ژمارەکی زۆری خەلك، لە کاتێك زۆربەی ڕێکخراوەکانی چەپ ڕێگایان پێنادەن بەشێوەکی ئازادانە دەربڕین بکەن وداوایان لێدەکەن چاوەڕێ بن تاکو کێبوونەوەی دەزگای حیزبی پاش حەفتەیەك یان مانگەك، یان بلاوکردنەوە لەناو بلاوکراوەی حیزبی ناوخۆیی، یان بەرێگەی

نامەیەك بۆ سەركردەی حیزبی وبەشوەكی نەنی! وتەنها دەگەنە ژمارەكی كەمی خەلك وهەتا ناگەنە هەموو ئەندامانی حیزبش!. ئەژمارکردنی گەنگەشە وگفتوگوی سیاسی وهزری وەك كارەكی ناوخۆیی رگرە بۆ جەماوەری چەپ بۆ ئەوەی ئەو هزر وبوچوونانە بزانت لەناو رکخستنەكانی چەپ وهەلسەنگاندنی بۆ بكات وبوچوونی فەرمی ناگاتە جەماوەر. ولەئەنجامدا، چاودری جەماوەری وكارلکردن لاواز دەبت، ودەبینە تائیفەی چەپی-ئاینی داخراو!

وەك كەسانی چەپخواز، زر شت دەخەینە روو بۆ كمەگا، وداوای دیموكراسی وفرەلایەنی وزەلالی وهەلبژاردنی راستەوخو دەكەین، وبەشدارکردنی جەماوەر لە بیار وئازادی تاك وگشتی، ومافی دەربرینی ئاشكرا وجیاوازی وبوچوونی بەرامبەر وراگەیاندنی كراوە وهەمەجور …هتد. بەام هەروەها گرنگە پسیاری خمان بكەین، ئایە ئەو شت ومافە سەرەكیانە وزر گرنگانە بەردەستن بۆ ئەندامانی رکخستنەكانمان، وتا چ رادە جبەجۆ دەكرن، ورەنگ دەدەنەوە لەناو كاری رکخراوەیی وسیاسی وهزری؟؟! هاودژی وكەم وكورتی وكەمترخەمی گەورەمان هەیە، وپویستە پداچوونەوە بكەین ونو كردنەوە وگەشەپدان بكەین. وبیە گرنگترین بنەمای ئەندامەتی ومافی ئەندامان، بەپی چەپی ئەلكترونی، ئەوانەی خوارەوەن:

أ. ئەندامەتی پەیوەستە بە چەمكی هاوپەیمانتی وهاوكاری وكاری هاوبەش بۆ بەدیهنانی هەندۆ ئامانجی دیاریكراو، ونەك بە دەسەاتەكی ناوەندی. ئەندام رولی سەرەكی هەیە لە دارشتنی سیاسەتی گشتی حیزب، بەشداریكردنی ئەندام وكادیرانی حیزب لە دارشتنی ساسەتی حیزب لە بنكەوە بۆ سەركردایەتی شتەكی زر گرنگە. وپویستە توانا ومیكانیزم وبارودوخی گونجاو هەبۆ لەناو حیزب بۆ ئەوە كارە ، وپویستە ئەندامان هانبدەن خیان پشبخەن وشیركردنەوە وداهنان بكەن لەناو ریزەكانی حیزب، سەرەرای گونجانی بوچوونیان لەگۆ وتاری فەرمی یان نە، وپویستە خەبات بەهز بكرت لەسەر هەموو ئاستەكان وسوود وەرگیرت لە دەستپشخەری ئەندامەكان.
ب. هەلبژاردنی شوە وپلەی هەمەجوری ئەندامەتی بەمرونەت (كارا، هاوسوزی، كاتی، …هتد) بۆ ئەوەی هەر كەسەك كاری حیزبی بكات بەپی بارودوخی كەسایەتی ژیانی، وبەپی گەشەكردنی زانستی وماف وجورەكانی رکخستن.

ت. هەلی گشتی رێکخستن بکرێنە رێنیشاندەرێك وکارکردن بەپێی ئەو هەلانە.
پ. دەربرینی ئاشکرا لە بوچوون لەناو ودەرەوەی رێکخستنەکان بەشێوەکی شارستانی وکاریگەر، وبەشێوەکی گونجاو وبێ ئاستەنگ یان ترس یان دوودلی.
ج. ئەندام مافی هەیە بەشێوەکی تەواو وئاشکرا رەخنە لە سیاسەتەکانی فەرمی حیزب بگرێت.
ح. ئەندام مافی هەیە ئەو سیاسەتە فەرمیانە جێبەجێ نەکات ئەگەر قەناعەتی پێ نەبێت.
خ. مافی هەلبژاردن وخۆ کاندیدکردن بۆ دەزگاکانی رێکخستن، وهەروەها بەشداریکردن لە دوورخستنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەگەر نەیانتوانی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.
د. مافی (ئەندامەتی لێکدراو). ئەندام دەتوانی ببێتە ئەندامی زیاتر لە حیزبەکی یان رێکخستنەکی چەپ لەهەمان کات. ئەکرێ لەگەڵ حیزبەکی چەپی گشتی کاربکات ولەهەمان کات لەگەڵ حیزبەکی تری چەپ بکات جەخت لەسەر ژینگە بکاتەوە.

ژ. مافی دروستکردنی کوتلە لەناو حیزب ومافی بەکارهێنانی کەنالەکانی حیزب وراگەیاندنی حیزب یان راگەیاندنەکی تایبەت بەخۆی هەبێت بۆ دیارکردنی سیاسەتەکانی وجیاوازی لەگەڵ هەلی فەرمی حیزب.
ر. بەکارنەهێنانی شێوازی خائینکردن ودوورخستنەوە لەگەڵ ئەندام لەبەر جیاوازی هزری وسیاسی.
ز. هەلوەشاندنەوەی سزای دەرکردن لە حیزب چۆنکە جورەکی (سەدارەدانی سیاسی ورێکخراوەیی) یە، وپێویستە هەندێ سزای سووکتر هەبێ وەکو (سەرکردنەوەی تەواو) بێ ئەوەی کەرامەتی سیاسی ومروڤایەتی ئەندام پارێزراو بێت ودەرفەتی بدەنێ بۆ گەرین، وپێویستە دەرچوون لە حیزب بەشێوەکی ئارەزومەندانە بێت هەروەکو ئەندامەتی. سزای دەرکردن زۆر رەقە وئەکرێ هەندێ جار بەکاربێت بۆ تەصفیەکردنی حیسابەتی سیاسی لەلایەن هەندێ سەرکردەی نەفس نزم.
س. پێشخستنی میکانیزم ورێسای ئەندامەتی ئەلکترونی، تێپەربێت لە شێوازی کلاسیکی ئەندامەتی ووڵات ورەگەزنامە وشوێن وتەمەن...هتد. بەڵام پێویستە لایەنە ئەمنی بەچاو وەرگیرێت.
ش. دێزینەوەی میکانیزم وسیاسەتی دیموکراتی بە مرونەت بۆ مامەلەکردن لەگەڵ کەسانی چەپی سەربخۆ وسوود لە تواناکانیان

وەرگیرێت بەشێوەکی گونجاو، وبەشێوەکی نەرێنی تەماشە نەکرێن یان مامەلەیان لەگەڵ بکرێت بەشێوەکی ناشیاو.

13. هەمەجوری دەزگاکان ومافی دەربرین وجیاوازی وراگەیاندنی ئازاد: بۆ مسوگەرکردن وبەهێزکردنی یەکێتی حیزب وپێشخستنی، ودوورکەوتنەوە لە ناکوکی ولێکجیابوونەوە کە نەخوشیەکی ماوەدرێژی چەپە، ودەستەلەکارکێشان وکوچکردنی ئەندام، وپابەندبوون بە پرنسیپی دیموکراتی. چەپی ئەلکترونی دان بە هەمەجوری وبوچوونی هزری جیاواز دەنێت لەناو دەزگای رێکخستن.
راگەیاندن پێویستە ئازاد وکراوە بێت، وبۆ هەموو ئەندامی حیزب بێت وبۆ دەرەوەش بۆ هەلگرانی هزری چەپ وپێشکەوتنخواز ومروڤایەتی، وهەتا بۆ رەخنەگرانی چەپیش وەك جورەك لە رێزگرتن. وهەموو ئەندامانی حیزب مافیان هەیە راگەیاندن بەکاربێنن بۆ دەربرین لە هەلوێستیان لە سیاسەتە فەرمیەکانی حیزب ودەربرین لە را وبوچوونیان وپەیاکردنی دیالوکەکی چالاك لەناو حیزب ووەرگرتنی بۆیاری دروست.
هەروەها پێویستە سیستەمەکی دادوەری سەربخۆ هەبێت ودادگای پیشەیی ودەزگای لێکۆلینەوەی سەربخۆ لەناو حیزبەکانی چەپ، بۆ مسوگەرکردنی دادگاییکردنی ئاشکرا وبێلایەن لەحالەتی هەبوونی سەرپێچی. وئەندام مافی هەیە پارێزەری هەبێت بۆ بەرگریکردن لێی لەناو حیزب یان لە دەرەوە. وپێویستە سزادان دوایین بژاردە بێت بۆ ئەوەی سیستەمی دادوەری چەپ ببێتە نموونە بۆ کەمەگا.
14. بنکەی حیزبی سەرچاوەی دەسەڵاتە: وەکو چۆن دەیەن (مللەت سەرچاوەی دەسەڵاتە) لەناو دەولەت وکەمەگا، هەروەها پێویستە بنکەی حیزبی سەرچاوەی دەسەڵات بێت لەناو حیزبەکانی چەپ وپێویستە عەقل وبۆیاری هاوبەش بنەمای رێکخستنەکانی چەپی ئەلکترونی بێت، وسیاسەتەکان لە بنکەوە دارێژن بەشێوەکی ئاشکرا، وبۆیاری گرنگ بدرێت بەرێگەی راپرسی حیزبی دیموکراتی ئاشکرا وبەپێی بنەمای دیموکراتی ولەژێر سەرپەرشتی لیژنەی سەربخۆ وبێلایەن ئەندامەکان بەشداربن تێیدا، ودیالوکی کراوە هەبێت لەبارەی کێشەکان، وپێویستە میکانیزم وتەکنیکی نوێ هەبێت بۆ ئەنجامدانیان بەشێوەکی ئاسان وبەردەوام.
15. ئەقلی بەکەمەوکونفرانس: کونفرانس یەکەك لە گرنگترین بنەمای حیزبی چەپن، ووستگەی سەرەکی یە بۆ پێداچوونەوە

وهەلسەنگاندن وپەسەندکردنی سیاسەت ومیکانیزمی نوێ بەرەگەی بەشدارکردنی ئەندامانی حیزب، بۆیە پێویستە کونفرانسی دەوری وئاشکرا هەبێت، بەو شێوە:
أ. ئامادەکاری دەکرێت بۆ کونفرانس لەلایەن لیژنەی ئاشکرا هەموو ئاستی حیزبی تێدا هەبێت، سەرکردایەتی وبنکە وقەوارەی جیاواز.
ب. ئامادەکاری ئاشکرا وفراوان بێت هەمو لایەن بەشداری تێدا بکەن لەناو ودەرەوەی دەزگای حیزبی لەبارەی سیاسەت وبەرنامەی حیزب وڕزگرتنی راو وبوچوونەکان.
ت. ئەنجامدانی هەلبژاردنی دیموکراتی ئاشکرا لەژێر سەرپەرشتی دادوەری نوێنەرانی کونفرانس.
پ. کوتای گەنجان وئافرەتان بۆ نوێنەرانی کونفرانس.
ج. ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو ئامادە دەبن وەك مێوان وبۆ هەلسەنگاندن ئەگەر هەلنەبژێردرێن، وسەرکردایەتی مافی نییە (نوێنەری) هەبێ بۆ کونفرانس بۆ هەلبژاردن لە دەزگای حیزبی.
ح. لیژنە دروست دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کونفرانس وروژانە دوو جار یان زیاتر دەگێردرێن.
خ. کونفرانس بەشێوەکی ئاشکرا پەخش دەکرێت بۆ جەماوەر یان بەلای کەمەوە بۆ ئەندامانی حیزب بەپێی بارودوخی هەر وڵاتەك، وتەکنیکی هاوچەرخ.
د. پێویستە هەلسەنگاندنی سیاسەتەکانی حیزب بکرێت لەنێوان هەردوو کونفرانس بۆ زانینی هێیەکانی سەرکەوتن وناسەرکەوتن وگەنگەشەکردنی لەناو کونفرانس.
ژ. ئەنجامدانی هەلبژاردنی دیموکراتی ئاشکرا بۆ سەرکردایەتی حیزب پاش کونفرانس لەژێر سەرپەرشتی دادوەری سەربخۆ وبڵایەن لەدەرەوە وناوەی حیزب، وپێشتر کەمپینی هەلبژاردن هەبێ بۆ کاندیدان، بۆ دیارکردنی سیاسەتەکانیان. وئەندامانی حیزب بەشێوەکی راستەوخۆ هەلیان دەبژێرن، نەك تەنها نوێنەرانی کونفرانس، بۆ ئەوەی دەربرین ئەقل وبڕیاری بەکۆمەڵی حیزب بکات.
بەشێوەکی گشتی، پێویستە هەموو دەزگایە حیزبییەکان لەحالەتی (کونفرانسی هەمیشەیی) دابن بەڕێگەی تەکنیکی نوێ. وئاراستەکردنی هەموو سیاسەت وبەرنامە وبەیاننامە لەسەر ئاستی حیزبی جیاواز بەشێوەکی بەردەوام وگەنگەشەکردنیان بۆ ماوەکی دیاریکراو ودەنگدان لەسەریان ئەگەر پێویست بێت، وپەسەندکردنیان لەناو گروپی ئەنترنێتی یان تری کۆمەڵایەتی داخراو تەنها بۆ ئەندامان، وهەندێ گروپی تر بۆ جەماوەری

حیزب لە شار وگوندەکان…هتد. بۆ ئەوەی دەربرین ئەقل وبۆیاری بەکۆمەڵی حیزب بکات، لەجیاتی ئەوەی تەنها دەربرین دەزگای سەرکردایەتی بکات.

16. کارلێکردن وچاودێری جەماوەر لەسەر حیزب: کارلێکردنی هاوبەش لەگەڵ جەماوەر وژینگەی دەرەوە وەك بەشەك لە (چاودێری لەسەر چالاکی حیزب وسیاسەتەکانی) وبەشداریکردنی جەماوەر لە پەسەندکردنی سیاسەتەکان وهەلسەنگاندنیان بەرگەی:
أ. ئاراستەکردنی بەرنامە وبەگەنامە وسیستەمی ناوخۆیی بۆ گەنگەشەی گشتی وکراوە بەشێوەکی بەردەوام بەرگەی سایتی ئەلکترونی پێشکەوتوو بۆ کارلێکردن وکۆمێنتکردن ودەنگدان…هتد. لەناو گروپی تایبەت کۆمەڵاتیەکان، وسوود وەرگرتن لە ئامارە زانستیەکان لەبارەی ژمارەی سەردان وپلە وشێوەی کارلێکردن وبابەتەکان…هتد لەپێناو هەلسەنگاندن وپێشخستن.
ب. سوود وەرگرتن لە بوچوون وشیکردنەوەی زانستی کەسان ودەزگا زانستیەکان بۆ دارشتنی بەرنامە و سیاسەتەکان.
ت. وبەشێوەکی بەردەوام، داوای فیدباك بکرێت لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.
پ. بۆ شیکردنەوە وهەلسەنگاندنی سیاسەتی هەمەجور لەسەر ئاستی جیاواز ورادەی سەرکەوتنیان وئاستی بەدیهێنانی ئامانجەکان ودەستنیشانکردنی هۆکان وکەم وکورتیەکان.
ج. تەنها ئەوەی کارنەکات هۆکە ناکات، بۆیە کاتێ حیزبەکانی چەپ هۆکە دەکەن پێویستە داوای لێبوردن بکەن لە جەماوەر وئەندامان لەبەر هۆکانیان.

17. سەرکردایەتی بەکۆمەڵ: هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو پوستانەی دەبنە هۆی چەسپاندنی دەسەڵاتی تاك وەکو: سکرتێری گشتی، سەرۆك، سەرکردە….هتد. وبەهێزکردنی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لەهەردوو رەگەز وهەبوونی رێکخەر لە بەشە جیاوازەکان وقسەکەران بەناوی حیزب لەبواری (گەنجان، ئابووری، ئافرەت، بەرگری، ئەنجومەنی نوێنەران، سیاسەتی دەرەوە…هتد) بەشێوەیەك دەسەڵاتەکان وبەرپرساتیەکان دابەش بکرێن لەناو کادیرانی حیزب.
18. سەرکردایەتی گەنجان لەگەڵ جەماوەر: بەداخەوە ئێستا دەبینین هەندێ سەرکردەی چەپ لەجیهانی عەرەبی بوونەتە وەك سەرکردە وشاهەکانی عەرەب وکورسی بەجێ ناهێڵن وبە خۆیان کردووتە

خاوەندارەتی تایبەت. وزەر جار دەبینین سەرکردەکانی چەپ ناگەرێن وئەوان بنکەی حیزبی هەلدەبژێرن نەك بەپێچەوانەوە! وئەوە حالەتەکی نەرێنی یە وزیانەکی زەر بە چەپ دەگەیەنێت، وزەر دووڕە لە نەریتە دیموکراتیەکانی چەپ، بۆیە چەپی ئەلکترونی جەخت دەکاتەوە لەسەر گواستنەوەی دەسەڵات بەشێوەکی ئاشتیانە، وبرگەکی سەرەکی هەیە لە پەیرەوی ناوخۆیی دەوڵەت ناکرێ پوستی سەرکردە لە دوو خولی هەلبژاردن زیاتر بێ ولە 6-8 ساڵ تیپەڕنەبێت.

هەروەها چەپی ئەلکترونی جەخت دەکاتەوە لەسەر گەنجان لە سەرکردایەتی حیزب، وگرنگی دەداتە چینەکان، وکاردەکات بۆ پێکهێنانی کادری نوێ بەشێوەکی بەردەوام، بۆ ئەوەی لەگەڵ جەماوەر سەرکردایەتی بکەن ولەگەڵیان بن لەهەموو خۆپیشاندان ونەرازیبوون ومانگرتنەکان...هتد.

هەروەها زەر گرنگە بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی ئاقلانە ونیزیکی واقیع، برگەکی روون هەبێت لەناو پەیرەوی ناوخۆیی لەبارەی مانەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی رەکخستن لەناو وڵات، ونشتەجێی هەمیشەیی بن، وبەشداری بکەن لە سەرکردایەتیکردنی کاری مەیدانی دژانە وخەباتکردن لەناو جەماوەر. وپێویستە رەگە نەدرێت ئەندامەك ببێتە سەرکردە ئەگەر لە دەرەوە بژیت بەشێوەکی هەمیشەیی یان نیمچە هەمیشەیی، تەنها لەحالەتی زەر ئاساییی نەبێت یان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی حیزب بۆ ماوەکی دیاریکراو، وپێویستە ئەندامی سەرکردە پوستی خۆی بەجێ بهێلیت ئەگەر ویستی لە دەرەوە بژیت، یانئەگەر نەیتوانی بەردەوامبێت وەك سەرکردە بەهۆی بارودوخی خزانی یان کەسایەتی یان پیشەیی..هتد.

19. زەلالی وبواری دارایی: جیهان بەشێوەکی گشتی بەرەو زەلالی دەروات، بەتایبەت ئەنترنێت وتەکنیکی نوێ وتۆری کۆمەڵایەتی چاودێری شکاندووە وراستیەکان کەتوونە بەرچاوی جەماوەر. بۆیە چەپی ئەلکترونی زەلالی تەواو بەکاردێنیت لە کاری خۆیدا ولەهەموو چالاکیەکانی ناوخۆیی ودەرەکی، جگە ئەگەر زیانی هەبێ لەروی ئەمنییەوە.

ئەندامی حیزب ئابونەی دارایی پێشکەش دەکەن وجوری تری پشتگیری دارایی، بۆیە پێویستە هەموو کادر ودەزگاکان وئەندامان هەچاوی زەلالی بن وبەتایبەتی زەلالی دارایی لەسەر ئاستی حیزبی وکەسایەتی، وپێشکەشکردنی راپورتی دارایی دەوری لەبارەی چۆنیەتی خەرجکردنی پارە. وپێویستە هەموو ئەندامان پێگەی دارایی خۆیان ئاشکرا بکەن وبەتایبەتی سەرکردەکان بۆ

ئەوەی هاودژی دروست نەبێ لەنێوان بەرژەوەندی حیزبی وکەسایەتی.
وبێ روو بەروبوونەوەی گەندەلی لەناو حیزبەکانی چەپ وخراپ بەکارهێنانی پوست وبەهێزکردنی دەستپاکی، پێویستە پرنسیپی (ئەوەت لەکوێە هاورێ؟) بەکاربینین لەحالەتی هەبوونی کێشەی جێگای گومان.
هەروەها سەپاندنی (باج) رێژەیەك لە مووچەی نوێنەرانی حیزب ئەوانە کاری حکومی دەکەن یان جورەکانی تری داهات وراددەستی دەزگای حیزبی بکرێت، بەپێی باوردوخی دارایی وتایبەتمەندی هەر وڵاتەك.
20. شیاندنی ئەندام وسەرکردە وکادرەکان بێ وەرگرتن وبەکارهێنانی پێشکەوتنی تەکنلوجی وزانستی: وبەتایبەتی تەکنلوجیای زانیاری وئەنترنێت وتارە کەمەایەتیەکان ، لەپێناو:
أ. بلاوکردنەوەی بیروباوەری چەپ وبەهای مروڤایەتی بەشێوەکی گشتی، وپرنسیپی هاولاتیبوون ویەکسانی وداپەروەری کەمەایەتی وسکیولاری وئیشتیراکیەتی دیموکراتی ویەکسانی تەواو بێ ئافرەت بەشێوەکی تایبەت. وراگەیاندنی ئازاد وبەکارهێنانی شێوازی هاوچەرخ بێ گەیاندنی بیروباوەری چەپ بێ زۆرترین خەلك وبەکەمترین تێچوو، ووازهێنان لە راگەیاندنی کاغەز کە تەنها دەگاتە ژمارەکی کەمی خەلك.

ب. بەکارهێنانی بەشێوەکی کاریگەر لەبواری رێکخستن وکاری دەزگا حیزبیەکان بێ بەرێوەبردن وپەیوەندیکرن ودیالوك ووەرگرتنی بۆیاری دروست ودەربڕین لە رای جەماوەر وبەهێزکردنی کارلێکردن ودیالوکی ناوخۆیی وگیانی (تیمی کارکردن) وهاوکاری ئەرێنی.

ت. کارلێکردنی زیندوو وکاریگەر لەگەڵ ژینگەی دەرەوە.
پ. بەکارهێنانی بەشێوەکی کاریگەر لەبواری گەشەپێدانی هزری وسیاسی.
ج. وبەشێوەکی گشتی، بەکارهێنانی لەبواره جیاوازەکانی سیاسی ورێکخراوەیی وراگەیاندن.
ح. بەکارهێنانی بێ پەیداکردنی میکانیزمی نوێ بێ رێکخستنەوە وخۆپیشاندان وکۆکردنەوەی جەماوەر وکەمپینی هەلبژاردن. وئەو دەبێتە هۆی پێشخستنی کار وکەمکردنی تێچووەکان.
خ. بەکارهێنانی بەشێوەکی کاریگەر لە نەرازیبوونی جەماوەری

ئەلکترونی ومانگرتنی پیشەیی وپێکهێنانی گروپی ئەلکترونی..هتد. وهەتا راگرتنی کار بەشێوەکی تەکنیکی- ئەلکترونی بێ فشارکردن وبەدیهێنانی هەندێ داواکاری دیاریکراو.
د. بەدەستهێنانی توانای تەکنیکی پێشکەوتوو وخێرا بێ گەیشتنی زۆرترین کەس وگروپ.
ژ. ڕێگرتن لە کەمپینی هاودژ وخراپەکاران وسیخوری وشەری ئەلکترونی، وپاراستنی سیستەمی ئەلکترونی حیزب وئەندامان، وپێشخستنی تواناکان بێ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەرەشەکی تەکنیکی- ئەمنی.
ر. وهەندێ جار وەڵامدانەوەی ئەلکترونی ئەگەر پێویست بێت.
ز. هەروەها لەناوبردنی تۆر وسیستەمی تەکنیکی حوکمەتە دیکتاتوریەکان وبەتایبەتی سیستەمی ئەمنی سیاسی ولەشکەری وئابوری وراگەیاندن، ئەگەر پێویست بێت.
س. وپێویستە لەپروسەکی بەردەوامی پێشخستن دابین لەسەر ئاستی تەکنیکی وزانیاری، وخەباتی ئەلکترونی ببێتە گرنگترین شێوەی سەرەکی خەباتکردن.

لەکوتایی، هێزەکانی چەپ بەهەموو بەشەکانی و بەتایبەتی لە وڵاتەکانمان، ئێستا لە بارودوخەکی زۆر زەحمەت وئالوزدا کاردەکەن، بەتوانای زۆر کەم، وتوشی زۆر ئاستەنگ دەبن، بەڵام سەرەڕای کەم وکورتی وپەرت وبەلاوبوون هیوای سەرەکی مروڤی پێشکەوتنخوازە بێ بیاتنانی جیهانەکی باشتر. چەپی ئەلکترونی بەشداریەکی بچووکە بێ دەرخستنی چەپ لە قەیرانەکانی وراگرتنی پاشەکشە ونوێ کردنەوەی وتاری سیاسی ومیکانیزمی کارکردن ورێکخستن وبەرەوەبردن، بەپێی شارەزایی سیاسی ورێکخراوەییم لە زۆر حیزبەکانی چەپی عیراقی ولەبواری راگەیاندن، ولە دەزگای دیالوکی شارستانی وکاری دیموکراتی وکاری پیشەیی کەسایەتی وەك کەسەکی تایبەتمەند لە بنیاتنان وپێشخستنی سیستەمەکانی سەرکردایەتی وبەرەوەبردن وحوکمەتی ئەلکترونی.
ئەو چەمکە بەو واتایە لە گەشەکردنی بەردەوامە لەسەر ئاستی پراکتیکی، وبێگومان هەڵە وراستی هەڵدەگرێت، وپێویستی بە کات وکاری هاوبەشە بێ ئەوەی زیاتر گەشەبکات، وهەر کەسەك بیەوێت چەپی ئەلکترونی وئاسوی ئیشتیراکی دیموکراتی پێشبخات بەرەو شێوەی نوێی زانستی وسەردەمیانە لە وتاری سیاسی ومیکانیزمی ڕێکخستنەوە دەتوانی بەشداری تێدا بکات، لەپێناو

جێگرەوەکی سیاسی وئابوری کۆمەڵایەتی وماف وروشەنبیری وژینگەیی باشتر وئاست بەرزتر بۆ مروڤ.

رزگار ئاکرەیی. کورتیەك لەبارەی:
نووسەر وسیاسەتمەدار ومیدیکاری چەپی سەربخۆ، یەکەم کەس بوو چەمکی چەپی ئەلکترونی خستەروو (بەئینگلیزی: E-Left)
رۆکخرەری گشتی دەزگای دیالوکی شارستانی – الحوار المتمدن
رۆکخرەری بنکەی خوێندن وتوێژینەوەی مارکسیەت وچەپ
لەدایکبوون: ئاکرێ- عیراق 1966

چالاکی سیاسی:

- 1990-1984 حیزبی شیوعی عیراق.
- 1990- 1992 رۆکخراوی روتی کومونیست.
- 1993- 2000 حیزبی کومونیستی کرێکارانی عیراقی.

کاری هاوبەش لەنێوان هێزەکانی چەپ:
چەندین پێشنیاری پراکتیکی ودەستپێشخەری پێشکەشکردووە بۆ نیزیکردنەوەی هێزەکانی چەپ لە عیراق وبەهێزکردنی کاری هاوبەش لەنێوانیان. بەپێی بارودوخی ئالوزی عیراق وناوچەکە وئاراستەی هزری وسیاسی چەپی جیاواز وبەپێی جەختکردنەوە لەسەر خالی پێکەوە گەیشتن ودیالوکی شارستانی ودەستنیشانکردنی خالی جیاوازی لەنێوان هێزەکانی چەپ وپێشکەوتنخواز. باوەری هەیە بە دامەزراندنی حیزبەکی-چارچێوەی چەپی یەکگرتوو لە عیراق ولەگشت وڵاتانی جیهانی عەرەبی.

- داوای هەلوەشاندنەوەی سزای سێدارەدانی کردووە، ویەکەکە لە دامەزرێنەرانی بنکەی مافی ژیانە بۆ هەلوەشاندنەوەی سزای سێدارەدان لەجیهانی عەرەبی.
- چالاکە لەبواری بەرگریکردن لە مافی ئافرەت ویەکسانی تەواوی ئافرەت، ویەکەکە لە دامەزرێنەرانی بنکەی یەکسانی ئافرەت.
- بەشداریکردووە لە چەندین کۆبوونەوە وکونفرانس لەبارەی چەپ ومافی مروڤ لە عیراق وولاتانی عەرەبی.
- بەدەیان خوێندنەوە وتوێژینەوە ووتاری هزری وسیاسی هەیە، بلاوکراوەتەوە لە دیالوکی شارستانی، رێگای کوردستان، بلاوکراوەی دەنگ وباس، روژنامەی الحیاه، ویژدان، راستی،

بەرەو پێش، نەهجی دیموکراتی، وبلاوکراوەی ناوخۆیی حیزب ودەیان سایتی ئەنترنێت...

- بەشداریکردووە لە کاری وەرگێران وراستکردنەوە.
- خوێندنەوە وتوێژینەوەی زانستی پەیوەست بە بواری کار وخوێندن.

سایت: https://rezgar.com

رزگار ئاکرەیی لە ویکیبیدیا

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B1%D8%B2%D9%83%D8%A7%D8%B1_%D8%B9%D9%82%D8%B1%D8%A7%D9%88%D9%8A

رزگار ئاکرەیی – سایتی سیاسی لە فێسبوك : https://www.facebook.com/RezgarAkrawiPage

وتارە کە بە زمانی عەرەبی

https://www.ahewar.org/debat/s.asp?aid=730446

رزگار ئاکرەیی (رزکار عقراوی)

چەپخوازێکی سەربەخۆ

rezgar1@yahoo.com

مۆسیقا لە دیدی جوبران خەلیل جوبرانەوە.. ئاردەڵان عەبدوڵا

راستە لوبنان وەتەکی بچوکی خاوەناتی ناوەڕاست و گەتی عەرەبییە، بەڵام ئەم وەتە بچووکە لەووی فەرهەنگییەوە، ڕەنگکی ئەجگار گەورەی هەبووە لە بەاوکردنەوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری بەتایبەتی لەم یەک دوو سەدەیەی پێشووداً، زۆرجار لوبنان بە چاپخانەی عەرەب دادەنرا. هەرئەمەش وایکردووە کە لەم وەتە بچووکەدا، کەمەنگ ناوی مەزن لەناو دونیای ڕۆشنبیری عەرەبیدا لەدایک بن، یەکێکیش لەو ناوە مەزنانە جوبران خەلیل جوبرانە.

دیارە جوبران خەلیل جوبران نەک لەناو گەتی عەرەبیدا، بەڵکە لەتەواوی جیهانەدا، خاوەنی پگەیەکی گرنگ بەتایبەتی لە

ئەمریکادا، چونکە دوا ساتەکانی ژیانی لەو بەسەربردووەو بەشکی نووسینەکانیشی بە زمانی ئینگلیزی چاپکردووە.

خەشبەختانە ئێستا لەو ناو ئەدەبیاتی کوردیشدا گرنگی باش بەم نووسەرە مەزنەی لوبنان دەدەن . برای هەژامان کاک ئازاد بەرزنجی تەواوی کارەکانی کردووە بە کوردیی و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفانەوە بەشوێیەکی زەر جوان چاپکراوە.

کاتێک نووسینەکانی جوبران دەخوێنیتەوە، هەست بە تام و چێژکی گەورەی ئەدەبی دەکەیت، چونکە بە زمانێکی زەر جوان و بەرزی ئەدەبی دەپێقەت و زەرجار واهەست دەکەیت، کە دەقێکی شیعری دەخوێنیتەوە و خەت لەبەردەم شاعیرێکی گەورەدا دەبینیتەوە، هەموو نووسینەکانی لەوانلەوە لە وێنەی شیعریی و زمان پاراوێیی و جوانیی.

لە کەبەرهەمەکێیدا کەمەک چیرێک و پەخشانی زەر جوانی تێدایە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر و جوانتر بەڵای منەوە، بابەتێکی بوو بەناوی « مەسیقا»وە. نووسەر ئەم بابەتەی لە ساڵی 1905 دا نووسیوە، تێیدا بەچوونی خەی لەبارەی مەسیقاوە دەرخستووە. من بەچوونی زەر فێلەسوف و بیرمەند و نووسەری جیهانم لەبارەی مەسیقاوە خوێندەتەوە، بەڵام کەسیان وەکو ئەم نووسینەی جوبران خەلیل جوبران بەلامەوە جوان نەبووە.
هەوە دەدەم لەم وتارەدا کەمێک باسی جوبران خەلیل و ئەو دەقە جوانەی بکەم.

کەسێکی فرە بەهرە

جوبران خەلیل جوبران لە ساڵی 1883 لە ناوچەی بشێی لە هەرێمی چیای لوبنان لە خێزانێکی مارۆنی مەسیحی لەدایک بووە و لە ساڵی 1931 لە ئەمریکا کۆچی دواییکردووە. ئەو لایەک کاتەدا شاعیر و نووسەر و نیگارکێش و چالاکوانی مەدەنیی و سیاسیش بووە. لەهەمانکاتیشدا بەیەکێک لە نووسەرە دیارەکانی «ئەدەبی تاوارگە» یان وەکو عەرەبەکان دەڵێن» ادب المهجر» دادەنرێت . جگە لەوەش رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستن و مەدەرنکردنی شیعر و چیرۆکی عەرەبی. لە بواری چیرۆک نووسینیشدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەشێکی زەری کارەکانیشی لە خەرئاوادا زەر بڵاوە، بەتایبەتی چیرۆکی «پێغەمبەر» کە لە ساڵی 1923 دا بە ئینگلیزی نووسیویەتی، یەکێکە لەکارە ناسراو و جوانەکانی. جگە لە کەمێک بەرهەمی جوانی تر، کە هەرهەموویان چ لەووی ناوەرۆک و شێوازەوە زەر جوانن.

یەکێکی تر لە کارە جوانەکانی پەخشانەکی ئەدەبی زۆر جوانە بە ناوی «مەسیقا»، لە ڕەگەی ئەم پەخشانەوە نووسەر هەوڵیداوە بەشێوازێکی ئەجگار بەزر و جوان، وەسفی مەسیقا بکات و کاریگەرییە گەورەکانیشی بەسەرمانەوە دەربخات. لێرەدا هەوڵ دەدەم پوختەیەک لەو بەچوونانەی بخەمەڕوو.

مەسیقا

وەکو پێشتریش وتم، جوبران خەلیل جوبران ئەم نووسینەی لە ساڵی 1905 دا بەناوکردەتەوە تێیدا باسی چەندین لایەنی جوان و گرنگی مەسیقا دەکات. لەهەمانکاتیشدا باسی پەیوەندیی مەسیقا بە ژیانی مرۆڤەوە دەکات چ لەکاتی خۆشیدا یان ناخۆشیدا، جەنگ و ئاشتیدا، کاروان و سەفەردا. هەروەها گرنگی مەسیقا بە بەخشینی ئارامی دەروونی بە مرۆڤ.

زمانی ناخی مرۆڤ

جوبران دەڵێت: بەڵێ مەسیقا زمانی دەروونە، ئاوازەکانیش ئەو نەسیمە سازگارانەن کە ژیەکانی سەز دەبزوێنن. ئەو ئەنگوستە ناسکانەن کە لە دەرگای هەستکان دەدەن و یاد بەدار دەکەنەوە.

– مەسیقا ئەو نەغمە ناسکانەیە کە هەم یادەوەریی ساتکانی خەم و پژارەو هەم ساتکانی سەفا و شادی لەسەر پێکانی خەیاڵ زیندوو دەکەنەوە. ل 40

– مەسیقا وەکو چرا وایە، تاریکیی دەروون دەڕەوێنێتەوە و دڵ رووناک دەکاتەوە و پەردە لەسەر قووڵایی هەستەماڵێت.ل41

– مەسیقا وەکو شیعر و فۆتۆگراف، گوزارشت لە حاڵەتە جیاجیاکانی مرۆڤ دەکات و وێنەی تارماییەکانی بارەکانی دڵ دەکێشێت و خەیاڵاتەکانی ئارەزووی دەروون بیان دەکات و ئەو شتانە دادەڕێژێت کە بە خەیاڵدا دێن و وەسفی جوانترین ئارەزووەکانی جێستە دەکات. ل51

– مەسیقا هاودەمی ڕەحمان دەکات و لەگەڵماندا قەناغەکانی ژیان دەبڕێت، خۆشی و ناخۆشیمان لەگەڵدا بەش دەکات. لە تەزانی خۆشیماندا دەبێتە شایەت و لە تەزانی ناخۆشیشدا، دەبێتە کەسێکی نزیک بەمان. ل84

دواتریش دەیەوێت مرۆڤ خۆی ڕادەستی مەسیقا بکات و دەڵێت:

-ئەم خەمان رادەستی شەڵەکانی تە دەکەین و دەیشمان بە قووڵاییەکانی تە دەسپەرین، هەیانگرێ و بیانبە بۆ ئەو دیوی ماتەر و پیشانمان بدە تا بزانین جیهانی پیوار (جیهانی نادیار) چی بە حەشار داوین.ل55

مەسیقا لە شارستانییەتە کۆنەکاندا

پاشان نووسەر دەچێتە قووڵایی مێژووی مەسیقا و باس لە گرنگی پەیدانی مەسیقا دەکات لەلایەن شارستانیەتە کۆنەکانی جیهانەوە بەتایبەتی میسریی و هیندیی و فارسیی و کلدانیی و ئاشوریی و یۆنانی و ڕۆمانی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر زانیاریی زۆری لەبارەی مێژووی شارستانیەتەکانەوە هەیە.

لەمبارەیەوە دەڵێت:

-لە ئاسەواری ئاشووریەکاندا کەمەك نیگار ماونەتەوە کە بریتین لە وێنەی کەژاوەی پادشایان و ئەو ئامرە مەسیقاییانەی لە پشیانەوەن. مێژوونوسەکانیشیان پەمان دەڵێن کە مەسیقا لە ئاهەنگەکاندا نیشانەی شکۆمەندی بووە و لە جەژنەکانیشدا سیمبۆڵی بەختەوەری بووە. ل 45

-کلدانییەکان و میسرییەکان وەکو خواوەندێکی مێزن لە مەسیقایان دەڕوانیی و سوژدەیان بۆ دەبرد و بەرز دەیانناخاند. فارسەکان و هیندیەکانیش لەو باوەڕدا بوون کە مەسیقا ڕۆحی خوایە لە نێو مرۆڤەکاندا. شاعیرێکی فارسیش شتێکی وەهای لەبارەوە وتوە: مەسیقا پڕییەك بوو لە ئاسمانی خواوندەکاندا عاشقی مرۆڤێك بوو لەو بەندایەوە بڕەو لای مرۆڤ دابەزی. حەکیمێکی هیندیش وتوێتی: شیرینیی ئاوازەکان ئومەدم بە ئەبدیەتێکی جوان، قایم دەکەن . ل43

-لای یۆنانیی و ڕۆمانییەکانیش، مەسیقا خواوەندێکی بەتوانا بوو، کەمەك پەیکەری گەورەیان بۆ دروست کرد. ئەو پەیکەرانەی نیشانەی مێزنییانن، هەروەها قوربانیگەی شکۆدار، کە تیایاندا جوانترین قوربانییەکانی خۆیان پێشکەش کردووەو بە بەخشترین بخوورد عەتراویان کردوون، ئەو خواوەندیان ناو نابوو « ئەپۆلۆ» ل43

لە ئەفسانە یۆنانییەکانیشدا هاتووە، کە نەغمەی ژیەکانی ئەرفیسی مەسیقاژەن، دەی گیانەوەرانیشی بزواندووە، بەیە گیانەوەر دڕندەکان و روەکەکان دوای کەوتوون، گوێکان ملیان بۆ درێژکردووەو لقەدارەکان بەسەریدا نوشتاونەتەوەو داروبەردیش

جووڕاون و لەتاودا پارچە پارچە بوون. ل44

مۆسیقا و جەنگ

دواتر باسی پەیوەندیی نێوان جەنگ و مۆسیقا دەکات، هەروەها ئەو کاریگەرییانە دەخاتەروو کە مۆسیقا هەیەتی بەسەر سەربازەکانەوە.

_ مۆسیقا پێش سەربازەکان دەکەوێت بۆ جەنگ و وریان تازە دەکاتەوە بۆ خەبات گوێتینیان دەداتێ. وەکو هێزی کشکردنیش کاریان دەکاتەوە یەکێیزیان دەکات. ئەوە مۆسیقایە کە وەکو سەرکردەیەکی مەزن پێشیان دەکەوێت و هێزێکی بوونەن بۆ جێستە لاوازەکانیان دەبەخشێت، گوێتینێک کە خۆشویستی سەرکەوتن لە دڵنیاندا بۆدار دەکاتەوە. ئەوانیش بەو بەسەر برسێتیی و تینوێتی و شەکەتی زاڵ دەبن و بەهەموو هێزی جێستیانەوە بەرگری دەکەن و شوێن پێی مەرگ هەڵدەگرن. بەمجۆرە مرۆڤ پیرەزترین شتی ئەم گەردوونە، بە بەاوکردنەوەی خراپەکانی گەردوون بەکاردەهێنێت. ل 47

ئەو دڕندەی کەتایی زەر جوان مەبەستەکەی پەکاوە، لە لایەک مۆسیقا پیرەزترین شتی مرۆڤ، کەچی لە خراپترین بڕهەمی مرۆڤدا بەکاریدەهێنێت کە ئەویش جەنگ و شەڕنگێزییە.

مۆسیقا و شوان

ناتوانین شوانکاریی تەنها وەکو کارەکی ئاسایی سەیری بکەین، چونکە زەرجار لە رەگەی شمشاڵی شوانکارەوە کەمەڵک ئاوازی زەر جوانمان گوێ لەبووە کە مۆسیقاژەنی مەزنیش نەیتوانییووە ئەو ئاوازە دابنێت. هەربۆیە مۆسیقا و شوانکاریش پەیوەندییەکی ڕەحیان پێکەوەیە، شمشاڵیش دەبێتە ئەو پردە ئەفسوناوییەی کە بە یەکتریان دەبەستێتەوە. جوبران خەلیلیش هەستی بەم حاڵەتە تایبەتە کردووەو دەڵێت:

-مۆسیقا هاوڕێی شوانە لە تەنیاییەکیدا، هاودەمێکی خۆشویستە، خامۆشیی دەڕێ سامناکەکان دەگەڕێت بۆ باخ و بۆستانی ئاوەدان، بۆ ئاوازە غەمگینەکانی، چڕێی و سامناکییەکەی لە نێو دەبات و ئاسمانەکەی پڕ لە هەگریی و جوانی دەکات. ل47

مۆسیقا و سەفەر

حاڵەتێکی تر کە نووسەر باسی لێوە دەکات، پەیوەندیی نێوان سەفەر و مۆسیقایە. ئەمە هەمیشە کاتێک سەفەرێک دەکەین، حەز دەکەین گومان

لە مەسیقا بێت، لەوکاتەدا مەسیقا دووریی رێگەمان بۆ کەم دەکاتەوە هاودەمکی ڕەحی باشی موسافیران دەبێت.

لەمبارەیەوە جوبران دەڵێت:

_مەسیقا هێنوێنیی کێژاوەی موسافیران دەکات و لە شکێتییان کەم دەکاتەوە ڕێگا دوورەکان کورت دەکاتەوە. وشترەکان تا گوێیان لە دەنگی سارەوان نەبێت، لە بیابانەدا ی ناکەن، ئەگەر زەنگۆکانیشیان لە مل نەکەن، باری قورس هەڵناگرن.

خەشیی و مەرگ

تەوەرەکی گرنگی تر کە نووسەر تیشکی خستۆتە سەر، پەیوەندیی مەسیقایە بە حاڵەتی خەشیی و ناخەشیی مرۆڤەوە، چۆن لەم دوو ساتە دژ بە یەکدا، مەسیقا دەبێتە هاوڕێیەکی
نزیکی مرۆڤ.

نووسەر لەمبارەیەوە دەڵێت:

_ پیاو هاوسەری ژیانی هەندەبژارت و لەڕی هاوسەرگیریەوە دەروونیان یەک دەگرێت، بەم بۆنەیەوە، خەزم و کەس کەدەبنەوە و دەیکەن بە ئاهەنگ و گەرانی و مەسیقاش دەکەن بە شایەت بە ئەو پەیوەندیی خەشەویستییە. وەکو ئەوەی ڕەژی زەماوەند، دەنگەکی سامناک بێت و خەشی ئاوێتە بووبێت، دەنگەک کە خودا لە ئافریدەکانیدا بەرز نادەگرێت، دەنگەک ژیانی خەوتوو بەدار دەکاتەوە، تا بکەوێتە ڕە و بەاوبێتەوە هووی زەوی بتەنێتەوە.ل 49

دواتریش لەبارەی پەیوەندی نێوان مەرگ و مەسیقاوە دەڵێت:

_ مەرگ وەکو دوا دیمەنی هەمانی ژیان، مەسیقاکی غەمگین دەبیستین و دەبینین چۆن لەو ساتە ئازاراویەدا، کە دەروونەک کەناری ئەم دونیا جوانە جێدەهێڵێت و لە دەریای ئەبەدیەتدا مەڵە دەکات، ئەو ناوە بە تارمایی خەم پە دەکاتەوە. ل49

دوا قسە

بەدنیایەوە تەواوی نووسینەکانی جوبران خەلیل جوبران گوزارشت لە حیکمەت و ژیریی و جوانی ئەدەبی دەکەن، ئەو قسەی لەبارەی زەر شتەوە کردووە لەوانە « هونەر، مەسیقا، ئایین، سیاسەت، مرۆڤ، خەرهەمات و خەرئاوا، شەنگزیی، داگیرکاری تورکی عوسمانی، ئازار

و مەینەتییەکانی گەلی لوبنان و خەرهەڵات بەدەست ئەم داگیرکارە دەندەییەوە. « کەمەڵک بابەتی تر.

لەرووی تەکنیکی نووسینیشەوە، نووسەر هەوڵیداوە جوانترین لەهەمانکاتیشدا مەدەرینترین شێوازی نووسین بەکاربهێنێت، هەموو ئەمانەش وایکردووە کە نووسەرێکی مەزنی جیهان لەدەربچێت و کارەکانی بە زەربەی زمانەکانی جیهانیش وەربگەڕێت.

لەڕەدا جگەی خەیاتی کە دەستخەشی لە کاک ئازاد بکەین، بە وەرگەڕانی تەواوی کارەکانی ئەم کەسە نووسەرەی جیهان و هیوای کاری جوانتری بە دەخوازین.

سەرچاوە:
جوبران خەلیل جوبران. کەی کارە عەرەبی و ئینگلیزییەکان. بەرگی یەکەم. وەرگەڕانی: ئازاد بەرزنجی. چاپی یەکەم. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان. سلێمانی . 2021

فلاشباک..21.. ستیڤان شەمزینی

لە دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانەوە

بەشی بیست و یەک

دوێنێ دوا نیوەڕۆ کەمێکی هاوبەشمان لەگەڵ "محەمەد عەدنان" لە سەنتەری گەنجان پێشکەش کرد، کە سەدان گەنج تیایدا ئامادەبوون و باسکەم لەژێر ناونیشانی "چەپاندنی سەکسی لەکەمەڵگەی ساناتسدا". بووە جێی مشتومڕێکی زەر و هەرا و دەنگێ دەنگیشی لێکەوتەوە. ئەوە یەکەمجارە کەمێک لە سەنتەری گەنجان ئەو قەڕەباڵغییە دروست بکا، لە هەمووی گرنگتر مناقەشە و جەدەلی زەریش بە دوای خەیدا بهێنێ. چوونکە لایەن هەندێ گەنجی محافیزکار و کاریگەر بە ئایین، بەچوونەکانی من بە دژە ئاین و پێشوەخت و ناواقیعی لێکدرایەوە. ئەمەش وایکرد سێ سەعات مناقەشەی توند و پڕ دەنگ بەرزکردنەوەی بە ئەنجام روو بدا. ئەم بەریەکەوتنی ئاراستە دژەکان بوو کە کارەکی زەر پێویستە، چوونکە بە وتەی لینین "دیالێکتیک بەریەککەوتنی

دژکان".

لەو 40 دەقیقەی تەرخانکرابوو بۆم کە قسەکانی خۆمی تیا بکەم. بە خۆرایی هەوڵمدا بۆراوردکارییەک بکەم لە نێوان دیدی "فرۆید" وەک دامەزرێنەری قوتابخانەی دەرونشیکاریی لەگەڵ دیدی "هربرت مارکوز" یەکێک لە فەیلەسووفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، چوونکە دیدی پێچەوانەیان لە هەمبەر چەپاندنی سێکسی هەیە. بە بۆچوونی فرۆید چەپاندنی سێکسی مامانی شارستانییەت و داهێنانە، هەرچی مارکوزیش پێیوایە چەپاندنی سێکسی هۆکارە بۆ تێکشاندنی دەروونی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی پاسیڤ، بۆیە لەپێناو شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە، شۆڕشی سێکسیش بە پێویستییەکی پلە یەک ئەزانێ. پاشان بە چەپی باسم لە کۆمەڵگەی کوردیی کرد وەک کۆمەڵگەیەکی مەرگدەست "ساناتۆس" کە چۆن لە هەوڵی چەپاندنی سێکسیی تاکەکانی خۆیدایە.

لە کۆنکرێتدا هەوڵمدابوو، دیسکۆرسێکی ڕەخنەیی لە ژێر ڕۆشنایی دیدی فرۆید و مارکوز، ئاڕاستەی کۆمەڵگەی کوردیی بکەم. زۆریش گرنگم بوو کرێکی ڕوانینی "فرۆید" لەهەمبەر چەمکەکان لیبیدۆ و من و ئۆو و منی باڵا بگۆڕمە ئامادەبووان. بۆو پێیی فرۆید دەروونی مرۆڤ دابەش ئەکات بۆ سێ حاڵەت. یەکەم: ئۆو "Id" یان لیبیدۆ، ژێدەری سەرکی ڕەمەک و ئارەزووەکانە. دووەم: من "ego" کە ناوەندگیرە لە نێوان ئۆو و منی باڵادا. بۆ دیوێکی تردا منێکی بۆ ئاگایە و کاری باڵانس ڕاگرتنە لەگەڵ داواکاریی ئید و ڕازیکردنی منی باڵادا. سێیەم: منی باڵا "super ego" ئەمە لە دیدی فرۆیددا حاڵەتی پەگۆیشتن و کۆسایەتی دامەزراوە کە کاری پارێزگاریی بەها ئاکارییەکان و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم سێ حاڵەتە دەروونی هەر مرۆڤێک پێکدێنن.

ڕوونکردنەوەی ئۆو چەمکانە بۆ ئۆو گەنجانە کە توانای تێگەیشتنیان کەمتر بوو لەو دابەشکارییە فرۆیدییە کەمێکی زەری کردین بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکەمان و پێدانی زانیاریی لەسەر دیدگای دەروونشیکاریی فرۆید. جگە لەمەش باسەکەمان گێشتۆوە بۆ شۆڕشی خوێندکارانی پاریس "مایەی 1968" کە هربرت مارکوزە بە باوکی ئۆو شۆڕشە دائەنرێ. مارکوز پێیوایە ئازادکردنی کۆمەڵگە واتە ڕەهاکردنی لیبیدۆ کە ئۆوەش لەبری لەناوبردنی شارستانییەتی مرۆڤ، هەوڵنێ دروستکردنی شارستانییەتێکی پێشکەوتووترە. بە ئەمەش گەنجانی بە پشتەوەی ئۆو شۆڕشە ئەزانی، چوونکە بە دیدی ئۆو چینی کرێکار "پڕۆلیتاریا" هەزی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە دەستداوە و تێکڕووە بوو بە ڕوحی سەرمایەداریی. هەر بۆیە شۆڕشی 1968 قەرزاری هەزری

مارکەز.

ئەگەر چی سەرلایەنگری رەوتە ئیسلامییەکان، کردیانە هاوار هاوار، گوایە ئەو قسانەی من بانگەشەیە بۆ فەسادی سێکسی. یەکێک لەوانە وتی: ئەوانەی تەرحت کرد بۆ خوشکەکانت بۆ رەوای ئەبینی؟. منیش وتم ئاخر من کەم ببمە کۆخای ژیانی خۆشکەکانم؟. بۆچی ئەبێت ئازادیی ئەوان لە دەستی مندا بێ؟ کە مافی داوە بە من هەق بە ئازادیی ئەو ژمارە مرۆڤە دابنێم پێیوەندیی خۆیان بە منیانەوە ئەبەستێتەوە؟. زۆرێک لە رەشنبیرانی ئێمە باسی ئازادیی سێکس ئەکەن، کاتێ ئەگاتە ئەو پرسیارەی ئێمە بە خوشک و کچ و هاوسەری خێت بڕوا ئەبینی؟ دەمیان ئەبێت بە تەقەی تەقیوەوە، وایانزانی منیش هەر ئەو تایپەم. بۆیە بە چەپڕەزانی ئامادەبووان رسی پرسیارە قەدەکیانم کردەوە بە خوری و دەرسکم دادان تەشی رسراو چیتر با نەدەن.

7-11-1999

-_____

تێبینی: ئەم بەشە لە لاپەڕە 72-75 کتێبی "فلاشباک"چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکەش لە سەرەتای سالی 2017 چاپ بووە

ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی" تازەترین کتێبی چاپکراوی "دیار لەتیف"

کتێبی"ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی" لە دوو بەش خێی دەبینێتەوە، بەشی یەکەمی داشتنەوەی تیرێیەک لەسەر ڕۆگەزی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی، لەگەڵ خەماندن و ساخکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی کوردی و بەرواری دیرکیانەی ڕۆژنامەنووسیی هونەری کوردی. سەرجەمی ئێم هەوڵە بە پشتاست کردنەوەی مێژووی ڕۆگەزی دیدارسازیی ئەدەبیی، لە ڕۆی گەڵکیی و هەڵدانەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنە کوردیەکانەوە بووە.

بەشی دووەم پێکدێت لە حەوت دیداری نووسەرانی کورد، لەبارەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕانەوە.
پرسیارسازیی وێژەیی، جۆرێک لە ڕۆخۆشکردن بۆ ڕۆدەزیی بەرهەم و تێگەشتن لە ئەزموونی نووسەر. هەکاری پاڵنەرانەی دەستبردن بۆ کارێکی لەم جۆرە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشایییە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەی لەناوەندی توێژینەوەی کوردیدا، درککردن بەوەی نەنگیی دەبەست گەر ژێدەرکمان لەسەر ئەم ڕۆگەزە ڕۆژنامەوانییە و مێژووەکەی بەردەست نەبێت.

ژوانی من.. سەردار جاف

سروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
جگەم سەردارەکەی (مەنسوورە) ئەمشەو
نالی
مینا تەمە
بۆ نەو تەونی تاریکی پەنجەرەیەکا
ڕۆ دەبەم و یاساغ دەبم
لە بەر داڵانی کۆشکەکا
کیژە لە ناڕۆ و قیژەی دا
دایکە لە نائاگایی داخورپا
کەرپەیەکی دەڕەمە لە خەو زڕا
یەکە ون و ئەویتر دەستوپێ زنجیر
سەف سەف زیندە چاڵکردن بوو
گوندێک ڕووخا ، بووە کاوڵێک
شارە خاپوور
نوقمی تەم و سپی پێشی
نیشتیمانە ئەنفالکرا
کچە کوردە ڕاپسکاو لە ئامێز و لەزەتخۆشی
یاخی لە خود وەڵی سارا
ئەو دەمانە
ساتەکانیش پێژموردەیە و یاساغی شەو
تاریکی و دەنگ
بە سەر باڵی بایەقوش دە

مناڵکی ترساو تۆقیو
بۆ دەم شەو لێبان دەخزێ
گورگی شەوێ
بە سەر دەسرازێی ساوایا
لووڕێ لووڕێ
پریاسکەیە...
چێشنی هەورێکی گرمەڵێ
ئافات هێنێ و شین دەگەڵێ
پەڵەقاژێی مەڵەوانێکی نێو دەریا
کەناری ئاو هەر وا بووێ
لە ڕەخی هەر لەنگەرێکا
پەڕەشانی غەدری ڕەژین
لە بەر پانتایی حەوزێکی قەوزاوی داین
کەچی گەورەی بچوک خەرین
هەرایێ حەشرێ حەشامات
ئاە و حەسرەت بە جاسنێ و دەرسیم دەبەین
کچێکانمان ناو نا مەهاباد و کوڵەکانیش ئاراس
ترپێ ترپی هەنگاوەکان لە تەک ئەمەی یاخی بووی خود
مەتەرێز کپ دەکەینەوێ
ئەو ئاتەشە لە مەجمەری فردریکیان نەخشەی نە بوو
لە پیلانی دەندانیان
ئاسەی ڕوونمان لێخنی بوو
لێزانی سەردەستەی بزاڤ
خولیا نەبوو
تەکیێ و خانەقای پیاوچاکان
(أنا الحق) ێ یاساغکرا
ئیشقی خاک و چرەی گوڵێ
میهر و دڵڤانییەک بوو
نە کەس بەو بوو نە بوو بە کەس
ڕەحێ و بە سەر سەوەی بەڵەم گوژم دەدا
گڤەی با دێ لرفەی زریان و دەریایێ
پەلکەزێڕینەی بەهارێ بە سیمامانا نابارێ
ڕووی چەمانی عەدەمەکێ
ئاونگ لێ زنەوێ هەڵدێ
پەپوولەیەکی ڕەح سووکێ و
هەناسەی ئەخەی بە دەم ڕەشەبا دەدا
زەنگی ئەهریمەن دێ و

مینا خۆی خۆی دەنوێنێ
گۆ هەناری ژینی زەردمان
بە تەبزی مایل بە عەرعەر کرا
ووگەی تاوان
بووە بانگ و
بە ئابرووی و شلەوی یاسا دەردەخا
لەچکە سووری کچە گەرمەن
بە ئەخژنی و ئاکەاکی بای هەوەسباز
گیربووی دەکی باغی خاەبازیانییە
پرچی زەمبوور شانە دەکا
تارای سپی ، جاجم ئاسا
بە سەر ئیشقی ئازادی شار دادەبارێ
ئایەەی دووبەری زەمەن بە سەر بانی پەەسلکێ
ئاسمانی پاک دەشینێنێ
هاوار ..... هاوار .....
نازانین نا
هانا بە کام کتێب و دەریچە بەرین
کە قورئان ئەتک و سوتاو بە
مزگەوت کاوەاشک و من بن چەپک
چەشنی سەگێ پەتی ملم بە مەیلیان هەەدەسووێ
ئاپسکان و خەتیار بوونم قەت پەی پێ نەبردووە
هەندێ ترس وەک مەنجەنیق لە هەناوما شاتاوی بە هەناوم
بە ساتێ دەرنەپەیوە
سەبری ئەیوب ناگا بە من
ئەو لە منەوە فەر بووە
لیستێ و بە تاوانی گومەا
لە تەوەمی دەنەن و نایبەنەوە
گەلێ کەیکی تەمەتێ و
ملم وەبەر تەپی خوێن پژان دەکا و نایبەنەوە
دوێنێ لە گەەی کفن سوور
لە سەر چەمکی پێ لە گۆ
میوە لە گەەای دارانا پەترین بوون
خووەی ئاوان لە دەریاکانی ئەرێ تەر لرفێ بوون
ساتەوەختی گوللەباران
مەرگی لەرێ
بە گەەای گوڵی خوێناوی
لە بەر لەزمەی ئاونگباران

جەماوگەی خوێنمان لە دەتکە
بن نساری دار سەوکە
پیرەمێردە بە ساڵاچوو
مژی لە جگەرەی دەدا
لە بەر خۆ و بن لەوەو
مەملەکەتی خوێن و بەفر
چرەی هەوەرینی ڕۆحی و سوتماکی خاک بە با دەدا

٢٩ / ٧ / ٢٠٠٢
هەولێر

وەرزی هەڵکشان و گەشەسەندنی خەبات و تەکۆشانی بەرهەڵستکارانی ئێران!..
عەبدولڕەحمان گەورکی

چاوخشانێک بەسەر هەڵوەشانەوەی سەردانەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی بە کەنفرانسی کەشوهەوای سکۆتلەندا

هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنەکانی موقاومەتی ئێران لە دادگاییکردنی تاوانکار (حەمید نوری) لە وڵاتی سوید، کە ئێستا بە هەی دەوری کارای موجاهیدینی خەڵق خرایەکی بەرچاوی بە خەیوەو گرتووە و بووەتە هەڕەشەیەکی جیددی بە سەر ڕژەمی ئیران و کرگرتە ناسراو و نەناسراوەکانی ئەم ڕژەمە و هەروەها هاوکات لەگەڵ هەوڵدانی ئەم ڕژەمە بە لە باربردنی ئەم پێشکەوتن و گەشەسەندنانەی هەزە بەرهەڵستکاری ئێران، بە ڕەگەی ناردنە دەرەوەی (ئیبراهیم ڕەئیسی) بە کەنفەڵانسی گەڵانی کەش و هەوا لە شاری (گلاسکۆ) لە سکۆتلەندا، ئەبینین ڕژەم ئێران لە ستراتیژی دا تووشی شکستێکی گەورە بووەتەوە و بە هەڵوەشاندنەوەی سەفەر و ئامادەبوونی ئیبراهیم ڕەئیسی لەم

کۆنفێدرالیستەکان، پرسی رووخاندنی رژێمی ئێرانی بە چەند قات کردووە بە رژێمێکی کۆن و کۆمەڵانی جیهان.
کۆنفرانسی گەلانی کۆش و هەوا
سکرتێرخانەکەی گەلانی کۆش و هەوا دکات بە ئامادەبوونی سەرۆک دەوڵەتان و کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان، بە تاوتوێکردنی ڕێگاکان لە پێناو پاککردنەوەی کۆش و هەوای زەوی لە پیسبوون و گازی کاولکاریی کۆش و هەوا.
عەلی خامنەئی لە بەرانبەر قەیرانی رووخاندنی رژێمەکەیدا و بە مەبەستی پەراوێزخستنی و پەردەپۆشکردنی پرسەی بەپێڵەی دادگاییکردنی حەمید نوری و بە تایبەتی، بزووتنەوەی دادخوازیی خوێنی زیندانیانی کۆمۆنیستی کوژکراو لە ساڵی 1988، بە نیاز بوو ئیبراهیم ڕەئیسی بنەڕەت بە بەشداریکردن لەم کۆنفڕانسەدا. بەڵام جارێکیتر نوقمی هەڵکردنەکان بوو لە چاندنی پیلانگێڕیی و ئابووچوونی بە مایەوە!
وریابوونی موقاومەتی ئێران و هەنگاوێکی بە کات و گرنگ!
ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێران کە سەبارەت بە (مرۆڤ) خاوەن ریکاردی دوژمنایەتیکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئێستا سەبارەت بە (ژینگە)یش دەڵاوی دەخکەیە و ڕوخسارێکی قەزوونانەتری لە خۆی دەرخست لە بەردەم کامڕاکانی جیهاندا. لە ئەنجامدا ئاوێی لە پێش هەموو شتێکدا بەرچاو دەکەوێت، وریایی و ئامادەبوونی موقاومەتی ئێرانە، کە لە هەموو شوێنێک و بە کردار، بەرەنگاری مانەوەی ئەم ڕژێمە ناڕەوا و نامرۆڤیە بووەتەوە و بازنەی گەمارۆیەکی توندتری خستەتە سەر ڕژێمی ئێران.

لایەنگران و پشتیوانانی ئەم موقاومەتە لە هەهەندی یاساییدا چەندین بەڵگەنامەیان پێشکەشی پەلیسی سکرتێرخانەدا کردووە و داوایان کردووە بەدواداچوون بکرێت دەربارەی ئیبراهیم ڕەئیسی کە بە پێی یاسای دادوەری نێودەوڵەتی لەکەینەوەی لەسەر بکرێت.
ستراسبۆرگ ستیفنسن، نوێنەری پێشووی پەرلەمانی ئەوروپا لە سکرتێرخانەوە و پشتیوانی دەرینی موقاومەتی ئێران کە سکاڵانامەیەکی ناردووە بە پەلیسی سکرتێرخانەدا بە پێ و شوێنگرتن و دادگاییکردنی ڕەئیسی لەو وڵاتە بە ڕژنامەی سەراسەریی (تایمز)ی وت: "ئەمە داوامان لە پەلیسی سکرتێرخانەدا کردووە کار بکات بە بەدواداچوونی کێسەکە بە ئەوەی لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و لەسەدارەدانکانی سەرووی دادوەریی، ئیبراهیم ڕەئیسی بخاتە ژێر لەکەینەوە". ڕژنامەی تایمز هەروەها نوسیویەتی "پەلیسی

سکرتێرەندا وتی کە ئەو زانیاریانەی وەرگرتووە و هەستیانگاندنی بە دۆکات".
ستیڤنسۆن لە کۆنگرێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی:"ئەمە لە هەموو وڵاتێکدا بەدواداچوونی بە دۆکەین بە ئاوەی ڕەئیسی دەستگیر بکرێت و نابێت پارێزبەندی لەسەر هەبێت. لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی 2019 کە ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بووە، زیاتر لە 1500 ئێرانی کەمەکوژ کراون". ستیڤنسۆن ئاوەشی وت: "هەروەها لە کۆنەدا و هەندێنایش هاوشێوەنی هاوشێوە گیراوەتە بەر بە مەبەستی دادگاییکردنی ڕەئیسی لە دادگاکاندا".
هاوکات بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە سکرتێرەندا گوتی: بەڵگەکان ئاوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئیبراهیم ڕائیسی لە ساڵی 1988 ئەندامی دەستەی مەرگ بووە کە زیاتر لە 30 هەزار زیندانیی سیاسی کەمەکوژ کردووە. هەر بۆیە ڕەئیسی دەبێت بە هەی تاوگەلانی لەو تاوانەدا لە ژێر یاسای نەوەوەتیدا لەکەینەوەی لەسەر بکرێت.
هاوکات ڕەوەندی ئێرانی و لایەنگرانی موجاهیدینی خەلق، زنجیرێک خۆپیشاندانی پێ سەزیان لە چەندین پایتەخت و شاری گەورەی ئاوروپا ئەنجامدا، کە بریتین لە بەرلین، لەندەن، ئەمستردام، پاریس و ستۆکهۆڵم، بە دروشمی "میرغەزەب ڕەئیسی دادگایی بکەن!" کە جێی سەرنجی بەربڵاوی کەس و کۆمەڵانی سیاسی و ڕۆژنامەوانی بووە.

شکست و ئابووچوونکی گەورە بە ئیبراهیم ڕەئیسی!
لەبەرامبەر ئەو هەڕەشە و شۆنە کردەیانەی موقاومەتی ئێران بە ڕێگریکردن لە سەردانەکەی ئەم تاوانبارە بە وڵاتانی ئاوروپی و ئەمریکی، وەلی فەقیهی دەسەڵاتداری ئێران لە ترسی دەستگیرکردنی سەرکە بووکەکەی، واتا ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕایگەیاند کە ڕەئیسی ئامادەی کۆنفڕانسکەی گەاسکە نابێت!
شیاوی باسە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، کە دانیشتنی ساڵانەی کۆمەگای گشتی نەتاوە یەکگرتووکان بەاوچوو لە نیایورک و باشترین دەرفەت ڕەخسا بە عەلی خامنەیی کە ڕەئیسی بنەڕەت بە مەبەستی ئامادەبوون لە دانیشتکەکەدا، بەام عەلی خامنەئی ناچارکرا بە بیانووی "کۆرنا" سەردانەکەی ڕەئیسی بە نیایورک هەاوشێنتاو. بەام میدیاکانی ژەم دانیان بەوەدا نا کە هەکاری هەاوشانەوەی سەردانەکەی ڕەئیسی بە دانیشتنی ساڵانەی کۆمەگای گشتی، بەر لە هەموو شتێک، نیگەرانییە لەمە دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ڕەئیسی و دەرەنجام، سەرکەوتنی چالاکییەکانی موقاومەتی ئێران!

هێواستی موقاومەتی ئێران و موجاهیدینی خەلق و چوار دیە تکەشانی بۆچان لەمە دەرخستنی سیما و پێناسەی راستەقینەی ئەم رژێمە و ئاشکراکردنی تاوانکانی و ناڕەوابوونی، ئێستا لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە و لە هەموو شوێنکی ئەم جیهانەدا باس دەکرێت. مایک پەمپیە وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکایش بە راشکاوی ڕاگەیاند کە "هەر جۆرە سازشکردنک لەگەڵ ئیبراهیم ڕەئیسی مانای سازانە لەگەڵ ئەم کەمەکوژە. ئەمە دەبێت بە هاوپەیمانکانمان لە ئەوروپا و ئاسیا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەوانیش ناوبراو بخەنە ژێر لێپرسینەوە" (گردبوونەوەی جیهانیی ئێرانی ئازاد، تەممووزی 1400).

هێواشانەوەی سەردانکەری ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ گلاسگۆ

ڕۆژی دووشەممە 10ی تشرینی یەکەمی 1400، سەعید خەتیبزادە، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕژێم لە ڕاگەیەندراوەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کە تاوانبار ڕەئیسی ناچێت بۆ گلاسگۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کەش و هەوە. بەڵام بۆچی؟ خەتیبزادە ئەو ئامادەنەبوونەی بە "تەواونەبوونی ئەندامەتی ڕژێمی ئێران لە پەیماننامەی کەش و هەوا" بەستەوە کە ئەمەش بیانوویەکە و بەس! چون هەر لەم کۆنفرانسە هەواڵیەدا بە دووفاقییەتەوە وتی "شاندی پسپۆڕیی کەماری ئیسلامی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە دەکات"
وەرزی هەمەت و پشتوویی موقاومەتی ئێران!

ئەوەی ڕاستی بێت، گرنگتر لە ئەندامبوون یان ئەندام نەبوون لەم پەیماننامەیەدا، پەیوستیی ڕژێمە بە ئامادەبوونی ئیبراهیم ڕەئیسی (تاوانباری گەورەی مێژووی ئێران) لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژئاوادا. ڕژێم بە بەردەوامیی دەیهەوێت دەرفەتکی دەگمەن و گرینگی لەمجۆرە بقۆزێتەوە. چونکە یەکک لە قەیرانە جیددی و ستراتیژییەکانی ڕژێمی ئێران دوورخستنەوە و گۆشەگیربوونی نێودەوڵەتیی ئەم ڕژێمەیە لە ناو کەمەگای جیهانیدا و لەگەڵ ئەوەیشدا، هەبوونی خەرایی لە پرسەی گۆشەسەندنی موقاومەتی ئێرانە لە ئاستی ناوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێراندا.
هەموو بەگژکان ئێستا شایەتی ئەوە دەدەن کە "وەرزی هەمەت و پشتوویی موقاومەتی ئێران لە دواقۆناغی کۆتایی ئەم ڕژێمە دەستی پێکردووە کە تیایدا، کێسی دادخوازیی خوێنی شەهیدان فاکتەرێکی هەرە هاندەر بووە. دوای ئەوەی موقاومەتی ئێران پرۆژەگەلکی وەک تیرەریزم و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی و دەستتێوەردانی ئەم ڕژێمە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ئاشکرا کردووە، ئێستا لەقاودانی

“دەسپێی پشتڵکاریی گەورەی رژێم لەمێ مافکانی مرۆڤ لە ناوخۆی ئێران”، بووەتە جێی سەرنجی کەمپەینگای جیهانی و لە هەمانکاتدا بووەتە هۆی خۆشحاڵبوونی خەڵکی ئێران و لایەنە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان کە پشتیوانی هەر هەوڵێکی دژی هێزی سەرکیی موقاومەتی ئێران کە ببنەوە و پشتگیری ئێم هێزە بن.

کۆتایی

عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی

چەمکی کاراکتەر Character لەشانەدا.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

لەوتەی شانۆ هەیە تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت، کاراکتەر کرۆکی بنەڕەتی دراماییە، بەڵام هەمیشە سروشتی کاراکتەر لەگەڵ دابووە، بەپێی پێویستی دراماو شانۆو گەشەکانیەکانی پێشکەوتنی سەردەم و خواستەکانی .
دروست کردنی کاراکتەر وەك بونیاتێکی بنەڕەتی لەپێکهاتەی شانۆیی دا، سەرچاوەی کێشەکردنەوەی فەلسەفەو ئایدیای شانۆیە، بە گێڕاندنی ئەو پێیامەی دەرهێنەر دەیەوێت لەڕێگەی کاراکتەرەوە بیگەیەنێتە وەرگر.
بە چەنیەتی ڕەسم کردنی ئەو کاراکتەرەش لە کاری درامی دا، دەرهێنەر هەمیشە پێویستی بەئەکتەرێکی ئەکتیڤ هەیە، لەو ئەکتەرانەی توانستێکی کارامەی جەستەیی و خەیاڵێکی بەر بڵاوو سەلیقەیەکی درژۆ و هوشیاریەکی باشیان هەیە، بە بەرجەستە کردنی ئەو کاراکتەرانەی لە سەر شانۆ بینەر تەر دەکەن، لە وێناکردنی ئەو کاراکتەرانە بەرووە جیا جیاکانیانەوە .
پەیوەندی ئەکتەرو کاراکتەر
پەیوەندی ئەکتەر بەکاراکتەرەوە پەیوەندیەکی ڕۆحی و جەستەیی، زۆر جاران ئەو پەیوەندیە بە شێوەیەك ئاوێتەی یەکتر دەبن، بینەر هەست بەوە بکات، کاراکتەری سەر شانۆ زۆر جوانتر ببینێت لە

کاراکتەرکی راستەقینە، ئەگەر واش نەکات، ئەو ئەو مانایە دەگەیەنێت کە ئەکتەر دەست کوورت بووە لە گەیاندنی ئامانجە راستەقینەکە.
ئەکتەر بەرلەوەی بەرجەستەی درامی کاراکتەرێك بکات، دەبێت لەچەندین رووەوە ئامادە باشیەکی زانستی و رۆشنبیریی قوڵی هەبێ بە ناسینی بیری نووسەرو ئەو فەلسەفەیەی دەیەوێت لەرێگەی کاراکتەرەکەوە بیگەیەنێ، هەر بە نموونە ئەگەر دەرهێنەرێك یا ئەکتەرێك ئاشنا بەچیخۆف و شەوازو ستایلی چیخۆف نەبن، هەرگیز ناتوانن کاراکتەرکی چیخۆفی لەسەر شانۆ نیشان بدەن.
ئەگەربڕوخت وستانسلافسکی و بیتەربرێك نەناسن ناتوانن سەرکەوتوو بن لەبەرجەستەکردنی ستایلی هیچ لەو خاوەن تیۆرانەی شانۆ.
کەواتە ئەکتەر بەر لەهەموو شتێك پێویستی بەباگراوندکی رۆشنبیریی تیۆریی و پراکتیکی هەیە لەسەر میتۆدە جیاوازەکان و شەوازو ڕێبازە جیهانیەکان.
بەیە سەرکەوتنی کاراکتەر تارادەیەکی زۆر پێوەستی بەتوانستی ئەکتەر هەیە لەرووی جەستەیی و فیزیکی و پەرفۆرمانسەوە، تا توانای گونجینی کاراکتەرکانی هەبێت لەکاتی پێویست دا.
یاخود ئەم فۆرمە فرە کاراکتەرییەی تەنیا ئەکتەرێك لەنمایشکدا، بەچەندین فۆرمی لەکتر جودا بەرجەستەیان دەکات، بەپێکهاتەیکی هارمۆنی و درامی ئەکتەرو دەرهێنەرو تێکست نووس فەراهەم دەبێت، بەفۆرمێك زۆر جاران ئەکتەر دەگەیەنێتە حاڵەتێکی جیاواز و نا تەقلیدی لەنواندندا.
لەشانۆگەری (گێشتکەی حەسەن) ی کامەران ڕەئووف هەر دیمەنێك لەشانۆگەریەکەدا شانۆگەریەکی نیمچە سەربەخۆیە و پێنج کاراکتەر لەیەك نمایشدا لەلایەن یەك ئەکتەر بەرجەستە دەکرێت، بە هەر دیمەنێك کاراکتەرکی سەربەخۆ، هەر کاراکتەرێك لەرگو ریشەوە لەگەڵ تێکەڵی کاراکتەرکانی دیکەی نمایش لەیەکتر جودان و هەر یەکەو فۆرمێك و وێنەیەك و تام و چێژکی تایبەتی خۆیان وەردەگرن، لەکەسایەتی، سروشتی نواندن، دەنگ، شێوە.
گرنگتر لەوە ئەوەیە ئەو ئەکتەرە لەهەمان کات و شێوندا بتوانێت ئەو ئامادەییە هونەریی و دەروونییەی هەبێت، بتوانێت کاراکتەرکانی خۆی بەخڕایی بگەڕێت و هەریەك لەوان خەسڵەت و سروشت و فۆرمی تایبەتی خۆی بداتێ، بە ئەوەی لە نرخ و بەهای هیچ لەو کاراکتەرانە لەسەر حیسابی ئەوی تریان کەم کاتەوە، بەڵکو بەهەمان ڕیتمی داهێنان بەردەوام بێت لەپەرفۆرمانسی نواندندا، بەتایبەت لەکاتی مۆدای دووری نێوان کاراکتەرکان لەرووی سروشت و فۆرم و شەوازی نواندن بە هەریەك لەکاراکتەرکان .

ئەمش راستیەك دەردەخاو ئەو دەسەلمێنێ، کەم ئەکتەری کورد لەرووی هاوسەنگ راگرتنی توانای جەستەیی و هونەرییی و خەرایی گەیینی خەسڵەتەکانی کاراکتەر، توانای کامەران رەئووفیان تێدایە.
لەگەشتەکەی حەسەن دا سەختە بە ئەکتەرێك بتوانێت لە یەك کاتدا بتوانێت ببێتە کاراکتەرێکی دە رەق و تۆندو تیژی وەك (عەلی کەشتیەوان) بە بیجە وانە ی (سەلامی کەمانچەژەن) کە کاراکتەرێکی هەمن و ئارامە و پاك و بەگەردی و بەرائەتی مرۆیی لە دەباری، یاخود کوڕەوەری کاراکتەرێکی وەك (ئیبراهیمی دەوانە) بگەیێ بەکاراکتەرێکی تاوانباری وەك (حەسەن) هەر یەکەو بەفەرمی تایبەتی خۆیان.
بینەر لەچەندین کاراکتەری لەك جودا لەهەر یەك لەوان چەژەك دەبینی، رقی لەهەندکیان دەبێتەوەو هەندکی تریانی خۆش بوێت .
ئەو هونەری ئەکتەرە وات لە دەکات ئەو هەستە دەروونیەت بە دروست بێت، ئەمە بەگەی نا تەقلیدیەتی نواندنە لای ئەکتەر، کە هەرگیز سایانی تەمانی نواندن نابێتە پەوەر بە دەرچوون لەقالبێکی دیاری کراوی نواندنی هەندە ئەکتەر، چونکە تەقلیدیەت بە راددەیەك بە سەر هەندە لەو ئەکتەرانەدا زاڵە کە تا ئەوان لەسەر شانە مابن، ناتوانن خۆیان لەو مەرك و تەقلیدیەتە رزگاربکەن کە پیانەوە نووساوە.

فاکتەرکانی ئەو کلێشە گرتنەی نواندن ولاوازی توانستی ئەو جۆرە ئەکتەرانە زۆرن، گرنگترینیان :

1.سنووردار بوونی توانستی پەرفەرمانسی ئەکتەر لەرووی جەستەو دەنگ و ئیلقا.
2.دوور کەوتنەوەی لەراهێنان و وەرك شۆپ و پرۆڤە .
3.کار کردنی لەگەڵ یەك دەرهێنەرو راهاتن لەسەر یەك فەرمی دیاری کراوی نواندن و یەك ستایل .
4.هەندە ئەکتەر، بەتایبەت ئەوانەی نواندن نابێتە پیشەی بەردەوامیان ناتوانن جەستەی خۆیان پەروەردە بکەن، لەهەمان کاتیشدا ئاستی هوشیاریی و کولتووری شانیان پڕە پە بدەن، بەپشت بەستن بەخۆیان .
5.دوورکەوتنەوەیان لە بینینی ئەزموونی گەلان و نەشووما نەبوونی بەهرەکانیان .
6 .لاوازی هەندی دەرهێنەر لەرووی شارەزایی و پسپۆری بە دروست کردنەوەی ئەکتەرو راهێنانیان لەسەر میتۆدکی دیاری کراوی جیهانیی، چونکە هەندە لەو دەرهێنەرانە تا ئێستا لەرووی تیۆری و

پراکتیکییەوە ناتوانن راهێنان لە سەر ڕەبازی ستانسلافسکی و گۆرە دەرهێنەرەکانی تر لەرووی ئامادە کردنی ئەکتەرەوە بکە، یا جیاوازی ستایلی ئەو راهێنەرە جیهانیانەی وەك برێخت و مایر هۆلد و بیتەر بڕك و ئارتەو ئەوانی تر بزانن، بە ئەوەی لەکاتی کارکردن لەسەرستایل و میتەدی هەر یەکە لەوان بزانن ئایا بە چ ستایلێك نواندن دەکەن، پاشان تێگەیشتنی دروستی ئەکتەر لەکاراکتەرەکەی و ئەبعادو و گوتاری ئەو کاراکتەرەو خەسڵەتەکانی تە بگەن .

هەندە ئەکتەرەیە لەژیانی هونەریی خۆیدا ڕۆڵی چەندین کاراکتەر دەبینێت، بەڵام سەرکەوتوو ناسرکەوتووکانیشەوە، بەڵام ئەوان لەنێوان سێدان لەو کاراکتەرانە ناوداریەتی تەنیا بە کاراکتەرێکەوە دەردەکەن، ئەو کاراکتەرە تا ئەبەد دەبێتە ناونیشانیان و پێیانەوە دەناسرێنەوە،
پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەکار چیە ئەو ئەکتەرە لەنێوان ئەو هەموو کاراکتەرە جیا جیا یانەوە لەسەر تەنیا کاراکتەرێك دەگیرسێتەوەو لەی جیا نابێتەوەو تەنیا لەسەر ئەو کاراکتەرە دەگاتە لوتکە، بەدرێژایی تەمەنی خۆن بەوەنیەکی هاوتای ئەو کاراکتەرە دەبینە و نایدەزێتەوە، ڕەنگە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەش پەیوەستی بەوەڵامدانەوەیەکی زانستی تەرو تەسەڵە .

با بگەڕێینەوە دواوەو بپرسین چمکی کاراکتەر چیە ؟ دیارە کاراکتەر ئەو کەسە دەگرێتەوە کە ئەکتەرێك لەسەر شانۆ نمایشی کەسایەتیەکەی دەکات بە وێنا کردنی ئەو کاراکتەرەو بەرجەستەکردنی خەسڵەتەکانی لەچەندین لایەنی جیا جیای فسیۆلۆژی و ماددی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە ، چێشنی کاراکتەرە ناودارەکانی وەك هاملێت، ماکبیس ،لیر پاشا، ئۆدیب، ئوتیلل، کە هەر یەك لەوان بوونەتە هاوەڵی زۆرینەی بینەرانی شانۆ لەهەموو جیهانداو هەر یەك لەوان کاریگەرییەکی لەدەروونیاندا دروست کردووەو بینەر ناتوانێ لە بیریان کات.
دروست کردنی ئەو کاراکتەرانە وێنەیەکن لەمشکی نووسەرەك و دەرهێنەرەك دەیانهێنێتە سەر شانۆ ئەکتەرەك لەسەر شانۆ بەرجەستەیان دەکات، بەڵام بەرجەستە کردنەك کە لەسەر شانۆ مۆژوو دروست بکەن .
دروست کردنی کاراکتەر کارێکی هونەریی وردە بە دەرهێنەر، کە تێیدا ڕۆچاوی چەندین بنەما دەکات لەوانە:

1. **لەرووی فسیۆلۆژی و ماددییەوە:**
کورتی و درێژی باڵای کاراکتەر، کێش و ڕەنگی پێست،جوانیی و

ناشیرینی، تەمەن، چونکە زەر جاران بزووتنەوەی کاراکتەر لەسەر ئاستی تەمەن دیاری دەکرێت.
2 . **لەرووی کەمەایەتیەوە:**
چینی کەمەایەتی و ئاستی رەشنبیریی و هەلومەرجی دارایی و خێزانداریی و داب و نەریت و بیروباوەڕ، کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ناساندنی کاراکتەر .

3.لایەنی دەروونی:
نیشاندانی توانست و بەهرەی کاراکتەر لەرووی سەرکەوتنی، یاخود لاوازی کاراکتەرو کەم توانایی لەکارو کاریگەریە دەروونیەکان لەسەر ئەو کاراکتەرە، ئایا ئەو کاراکتەرە گرێ دەروونی هەیە ؟ یاخود تەوانینی چۆنە بەرامبەر بژیان ؟
کاراکتەرکان بگشتی کە دابەشی دوو بەش دەبن لەوانە کاراکتەری سەرکی و کاراکتەری لاوکی و چەند جۆرێکیان لە دروست دەبێت، لەوانە:
1.کاراکتەری کەمدی و دەم بەپێکەنین .
2.کاراکتەری تراژیدی و ئازو گرژو داخراو .
گرنگە بە رەسم کردن و دروست کردنی کاراکتەر دەرهێنەر رەچاوی لایەنی کەمەایەتی بکات، بە دیاری کردنی خەسڵەتەکانی کاراکتەر لەرووی ژینگەی دەورو بەرو پەیوەندیە کەمەایەتیەکان و ئاستی ئابووری.
هەروەها لایەنی دەروونی بە دیاری کردنی کاراکتەر بەلایەنکی گرنگ دەزانرێت بە ئەوەی سایکۆلۆژیەتی کاراکتەرو عەقلیەتی بزانرێت، روون بێتەوە ئایا کاراکتەر هەڵگری ئایدیاو ئامانج و گوتارێکی مرۆییە، یاخود نا .

ئەکتەر کە دوای کاراکتەر سەرچاوەی هەرە بنەڕەتی دەبێت بە بەرجەستە کردنی کاراکتەر، گرنگە بایەخ بەچەند تەوەرێکی گرنگ بدات:
1.پەیوستی بە ئامادەکاریەی دەروونیەکانە کە بریتین لە:

دروست کردنی خەیاڵێکی بەرباوو قوە بوونەوە لە خەسڵەتەکانی کاراکتەرو خۆ ئامادە کردن لەگەڵ رووداوو ئەتمۆسفیری نمایشکە، راهاتن لە گەڵ قۆزای نمایش و دیکۆرو روناکی و ئارایشت و جلوبەرگ
2.پڕۆژەی جەستەیی بەردەوام و بەوا داچوون بە تەگەیشتنی تەواو لە کاراکتەرکە، لەوانەش لەپیرفۆرمانس و دەنگ و ئیلقا.

3 . بەوا بەخۆ بـــــــوون لە بەرجەســـــتەکردنی رەهـــەکەو خۆ ئامادەکردنەکی دەروونی بۆ گرێ .
ئەکتەر دەبـــت لەوە بگـــات کە هەمـــوو کاتـــێك لە بەردەم ئەزموونەکی نوێ دایە و بەردەنگاربوونەوەی هەر ئەزموونەکیش تـــاقیکرنەوەیەکی ســـەختە، هەر نیگەرانیەك لای ئەکتەر دروســـت بـــێت، ئەگەری روخانی زۆرتر دەبـــێت لـه سەرکەوتنی.

وەرزە سەوزەکانی ئەوین- وەرزی دەیەم.. شیعری: ستیڤان شەمزینی

بۆ چاوی کانی لێم مەوانە
من رووباری عەشقم
بۆ چاوی تریفە لێم مەوانە
من پەلکەزێرینەی ئەوینم
بۆ چاوی باران لێم مەوانە
من زریانی ماچم
بۆ چاوی زەوی لێم مەوانە
من ئاسمانی ئەبەدیی تەم

هەستەکانم گزنگیان لە ئەژنۆ
تەنیا جارێک بۆ خەیاڵ
چاوم لە خەر داگرتووە
پەکەنینەکانم فرمێسکیان لە ئەچنۆ
تەنیا جارێک بۆ خەیاڵ
توند توند تەم لە باوەش گرتووە

هەرچی هات
شمشێری پێ بوو

تەنها بریەنی لەسەر رەحم هەڵکەڵی
هەرچی رەیشت
جانتایەکی پەمەیی لەگەڵ خۆی برد
کە پێ پێ بوو لە خوون و خەیاڵکانم

گەشتی خەیاڵم ناوەستێ
تا تۆ لە ئاسمانی جەنجاڵی
ئاوێنداریی نەدەزمۆ
زمانی شیعرم ناپژێ
تا تۆ لە هەزاران بەیتدا
بە پەڕووچی جوانی
لەسەر دەفتەری فەنتازیا
نەنووسمۆ

کە هاتم وەک ڕەشەبایەک دەم
چەن ڕەشەبا
درەخت ڕووت ئەکاتەوە
منیش هەر بەو جەڕە
ڕووتت ئەکەمەوە
چەن ڕەشەبا، سەما
بە چەو پێ ئەکات
منیش هەروا
مەمکت ئەخەمە سەما
چەن ڕەشەبا، هەور
لەسەر دەی ئاسمان ڕائەماڵێ
منیش سەرپەشی شەرم
لەسەری تۆ لا ئەبەم

کە تەم بینی
با ستیانەکەت لە ڕەنگی چاوم
کاتەر بۆ
دەستەکانت بۆنی مەخەکی
شیعری لێ بۆ

ماچ‌کانت تاڤگ‌ بن
و‌ک بارانی چ‌ژ
ب‌سر ل‌و‌کانمدا ه‌ژ‌

ت‌ ک‌ ئ‌ستر‌ی‌کی خ‌شب‌ختی
نازانم ب‌چی خ‌ت د‌خ‌ی‌ت‌
باو‌شی ئاسمان‌کی
پ‌ غ‌می و‌ک من‌و‌؟
ت‌ ک‌ فان‌س‌کی د‌ت‌‌ی‌ت
نازانم ب‌چی خ‌ت د‌خ‌ی‌ت‌
ب‌ر‌د‌م گ‌ر‌د‌لوول‌کی
س‌ر شتی و‌ک من‌و‌؟
ت‌ ک‌ با‌ن‌د‌ی‌کی ب‌ر‌ز‌ف‌ی
نازانم ب‌چی خ‌ت د‌خ‌ی‌ت‌
ن‌و زیندان و ق‌ف‌زی
د‌ی م‌جنون‌کی و‌ک من‌و‌؟؟

شت‌ک من و ت‌، ک‌ د‌کات‌و‌
ل‌وان‌ی‌ ستران‌کی ق‌ر‌جی ب‌ت
ل‌ ژ‌ر ر‌شما‌ی ع‌شقدا
ل‌وان‌ی‌ ه‌‌ژ‌ک ب‌ت
ل‌ نیگای من ب‌ر‌و ت‌
ل‌وان‌ی‌ بز‌ی‌کی و‌ریو ب‌
ل‌ ل‌وی ت‌و‌ ب‌ر‌و من
ل‌وان‌ش‌ گو‌ی ت‌ ب‌ت
ل‌س‌ر تابووتی م‌ر‌گی من

ت‌ ک‌ ل‌ گ‌رانی من ت‌ناگ‌یت
ئاوازی چیم ب‌ د‌ژ‌نی؟
ت‌ ک‌ توانای خ‌ن‌دن‌و‌ی
د‌‌پ‌ک فرم‌سکت نیی‌
چ‌ن ت‌فسیری گریان‌کانم د‌ک‌ی‌ت؟
ت‌ ک‌ ل‌ ل‌نج‌ و لاری ه‌وری

حەز نارنجییەکانم تەناگەیت
چۆن لە حیکمەتی بارین حاڵی دەبیت؟
تۆ کە نابینیت خۆریکە دەمرم
لە شەوە قەترانییەکانی غەریبیدا
چۆن پێناسەی ژیانم بۆ دەکەیت؟

من هەموو کاتێک لەرەنیم
نامەت بۆ بنێرم
ڕەنگە ڕۆژێک بێت
زەرد چاوەوان و تامەزرۆی
یەک تاکە نامەیەکم بیت
تێیدا نووسیبێتم
خۆشم ئەوێی
بەڵام ئیدی ڕەنگە چاوی قەڵەمەکەم
کوێر بووبێت
هەستەکانم لە گۆڕکی تەنگدا
زیندە بەچاڵ بووبن
ئەوسا ناچار دەبیت
لاپەڕەی یادەوەریی
ناو دە و سەزت هەبدەیتەوە و
بۆ دوای هەر نە پیتی
"خ ە ش م ئ ە و ە ی"دا
بگەڕیت و نەیدەزیتەوە

شیعری: ستیڤان شەمزینی

گوتارەکی سیاسیی جودا،

پۆیستییەکی هەنووکەیی-1.. هادیی حەمەشید – کامیار سابیر

نەخشەرێگەیەکی بەدیل، بۆ فشەلی حیکایەتەکانی کوردایەتیی

هادیی حەمەشید
کامیار سابیر

ئەگەر سەردەمی شێخ مەحمودیش بپەنجێنین، تەنیا لە چلەکانی چەرخی رابردووەوە دەست پێ بکەین، نزیکەی هەشتا ساڵە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا، بە ئومێدی دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکانی، لە نێوان گێژاوێکی سیاسیی پڕچەپۆڕدا، دێت و ئەڕوات، ئەو سیی ساڵیشە دەسەڵاتی حیزبی کوردیی و بنەماڵە سیاسییەکانی کوردمان بیینی کە ئەگەر بە وێژدانەوە تەعبیری لێ بکرێ، ئەبێ بگوترێ فاشیلترین دەسەڵات و حوکمڕانییە لەسەر رووی زەویی، بە تایبەتییش لە گەندەڵیی و برسییکردنی بە ئەنقەستی خەڵک و بەهەدەردانی سامانی نیشتمانییدا. گەورەترین کێشەی سیاسیی ئەو حیزب و کەسایەتییانەی خەیان بە نیار و ڕەخنەگری سیاسیی ئەم فشەڵە سیاسییەی هەرەم و حیزبەکانی ئەزانن، بە گوتارییە! گوتارێکی سیاسیی جیاوازیان نییە کە لە پارتیی و یەکێتیی و دووکانە سیاسییەکانی تر، جودایان بکاتەوە.
ئەم بە گوتارییە، نەبوونی روئیەی سیاسیی و هەزکی ئەپەزیسیۆن کە بتوانێ فەرمەنی داخوازییەکانی خەڵک بکات کە زیاتر لە عەدالەتی کەمەناتییدا جێگیر ئەبن، وەکو هەزکی کارای ئەپەزیسیۆن، گوتارێک تەبەنیی بکات کە ببە بە جێگەی متمانەی بەشکی زۆر لە خەڵکی نااازیی، بە تەواویی لە هەبژاردنەکانی عێراق(١٠ ئۆکتۆبەری ٢٠٢١)، ڕەنگی دایەوە و زۆرینە پەنایان بە بایکۆت برد.
بایکۆتی بۆرین لە ئاستی عێراق و هەرێمیشدا، بەشی هەرە زۆری بە ئەو ئەگەنتەوە کە هەزەک یان پارادایمکی جیاوازتر لە هەزە طائیفیی، قەومیی، ئیسلامیی و گەندەڵکان، بوونیان نییە و خەڵکی متمانەی بە ئەپەزیسیۆنی شەریکی دزەکان نەماوە، بایکۆتەکە سەرتاسەری عێراقی گرتەوە و بەغداد لە پێش هەموو شارەکانەوە بوو.
هاوکات، بایکۆتی هەرەم، ئەفسانەی دەسەڵاتداریی پارتیی و یەکێتیی،

تووشی زەمینەلەرزە کرد. لە نەبوونی ئەپۆزیسیۆنکدا کە جێگەی متمانەی خەڵکی ناڕازیی بێت، شاری سلێمانیی شکڵی یەکڕتیی و گەڕانی شکاند و ٨٪ ی خەڵکیان لەگەڵدایە کە دیارە زۆرینەیان موچەخۆرن یان لە ترسی برسیەتیی و نانبڕیین، دەنگیان پێ ئەدەن. بە پارتیی و بادینانیش هەمان ڕاچەکیین هەیە.

گەلان، ئەپۆزیسیۆنی زۆر ناشیرین کرد. یەکڕتیی نوێ لە دوای کودەتای ٨ی تەمموزەوە، بە تەواویی بووە بە دووکانێکی سیاسیی کە مۆئمووریەتێکی بە هەندە مۆئمور سپاردراوە کە هەمووبان لەو دزیی و تاڵانییەی کوردستاندا، لەگەڵ پارتیی شەریکن(بە پشکی زۆر کەمەوە). گرنگترییەن شت لە دوای ئەم هەڵبژاردنەوە، ئەوەیە چۆن بەشێکی کارا لە خەڵکی بایکۆت، بە کاری هاوبەش و بیروڕا گەیینەوە، ئەم بە ئاسایی لە سیاسەتدا، بە گوتارێکی سیاسیی جوداوە، تەپڵەنن و ڕوئیەیێکی سیاسیی و عەقڵانیی، هەڵوێردراو لە سیاسەتی فاشیلی کوردایەتیی و حیزب و بنەماڵەکانی، تەبانیی بکەن؟ بە دڵنیاییەوە، ئەمە باوەڕمان وایە پێش هەموو شتێ ئەبێ گوتار و ڕوئیەیێکی لە گوتاری زاڵی کوردایەتیی و ئەو تیجاڵەتە نەتەوەییەی بەناوی کوردەوە ئەکرێ، دابڕێت. هاوکات، لەو گەندەڵیی و پێپولیزمەش ڕزگار بکرێ کە خەڵکێکی زۆر بە پارە و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، سیاسەت ئەکەن و لە بەها گشتییەکان و مەڵا کەمەڵایەتییەکان، دایئەبڕن.

کورد لە کوردستانی عێراقدا، ئەو نزیکەی ١٠٠ ساڵە دەستوپێ لەگەڵ عێراقدا نەرم ئەکات، هەمیشە وەکو ئەوەی ستەمێکی زۆر گەورەی لە کرابێت، وەکو قوربانییەک خۆی نیشان ئەدا کە ستەمێکی لە کراوە، لە دونیادا وێنەی نەبووە و نییە. سیاسەتی باوی کوردایەتیی، گوتارێکی زاڵە، یان دروستتر، چیرۆکێکی باڵادەستە کە زیاتر نەتەوەییەکانی کورد، حیزبەکانیان وشەخۆ سیاسییەکانی ڕەبازە دینییەکان(نەقشبەندیی و قادریی) و ئەو نوخبانەی هەمیشە، خزمەتی بنەماڵە سیاسییەکانیان کردووە، ئەگرێتەوە. چیرۆکی سیاسەتی کوردیی لەو بەشەی پێیدەگوترا ویلایەتی موصڵ و لە هەندە دەخیشدا بە کوردستانی باشوور(نەک باشووری کوردستان) لە ناوەڕاستی بیستەکانی چەرخی ڕابردوودا، پێش لکاندنی بە دوو ویلایەتەکەی تری عێراقەوە(بەصرە و بەغداد)، وردە وردە فەرمانڕەوایی ئەبوو، چیرۆکێک لە شێخ مەحمودەوە، دەست پێئەکات و بە ڕیفراندەم و کوردایەتییەکەی پێست ڕیفراندەم و کودەتاکەی مانگی تاڵەبانیی لە ٨ی تەمموزی ٢٠٢١ دا دژ بە ئامۆزاکەیان(لاهور جەنگیی)، درێژەی هەیە(نەک کۆتایی هاتبێت).

تەپەبووونی صەدەیەک، زەمانێکی زەر دوور و درێژ بە لێکەوتە سیاسیی و ئاوگۆڕە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریییەکانی هەر نەتەوە، گەل و جڤاکێک، چەندین نەوە چوونە ژێر خاکەوە، چەندین نەوەی تریش لە هەڵەتی گەنجیی و لاوییەتییدان بە دەردەسەرییەکانی کوردبوون و ئازاری خورافەکانی کوردایەتییەوە، ئێناڵێنن، وەای ئەوەی سەری چەندین نەوەی تریش سپیی بوو، یان بەدیار چیرکە گەلگامشییەکانی بزوتنەوەی سیاسیی کوردەوە، پییر بوون. لە هەمووی سەیرتر، ئەم بزوتنەوە پڕکسییەی کە لە شێخ مەحمودەوە درێژ ئەبێتەوە بە بارزانیی و کوە و کوێزاکانی، هەمیشە ڕۆی قییومیان بە تورکیای ئۆکات و ئێستا گۆڕاوە، بەڕام بە ئەدەبییاتی شاعیرانەی کوردایەتیی، ناونراوە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان! بۆئەوەی چوار کەس هەبن و پرسیار لەوە بکەن، ئەجێندای ئەو بزوتنەوەیە، لە کە ڕزگار ئەبێت و بە کوێ ئەچێت؟

ئەمەی سەرەوە، بەشی یەکەمە لە زنجیرە وتارێک بە هاوبەشیی ئەینووسین و درێژەی ئەبێت.

خوێندنەوەیەك بۆ ڕەمانی ئەلف/یای هەزا عەلی‌پوور.. سەران محەمەدەسووره

هەزا عەلی‌پوورم وەک دەنگێکی جیاوازی شیعریی، لەتەک هەردووک شاعیری تری هەژهەڵاتی کوردستان ساڵح سووزەنی و یوونس هەزایی ناسی و بە من جگەی سرنجڕاکێشان و خوێندنەوە بووە.
یەکەم بەرهەمە شیعریی ناوبراوم ساڵی 2014 خوێندەوە بەناونیشانی "قاڵیەک دەناسم لە هەرچی گوێیەتی ماندوو". دووەم بەرهەمە شیعرییشم ساڵی 2016 خوێندەوە بەناونیشانی "کاکە".
خوێندنەوەی ئەو دوو بەرهەمە وایکرد وەک تێنووی شیعر چاوەڕێی بەرهەمی شیعریی دیکەی ناوبراو ببم. تا ئەوەی دوا بەرهەمی (ئەلف/یا)م بەدەستەوە گرت. بەڕام ئەمجارە شیعر نا، بەڕکوو ڕەمان. ڕەمانێک کە نووسەرەکەی هەر وەک شاعیرێک کە نەدیتراو دیتراو

دەکات، خوویایە.
نووسەری ئاستەقینە، ئەویە کە دوای خوێندنەر ناکەوێت، بەکوو بەشداریی بە خوێنەر دەکات، ئەم دوانەکەوتن و بەشداریپێکردنی خوێنەرە دوو شتی لێکجیاوازن. بەهەمە حاڵ، لێرەدا ئەمە دەمانەوێت نووسینەکەمان لە دوو خاڵدا بخەینەڕوو:

یەکەم:
زمانی ڕەمانی ئاڵف/یا زمانێکی سەرشتە، زمانێکە وەک ڕووبارێکی بەخووە، لەگەڵ خۆیدا دەتبات و پێشینەیەکیشت لێی نییە، تا بە دوورگەکانی خۆیت نەگەیەنێت، نازانیت بۆ کوێ دەگەیت، لە کام کەنار گیرساویتەوە. ئاستیی نووسینی بەرهەمی باشیش ئامانجە، کە چارەنووسی خوێنەر دەداتەوە دەست کەناری دەریای خۆی.
لە دەقی ئەدەبیی وەک شیعر، چیرۆک و ڕەماندا، هاوکێشەکی پێچەوانە لە ئارادایە، واتە خوێنەر لەگەڵ بەرهەم و بەرهەم لەگەڵ خوێنەر.
هاوکێشەی خوێنەر لەگەڵ بەرهەم، هاوکێشەیەکی باوە، واتە ئەو ڕەمان/دەقەی کە نووسەر لەگەڵیدا خەشخوانێ، ئەو ڕەمانەیە کە نووسەر ناژەنێت بۆ زەمانێکی نادیار، بەڵکوو دەیژەنێت بۆ شاگێشکەبوون و کەکردنەوەی بەردەنگ، کە لەگەڵ مردنی نووسەری دەقەکەشدا، ئەوە دەقەکە خۆی، دەفەوتێن. چونکە نووسەر لەگەڵیدا لەدایکنەبووە.

هاوکێشەی پێچەوانەی دووەم هاوکێشەی دەقە لەگەڵ خوێنەر، لەم هاوکێشەیەدا ئەو دەقەی کە نووسەر لەگەڵیدا دەژیێت، هەردووکیان منداڵی یەک پزدانن و لە یەک پزداندا بەیەکەوە هەڵیانکردووە، ژیاون و هاتوونەتە دنیاوە، بەناو بە مردنی نووسەرەکەی، دەقەکە ناکەوێت، نەکەوتنی دەقیش نەکەوتن و هەشتنەوەی ڕووحی نووسەرە. ئەو دەقەیە کە دواجار دەفریای نووسەر دێت و لە کاتگەشتی خوێندنەوەدا بەشداریی بە مانەوەی نووسەر دەکات. بگومان ڕەمانی ئاڵف/یاش دەکەوێتە هاوکێشەی دووەم. لە هاوکێشەی دووەمدا، دەق هەڵگری ڕووحی نووسەرێ بۆ ئایندەیەکی دوور و هەردەم لە گفتوگۆدایە لەگەڵ خوێنەر، هەر بۆیەشە بە ناوی هاوکێشەی دەق لەگەڵ خوێنەر دەناسرێت، ئەو جۆرە دەقانەی سەر بەم هاوکێشەیەن خوێنەر لە خوێندنەوەیاندا تووشی هەراسانیی، جاسبوون، بەنام ملنەدان دەکەن. دەقی سەر بەم هاوکێشەیە دەقێکی سرکە و بەردەوام لە خوێندنەوەی نوێدایە.

خاڵی دووەم کە پێویستە لەم ڕەمانەدا ئاوڕی لێبدەینەوە بڕمایییە¬*.
لە ڕەمانی ئەلف/یادا ڕووبەڕووی دوو هاوکێشەی بڕمایی دەبینەوە.

ماڵ تەنی وەك شۆنی نیشتەجێبوون نا، ماڵ وەك شۆنی ئارامیی. بەماڵییش وەك لەدەستدانی ئەو ئارامییەی کە هەمانە؛ ووبەووبوونەوە لەگەڵ بەها و پیرۆزییەکان، هەڵگربوون بە نەریتی جێگیر و نەبزواوی سیاسیی، فەرهەنگیی و تاتین و… تاد. جا ماڵی ئەلف/یا لە ڕوویەکی تری نووسینەوە، بەماڵییە، واتە تێکشکاندنی سوونەت و باوی نووسینە پلەت، دیالێگ و زمان، گۆشەنیگا و کارەکتەر، ڕێزمان و…
لە ماڵی ئەلف/یادا هاوکێشەی یەکەم پەیوەستە بە یووسف و هاوکێشەی دووەم بە داود ئامێدییەوە پەیوەستە. هاوکێشەی یەکەم تایبەتە بە کارەکتەر یووسف. یووسف کەسێکی ڕاڕا، شپرزە، نامۆیە و لەنێوان دەیان کێشەدایە، هەر ئەمەش وایکردووە کە هەندێکجار لە ماڵمانەکەدا پەنا ببردرێتە بەر خوێندنەوە و کارەکتەر لەگەڵ خۆی بدوێت. ئەم خوێندنەش زیاتر ئەوەی لێکەوتووەتەوە و ئەوە خوویا دەکا، کە باری دەروونیی کارەکتەرەکەی لەووی کۆمەڵایەتیی و خێزانییەوە ڕاڕا و گومانلێکراوی، پەشۆکاوی و سەرگەردانە، ترس و چاودێریی، لەدەستدانی ماڵ کە تاکە شوێنێك کە یووسف پێیەوە پەیوەست بێت، لە بەرانبەر هەموو شتێك کە هەیەتی و ئەوەیش کە نییەتی ماڵە، بەڵام لەوێدا بەدەر لە ترس و چاودێریی سیاسیی، ژیانی دەسارد و ووحکوژی ڕۆژگار و بێبەزەییەکەی، ماڵێك/خانوویەکە کە هەیەتی بێ ئەوەی دواجار تێیدا بمرێت:
"ئەی ئەگەر بیفرۆشم لە کوێ بژیم؟
لەکوێ بمرم؟ نەم گوتبوو.
ئەوەی هێشتا بەم شارەوە توندتوند گرێیداوم ئەم ماڵەیە."
(عەلیپوور، 2020: 16)
لێرەدا دەبینین، ماڵ گوزارشتە بە ژیان و مانەوە. ژیان و مانەوە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خاك و نیشتمان. خاك و نیشتیمانیش پەیوەستە بە دووانەی ئازادیی و ناسنامەی نەتەوە. مرۆڤ بەبێ ناسنامە و ئازادیی کێلە و کێوارە. کەواتە لەلای یووسف بەماڵیی واتای کۆچ و بەندگەووبوون ناگەیەنێت، ئەوەندەی مانای زیندووبوون و مکوبوون دەگەیەنێت لە نیشتیماندا، هەموو ئەمانە وایکردووە دیوکی جیاوازی یووسف لە بەماڵییدا لە دیوی ئامێدیی جوودا بکاتەوە. بۆیە وتمان نیشتیمانیش، چونکە ماڵ لە ئەلف/یادا فرەڕەهەندە.
لە هاوکێشەی دووەمدا جیاوازییەکی پێچەوانە و دژ دەبینرێت لەگەڵ هاوکێشەی یەکەم، لەووی ماڵ و بەماڵییەوە. هاوکێشەی دووەم پەیوەستە بە داوود ئامێدییەوە. داود ئامێدیی هەگری ڕووحێکی بزۆز، جێگیرنەبوو، نەگونجا و ناتەبا لەگەڵ دەوروبەر و تەواوی کایەکانی تری ژیان، بۆیە دەبینین هەرگیز بە تەواوەتی جێگیر نییە،

هەر جارە و لە شوێنێكە؛ ژێر ئاسمانی ئەو هەمان ئەو گەزە ئاسمانەی یووسف نییە جا هەر لە زیندانەوە بگرە تا بگرەوبەرەی لەگەڵ لەیلا، حافز و ساخكردنەوەی دەستنووسەكانی ئامێدیی. هەبەتە لە ژێر شتدا ئەم دوو كارەكتەرە دەبنەوە بە یەك، بەڵام بابەتی نووسینی ئێمە دەرخستن و پشاندانی ئەمەیان نییە.

ئامێدیی بەهۆی كەمتەرخەمییەوە یان ئاگاییەوە بووبێت، هەڵگری ڕووحێكە كە دەیەوێت بەربەست ببڕێت، یانیش بەرەو ڕووی هەبشاخێت، بەڵام ئەوەی یووسف تێدامانە لەنێو نێرمی ژیان و دواجار ناچارییەكە ملی پێدەدات. ئامێدیی خۆی نەبان دەكات و لەژێر سێبەری ئەم نەبانییەدا دەیەوێت ئەو ڕاستییەی كە لە نەكران بەدەرە بینووسێت، ئەوە بنووسێت كە خۆی دەیەوێت نەك ئەوانەی كە دەیانەوێت، ئەمەش تێكشكاندن و هەڵتەكاندنی نێمەكی فرەسەختە. نەنووسینەوەی ئەوەی دەگوترێت، ڕووەرچەرخاندنە لە ماڵ، ماڵ لێرەدا وەك وابەستەبوون بە ژیانێكی یەكەڕەنگ، یەكدەنگ، نەریتیی و باو، هەڵاتن لەو ماڵە شوێنهەڵگرتنی بەماڵییەیە، ڕووەرگەڕاندنە لە ماڵی باوك بۆ ماڵی بەماڵیی و بەهای نوێ. هەڵكردنەوە واتە ڕازینەبوون و دەستوپێوەندنەبوونیەتی بۆ ئەمارەت، میرمونشی و ئەوانی دیكە، ئەنجامەكەشی لێووونە، ناچارە و مل نادات، پێویستیی ڕۆی خۆی دەگێڕێت و خۆی لێ خەمسارد دەكات. كەچی لەلای كارەكتەرەكەی تر كە یووسفە، هەڵكردنەوە نییە و زەرجار ئەوەی كە دەیەوێت بیڕێت نایڕێت. بەیە ملدەدات، ڕازییبوونی یووسف ناچارییەكەی، بۆ پارە و ڕووەرچەرخاندنی نییە.
ئامێدیی لە گەیدەیدا بەماڵیی هەڵدەبژێرێت و دەربەدەریی. بۆ ئەوەی شوێنێك كە دواجار دوا شوێنە، كە نازانێت كوێیە تێیدا بمرێت، نەك وەك یووسف، كە ماڵ یەكەم شوێنە و دەشیەوێت دواجار جەستەیەكی سار بە مێتەكە و ملدانە ناچارییەكەی، تێدا بسپێرێت.

لە كۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، نووسین لەمەڕ ئەلف/یا فرەسەخت و تاقەتپێووكێنە. كەشی ڕەمانەكە، ترس و چاودێریی، گرژیی و پەرشیی، سەرگەردانیی و خەم، ڕاڕایی و گرفتەكانی، باڵ بەسەر خوێنەردا دەكێشێت. هەبوونی دوو چیرۆك، دوو كارەكتەر و دوو زەمەن؛ كە لەیەكچوون و جیاوازیان هەیە، ئاڕازییەكی زۆری دروستكردووە ئەمە بۆجگە لە گفتوگۆیەكان، كە هەندێك جار سەخت دەبێت كە بزانی كامە كارەكتەرەیە كە دەپەیقێت. سەرباری ئەمە چیرۆكی یووسف، گەشەپێدەر و بەردەوامیی چیرۆكی ئامێدییە، لە دوو زەمەنی جیاوازدا، كە بۆ نووسەر و هەم بۆ خوێنەریش بیركردنەوە لەوەی ئەم دوو چیرۆكە لە

کۆدا بەر یەك بکەون و کێبنەوە، فرە سەختە.

سەران محەمەدەسووڕە
سنە

"ئەدەب و خراپە" جۆرج باتای لە دیالۆگێکی تەلەفزیۆنیدا.. پشکۆی وەرگێرانی: هاوڕێ خالید

"ئەدەب و خراپە" کتێبێکە لە دیووە نهێنی و شاراوەکانی داهێنانی نووسین و دۆقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. هاوڕێکی جدی جۆرج باتای فەیلەسوفی فەرەنسییە بۆ گۆڕان بە ناوچە شاراوەکانی نووسین و دەروون و لاشعوری نووسەران و داهێنانی فیکری، لە پاڵ ئەمشدا ڕەخنەکردنی ئەدەبە بە گشتی.
باتای لە پشکۆی کتێبەکەدا دەڵێت "ئەدەب بەتاوان نییە" ئەو تاوانبارە و دەبێت دانی پێدابنێت تەنیا بە دانپێدانانی تاوەگلانی لە زانینی خراپەدا دەتوانێت ئەدەبیات بە تەواوی پێوەندی بکات. بە سەلماندنی ئەم بیرکەیە لەم کتێبەدا باتای زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە لەسەر کارەکانی هەشت نووسەری دیار دەستپێدەکات کە هەر یەک لە: ئیمیلی برۆنتی، بودلێر، بلیک، میشێل، کافکا، پرۆست، و لە کۆتاییدا جینی.

لە 21ی ئایاری 1958 دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (ئەدەب و خراپە) ، پیر دومیات دیالۆگێکی لەگەڵ جۆرج باتای ئەنجامدا، بۆ قسەکردن لەبارەی کتێبەکەوە، بەگومان ئەوە تاکە دیالۆگی تەلەفیزیۆنییە کە باتای قبووڵی کردووە.
پیەر دومیات: بۆز باتای بەر لەوەی بچینە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکە کە ئەمە چەند پرسیارێکی تەدا دەکەین، ناونیشانی کتێبەکە دەپشکنین…
…دەتوانی پێمان بڵێیت دەربارەی چ خراپەیەک قسە دەکەیت؟

جەرج باتای: پەم وایە دوو جەر خراپی ناکەک لە بنەمادا هەیە. یەکەمیان سەبارەت بە پەویستیی ئەوەی کە شتەکان لە هەوانگەی مرۆڤەوە باش کار بکەن و دواتر ئامانجە خوازراوەکان بەدەست بهێنن. لەکاتێکدا ئەویتریان ئەرێنییە بە هەگگرتن لە هەندێک تابە بنەماتیەکان، بە نموونە هەگری لە کوشتن و قەدەغەکردنی هەندێک ئەگەرە سەکسیەکان.

پیەر دەمیات: ئایا دەتوانێت بڵێیت ئەدەبیات لە خراپە جیا ناکرێتەوە و بە شێوەیەکی هیشێی بەیەکتر بەستراونەتەوە؟

جەرج باتای: بەڵێ، بە باوەڕی من بەگومان هەنگە لە سەرەتادا دەرنەکەوێت، بەڵام پەم وایە ئەگەر ئەدەبیات لە خراپە دوور بکەوێتەوە، بەم زووانە بەزار دەبێت. ئەمە لەوانەیە سەرسوڕهێنەر دەربکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا من پەم وایە دەبێت دەستبەجێ لەوە تێبگەین کە ئەدەب پەویستی بە تاقیکردنەوەی نیگەرانیی هەیە و ئەو نیگەرانییە هەمیشە لەسەر بنەمای شتێکە کە هەوو لە خراپە دەکات، شتێک کە بە دڵنیاییەوە دەبێتە گەڕەکی خراپی گەورە و بەو شێوەیە دواتر خوێنەری دەخاتە بەردەم ئاسیەک، یان لانی کەم لەبەردەم ئەگەری چیرۆکێک کە خراپە بە ئەو کەسانەی گرنگی پێ دەدەن دەگەیەنێتەوە. ئاسەوە نموونەیەک پێشکێشدەکەم بە ئاسانکردنی بارودۆخەکە، لە هەمانکاتەوە کە خوێنەرەکەی هەوبەووی هەڵوەستەکی هیقاوی و گرژی دەبێتەوە ئەمە وا دەکات ئەدەبیات لە بەزاری خوێنەری خۆی بەدوور بگرێت..

پیەر دەمیات: نووسەر، یان لە هەر حاڵەتێکدا نووسەرێکی باش، هەمیشە تاوانبارە کاتێک دەنوسێت؟

جەرج باتای: زۆرینەی نووسەران هەستی پێ ناکەن لەگەڵ ئەوشدا، من قەناعەتم بەم گوناهە قوناغە هەیە. نووسین هەمیشە شتێکە سەبارەت بە ئەنجامدانی پێچەوانەی ئیشە.. لە هەوانگەی منەوە، ئەمە لەلای من لەجیکی و تەواو دژناکەوێت، لەگەڵ ئەوشدا، هەموو کتێبکانی وەکو هابواردن وایە.

پیەر دەمیات: پیەر دومییت: ئایا دەتوانیت ناوی نووسەرێک یان دوو نووسەر بنێیت کە تەماتبار بوون بە نووسین؟ یان ئەوان هەست بە تاوانباری دەکەن چونکە ئەوان نووسەر بوون؟

جەرج باتای: بەڵێ، پەم وایە بودلێر و کافکا هەن، کە من لە کتێبکەمدا مامەڵەم لەگەڵ کردووە. هەردوو کیشیان بە پێچەوانەوە ئاگادار بوون لەوەی کە ئەوان لەولاوە خراپ و گوناهکار بوون. بە بودلێر، دیار بوو: لەژێر ناونیشانی گوڵی خراپدا نووسی، وە ئەمە ئەو شتەیە کە بە وردی نوێنەرایەتی بیرکەکەی دەکات.. سەبارەت بە کافکا، ئەو بە رونتر ئەمە دەردەبڕێت ئەو پێی وایە کە ئەو تەنها

بەهەی یاخیبوونی لە دژی خەزانکەی نووسیویەتی، پاشان خەی لە پگەیەکی تاوانکاریدا داناوە ەاستە خەزانکەی هەستیان بە تاوان کرد چونکە ئەو ژیانی بەخشی بە نووسین. زەر بەسوودتر دەبوو بە ئەوەی ئەو مەدەلەی کە خەزانکە لە دوای خەی بەجەی هەشتبوو، واتە بە کردەوەیەکی بازرگانی تەوگلەنەت و بەیە بە جەهەشتنی ئەو مەدەلە ەگایەکی خراپی گرتبەر.
پیەر دەمیات: پەت وایە کافکا و بودلەر تاوانبار بوون بە نووسینیان؟
جەرج باتای: پەم وایە هەستیان بە نائاسایی کردووە و هەروەها دەریاخستووە کە ئەوان لە پگەی منداەکن لە بەردەم دایک و باوکیاندا لە ئەنجامدا منداەک کە لە دژی خەزانکەی یاخی بوو خەی دەخاتە پگەیەکی خراپەوە چونکە بەیری دەتەوە کە دایک و باوکی خەشیانویستووە بەردەوام پەیان وتووە کە نابەت ئەو کارە بکات ئەمە خراپە بە هەستی بەهەزی تاکایەتی هاوتەمەنکانی، بەام ئەگەر لە نووسیندا هەست بە تاوانباری بکەیت، چونکە ئەدەب منداانەیە، دەبەت وا بیر بکەیتەوە کە ئەدەب زەر منداانەیە.
پیەر دەمیات: بەام ئەگەر هەست بە تاوانباری بکەیت سەبارەت بە نووسین چونکە ئەدەب منداانەیە، دەبەت وا بیر بکەیتەوە کە ئەدەب زەر منداانەیە؟
جەرج باتای: پەم وایە شتەک هەیە بە شەوەیەکی بنەەتی منداانە دەربارەی ئەدەب. ەەنگە ئەمە کەمەک ناتەبا بەت لەگەە سەرسامی هەندەک کەس بە ئەدەبیات و من هاوبەشی ئەو سەرسامییە دەکەم، بەام پەم وایە ئەدەبیات بە قووتر و بنچینەتر تەناگات مەگەر بیخەینە لای منداەکە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەمە لە شونەکەی نکۆی لەدەکەین
پیەر دەمیات: تە کتەبەکت لەسەر ئیەتیکیزم نووسیوە. ئایا لە ەوانگەی تە لە ئەدەبیاتدا شتەکی ئیەتیکی و ئیەتیکای منداانە هەیە؟
جەرج باتای: نازانم ئەدەبیات بە گشتی جیاوازە لە ئیەتیکیزم، بەام بە گرنگی دەزانم کە لە کاراکتەری منداانەی ئیەتیک، ئیەتیکیزمی تەواو، تەبگەم. ئیەتیک، کاتەک منداەک ەوودەکاتە یاریەک، یاریەکی قەدەغەکراو. ئەو کەسەی کە بەلای ئیەتیکیزمدا ادەکەشرێت ئەو کەسەیە کە خەی لە بارودۆخەکدا لەبەردەم دایک و باوکیدا دەبینەتەوە ئەو دەترسێت لەوەی کە لەوانەیە بەسەری دابەن، بەام زەر دوور دەکەوەتەوە بە هەستکردن بەو ترسە، بەیە وەک گەورە ئاساییەکان وەک پەویست دەرناکەوێت، دەبەت هەست بە ترس بکات. هەروەها گرنگە خەی لەو دۆخەدا بدزەتەوە کە منداە بووە، واتە

تێیدا بەردەوام هەست بە مەترسی ڕەخنە دەکات، هەرچەندە دڵنیاترە لە توانراوە
پێر دەمیات: پێم گرنگە بگەڕێمەوە سەر ناونیشانی کتێبەکە، ئایا بەو جۆرە منداڵیی و بەمنداڵانە تاوانبارکردنانە بە گشتی سەرکەنەکردنی ئەدەب و خراپە پەک ناهێنن؟
جۆرج باتای: بگومان ئاگادارکردنەوەیە، واتە دەبێت هەشداری بدەین لە ئۆگەری ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی، بەڵام دەکرێت ئەوەی ئاگادارمان کردەوە لە ئامرازەکانی بەرهەنگاربوونەوەی ئەم مەترسییە بدەین، ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببینەوە کە بە بەوای من مەترسییەکی گەورە و جیددیە، بەڵام مرۆڤ تەنیا مرۆڤ با بیر لە تراجی و شکسپیر و زۆر حاڵەتی تر بکەینەوە کە زۆر لە ئەوان دەچێت. ئەدەب ئەوەیە کە وامان لێدەکات ڕووبەڕووی خراپترین ببینەوە و بزانین چۆن بەرهەنگاری ببینەوە و زاڵبین بەسەریدا. بە کورتی، هەر کەسێک یاری بکات لە یاریەکەدا هەزی ئەوە دەدەزێتەوە کە زاڵ بێت بەسەر ترسناکی یاریەکەدا.

پێشکەش و وەرگێڕانی: هاوڕێ خالید

فلاشبـــــاک- 20.. لە دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانەوە.. ستیڤان شمزینی

بەشی بیست

ئێستا کاتژمێر چواری عەسرە، دوێنێ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەرچووم، پاش ئەوەی سێ ڕۆژ لەوە مابوومەوە، بەهەی ئەوەی لەلایەن گروپێک لە ئیسلامییەکانەوە بە سەرپەرشتی "فەرهەنگ نامە" لە نزیک گەستانی شێخ محەدین "پشت مزگەوتی سلێمانی" بە چەقۆ هەرشم کرایە سەر، لە دوو لاوە بریندارییان کردم، ئەمە زنجیرەیەک ڕووداوی بەرنامە بە داڕژراوە دژی کەمینیستەکان. سێ ڕۆژ بەر لەو ڕووداوەی من، هاوڕێی کەمینیستمان "فەرهاد فەرەج"ی نووسەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "پێیەو" لە شەوی 17-10 ماڵەکەی خۆیدا بە دەمانچەی

بەدەنگ تیرەر کرا. تیرەری کۆمۆنیستەکان لە هەشت ساڵی دوای راپەڕینەوە بەتە دیاردەیە. چوونکە هەردوو لایەنی ئیسلامی و ناسیۆنالیزم، ئاجیندای چەپ بە هەڕەشە لەسەر ئایندەی سیاسیی خەیان ئەبینن.
پەشتریش لەلایەن "فەرهەنگ نامە"وە هەڕەشەی کوشتنم لەکرابوو، کە چەندان گەنجم لە گەڕەکەکەی ئەو و ناو مزگەوتەکانەوە هەنایە دەرەوە و بە بیری چەپ و کۆمۆنیزم هزرم ڕەشن کردنەوە. زیاتر لە پەنجا گەنجم تەنیا لە گەڕەکی سەهۆڵکە و شێخ محەدین لە دەوری حەلقەکەی خەمان کۆکردەتەوە کە هەندەکیان زۆر چالاکن لە نموونەی هاوڕێیان "سەزدار، خالید ئەژی، دەستی کەمال، بەهادینە سوور، نەوشیروان، نەوزاد مام حەسەن". ئەمانە بەشەکیان پەشتر هاتچۆی مزگەوتیان ئەکرد، بەڵام ئێستا لە چالاکترین کۆمۆنیستەکانن، چالاکترین خوێندکارەکانن، ئەوان سەرەتا بەهۆی منەوە بوون بە کۆمۆنیست، بەڵام هەنووکە لە خەم چالاکتر فەعالیەتی سیاسیی و ڕەشنگەریی ئەکەن. ئەوەش بووە هۆی تەقینەوەی تووڕەیی ئیسلامییەکان لە بەرامبەرم.
هەکارەکی تریش ئەوەیە، سەرەتای ئەمساڵ کاتێ ئەندامەکی سەرکردایەتی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کە وا بزانم جێگری وەزیری ئەوقافیش لە بەندگەی مزگەوتی "عوسمانی کۆی عەفان" لە گەڕەکی شێخ محەدین، وتاری ئاگرینی ئەخوێندەوە بە سەدان هەرزەکار و تەیدا فەتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانی ئەدا، سەدان گەنجی بێنجکراو بە تریاکی ئاین حەماس گرتبوونی،. تیمەکەی ئەمەش بەیارماندا بچینە ناو مزگەوتەکە و دەمکوتی بکەین، تیمەکەش پەکهاتبووین لە"عەباس، خالید ئەژی، هەکەوت کەنفە، سەزدار، خەم". بەهۆی ئەوەی کارەبا نەبوو بە پاتری ئەتەمبیلیش بەندگەکەیان خستبووە کار، دوو لەکز هۆی مزگەوتەکەی ڕووناک ئەکردەوە، عەباس چووە ژێر دانیەکیان، سەزداریش چووە ژێر ئەویتر. خالید و هەکەوت کەنفە و من چووینە نزیکی مەلاکە، کە دە دوانزە چەکداریش پاسەوانیان ئەکرد. کەدی ئەمە ئەوەبوو کە کەوتنە هاوار هاواری تەکبیر، سەزدار و عەباس لەکزەکان بکوژننەوە و ئەمەش پەلاماری مەلا بدەین.
هەر بەو جۆرە بوو کاتی مەلا وتی "ئەبە ڕەگی ئەو کۆمۆنیستە مەلعونانە لە ریشەوە دەربکەین، بە ئەوەی بزانن ئوممەتی ئیسلام و کوردی موسەمان قبووڵیان ناکا". عەباس و سەزدار خەڕا پێیان دایە لەکزەکان و کوژاندیانەوە ئەمەش بە مشتەکێ و شەق کەوتینە سەر دەموچاوی مەلا، لە هەر چوار لاوە بووە بە تەکەژان و میلی چەک ڕاکێشان، بەڵام بە خەرایی کارەکەمان ئەنجامدا و بەرەو دەرگای سەرەکی مزگەوتەکە هەڵاتین. کە هاتینە دەرەوە "سمکۆی تەهای سەید

عەلی" کە هاوڕێمان بوو بەڵام کەمتر نەبوو، ئەمەی بینی و بەهەی ئاوەی باوکی ئەفسەرێکی باڵا بوو، هەمیشە چەکی پێبوو، کاشینکۆفکی مزاڵی پێبوو کە مەخزەنی هەفتا و پێنجی لەسەر بوو، میلی راکێشا رووەو مزگەوتەکە تا ئەمە دوور کەوتینەوە، ئیتر بەو جۆرە دەرباز بووین، دواتر هەواڵمان بە هات کە مەلاکەمان باش وەران کردووە.

لە تەنەی ئەمەدا ویستیان بە چەقۆ لەناوم ببەن، "فەرهەنگ نامە" کە ناسیاویشمان هەیە، باشترین تیرۆریست بوو ئەو کارەیان پێ سپاردبوو، چوونکە بیرمە پێش چەند ساڵ چەندین پەیکەر و کاری تەشکیلی "شیلان"ی خوشکی شکاندبوو بە بیانووی ئەوەی حەرامە، ئەو سەر لە هیچ تۆندوتیژیەک ناکاتەوە. لای کەسکیش وتبووی گوایە من زانیاریی لە دژی ئیسلامیەکان لە ڕۆژنامەی "ڕۆژنامەنووس" لەسەر شەوەی چالاکی و شانە و ڕێکخستنە ئیسلامیە چەکدار و بە چەکەکان بەاو ئەکەمەوە. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە دوور و نزیک پەیوەندییم بەو ڕۆژنامەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە هاوڕێیەکی ئاساییمە. سەیرە خانەوادەی ئەمە ئەزموونکی تاڵمان هەیە لەگەڵ ماڵی "نامە"! چوونکە پێش چەند ساڵیش "حەمەسوور"ی برای کە مفەوەزی ئاسایشی یەکێتییە هاتە سەر ماڵمان لەگەڵ ئەو تیمەی ماڵەکەیان پشکنین کە نیازیان وابوو خانووەکەمان لە داگیر بکەن.!.

بیر لە شتی ناخۆش ناکەمەوە، دەنیام ڕۆژێک ئەمە سەرئەکەوین، ئەوانیش وەک تیرۆریست ناویان ئەچێتە ناو چیرۆکەکانی مێژووەوە. دەنیام کە خەری ئەمە هەڵهات، ئەوان شەمشەکوێرەئاسا ئەچنەوە ناو تاریکایی.

دەڵێ شیعرەکم هەیە ئەستا:

خەر وەک خەنجەرێکی زەڵە جەرگی تاریکی هەڵدەڕێ
ئاسمان دوای هەورە ڕەشکان ڕوون ڕوون ئەبێتەوە
زەوی دوای لافاو دەی وەک خامەکی سپی پاک ئەبێتەوە
مرۆڤیش پەویستی بە خەنجەری تیژی بیرەکی ڕووناک و
ڕاماڵینی هەوری ڕەشی کینە و لافاوی شەڕشەکە

24-10-1999

ستیڤان شەمزینی

تێبینی: ئەم بەشە لە لاپەڕە 67-72 کتێبی "فلاشباک"چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکەش لە سەرەتای ساڵی 2017 چاپ بووە

2 قەسیدەی دی لە (عبدالوهاب بەیاتی)ـەوە.. و : نەژاد عزیز سورمێ

مەتەکەی شەو و ڕۆژان

زەوی خەون بە لەدایك بوونی پەیامبەرێك دەبینێ
ئاسمکان لە داد پێ بکا
زەوی خەون بە وەلەدبوونی وەرزان دەبینێ
منیش لە شەقامدا تەرمێکم هەڵگرتووە
تا کە شەو داهات
لە باخچەیەك
یا قەحپەخانەیەك بینێژم .
لە قاوەخانەیەك
یا بە تارایییەکی نوور
چەهرەی خۆم لە خوا و لە تۆ بشارمەوە ..
مەست لە شەرمان
دەگریم
گۆرانییەکە دەڵێ :
دوای ئەوەی دەنگی بولبول پێ کرا
سترانبێژ کە لە قەوانێکدا گۆرانی بێ خۆر دەچڕێ
پاش ئەوەی فڕۆشرا و سەری گۆرانیبیژ سپی بوو
خوێنی گوێیش بەسەر ئاسۆدا هاتە خوار
گۆرانییەکە چی دەوت ؟
چۆلەکەش بەسەر شۆستەی شەوا دەمرن
پەیامبەری چاوەڕوانکراویش
هێشتا لە ئەشکەوتدا نوستووە
هێشتا باران بەسەر دیواری ماڵە بەساڵاچووەکانەوەیە
سەربانی شارانیش دووگیان و
یکلامی دەڵاڵەکانی خانوو
بە خوێن
لەدایك بوون و مردنی وشە دەنوسێتەوە

منیش تەرمێکم لە شەقاما هەڵگرتووە
ڕووی خۆم لە خوا و لە تۆ شاردوەتەوە .

بۆ دەگری ؟
ئەی ڕووباری ئەفسانەیی
کە شیر دەداتە مەمکی شار
خاشاکی بەرەو دەریایان هەڵگرتووە
بە ئەسپە تۆپیوەکان و
پاشماوەی گالیسکە تێکشکاوەکانەوە
منیش لەدایك بوونی ڕۆژ
لە چاوی ئەو پشیلانە دەبینم
ئاوزنگ ئەدەن
دوای ئەوەی دەنگی بولبول پێ کرا و
سترانبێژیش کە گۆرانی بێ خەر لە قەوانکا دەچڕی ..
تەرمەکە دەگریا
وەختێ من لە شەقامدا بە دوای تۆدا دەگەڕام
کە ڕۆژ مرد پێکگەیشتین
پاشان شەو دوای ڕۆژ هات
ڕۆژکی دیش پاش ئەو ڕۆژە و
قەوانەکە دەخوولێتەوە ..
گۆرانیبێژەکەیش بە دەنگێك
ساڵان کەرخییان کردووە
هەڵپەیەتی بەو دیو تاریکایی ڕۆ دەکا
.. ..
.. ..
گۆرانییەکە چی دەوت ؟
گۆرانییەکە چی دەوت ؟

کەشیش

ڕۆژگاری هاوین و جەستەی گوڵ
کە لە ژێر ماچی نووردا دەمرن
لاقەکراوکی شەکەت
چایش لەسەر ئاگردا دەکوڵێ

- کێ لێرەیە ؟
  قەوانێك دەخوولێتەوە
- کەس

شەو لەگەڵ ژدا یەك دەگرێ
جەستەی گوێش لەسەر ئاگرە
تێش لەژێر لێومەوە کاهێنکی نهێنییان دەدرکێنێ
قوربانییەکە قەساب بە مەمکی ووتییەوە
بە دیواری هەواسیوە ..
ئەی ئەو ژنەی بە ئەشکەوتەکانی بڕژان و
ئەفسانە و جادووداسەر دەکەوێ
دەچێتە باڵ جادووگەر و شەوان و شاعیر
گوێی هاوینەیش کە لە بێشەڵانداندا دەمرێ
لە ژێر لێوەکانمدا نهێنی هەڵخەلەتێنەری دەدرکێنێ
منداڵیی ژ و
ئەسپی دەریا و یاقووتی ئەشکەوتەکانی ئاگر و
ترپەی بارانم پێ دەبەخشێ ..

- کەس نییە

لە قووڵایی شەوانی بابل دا بووین
بەسەر شووڕەکانییەوە شەمان دەکرد ..
من و تۆ ووپێشی عاشقانمان پێشی بوو
بەسەر شووڕەکانەوە بووین
لەژێر ماچی ئەو هاوینەدا دەمردین
کە نامرێ
بە دوای گالیسکەکانی نووردا دەکەوتین
من و تۆ دەیپێشین ..
هەردووکمان بەسەر قەوانکەوە بووین دەخوولایەوە
یاقووتی چاوی جادووگەری شار دەدزین
گرانییەکی خەمبار
بە گەڕەکانیدا دەسوڕێنەوە .
ئەی ژنی لەدایك بوون و مەرگ
کە لە بانگی کەڵەشێر و
پێکەنینی قەرەجە پاشاکان چاوەڕێ دەکەی
لە کوێوە دێی ؟
بۆ کوێ دەچی ؟
ئێمە بەسەر شووڕەکانەوە بووین
من و تۆ ووپێشی عاشقانمان پێشی بوو
مردبووین
قوربانیی خواوەندی قوڕ
بۆ فوڕات دەنێرین
جەستەی گوێش لەژێر ماچی نووڕەوە

لاقه کراو و شەکەت
تێیش پێدەکەنی
بە ڕووتی بێ خەر پێدەکەنی
ئێمە بەسەر شووڕەکانییەوە
سرووتمان دەنواند
ئەی ئەو ژنەی لە ئەشکەوتەکانی خەودا لاقە دەکرێی
لە باخچەکانی فورات
لە ژێر ماچی قوڕدا
وەختێ لە دایك دەبی
لە کوێوە دێی و ؟
بۆ کوێ دەچی ؟

(*) هەر دوو قەسیدە لە بەشی دووەمی (عبدالوهاب البیاتی – الاعمال الشعریة) بڵاوکردنەوەی (المؤسسة العربیة للدراسات والنشر – بیروت)
چاپی 1995 کراون بە کوردی . بڕوانە لاپەڕە 207 و 209 .

چرائێرخەوانیەکانی زەردەپەڕ.. شیعر/ کاوێ عوسمان عومەر

با ببریسکێتەوە،،،
چرا گڕینەکانی زەردەپەڕ،
هەزاران بازووی مەشخەڵی سوور،
شکانی شەختەی مەژوی سیخناخ..
بۆ نائەمەدی و مەرگ ،،
با ببریسکێتەوە،،،
چرای درەوشاوەی زەردەپەڕ،،،

ژەربەیداخی خوێن،
هەزاران بازووی مەشخەڵی سوور،
بەند هەڵیکا،،
چارەکەی ئەفسوناوی کەشتی هیوای دوور..
خەر دابگرن،
بەلانەکان،،،
کەیلەکانی ماشین و سکرین ،،
چەرخەکی نوێ،،
با کەپەبگرێ ،
جارەکی تر…
جیهانەکی مەمیاکراو،،
تروسکەی چاو ،،
بەند سەیرکا، وەک..
هەڵکشانی ئەستێرەیەک،،
بازووی ئاڵتون،
خەر دابگرن،
چەرخەکی نوێ،،
بینوسنەوە سرودی یاخیبونەکی مەزن..
لە ماشین وداتای ژەهر،،
لە بەرسەی دە ،،
با کەپەبگرێ ،
مەشخەڵەکی تر،،
با بدرەوشێتەوە،
چرای مەزنی زەردەپەڕ،،
هەزاران بازووی مەشخەڵی سوور.

شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

……..

وەنەکە کارەکی هونەری فۆتۆگرافەر
(Mabel Amber)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خەی وەرگیراوە

بنەڕەتی دەستپێکی چارەسەری لای ژان-ژاک ڕوسۆ.. کاوە جەلال

ڕوسۆ، کوڕی دەوڵەتشاری ژنێف، لە نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسوفی فەڕەنسی، زۆر بەقووڵی بڕیککەوتنکانی کەسی خۆی و دەستپێکات بەهێند وەردەگرێت. خۆریکبوونی تیۆریانەی ئەو بەم پرسەوە قەناغبەند بە کاریگەیی قووڵەوە لە دۆرەوەی فەڕەنسەش. ئەمە بەوەدا ڕوونەبێتەوە کە زۆرینەی فەیلەسوفانی هاوچەرخی مەگەر تەنیا لەنەو کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەدا ناوببرێن، بە نموونە ڤۆلتێر، لە ڕوسۆ تا ئەمڕۆ هەنووکەییە.

ڕوسۆ یەکێکە لە فەیلەسوفانی "تیۆریی مافی سروشتی"، کە ناسراوترین نوێنەرانی بریتین لە تۆماس هۆبس و جۆن لۆک. فەیلەسوف لەم شێوەیەی فەلسەفاندا تیۆریانە دەستپاتداریەکی ڕەوا بە تەواوینەی خۆی بنیاتدەنێت، بە ئەم مەبەستەش لە پەیوەندیە دەوڵەتییەکانی سەردەمەوە بۆڕو پاش دەگەڕێتەوە بە نەو ڕەوشێکی سروشتی، واتا بە نەو پێکەوەژیانی مرۆڤان پێش دامەزراندنی دەوڵەت، تاکو ئیدی لەم ڕەوشەوە ئۆرگومەنتەکانی خۆی بە بناغەشتنی دەوڵەتێکی ماف هەبهێنجێت. بەگومان هەر فەیلەسوفێکیان بەگوێرەی مرۆقدیدیەکەی خۆی گەیان بە ئەنتڕۆپۆلۆژیەک (مرۆڤناسییەک) دەدات و تێیدا گریمانەی پەیوەندیە بەسروشتی بنیاتنراوەکانی نەوان مرۆڤان دەکات. دیدێکی کورت و پوخت لە هەر یەکەی تیۆریەکانی هۆبس و لۆک گرێکە یارمەتیمان بدات ڕوونتر پرسی سوڤەرەنێتی (دەستپاتداری) لای ڕوسۆ ببینین.

هۆبس و لۆک، وەک دوو فەیلەسوفی سیستەماتیکی ئینگلیزی، ئۆزمونگەران، لە ئۆزمونگەری لای هۆبس پتر واتای سەنسوالیزم (سەنسگەرایی) دەگەیەنێت، واتا ئەم گریمانە دەکات کە سەنسکان (حەواسەکان) بەسەر مرۆڤاندا سەروەرن و بەمەش دەیانکەن بە بەرژەوەندگەرا. جگە لەوە ئەم دوو فەیلەسوفە "مێژوو" ناناسن، بەڵکو لە سەرەتاوە گریمانەی ڕەوشکی سەرجەمیانەی سروشتی دەکەن. بە شێوەیکی دی ببێژین، هزرینی مێژوویی لە فەلسەفاندا بە یەکەم جار لای ژان-ژاک ڕوسۆ سەرهەڵدەدات.

هۆبس لەو ڕۆژانەدا دێتە جیهانەوە کە فیلیپپی ئیسپانی گەلەکێشتیەکەی خۆی بەناوی "ئەرماندا" بە هەرشبردنە سەر لەندەن ئامادەکردبوو و دانیشتوانی ئەو شارە لە ترسدا تەقیبوون. هۆبس

سەبارەت بە زایینی خۆی دەبژێت: "دایکم دووانەی هێنایە جیهانەوە: من و ترس". ئەم هەستە خۆیە کە هەبسی کامە دەریدەبڕێت، لە ئینترپۆلۆژیەکەیدا وێنەدراتەوە و مرۆڤ ناودەنێت "گورگ". ئەو لە سێنسگرایەوە، لە ڕوانگەی بارگاویبوونی سێنسە مرۆڤیەکانەوە بە خواست و بڕژەوەندیی خۆیی، سەرجەم پەیوەندیەکانی نێو هۆشی سروشتی ناو دەنێت "دەخی جەنگی یەک دژ بە یەک"، ئەمەش وەک سەرئەنجامی سروشتی مرۆڤی گورگ. لێرەدا گرێکە ئاماژە بە ئەوە بدەین کە جەنگ لای ئەو تەنیا واتای شەڕی فیزیکی ناگەیەنێت، بە نموونە کوشتار بە چەکی جیاواز، بەکو بوختان، فیتنەیی، ماچ و پاشقول، زەمکردن، تا دەگات بە داگیرکردنی ناڕەوای زەوی و باخی کەسانی دی، یان سامانکەکردنەوە لەسەر ورگی خەڵک و هتد، مەرکی ئەم هۆشێن. ئاخر مرۆڤ وەک بڕژەوەندگەرا هەر شتێک وەردەگرێت کە بە ئەو شادیبەخش بێت، لە هەر شتێک بە ئەو شادیهێن نەبێت یان بە بڕژەوەندیەکانی نەگونجێت، هەتی دەکاتەوە. بەگومان لە هۆشی سروشتیدا یاسای ئەرێنیی سروشتی هەن کە بەک هۆشی جەنگ هەوردەکانەوە، وەک: سەاوکردن، بەهاناوەچوون، هەستان لەبەر میوان و هاوشوێیان، لە پەکەای ئەم هۆفتارانە تەنیا بە بڕژەوەندیی خۆیی دەنوێنرێن. بەکورتی: ئەمە هۆشەکی هەژار، داماو و دازناوە کە تا سەر مرۆڤان بەرگەی ناگرن. لە حەوسەڵەیاندا نامێنێت. بەیە زەروورەی پەیمانەکی جڤاکی ناچاریان دەکات هۆەوەست وەربگرن:
"من بەو مەرجە دەستبەرداری مافی خۆم بە هەبوونی هەر شتێک دەبم، کە تۆش دەستبەرداری هەمان مافی خۆت بە هەبوونی هەر شتێک ببیت".
لە ئەم پەیمانە جڤاکییە هەشتا ناتەواوە، بەس نییە بە "هۆبەستن"ی دەوڵەت. ئاخر تەنیا کاتێک بڕژەوەندچییان هادەگیرێن و بەمەش پەیمانە جڤاکییەکە وەک دەوڵەت کارایی خۆی وەردەگرێت، گەر سەرجەمی پەیماندەران مافی خۆیان تەسلیمی سوڤەرێنێک (سەروەرێک) بکەن کە دەبێت هەها (ئەب-سولوت = لە-جیابوو) بێت، واتا خۆی لە دەرەوەی دەوڵەت ببینێتەوە، ئەوجا بە یاسا و زەبری چەک ژیانی ئاشتەوایی بسەپێنێت، سزای ئەوانە بدات کە پەیستە و پاداشتی ئەوانە بداتەوە کە شایستەیین.
هەروەها جەن لەک هۆشکی سروشتیی سەرجەمییانە دیاری دەکات. لەم هۆشدا مرۆڤان بە یاریدەی ئاوەزی خودابەخش پەکەوە بە ئاشتی دەژین، پەکەا ئازادن و بە دەستوەژی سروشتی خەریکی ئاوەگەن (مەسەک بە فەردەیەک گەنم). لەم هۆشدا هیچ کەس مافی نییە هەبوونی ماف بە هەر شتێک لە هیچ کەس زەوتبکات. موکایەتی مافکی پیرەزی هەمووانە. وەلە هەمووان وەک یەک ئاوەزیان بەگەناخەن و چوست و چالاک نین کە ئیدی تا هادەی شیان زەویی فراوان بە چاندن

بەپیت بکەن. چالاک و ئاوەزمەندەکان بەم مەرکەیان لە باقیەکەی دیکەی نەوەندە جڤاکی-سروشتیەکە جیادەنەوە. جگە لەوە کرداری بەرزکردنەوەی هێژای بەرهەمهێنان کە تایبەتە بە ئەوان، لە بەرژەوەندیی هەموواندایە، چونکە ئەو ئاوەزمەند و چالاکانە پڕە بە داهاتی گەلەکی دەدەن. بەیە کە تەمەڵ بێت و زەویی بە چاندن بە نەمێنتەوە، مافی نیەیە گلەیی بکات، چونکە کەسی یەکەم بەهەزی ئاوەز و بازووی خۆی تا ڕادەی شیان زەویوزاری فراوانی بەپیتکردووە و زیاد لە پێداویستیی خۆی بەرهەمی خستەتەوە. بەم شێوەیە بە هاتنەئارای جیاوازی موڵکایەتی، بەتایبەتیش بە سەرهەڵدانی پارە وەک دەستوێژی ئاڵوگۆ کە نە بەگەن دەکات و نە دەورێت، هێوشی سروشتیی پێ لە ئاشتەوایی وەردەگەڕێت بە دەخی جەنگی یەک دژ بە یەک، کە بەتایبەتی زیانی بە دەوەڵەمەندەکان دەبێت، چونکە جارێ ئینستانسەک لەگەڵ نیەیە کە مافی موڵکایەتی دیاری بکات و ئاشتەوایی جڤاکی بسەپێنێت. لەڕەو ئیدی پەیمانی جڤاکی پەیوەست دەبێت و پەکەڵا بە هەبەریی دەوەڵەمەندەکان حکومەتەک پێکدەهێنن، لە نەوەندیشیدا، کەواتە نەک لە دەرەوە وەک لای هابس، سوڤەرێن خۆی دەبینێتەوە. سوڤەرێن بە دەنگی زەرینە دەتە سەر حوکم و هەر بە دەنگی زەرینە وەک پەیوەست لادەبرێت. ئەم تیەرییە دەچێتە نێو دەستووری دەوەڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.

هۆسە تیەرییەکانی "مافی سروشتی"ی پێش خۆی چاک دەناسی. لە ئەم، بە نموونەی وەک هابس و لەک، فەیلەسوفێکی ساردوسڕ نەبوو کە تەنیا بە داهێنانی لۆژیکی، یان بە زمانی هابس ببژێین، "بابە خۆ"، خۆی دەربڕیبێت. هابس دەیگێت، فەلسەفە وشک و ناشرینە، مەبەستیشی لەوە بوو کە نابێت لە فەلسەفەدا کەمترین "هەوانبەژی" هەبێت. لە ئەمەی نموونەی هۆسە هاوکات بەر هزری "دەلیکاتەس"ی فەڕەنسی دەکەوین، کە واتای "بەچڕ، بەتام" دەگەیەنێت و لەم پەیوەندییەی هزرینیشدا ئاماژەیەکە بە داهێنانی جوان کە لە بنەڕەتدا ئەدگاری ئەدەبە. بەگومان گرنگە ئاماژە بە ئەوە بدەین کە هۆسە خەیشی نووسەری ئەدەبی و هونەرمەند بووە و ئەم ئەدگارەی لە نووسینەکانیدا وەنەدەداتەوە.

هۆسە لە "دیسکورزی نایەکسانی"دا (1755) گەیان بە ئەنترۆپۆلۆژیەکەی دەدات. بەم نووسینەی ئەو هزرینی فەلسەفەیی-مێژوویی دەتە نەو فەلسەفەوە بە کاریگەریی قووڵەوە نەک تەنیا لەسەر ئیدیالیزمی ئەمانی، بەڵکو لەسەر مارکسیزمیش. ئەنترۆپۆلۆژیی مارکسیزم کتومت ئەنترۆپۆلۆژیەکەی هۆسەیە.

هۆسە پەیوەند بە هێوشی سروشتیەوە پێشبینیی "ناتورەک"ی، یان زیندوورەکی مرۆڤیانەی ئاژەڵئاسا دەکات کە لەنەو خودی سروشتەوە

دڕ-چووە بەبێ ئاوڕی خاوەنی ئاوەز و زمان یان هۆشت بێت. ئەم مرۆڤە تەنانەت خواستی بەکۆمەڵایەتیبوونی نییە، بەڵکو بە خۆی دڕۆی و تەنیا مشوری ساتارکردنی پێداویستییەکانی دەخوات، پێداویستییەکانیش بریتین لە خواردن و خواردنەوە، نووستن و جووتبون.
گرنگترین مەرکی مرۆڤ لە هۆشی سروشتیدا بریتییە لە هۆکی "خۆخۆشویستن" کە سروشت بە مسۆگەرکردنی خۆهێشتنەوە پێیداوە. هۆکی خۆخۆشویستن بە دیدی هۆسە سیمایەکی باشی مرۆڤی سروشتە، چونکە بەهۆی ئەو هۆکارەوە بەردەوام خەریکی خۆپاراستن و لەرشەوە دەیبزوێنێت بۆ ئاوەڵی خۆی وەک تاک بپارێزێت. مرۆڤ بەگومان ترسی لە ئازار و برستی هەیە، ئاوە نەک بەهۆی مەرگەوە، چونکە ئاژەڵە هەرگیز نازانێت کەی دەمرێت. مرۆڤ لە هۆوتی بەکۆمەڵایەتیبووندا بە مۆئریفی مەرگ و وەی دەگات.
"بەزەیی" هۆکەکی دیکەی سروشتییە و چەلای مرۆڤ و چەلای ئاژەڵە بەدی دەکرێت، بە نموونەلای ئەسپ. بەزەیی "نەویستن ی مرۆڤ بە بینینی هاوەگەزەکەی لە ئازاردا"، بەیەخرا لە تەنگانەدا بەهانایەوە دەچێت، بەمەش بەزەیی دەبێتە هەی هێشتنەوەی هۆگەزی مرۆڤ، چونکە سنوورەک بە خۆخۆشویستن دادەنێت و نایهێڵێت کاریگەرییەکی نالەباری هەبێت. هۆسە بەزەیی لە هۆشی سروشتیدا بەرانبەر هۆشت لە هۆشی جڤاکیدا دادەنێت.
"خۆشەویستی" یەکەکە لەو هۆمەکانە کە بەسەر هەموو بەربەستەکدا زاڵ دەبێت. لە خۆشەویستی دوو جۆرە کە هۆسە ناویان دەنێت جەستەیی و دەروونی. یەکەمیان هۆمەکەکی گشتییە کە هۆگەزەک بە لای هۆگەزەکەی دی دەبات، دووەمیان مەیلەکە کە هۆمەکە گشتییەکە بە کەسەکی تایبەتییەوە بەند دەکات. مرۆڤی سروشت بە دیدی هۆسە تەنیا خۆشەویستیی جەستەیی دەناسێت و دوای بەیەکگەیشتنی هۆگەزەکان و جووتبوونیان، لە یەکدی دوورد‌کەونەوە، تەنانەت زارەک دایکی خۆی جەدەهێت دوای ئاوەڵی پەیوەستی پێی نامێنێت. بە پێچەوانەشەوە خۆشەویستیی دەروونی هەستەکە کە لەتەک کولتووردا دێتە ئاراوە، واتا لەتەک ئەو خو و نەریتانەدا کە کۆمەڵەک لەسەریان هۆکدەکەوێت.
ئەمە گەرەکە لای هۆسە جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغی هۆشی سروشتیدا بکەین: لە هۆشی سەرەتایی سروشتیدا نە "من"ی مرۆڤ و نە زمان لەگەڵێن. لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤان و ژینگە، هەروەها کەشی ساتارکردنی پێداویستییە مرۆڤیەکان، هەدی هەدی شێوەیەکی نزیککەوتنەوە لە یەکدی پەیوەست دەکەن. ئاخر درەختی بەرز هەن و مرۆڤ هەندە ئاسان دەستی بە بەری گرتوویان ناگات، ئاژەڵی دەندە هەن و بە هەمان خراکی ئەو خەیان دەژەنن، کەواتە هۆودەکەنە ژیانی

ئەو و ناچاری دەکەن فەری ڕاکردن یان بەرگریکردن ببێت، لەرشدا چەکە سەرەتاییەکانی بەرد و لکی درەختن. بە خێبوونەوەی ناچارکیی مرۆڤان کۆمەڵگەلی بچووک دەنئاراوە کە ئێندامانیان بە خواستی خۆیان لە یەکدی نزیککەوتووننەتەوە، جگە لەوە پێکڕا هاومافن، یەکسانن، ئازادن. هەموو هاوکارییی یەکدی دەکەن تاکو پێداویستییەکانیان ساتار بکەن.

ڕوسیە لە ڕووتی داشتنی پرسیی بکۆمەڵایەتیبووندا ئێکسکورزێک دەکات بە خەریکبوونێکی زمانفەلسەفییەوە لەتێک سەرهەڵدانی زماندا. ئەو بەم فەلسەفەیەی زمان خودای سەردەمکەی، واتا ئاوەزی ئەزەلی، لەسەر تەختی دەسەڵات دادەگرێت و پێشانی دەدات کە چۆن هەموو تێگەکانی مرۆڤ "هێدی هێدی" لە ڕووتی بکۆمەڵایەتیبووندا سەریانهەڵداوە.

یەکەم زمان کە لە ڕووشی سەرەتایی سروشتیدا پێویستە، بریتییە لە "هاوار" کە ڕەمەکییانە بەهەی مەترسی یان ئازارەوە لە مرۆڤ هەڵدەستێت و مرۆڤ بەو دەنگە داوای یارمەتی لە هاوڕێگزی دەکات. پاشان لەتێک پەرەسەندنی گرفتکانی ژیان و لە ڕووتی بکۆمەڵایەتیبووندا دەربڕین بە دەنگی جیاواز و گۆڕانەراو بە بزووتنێکی تایبەتیی لێش (بە ژست) دەوڵەمەند دەکرێت تاکو واتاکە ڕوونتر بکرێتەوە. مرۆڤ سەرەتا بابەتە دیار و بزووکان بە ئاماژە و بابەتکانی بیستن بە دەنگ ڕوون دەکاتەوە، لە تەنیا بابەتکانی ئامادە دیاری دەکات، ئەویش نێک هەموو کات، چونکە بابەتکان بە هاتنی تاریکی دیار نامێنن و چیدی شیاوی بکارهێنان نابن. بەیە ئێستا "سەرنج" پتر پێویست دەبێت. سەرەڕای ئەوە جارە دەستوژی دەنگ زەحمەتە بیان بەهەی ئەرگانە تورتکانی زمانەوە، چونکە ڕاهێنانیان پێنەکراوە. لە سەرەکی دیکەوە دەبێت وشکانیان واتایێکی زەر فراوانیان هەبووبێت، دەبێت بە یەک وشە ڕستەیێکیان دەربڕی بێت، چونکە جارە نیان توانیوە ئاخافتن بەسەر ڕستەی تێگەیێنەردا بەش بکەن. مرۆڤ بەدووی ئەمەدا و بە تەقەلایێکی زەر و درێژخایەن فێر دەبێت، بکەر لە تەواوکەر و ڤێرب لە ناو جیا بکاتەوە، لە ناوکان جارە ناوی خێیی بوون و چاوگیش تاکە فەرمی ڤێرب بووە. تێگەی ڕاناو زەر درەنگتر دەتە ئاراوە، چونکە هەموو ڕاناوێک ڕوو دەکاتە واژەیێکی ئەبستراکت، هەروەها چونکە ئەبستراکتکردنکان چالاکییێکی ناسروشتی و درێژخایەنی هەشمانن. لە ڕووتی کارابوونی زماندا هەر بابەتێک ناوێکی تایبەتیی لە دەنرێت بەبێ گرنگیدان بە ڕێگز و جۆرکان. گەر داربڕوویێک ناو بنرێت "ب"، ئەوا دەبێت دارگوزێک ناوبنرێت "پ"، چونکە یەکەم تێگە کە مرۆڤ لە دوو شتەوە چێی دەکات، تێگەی "جیاوازی"یە، ئەمەش کاتێکی

درژخایەنی تەوانینی دەوڵەت، تا ئیدی مرۆڤ دڵزانێت کە داخۆ ئەو دوو شتە لە چیدا جیاوازن یان یەکدگرنەوە. ئاخر ناوڵنانێکی بەم چەشنە ئاسان نییە، چونکە سەرەتا دەبێت مەرکی بابەتەکان بناسرێت و ئەوجا ئەو لایەنە کە لە یەکیان جیا دەکاتەوە، ئەمانەش پێش پلەی جیاوازیکردن و ناوڵنانن. جگە لەوە تێگەکان لە هەشی مرۆڤدا ناچەسپێن گەر وشەکان یاریدەدەر نەبن، هەشیش لە ستەدا نەبێت لەیان تێناگات. کەواتە مرۆڤ دەبێت فێری ئاخافتن ببێت، کە "هەدی هەدی" لەتەک بەکەمەڵایەتیبوونەدا دێتەدی، بەتایبەتی لەنەو خزانەدا، لەرەش بەتایبەتی لای زارەک، چونکە ناچار پەداویستییەکانی بە دایکی ڕابگەیەنێت.
ەوسە دوای ئەم ئەکسکورزە ەوودەکاتەوە پرسەی بەکەمەڵایەتیبوون. بە تێشنەی ەگەزی مرۆڤ بەنەو جیهاندا گرفتەکانی مرۆڤان پەردەسێنن. جەری زەویەکان کە ئەوان لەسەریان دەژین و کەژەکانی ساە دەبن بەهەی ەکخستنی شەوازی جیای گوزەران. ساەی نەهات، زستانی درژخایەن و سارد، هاوینی گەرم و پەووکەنەر، دەبن بەهەی سەرهەدانی وزەی جیاوازی چالاکی لەنەو مرۆقاندا. مرۆقان لە کەناری دەریا و ەوبارەکاندا قولاپ دروست دەکەن و دەبن بە ماسیگر و ماسیخەر؛ لە دارستانەکاندا تیروکەوان دروست دەکەن و دەبن بە اوچی و شەانی؛ لە ناوچە ساردەکاندا دەکەونە بەخۆوکردنی ئاژە و بە پێستەکانیان خۆیان دەپۆشن، تا ئیدی جارێک بروسکەیەکی ئاگر هەگیرسێنەر ئاگریان پێدەناسێنێت و ئەوانیش بە خۆپاراستن لە سەرما بەکاری دەهێنن، پاشان فێری دەستوژێک دەبن بە ئەوەی ئەو توخمە بپارێزن و سەرلەنوێ ئاگر هەبگیرسێننەوە. ئەم گەانە نوێیانە دەسەات بە مرۆقان دەدەن مامەیەکی دی لەتەک ئاژەاندا بکەن، کە ئیدی پتر بەدار دەبنەوە، ئەوجا فێری "تەنانەوە" و "فە" ی دیکە دەبن، تا لە کۆتاییدا دەبن بە وەستای "بەخۆوکردن".
لە خزانی مرۆڤ بە نەو هزرین لەوش قووڵتر بە دەکات: مرۆڤ بە ەوانینی بە دەرەوە هاوکات فێر دەبێت لە خۆی بەوانێت، بەم ەیەشەوە میانەیەک لە نەوان خۆی و جیهانی دەرەویدا دەهێنێتە گە. ئەمە دەسپێکی "نامبوون"ی مرۆڤە لە خۆی، چونکە بە ەوانین لە خۆ یەکانەی مرۆڤ دەپچڕێت – دەبێت بە دوو بەشەوە. سەرەای ئەوە ئێستا لە ناخی مرۆڤدا ئارەزووی "نازین" دەپشکوێت و هاوکات خۆی وەک ەگەز لە سەرووی ئاژەوە دادەنێت، کە پاشان لەرەوە فەردەبێت لەنەو ەگەزەکەی خۆیشیدا جیاوازی بکات. ئاخر تاکی مرۆڤ لە ەوانینیدا بە دەرەوە هاوەگەزی خۆیشی دەکەوێتە بەرچاو.
ئەم گەانانە زەر درژخایەنن و هەنگاوەکان هەواش دەنرێن، لە توانا بە مرۆقان دەدەن هەنگاوی خێراتر بنێن: تا چەند هەش پێبگات،

ئەوەندەش بەرهەمەکانی چالاکیی لەشیان کامڵتر دەبن. ئێستا چیدی مرۆڤ لەنێو ئێشکەوتدا نانوێت، بەڵکو بە ئامرازی بەردین "خانوو" لە قوڵ و لکی درەخت دروست دەکات. هۆسە ئەم گۆڕانە نوێیە ناو دەنێت "یەکەم شۆڕش (ئێفلوسیۆن)". مرۆڤان بەهۆی ئەم گۆڕانەوە بەسەر خەزانی جیاوازدا بڵش دەبن، سەرەڕای ئەوە بەشداربووانی ئەم کەمپە بچووکانە جارە لە یەکێتیدا پێکەوەدژین، چونکە ئازاد و یەکسانن. ئەم هۆشەی ئێستا ئەوەیە کە لە مارکسیزمدا ناودەنرێت "کۆمۆنی سەرەتایی".
لە ئەم هۆشە لەنێو خەیدا یەکەمین توخمەکانی سەرهەڵدانی نایەکسانیی لەخۆگرتووە، چونکە ئازاترین و جوانترین کەس، دەنگخۆشترین و باشترین سەماکەر و هتد بەزۆریی "دەرکیان پێدەکرێت"، بەمڵش فۆری "ناز" و "فیز" دەبن. ئەوجا گۆرچی ئەم هۆشە هێشتا هەر "لاوێتیی هاستێنەی مرۆڤایەتییە" و هیچ ناچارییەکی بە تێکچوون لە خۆ نەگرتووە، وەلێ کتوپڕ هۆداوەک سەرجەم ژیان دەگۆڕێت، هەروەک ببەژین، "کودەتایەک" بەسەر ژیانی ئازادی و یەکسانی و خۆشویستیدا هوودەدات، کە هۆسە بەم شێوەیە دەربدەبڕێت: "یەکەم کەس کە بە بیریدا هات ببڕێت 'ئەم زۆییە هینی منە'، ئەوجا کەسانێکی زۆری ساویلکە بەوایان پێکرد، ئەو کەسە دامەزرێنەری هاستێنەی سیڤیلیزاسیۆنە / ژیاریە".
کەواتە ئاگایی موڵکداری هۆکاری کەتایەهێنانە بە هۆشی "سەرەتایی" سروشتی و دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی ئەو هۆشە. ئیدی هەرکەس دەیەوێت خاوەندار بێت، بەم هێشەوە ئێستا "خۆیستی" جێ بە خۆخۆشویستن لەژ دەکات، تەنانەت سەروەری بەسەریدا وەردەگرێت. ئەم هۆستە تەواو نەگەتیڤە، چونکە مرۆڤ بەهۆیەوە گیردەی خۆی دەبێت و هۆش و ئارەزووی تەنیا بە بەرژەوەندییە ماتریاڵەکانییەوە خەریک دەبن. خۆیستی دەردە و مرۆڤ بەهۆیەوە لە خۆی وەک بڵشک سروشت نامێبووە.
بەکارهێنانی زەوی بە کشتیاری و پاشان دابەشاندنی، هاستەوخۆ ماف بە خاوەنی دەدات بە ئەوەی بەرهەمەکەی بە خۆی هەبگرێت و پاشان زۆییەکە خۆیشی وەربگرێت. لەرەوە موڵکداریی بەردەوام سەرهەڵدەدات، کە ساڵ بە ساڵ دەگۆڕێت بە خاوەنداریی تایبەتی. کشتیاری بە دیدی هۆسە بریتییە لە بناغەی سەرهەڵدانی خاوەنداری و دامەزراندنی حکومەت و دانانی یاسا.
لە ئەنجامی کاری دابەشدا کشتیار و کارکەری مەتاڵ لە یەکدی جیادەبنەوە، هاوکات ناچار دەبن بەرهەمەکانیان لەگەڵ یەکدیدا بگۆڕنەوە. لە هادەی جیاوازی پەداویستییە ئابووریەکان دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانی ئاستی جیاوازی بەندبوونی نۆیەکی لەنێو سەرجەم

دانیشتوانـدا، تـا لـە کـۆتـایی ئـەم گـفـتـانـە بـڕیـاردرا مـۆکـدار و بـەمـۆک سـەرهـەڵـدەدەن و بـڕانـبـەر یـەکدی دەوەستنەوە. مـۆکدارەکان پشت بـە "مافی سروشتی" دەبـەستن، واتـا بـەو کـاتـە کـە دەستیان بـەسـەر یـەکـەم مـۆکـدا گـرت، لـە بـەمـۆکـەکـان جـیـاوازتـر لـە "مـافی بـەهـێـزتران" دەکـەن. سـەرەڕای ئـەوە مـۆکدارەکان جارە ناتوانن مافێک بسەپـێنن کـە بـەو پـێـیـە بـەمـۆکـەکان لـە "هـەبـوونی ماف بـە هـەر شتێک" بـەدەربکرێن. سـەرەنجامی ئـەم بـەدپـێـوەنـدیـیـە بریتییە لـە "جـەنگی یـەک دژ بـە یـەک" کـە بـەتـایبـەتی زیان بـە دەوڵـەمـەندەکان دەگـەیـەنـێـت، چونکـە لـە لایـەک لـەنـەو خـەیاندا یـەکگرتوو نین و لـە لایـەکی دی هـەزەکی ئـەوتـەیان نـیـیـە کـە خـەیان و مـۆکـەکانیان بپارێزێت. هـەوسـە لـەرەشدا بـە بـەهاتنـەکی بلیمـەتـانـە وەرچـەرخـانـەکـە هـەوونـدەکاتـەوە: "دەوڵـەمـەنـد" پلانـەکـی "بـەرادە فـڕۆبازانـە" دەچـنـێت: "پـێـیمانی جڤاکی". دەوڵـەمـەند هـەوڵی دەمی دەکاتـە مـرۆڤـکانی دەوری:
"با یـەک بگرین، تا لاوازان لـە چـەوسانـدنـەوە بپارێـزین و تـەمائکاران بـگـیربهـێنین، تا بـە هـەر یـەکـەمان ئـەوە مسـۆگـەر بکـەین کـە هینی ئـەو خـێـرەتـی؛ بـا پـێـوەکـانی ئـاشتی و دادپـەروەری دابـەشـبـێـن، تـاکو هـەمووەمان بـە پـێکـەوەژیان ناچار بکـەن؛ بـە کورتی، لـەجیاتی ئـەوەی هـەزەکـانی خـەمـان بـە تـەکشکانـدنی خـەمـان بخـەینـە گـەڕ، لـە دەسـەاتداریـیـەکی تاک و بـەنـدا یـەکیان دەخـەین، تاکو بـگـەڕێی یاسای دانایانـە هـەبـەریمان بکات، ئـەندامانی جڤاک بپارێـزێت و بـەرگریـیـان لـە بکـات، دوژمـن بشکـێنـێـت و ژیـانی گشتـی لـەنـەو بـەختیاریـیـەکی نـەگـەڕدا مسـۆگـەر بکات".
بـەم شـێوەیـە هـەزارانی لـەژمارەنـەهاتوو بـە پـێیمانێک ناچاردەکـرێن کـە بـەتـایبـەتی زیـان بـە خـەیـان دەگـەیـەنـێـت، چـونکـە ئـەستا بـە هـەمیشـە هـەوایـەتی بـە نایـەکسانیی جڤاکی دەدرێت.

"دیسـکورزی نایـەکسـانی" بـە سـەرهـەڵـدانی دەوڵـەتـی بـەدادی دەوڵـەمـەندەکان کـۆتایی پـێدێت. هـەوسـە چـەند سـاڵـێک دوای ئـەو نووسینـە (1762)، بـە نووسـیـنـەکی دیکـەی تیـۆریـیـانـە خـەی بـە پرسـی دەسـەاتداریـیـەکی هـەواوە خـەریکدەکات: "پـێیمانی جڤاکی".
دەستپـێکی ئـەم نووسینـە هـەستـە بـەناوبانگـەکـەیـەتی کـە دەبـێژێت: "مرۆڤ بـەئازادی دەتـە جیهانـەوە، لـە لـە گشت لا لـە کـێت و زنجیردایـە". ئـەمـە بـگومان بـە تـەگـەیشتن لـەم هـەستـەیـە دەبـێت پرسیار و وەڵـامـەکانی دوای ئـەو بخـەنـیـنـەوە. ئـاخر هـەوسـە بـەدوویدا دەپرسـێت: "ئـایا چـۆن ئـەوە هـاتـە ئـاراوە؟"، ئـەوجا خـەی وەڵـام دەداتـەوە: "نازانم"؛ "ئـایا چـۆن ئـەوە چارەسـەر دەکرێت؟ باوەڕ دەکـەم بـتوانم وەڵـامی ئـەم پرسیارە بـدەمـەوە". هـەوسـە بـە "پـێیمانـێکی جڤاکی" وەڵـامی کـێشـەی ئازادیی مرۆڤ

و پەکەوتەیان دەداتەوە، وەلێ وەڵامەکانی گەلێک دژبەژی لێ خۆدەگرن. ئاخر وەک گوتمان ئەو سیستەمگەرانە نەبوو و دەرچەیەکی هزرینی لەگیکی بچەسپێنێت.
ئازادی پرسی هەوسەیە. لە ئازادی هەردەم دەشێت وەک هەقیقەتێکی ناخەکییانەی مرۆڤ لەگەڵ بێت، واتا جیاوازە لە پابەندی مرۆڤان بە دەسەڵاتدارانەوە، بە هۆشی ئابووری و جڤاکییەکانەوە. ئەمش قووڵترین کێشەی بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسییە.
لای هوسێ بابێ پەکەوگرەدانی پەیمانی جڤاکی (دەوڵەت) و ئەخلاق نەشیاوە دەسەڵاتداریێکی سیاسیی هەوا دابمەزرێنرێت، کە ئاشکرایە لەبریێکە بە دەوڵەتی ستەمکاری دەوڵەمەندەکان. ئەم فەیلەسوفە دوای تێکچوونی دەخی ئاشتەوایی و ئاسایشی سروشتی خەڵکیان بە خاتری بەرژەوەندیی تایبەتییان فریو دا و لە خوێستیەوە پەیمانێکی جڤاکییان بەسەردا زیتکردنەوە، وەک ستەمکار بەسەریانەوە زیتبوونەوە. هوسێ بە پێچەوانەوە پەیمانێکی جڤاکیی دەوێت کە "لە نوێدا هەرکەس، کاتێک لەتەک هەموواندا یەکی گرتووە، تەنیا گوەرایەڵی خۆی بێت" و هاوکات وەک "ئەندام" هەمکییانە (تەتال) لەتەک جڤاکدا یەکبگرەتەوە. لەردا واژەی "هەرکەس" ئاشکرای دەکات کە ئەو مەرجە بابە جیاوازی چواندنی بە سەرجەم پەیمانبەستووان هەیە، کەواتە هیچ کەس بۆی نییە داوا بکات ئەو مافانەی بە بەهەرەندەوە کە پێش بەستنی پەیمان هەیبوون، یان گەر تەنانەت کەمترین بۆی لەو مافانەی پێشووی پەبدرەتەوە، پەیمانی جڤاکی هەدەوشێتەوە.
ئەمە لەم پەیمانە جڤاکییەی هوسەدا کەکردنەوەی مافەکانمان نییە، یان بە شۆیەکی نەگەتیف ببژین، گەلەکەمەکمان نییە، گەڵاوژەی سوننەتیمان نییە، بەڵکو بەستنی پەیمانەکمان هەیە لە پرنسیپی چەسپێنراوەوە. هوسێ ئەم پرنسیپە ناو دەنێت "ویستی گشتی" وەک دەرهاویشتەی ویژدان.

پەیمانی جڤاکی فاکتە، سەرهەدانەکی سیاسییە، لە ویستی گشتی فاکت نییە، بەڵکو ئاستێیە، بریتییە لە "گەرەک" و فەرمەک دەچەسپێنێت کە لە دوو هووەوە کارایی وەردەگرێت: دەبێت لە ناخی هەر تاکەک و هاوکات لە ناخی هەموواندا هەبێت. واتا: ویست "گەرەکە" گشتی بێت پەیوەند بە هەر تاکەکی پەیمانبەستووەوە، کەواتە هەمووان بابە جیاوازی بگرەتەوە، هەروەها "گەرەکە" ئاستەی سەرجەم، واتا خۆی کرابێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەستا ویستەکی ئەبژەکتیفییە کە بە مرۆڤ نابژێت "چی" ئەنجام بدات، بەڵکو فەرمان دەدات کە "چۆن" گەرەکە ئەو بەیار بدات بە ئەوەی خۆی و کردارەکانی چاک بن، ئەوا

بریتییە لە ئەتەنەمی و ئازادی.
ئەمە بە تێگەیشتن لە ویستی گشتی وەک ویستی سەرجەم گەرەکە لە پێکهێنانێکی دیکەی جڤاکی بەوانین کە هۆسە ناوی دەنێت "ویستی هەموان" وەک کەی ویستەکان. لەردا بەر تێزەکەی تیەریی گشتاڵت دەکەوین کە دەبژێت: "سەرجەم / فەرم گەورەتر لە کەی کەرتەکان". بە نموونە فەرمی خانووێک کە بەنەو خانووەکەدا "هۆڵهاتوو"، گەورەتر لە کەی کەرتەکانی خانووەکە، وەک بەرد، دەرگە، پەنجەرە و هتد. ئەم فەرمە سەرجەمییە ئامانجی پێمانە جڤاکییەکەی هۆسێیە، بە پێچەوانەشەوە ویستی هەموان تەنیا کەی بەرژەوەندییە جیاکانە، چونکە هەر تاکێک پێمانەکەی بە مەرجی هاوکردنی بەرژەوەندییەکانی قبووکردووە. ئەمە لەم کۆشێە باشتر تێدەگەین، گەر لە هۆوەستی هۆسە بەرانبەر پارتی سیاسی و دەستە و تاقمە یەکگرتووەکان بەوانین. هەموو پارێکی سیاسی دەشێت پێیوەند بە خێیەوە ویستێکی گشتی، لە پێیوەند بە سەرجەم جڤاکەوە ویستێکی تایبەتیی هەبێت. بەڵێ هۆسە داوا دەکات کە نابێت لەنەو دەوڵەتدا پارتی سیاسی هەبێت، چونکە پارت شوێن بەرژەوەندییەکانی خەی دەکەوێت، بەو هێیشەوە زیان بە دەوڵەت، واتا بە "گەلی یەکگرتوو" دەگەیەنێت. هەروەها جیاوازیکردنی هۆسە لە نێوان "سیتێیا" و "بەرژوا"دا کلیلکمان بە تێگەیشتن لە پێمانە جڤاکییەکەی ئەو پێدەدات. ئەوانەی یەکەم پێیمانبەستووانن، ئەوانەی دووەم، واتا بەرژواکان، دوای بەرژەوەندیی تایبەتییان، دوای ویستی تایبەتیی خێیان، دەکەون.

کەواتە هۆسە لەم پێیوەندییەی پێیمانی جڤاکیشدا دەکەوێتەوە بەردەم کۆشەی ئەو نامبوونەی نەو دەخی سروشتییانەی جەنگی یەک دژ بە یەک کە لە "دیسکورزی نایەکسانی"دا دایشت. بەگومان ئەم کۆشێەی نامبوون هەر تاکێک دەگرێتەوە، کەواتە زەر قووڵتر لە پێیوەندییە نوە سەرهەڵداوەکانی نەو دەوڵەت بەدەکات (کە لە خوارەوە هوونتر دەبێتەوە). سەرەتا ئەمە لە دەوڵەتەکەی هۆسەدا کە ناوی دەنێت "هێپۆبلیک / کەمار"، لە لایەک پێیمانبەستووانمان هەن کە بەویژدانانە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا لە ویستی گشتیی خێیانەوە کردار دەنوێنن، لە لایەکی دی "لە وڵاتدا" کەسان هەن کە گوێ لە دەنگی ویژدان ناگرن، بەڵکو خەویستیی بەجەو وەک بناغەی تەوانین و ژیانیان دادەنێن. ئەمە لەردا بەووونی تیەریی "سوژەرێن"ەکەی هۆسە دەبینین. لای هەبس پێیمانبەستووان سەرجەم مافی خێیان بە سوژەرێنێک دەدەن کە لە دەرەوەی قەوارە سیاسییەکەوە، دەوڵەتەوە، بەسەریانەوە حوکم دەکات؛ جەن لۆک سوژەرێنێک بە دەنگی

زۆرینە لە نەوەندی قەوارە سیاسییەکدا بە حوکمانی دادنرێت؛ لای وسە بە پچەوانەوە یەکگرتووان خۆیان بریتین لە سوڤەرین، کە لەسەر ئینومای ویستی گشتی سەرجەم ویستکی گشتی پکدەهنن، بۆیە ئەم سوڤەرینە نەشیاوە بەرژەوەندییەکی جیای لە هیچی ئەوان خۆیان هەبێت. ئەوجا ئەنجامدانی ویستی گشتی بریتیە لە سوڤەرینتی و تەنیا ئەم بۆی هەیە دەوڵەت بووەو ئەو ئامانجە بەدەستهێنرێت کە خودی دەوڵەت لە پێناویدا دامەزراوە: بەختیاریی گشتی. تیۆریی سوڤەرینی وسە بریتیە لە تیۆریی دەمەکراتییەکی جەماوەری.
لە چەن پێیمانی جڤاکی بەبە پرنسیپی ویستی گشتی کارایی وەرناگرێت، بەهەمان شێوە سوڤەرینتی ناتوانێت بەبە بنەڕەتکی گشتگیر ئامانجکانی چالاکبوونی خۆی بدیبهێنێت. ئەم بنەڕەتە بریتیە لە یاسا کە گەرەکە دەوڵەت بەرەو ئامانجی دامەزراندنی ئاستە بدات. لەم هەنگاوەوە پێیمانی جڤاکی یان دەوڵەت لای وسە قەوارەیکی چەسپێنراوی ویستی گشتیە، لە هاوکات پرۆژەیە، واتا لە بزووتندایە هەوەو بدیهێنانی بەختیاریی گشتی، ئەمەش وەک نیشانەی ئاشتبوونەوەی، واتا یەکگرتنەوەی مرۆڤ لەتەک خودی خۆیدا – وەک کۆتایهێنان بە نامۆبوون (کۆمونیزمە یوتۆپییەکی مارکسیزم).

وسە لەم پێیوندییەشدا خزاوەتەوە نەو دژبڕیەوە، لەڕشدا بەر کێشەیکی نامۆبوونی مرۆڤ لە خۆی و سروشت دەکوین کە لە سەرەوە پێشانمان دا. وسە یاسا وەک بەرجەستەبوونی ویستی گشتی، وەک یاسای سەرجەم "گەل"ی پێیمانبەستوو بە هەموان دیاری دەکات، لە هاوکات دەبڕێت: گەرچی "گەل" هەردەم چاکی دەوێت، ئەویش چونکە لە ویستی گشتیی خۆیەوە کردار دەنوێنێت و هاوکات خۆی خستەتە ژێر کەڤی ویستی گشتییەوە وەک ویستی سەرجەم، سەرەڕای ئەوە هەموو کات لە لایەنی خۆیەوە کێشە ئاڵەزکان نابینێت و ئەو بەیارانە ناناسێت کە ویستی گشتی بەدەستهێنەوە دەبن. ئاخر بەیارەکان هەشن نین، بۆیە پێویستیەک بەرەکیان دەگرێت: پێویستە هەگەی هاستی پێشانی گەل بدرێت و کێشە و بەیارە ئاڵەزکانی بە هوون بکرێنەوە.
لەم هەنگاوەوە دەوڵەت پێویستی بە "لەجیسلاتۆر" (یاسادانەر)، واتا بە "مرۆڤکی شاز" کە خاوەنی "ژیریەکی نائاسایی" و "دەروونکی میهرەبان"، کە هەموو سڵزکانی مرۆڤ دەناسێت و لەژێر کەڤی هیچ کامیاندا نیە، کە بەختیاریەکی سەربەخۆی لە بەختیاریی گەل هەیە و سەرەڕای ئەوە مشوری بەختیاریی گەل دەخوات. وسە پێیوند بە لەجیسلاتۆرەوە تەنانەت دەبڕێت: "مرۆڤ پێویستیی بە خودایکە تاکو یاسای بە دابنێت". لە ئەم داواکارییەی وسە پێویستی بە هوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

لەجیسلاتوەر یاسادانەر نییە. گەر ئەو دانپێدانە یاسا بێت، ئەوسا یاساکان هیچی خێی دەبن، کەواتە لە نەیاندا ویستی تایبەتیی خێی بەرجەستە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە تێگەی لەجیسلاتوەری ڕوسۆ تەنیا دەستوەژێکی کۆنستروکسیۆنە. ڕوسۆ دەبەژێت: "لەجیسلاتوەر کەمار دادەمەزرێنێت، لە خێی لە دەستوور بەدوور دەگرێت. پێگەی ئەو ئاستێکی تایبەتی و بەرزترە و هیچ پەیوەندییەکی بە دەسەڵاتداریی مرۆڤەوە نییە". ئەو تەنیا بەهێی دانایییەکەیەوە ویست و بڕیاریی گەل دەناسێتەوە، هاوکات ئەرکێک لە ئەستێدایە کە هاوشێوەی پێگەکەی شازدە: لەبەرئەوەی گەلی خۆیکخستوو لە زمانی مەرالپەروەری و دانایی، واتا لە زمانی یاسادانەر (و فەیلەسوف) تێناگات، هەروەها لەبەر ئەوەی هەموو ئێندامێکی جڤاک تەنیا بەو پلانانە ڕازی دەبێت کە پێی هەڵدەسووڕێن و تێیاندا سوودی خۆیی دەبینێت، ئەوا ئەرکی سەرکیی لەجیسلاتوەر بریتییە لە پەروەردە. لەڕەدا ئاشکرایە کە گەل دەبێت ئەتەڕێتیی ئەوی ناساندبێت تاکو ئیدی بتوانێت ئەرکە یەکجار "مەزن و دژوار"کەی بەجێبگەیەنێت کە ڕوسۆ دەیخاتە ئەستێی: لەجیسلاتوەر دەبێت پێکهاتەی ناخۆکییانەی مرۆڤ هەبگرێتەوە و کەسێتییەکی دیکەی پێبدات؛ دەبێت لە مرۆڤ هەزە خۆیەکانی بسڕێت و هەزی دیکەی ئەوتەی پێبدات کە بە ئەو ناڕەن و بەبێ یارمەتیی کەسانی دی نازانێت بەکاریان بهێنێت؛ دەبێت فەرمی هەر ئێندامێک کە لە خۆیدا سەرجەمێکی کامڵ و سەربەخۆیە، بە کەرتی سەرجەمێکی گەورەتر وەربگرێت!

ئامانجی ڕوسۆ لەم ئەرکە "مەزن و دژوار"ی لەجیسلاتوەردا ئەوەیە کە "ئاگایی جڤاک ببێت بە بەرهەمی دەستوور". ئەمە لەم ڕوانگەیەوە گرانێکی مۆژووییمان لای ڕوسۆ هەیە بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە: "پەرجوی یاسا" گەرەکە هاوڵاتییان بەو ئازادییە بگەیەنێتەوە کە لە دڵی سەرەتایی سروشتیدا مەرکی ئەوان بوو. لە لەبەر ئەوەی دەشێت ئەو ئەرکە بە خودی لەجیسلاتوەر ببێت بە مایەی لەهەزرین، یان بەژین، تەنانەت ببێت بە مایەی سەرئێشە، ئەوا زەر جار ناچارە لە پەناوی بەواهێناندا بە ڕاڤەی کێشە زەر و ئاڵۆزەکان هانا بە ئەتەرێتییەکی دیکە بەرێت کە بەبێ زەبر و گفتدان بەواهێنەر بێت بە مرۆڤ، واتا هانا بە ئاسمان بەرێت، هاوشێوەی باوکانی گەلان (موسا، لیکروگ، محەمەد) کە هانایان بە ئاسمان بردووە و بانگی خودایەکیان کردووە، هاوکات دانایی خۆیان وەک پەیامی نەرراوی خودا ڕاگەیاندووە تاکو گەلەکانیان بەوایان پێبکەن. مەسەلەکە لای ڕوسۆ لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە گەر مرۆڤ یاساکان وەک دەربەینی ویستی خودایەکی ئەزەلی ببینێت، ئەوسا ناتوانێت لەیان لا بدات،

هاوشێوەی یاساکانی سروشت کە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت وەریانبچەرخێنێت، کەواتە یاساکان هاوشێوەی یاساکانی سروشت وەک زەروورە وەردەگرێت و بە هەگری ئازادیی خەی دایان نانێت.
گەچی سەرجەم دەسەڵات لای گەلی پەیمانبەستووە وەک سوڤەرێن، سەرەڕای ئەوە گەرەکە حکومەتێک بە بەڕێوەبردنی کاروبارە پەویستەکانی کەمار پەکبهێنرێت. لە پرسی بەڕێوەبەرایەتی لای هوسە لاوەکییە، گرنگ ئەوەیە کە سوڤەرێن بەردەوام چالاک بێت: گەرەکە کەمیتە جیاوازەکانی سەرجەم ناوچەکان لە کەبوونەوەی بەردەوامی پەویستدا بن، گەرەکە "دەمەکراتییەکی خەسەری" بریتی بێت لە کەتواری جڤاک، هاوکات هەر سوڤەرێن خەی چاودێریی هەر هەنگاوەکی حکومەت بکات تا دەرفەتی نەبێت لە ئەرکی پەدراوی کە خزمەتکاریی سوڤەرێنێ، لابدات. ئەرکی حکومەتکی بەم چەشنە ئەوە نییە کە هەژاران لە دەوڵەمەندان بپارێزێت، بەکو ئەوەیە کە هەر لە کەکردنەوەی سامانی زەر لە هەمووان بگرێت. بەگومان هوسە دژی خاوەنداریی تایبەتی نییە، بە پەچەوانەوە بە مافەکی نەشیاوی دەستبەرداریی دادەنێت. گرنگ ئەوەیە کە نابێت لە کەماردا دەوڵەمەند و هەژار هەبن.

کەمار دوو زەمینەی ئابووریی پەویستە: کشتیاری کە یەکەم دابینکەری ئاسایشی جڤاکی و ئایندەی کەمارە، ئەوجا پیشەی دەستی. هوسە دژی ئیندوستریی زەبەلاح بوو. ئەمە لەڕشدا سەرلەنوێ ئاماژەیەک بە گەلی پەیمانبەستوو وەردەگرینەوە. کشتیاران سەرجەم پەداویستییە خەراکییەکانی کەمار دابین دەکەن، پیشەگەرانی دەستی ئامرازە پەویستەکان بەرهەمدەهێنن. ئەمە لەڕە لای ئەو تێۆرەین کە لە مارکسیزمدا ناودەنرێت "وردە بەرژوا". هوسە لای ئەمان لە مالی خەیدا بوو. ئاخر پیشەگەرانی دەستی بە داهاتی کەم هازی دەبن، هاوکات کار بە کەسانی دیکە دەدەن، واتا بە شاگردەکانیان، بەمەش لە بەرژەوەندیی کەماردا هەڵوەست وەردەگرن. هوسە لە هەمانی "ئەمیل"دا ئاماژگاریی ئەمیل دەکات کە گەرەکە لە تەمەنی گەنجێتیدا فەری پیشەیەکی دەستی ببێت، چونکە بەو هەیەوە ئازاد دەبێت: کەی قسەیەکی ناشرینی پەبگەترێت، هەگبەکەی دەپڕچێتەوە و دەڕوات، ئەوجا لەتەک خەیدا "هەردوو دەستی دەبات". پیشەگەری دەستی وەک کشتیار نییە کە دەشێت هەژی چەند جار لەسەر زەویەکەی هسوا بکرێت. بەگومان ئاشکرایە لەڕدا هوسە لە کشتیارانی نەو هەوشی سروشتی دەدوێت نەک نەو هەوشی کەماری.
ئەمە لە سەرەوە بە نموونەی پەرجوی یاسا و رەسی لەجیسلاتوەر بینیمان کە هوسە زەر هیشەییترە لەوەی تەنیا بە پەیمانکی پراگماتیانەی جڤاکی قایل بێت. ئەستاش بە هەمان شێوە، دوای

دیاریکردنی سوڤارنەتی و رێی حکومەت و ئابووریی دەوڵەت، بنەڕەتکی دیکەی "شوناسی کۆمارکی" دەچەسپێنێت کە بەراستی شۆشگێڕە: کۆمار زەمینەیکی هاوبەشە پێویستە، واتا ئاینێک وەک لایەنی کریستیانی. ئاخر هەموو دەوڵەتێک پێویستی بە ئاینێ وەک بناغەیکی شوناسییانەی یەکێتیی دەوڵەت. هۆسە ئەم ئاینە ناو دەنێت "ئاینی هاوڵاتی" کە تەواو جیاوازە لە ئاینی کریستیانی (یان ئاینە ئاسمانییەکانی دی). ئاینی کریستیانی داوای ملکەچی لە مرۆڤان دەکات و هەنوما ئاینییەکانی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەوانیش دەبێت بچەندوچوون هازی بن پێیان، هەروەها دەبێت هەڵکخراوە دامەزراوەییەکی قبووڵ بکەن، کەواتە هەیان پێنادات وەک هاوڵاتیی ئازاد ئەرکەکانیان گونجاو بە توانستیان ئەنجامبدەن. "ئاینی هاوڵاتی" بە پێچەوانەوە گرێکە پاڵەهەنز بێت بە ئەوەی هاوڵاتیان فرمانەکانی خۆیانیان "خۆشبوێت"، ئەمەش بەواتای، گرێکە هەنوماکانی وەک لای کریستیانەکان "دەگم نەبن"، بەڵکو دەرهاویشتەی "هەستی جڤاک" بن و بەمەش بە هەر هاوڵاتییەکی پێیمانبەستوو ئاشنابن. تەنیا بەهۆی ئەم هەستەی سەرجەم جڤاکەوە دەرفەت دەخسێت بە ئەوەی هەر ئەندامەک بتوانێت "هاوڵاتییەکی چاکی دەوڵەت و ژێردەستەیکی دەسەزی یاساکان" بێت. بەیە گرێکە بنەماکانی ئاینی هاوڵاتی بە ژمارە کەم بن، هاوکات هەوون بن و پێویستیان بە هاڤکردن نەبێت. گرنگترینی بنەما پێزەتیڤەکانی ئیمان بریتین لە: هەبوونی خودایەتییەکی ئاوەزمەند، پیرەزیی پێیمانی جڤاکی و یاساکان.

بەگومان چەن لەنەو کۆماردا کەسان و گروپی جیاواز هەن کە دوای وێستی تایبەتیی خۆیان دەکەون، بە نموونە "بەرژواکان" یان تاقمە سیاسییەکان، بە هەمان شێوە مەرج نییە لە پرسی ئاینی هاوڵاتیشدا هەمووان بەوای پێبهەنن. هۆسە لەم هەوشەدا ماف بە سوڤارەن دەدات ئەو کەسانە لە دەوڵەت بکاتە دەرەوە کە بەوایان بە ئاینی نوێی کۆمار نەهەناوە، لە نەک وەک بئیمان (ئەمە هەوڵستی کریستیانەکان بوو لەدژی کەسانی دی)، بەڵکو وەک "دوژمنی جڤاک" کە یاساکان و دادپەروەریییان خۆشناوێت، یان ژیانیان لەکاتی پێویستدا بە فرمانەکانیان بەخت ناکەن. هۆسە هەر لەم پێوەندییەدا هەڵوێستەکی توند لەدژی ئەو کەسانە وەردەگرێت کە بەرواڵەت، نەک ناخەکییانە، بەوا بە بنەماکانی ئاینی نوێ دەهەنن و هاوکات تا ڕادەی شیان بە پێچەوانەی ئەوانەوە کردار دەنوێنن. سوڤارەن گرێکە سزای مەرگ بەسەر ئەم جۆرە کەساندا بسەپێنێت.

گرچی هۆسە دژبەری شۆشی بگەڕی پێوەندییە جڤاکییەکان بوو، بەڵکو تەنیا تیرییەکی جڤاکی بەداد دادەنێت، سەرەڕای ئەوە لە هووی

هزرییەوە هوسە دەبەت بە یەکێک لە بەخشکەرانی شانشی فەرەنسی، هاوکات کتێبی "پەیمانی جڤاکی" دەبەت بە ئینجیلی ژاکۆبییەکان و بەسپیا بەتایبەتی کە تەنانەت لە "ئاینی هاوڵاتی"یەکەی هوسەوە ئاینێکی نوێ بە دەوڵەتی فەرەنسی بنیاتدەنێن و ڕایدەگەیەنن.

داگیرکردنی ونەکی لە "داگیرکردنی تاریکی" بەختیار عەلی دا.. محەمەد تەها حوسێن

دوێنێ لە خوێندنەوەی بەرهانی"داگیرکردنی تاریکی" نوسەری کورد بەختیار عەلی بوومەوە. من هەمیشە عەودالی جیاوازی و جیانووسی و دەرچوون لە تایپە کلاسیکەکانی بیرکردنەوە و کار و کردارم. لە ئیشەکانیشمدا پشت بە بیرکردنەوەی هەخنەییانە دەبەستم و بێ نوسین و بەرهەمی ئەوانی تریش دڵڵز وتەنی هەمیشە زمانی دووەم کە هەخنەیە بەکاردێنم. داگیرکردنی تاریکی بەرهانکی جیاوازە هەم لە ڕووی تیمە(بیرکەی سەرەکیی) و خولانەوە لە دەوری ئەم تیمەیە تا کۆتایی، هەمیش لە ڕووی ئاگایی نووسەر لە نەپچڕانی خەیاڵ و نەترازان و نەخلیسکانی بێ سەر بیرکە پەراوێزیەکان کە لە خێدا ئەم نەخزینە بەگەی پارێزگاریکردنی نوسەرە لەسەر یەکێتی بابەت و مانەوەی لە خەیاڵستانی خێ و دواتر بەستنەوەی ئەم خەیاڵستانە بە (شوێن) کە جوگرافیایە و ئینجا بە زەمەن کە مێژووی بەسەرهاتە جڕاوجڕەکانە.

ئیشکردنی جیاواز لەسەر ئەم هەموو ڕوداوانە بیرکی بەکخراوی ئەرگانیزەکراوی دەوڵ هەروەك ئالان بادیۆ دەڵێ بە چارەسەرکردنە هزریەکانی ئەم هەمو ناهەمجینیەتە. بەختیار عەلی ئەزمونکی دورودرێژی لە نوسین هەیە چ لە بەرهان و شیعر و چ لە بوارەکانی هزری فەلسەفی و سیاسیی دا، لە لایەن نوسەر و کەسانی ترەوە گەلك لەسەر لایەنی نوسین و زمانی نوسینەکەی نوسراوە، من لێرەدا تەنها سوکە ئاماژەیەك لە ڕووی زمانەوە بە خودی ناونیشانەکە و دواتر تیمەی سەرەکی بەرهانەکە دەکەم کە هەرهەمووی لەسەر ونبونی زمان و

دواتر دەزینەوەیەتی.

لە ناونیشان قسەی بەختیار لەسەر تاریکیە، ئەم جۆرە تاریکیەش بە مانا فەیدی و دواتر لاکانیەکەی پانتاییەکی لە بن نەهاتووی هەیە لە خود و کیانی تاکەکان و هیچ هێزێك توانای ئەوەی نەبووە تا بنی بنەوەی بچێت و سەرەنجام هەر هەمووی داگیر بکات و بیخاتە ژێر ڕۆناکایی ئاگایی و (من) ە هوشیارەکانەوە. هەر بۆیە وا باشتر دەبوو کاك بەختیار زیاتر خۆی بە سکیمای ئەبیستیمۆلۆجی(نەخشەی سیستمی مەعریفیی) کە لە زماندا بەرجەستەیە ماندوو کردبایە، ئەوسا ئەو کەمە هەڵانەش کە تێکەوتوون نەدەبینران و هەمزییەتی وشە و ئایدیەم و چەمکەکانیش وردتر ئامانجەکانیان دەردەخست. هەبەتە دۆنیام کە کاك بەختیار بایەخی زمان و دنیای زمان وەك ئەلتەرنەیتیڤێکی لاکانیانەی نەست و کۆنەستی خەڵك دەزانێ و باش لەوە حاڵیە کە زمان دەلالەتێکی وجودیانەی هەیە و پێکهێنەری هۆش و مانا وجودیەکانی ژیانە بۆ تاك و بۆ هەر کۆمەڵگەیەك، جا بۆیە ئەم ڕەهانە کە لای من جیاوازە و دەرچونیشە لە تایپی لەسەر ڕاهاتووی ئیشەکانی بەختیار زۆر باڵاتر دەردەکەوت گەر هاتبا و بە باڵایی زمان و ڕەساکانی لە دەوری تیمەی زمانی نەتەوەیی کە هەرچی ڕەهانەکە هەیە لە سەری دامەزراوە خولابایەوە، چون مادامەکێ گرفتی ڕەهانەکە لە ڕووی میتۆدیەوە ململانێیەکی وجودیانەیە لە نێوان مان و نەمانی زمانێك کە کوردیە لە لایەك و توتالیتاریزمی زمانی تورکیی لە لایەکی تر، دەبوو زمانی نوسینی ڕەهانەکەش بەقەد فراوانی خەیاڵی بەختیار و پڕۆژە تێلیرانس(لێبوردە)ییەکەی کە دەربڕی بەیەکەوەژیان و داننانە بە جیاوازیە سروشتی و ئینسانیەکان باڵا بوایە.
داگیرکردنی تاریکی لە خودی تاکەکاندا هەوڵێکی فەیدیانەیە بۆ فراوانکردنی ئاگایی و کەمکردنەوەی چەپاو و هەموو ئەو زانیارییانەی تاك لە ژیانی خۆی دەرەقەتیان نەهات یا بۆی نەلوا وەدیانبێنێ، بەڵام لە تێگەیشتنی خەیاڵی بەختیاردا سەراوکەوتنەوەی هەموو ئەو بڕە و قەدەغەکراوانەیە کە مۆڤوویەك لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکان بەرەو تاریکایی خودی تاکەکانی بردوون و لە نوتەکەکانی هەر یەکەیاندا وای خەفەکردوون بە حیسابی پڕۆژەی داگیرکاریی تا ئەبەد ڕۆناکایی نابیننەوە. ئەم جۆرە لە موتوربەکاریە لە نێوان تێکستێکی ئەدەبی وەك ڕەمان و ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە ئاگایی نوسەر هەم لە سایکۆلۆجی و هەم لە سایکۆلینگویستیك بە تایبەت تیۆرە چەمسکیەکە نیشان دەدا.
بەختیار ژیرانە ویستویەتی ڕاستیەکی تا سنورێکی زۆر غەریزی و سرووشتی کە بە تێپەڕینی کات لە چوارچێوەیەکی کولتووریی و

کۆمەڵایەتی ئاخنراوە(زمان و کولتوری نەتەوە، کۆمەڵگە) بۆ خوێنەر بە جۆرە ئاسایی و نائاساییەکەیەوە!! وەدیاربخات، کە ئیدی شەڕ لەگەڵ یاسا سروشتییەکانی زمان و دیاردە سایکۆنەتەوەییەکان و دەرونکۆمەڵایەتییەکان ناکرێت کە نەتەوەی تورك لە چوارچێوەی کولتووری ڕەقەوە بەسەر نەتەوە ژێردەستەکانی خۆیدا دەیسەپێنێ و لەم ئەزمونەوە ڕاستییەکی غەریزی کە لە قوڵایی تاریکستانی نەست و کۆنەستی هەر تاك و نەتەوەیەك حەشارە دەردەخا، ئەویش بوونی سیستمە توتالیتار و ڕەیسیستەکانە کە هەرگیز ئامانجەکانیان نایەنە دی، بەکو ئارامی و ئاسودەیی دەرونکۆمەڵایەتی و دواتر سیاسی و کولتووری بەدوادا دێت. خۆ ئەوە لای زانستخوازان ئاشکرایە کە تیۆری مانەوە بۆ بەهێزەی داروین ئەوەندەی لای مرۆڤ پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی توانای عەقڵ نیو ئەوەندە پەیوەست نیە بە بەرهەمی هێزی بیۆلۆجیەوە کە تاریق ئاکانسۆ پێیوابوو پیرۆزە.

بەیەکەوە بەستنەوە مۆژوویەکەی ڕۆمانی"داگیرکردنی تاریکی" جۆرێك لە شۆڕبونەوەیەکی ئارکیۆلۆژیانەی چینە زەمەنیەکانی ڕۆح دیارە و بەختیار بونیادگەریانە دەسەڵاتی وێرانسازیی کە غەریزەی شەڕانگێزی دەوڵەتی تورك نمایندەیەتی هەڵدەوەشێنێتەوە و دیاردەناسیانەش دەسەڵاتی بونیاتنانەوە کە لە سەرهەڵدانەوەی (زمانێك، دابڕێك، نەریتێك) کە لە تاریکاییدا شاردراوەتەوە وەدیاردەخا، چون ئیشەکەی بەختیار سەرلەبەری دەرچونە لە تاریکایی و چونە بەرەو ڕوناکیی، ئەم دیاردە هیبڕاتیە کە دواتر بوو بە بناغەی دیاردەناسیی ئەو ڕاستیەمان فڕێدەکا کە هەموو دەرکەوتنێك لە تاریکاییەوە بەرەو ڕووناکایی لە قوڵاییەکی غەریزییەوە سەرهەڵدەدات و مرۆڤ لە جینیتیك و سروشتی خۆیدا بۆی ئامادەیە گەر شوبنهاوەر وتەنی ئیرادەی پیادەکردنی ئەم حەز یا غەریزەی هەبێت. ڕێزکردن و توانای لەیەکگرێدانی ڕووداوەکان و ناساندنی هەر ڕووداوێك بە کارەکتەرەکانیەوە و دواتر دیارکردنی بکەر و سازنەرەکانی هەر ڕوداوێك شارەزاییەکی زۆری لە ڕۆمانوس پێدەوێ کە بەختیار لەم کارەیدا یەکێتیەکی هێش و گۆڕانەوەمان نیشان دەدا کە پێموایە ئەم پێکهاتانە لەگەڵ هیتریش ڕۆمانەکەیان بردووەتە ئاستێکی جیهانیی ئەوتۆ کە هەر لە گۆڕانەوەدا قەتیس نیە بەقەد ئەوەی لەم تابلۆ هەمە جۆرە غەمگین و خەمۆکیانەوە ئاماژەگەلێکی حەز و ئارەزوویەکی ژیاندۆستیانە لای مرۆڤگەلێکەوە کە کوردن(وەك سایکۆلۆجیەتی نەتەوە) بۆ دەرەوەی خۆی دەردەخا، هەر ئەمەشە ستراتیجی تێکستەکە بە گشتیی و نیشاندانیەتی بەوەی لەبەرانبەر وێرانسازیدا کە لە ناخی هەر تاکێکدا هەیە غەریزەیەکی بەردەوامی و ژیانسازیی هەیە.

ئەگەرچی بەختیار عەلی لە تەواوی ئەم تێکستە 721 لاپەڕەیدا کە نزیکەی پەنجا ساڵ ئەزموونی کەمالیزمی تێئاخنیوە پێمان دەکا لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و نائارامیی، بەڵام بە تێگەیشتنی من گەر ئەو لە ستراتیجە فڕێدیەکەی بۆی چوبێ کە لە بنچینەدا فڕێدیش داروینیی بووە ئەوە لە کۆتاییدا هەر گەیشتنە ئامانج مەرجی سەرەکیە، جا چ لە تاریکاییەوە بەرەو ڕوناکیی بچن، یا بە پێچەوانەوە لە ڕوناکیەوە بۆ تاریکایی شڕبینەوە. کە دەڵێم فڕێد داروینی بووە مەبەستم ئەوەیە ئەو بەرهەمهێنکی ئینسانیانەی هێز و بەهێز بووە و نەك وەك تاریق ئاکانس بە هەڵە ملی دابێتە بەر تیۆری مانەوە بێ بەهێزەی داروین.

بە مانایەکی تر ئەم ڕڕمانە پەرداخێکمان نیشان دەدا نیوەی ئاوی تیایە و نیوەشی بەتاڵە لە ئاو، هەن سەرنجیان لەسەر بەتاڵییەکەیە و ئەمانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرینەن و تەنانەت لە کۆمەڵگەی ڕڕمانەکەشدا هەر زۆرینەن. هەشن سەرنجیان لەسەر بەشەکەی تری کە ئاوە و ئەمانەش بە ئومێد و گەشبینەکانن و بڵگومان هەم لە کۆمەڵگەی خۆمان بە گشتی و لە کۆمەڵگەی ڕڕمانەکەی بەختیاردا کەمینەن. ئەوەی من تا ئێستا تێگەیشتبم بەختیار لە نائومێدیەوە بەرەو ئومێد دەچێ کە لە ڕووی پڕزێتیف سایکۆلۆجیەوە یا لە ڕووی سایکۆوجودیەوە تا ئاست و ماوەیەکی زۆر نیگەرانی بەرهەمدێنێ، بەڵام دەرچوون لە دەروونکی ڕوناکەوە بەرەو تاریکستانی خود سەرەنجام هەر دەمانگەیەنێتە ئاسیەکی پڕزێتیف دوای ئەوەی سەرەتا تین و تاقەتکی زۆرمان لێ زەوت دەکا، کەچی ئەگەر تا بکرێ ڕوبەری ڕوناکی فراوان بکەین سەرەنجام بەشێوەیەکی ئاسایی ڕوبەرەکانی تاریکایی کەمدەبنەوە. ئەم ڕوانینە بەسەر ڕڕمان و تێکستە هزریەکانیشدا جێبەجێ دەبێ، جا بۆیە ئەگەر بەختیار لە پێشدا ئەم توانا هزری و ئەدەبی و خەیاڵیە فراوانەی خۆی لە پڕۆژەی ڕوناککردنەوەی بینیندا خەرج کردبا و لەوێوە تیشکی زیاتری خستبایە سەر نوتەك و نگەتیڤەکان خوێنەری زیاتر شەیدای مانەوە لە فەزای ڕڕمانەکانی دەکرد و لە کۆتاییشدا چون ئیشەکەی ئەو لە بنچینەدا لە چوارچێوەی تێلیرانس(لێبوردەیی)یە خوێنەر لەگەڵ تەواوبوونی ڕڕمانەکە کۆتاییش بە ڕڤ و توڕەییەکانی دەهات.

لەم ڕڕمانە جوانەی بەختیاردا جێگەی ئەوە دەبێوە گەر چەند دیمەن و دیاردە و ڕوداوکی ئومێدبەخش و شادیهێنیشی تیابایە، چون مادامەکێ ململانێ و ڕوبەڕوبونەوە بەردەوامە چڕ لەم هەڵبەز و دابەزانەی ژیانیش هەر هەن، ئەم ڕایە زۆر سایکۆوجودیانەیە و مرۆڤی چالاك هەر

بەتەنها لەسەر مردن نادوێ بەقەد ئەوەی قسەی لەسەر ژیانیش بەهەمان شێوە و قەبارە هەیە و دنیایەك بابەتی خۆشەویستیش لە هەناوی وجودەوە هەڵدەقوڵێن و پێیشیەتی لە مەیلی ئازادی و ئومێد بخواستنی و ئینجا خودی ڕەمانی"داگیرکردنی تاریکی" تێکستێکی وجودیە و هەر بۆیەش دەبوایە هەر چەمکی مردن زاڵ نەبوایە، بەکو (خۆشەویستی و ئازادی و ژیان)یش بەقەد ئەو ئامادەبونایە.

دەستخۆشی لە کاك بەختیار دەکەم بۆ ئەم ڕەمانە هەرە جوان و هاوسەنگ و جیهانیەی، ئەگەرچی ماندوو بووم لە خوێندنەوەی بەهۆی ئەم ترس و تۆقین و خوێن و مردنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەختیار ئەو ڕاستیە دەگەیەنێ کە هەر شەڕێکی لەم جۆرە و هەر جۆرە هەگەزپەرستی و خۆگیڤکردنەوەیەکی سەردەستانە کۆتاییەکەی و بگرە بەردەوامیەکەی نائارامی و نائاسودەیی هەوانی و کەمەڵایەتی و سیاسیە.

ماندوبونەکەم لە خوێندنەوەی ئەم تێکستە بە فیڕۆ نەچوو، چون بەختیار زۆر هوشیارانە بابەتێکی ئینسانی گەورەی خستۆتە ڕو تێکستێکی ئەدەبی باڵای ئەوتۆ کە پێیەتی لە فیگۆری مانادار هەر هەمویان لە وێنەیەکی جەشتەتیانەی گەورەتردا سەردەمکمان لە تابلۆیەکی وجودیدا بۆ دەنەخشێنن.

محەمەد تەها حوسێن

ڕەمانی(جیهانی سەدام حوسێن).. شەماڵ بارەوانی

یەکەم چاپی لە دوو تۆمی ڕەمانێکی قەبارە مۆزنی١٤لاپەڕەیی لە٢٠٠٣/٤/١٤، لە بڵاو بووەوە، نوسەرەکەی لەژێر ناوی خوازراوی(مەهدی حەیدەر)ئەو ڕەمانەی لەچاپداوەناوی ڕاستەقینەی خۆی نەنووسیوەو تائستا ناسنامەی ڕاستەقینەی ڕەمانەکە ئاشکرانەبووە بەشێک پێیان وایە عەبدولڕەحمان مونیف، یاخود فوئاد تکرلی لەوەدەچێ نووسەرەکەی بێت ،بەڵام ئەمانە هیچیان پشت ڕاست نەبووەتەوەو کەس نازانێت کە نووسەری ڕاستەقینەی«جیهانی سەدام

حوسێن».
بەهەرحاڵ هەرکەس بێت ،نوسەرێکی، گرنگ دەست و قەڵەمی خۆش بێت و شاکارێکی جوان و بەرزی ئەدەبی لەبارەی دیکتاتۆرێ گەورەکانی عیراق پێشکەشکردین،
نووسەری ناونادیار لەپشکی ئەمانەکەیەوە لەبارەی ئەمانەکەیەوە پەیمان دەدات« ئەو ئەمانە کارێکی مۆزووییی نییە، بەڵکوو کارێکە بەرهەمی خەیاڵێک واقع بەمبەستی بونیاتنانی خەیاڵێکی هاوشێوەی دنیای عیراقی بکاردەنیت.. جارانێک ئێک وەکو عەراق و هەندێک جاریش پێچەوانەیەتی.”
نووسەر بەماوەی دەسا(١٩٩٢-٢٠٠٢)، خەریکی نووسینی ئەمانەکە بووە، لەهەردوک وڵاتی نیپال-پیرە،
«جیهانی سەدام حوسێن».
ئەمانەکە تەنها داهێنراوەکی زادەی خەیاڵێکی ئوت و گەڵانەوەیەکی سادەو ساکاری کەمێک چیرۆکی فانتازی و ئەفسانەیی نییە، بەڵکو ئەمانەکە، تێکەڵەیەکە لەژیانی کەسێنی، مۆژوو و خەیاڵ و نووسەر خەیاڵ لەبەرژەوەندی واقع دادەڕێژێتەوەو باس لەحەقیقەتی ژیان دەکات لەوڵاتێک کە پڕی دەڕۆن عیراق، ئەمانەکە ئەگەر نەتوانین بەدیاری کراوی پێلینی بکەین، بە کامە بڵێن، ئەوە دەتوانین بڵێین داستانێکی مرۆڤانەی ئەدەبی مەزنە، ئەدەبەکە باس لەدیکتاتۆر دەکات و لەشێوەی ئەمانەکانی (جەنابی سەرۆک-ی میگێل ئەنخل ئاستۆریاس)و (پایزی پێتریکێک-ی گابرێل گارسیا مارکیز). هەردووک نووسەری ناودارو جیهانی و ئەمریکای لاتین، بە ئەدەبی دیکتاتۆرو لێیزی ئەمانەمەزنە جیهانیەکان دایبنێین.
«جیهانی سەدام حوسێن».
جیهانێک پڕی لە ڕق و کینە، تیرۆر تۆقاندن، پیلان و کوشتن، فاشیەت و دیکتاتۆریەت، سیخناخ لە ترس و دڵەڕاوکێ، کابوس و فۆبیا. جیهانێک، خاڵی لە مرۆڤایەتی و ویژدان، جیهانێک بەبێش لە سۆز و میهرەبانی، لەهەمنی و جوانی، لەئازادی و عەدالەت و کامەرانی، «جیهانی سەدام حوسێن».
جیهانێک،لەوان لەو لە دەسیەی نهێنی و هەواڵی ئەژنامەوانی و ڕاستی مۆژووییی لەبارەی سەرکردەی دیکتاتۆرو تۆتالیتار جەنابی سەدام حوسێنی فاشیست.
نووسەرلەکاتی جەنگی دووەمی کەنداو دەسپێدەکات، لەو کاتەی: ١٦/یەنایەری/ ساڵی١٩٩١، ئەمریکا هەرش دەکاتە سەر بەغدا، لەبەربەیانی ئەو ئەژداسەدامی دیکتاتۆر هەشتا لەپەمەی خۆدایە،لەژێر زەمینی یاریگای تەپی پە، ٥کیلەمەتر لەکەشکی سەرکایەتی دوور، لەوشوێنەی تێنراوەتەوە بە هەزو پاسەوانی

کەماری، ئینجا باس لەسەردەمی دروووستبوونی دەوڵەتی عیراق و سەردەمی پاشایەتی و حومەانی پاشاکان و کاتی ڕەخانی سیستەمی پاشایەتی لەعێراق و کۆتایی هەیمەنە و ئینتیدابی بەریتانیەکان لەو وڵاتە دەکات و پاشان ڕووداوەکان درێژدەبێتەوە بە دواترو سەردەمی نوری سەعید و عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم و ئەحمەد حەسەن بەکرو تا سەردەمی سەدام حوسێنی شۆڤینی.

نووسەر لە«جیهانی سەدام حوسێن»دا. گەشتەکی زەمەنی بە لاپەڕەکان و وێستگەکانی ژیانی دیکتاتەری کەچکردوو (سەدام حوسێن) بەخوێنەر دەکات و بە تەواوی لایەنەکانی ژیان و قۆناغەکانی ژیانی ئەو تۆتالیتارو فاشیستئاشناماندەکات،باس لە وێستگە بەوێستگەی ژیانی سەرکردەی دیکتاتەردەکات،لەژیانی منداڵی و لەو کاتەی سەدام تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت و لەماڵی خاڵی(خێروواللە تلفاح) دەبێت،لەشاری تکریت، کاتێک ئینگلیزەکان خاڵی دەخەنەزیندانەوە، ئینجا ژیانی سەدام لەگەڵ (سەبحە)ی دایکی لەگوندی شویش،دزی، کارکردن، خوێندن، هاروهاجی سەدام و ئاوەدوونان و بەردبارانکردنی لای منالانی دێ،دواترچونی سەدام بۆ ماڵی خاڵی لە کەرخ، ئینجا چونی بۆ شاری تکریت، بۆغدا،هاوڕێیەتی سەدام و هاوڕێ بەعسیێ تکریتیەکەی خاڵی عەقید(ئەحمەدحەسەن بەکر)، چیرۆکی پرسەی هاوسەرگیری کردنی سەدامی دیکتاتەر لەگەڵ کچێ خاڵەکەی(ساجیدە خێروواللە تلفاح).

پەیوەندیکردنی سەدام بەڕێزەکانی بەعس و وەرگرتنی پێستی کارو باری ئەمنی لەناوحیزب،ململانێی نێوان شیوعیەکان و بەعسیەکان لەدوای ڕوخانی سیستەمی پاشایەتی و چیرۆکی بریندارببوون و زیندانی کردن و ڕاکردنی سەدامی فاشیست ،لەدوای هەوڵی کودەتایەکی شکستخواردووی بەعسیەکان بۆ تیرۆرکردنی(عەبدولکەریم قاسم). ئەمانەو دیان زانیاری و چیرۆکی ترلەنێو دوو تۆمی ئەم ڕەماندا هەن، لەبارەی دیکتاتەری پێشوو(سەدام حوسێن).

«جیهانی سەدام حوسێن».

چیرۆکی ژیانی کەسێک، کەژیانی سەراپا کودەتاو خوێنڕشتن و تیرۆرکردن بوو،کەسێک زۆر لەتەمەنێکی زووەوە پەیوەندیدەکات بە ڕێکخستنەکانی فاشیسترین حیزبی سەدەی بیستەم(حیزبی بەعس)، ئەو کەسەی لەپێناو حیزبە شۆڤنیەکەی و مەبدەئفاشیستیەکانی، ئیتر دەبێت بەمەزنترین دوندەی عیراق و پاڕاوانی حیزبی بەعس و هەرکاتێک حیزب بیەوێت کەسێک تیرۆربکات، سەدام ئامادەسپەرن بۆ تیرۆرکردنی و ئەرک و ڕۆڵی سەدام لەناوحیزب دەبێت بۆ پاکتاوکردن و تیرۆرکردنی هەموو ئەوکەسانەی حیزب بەڕاخنەگرو نیازاو ئەپرسیار و ڕکابەری خۆی دەزانێت و هەرکاتێک حیزب لەکەسێک تووڕەبێت و دیارێت لەناوی بەرێت، سەدام لەگەڵ کومەڵێک کەسیتری بەتەجی بەعسی بەو ڕۆڵی

لەناوبردن و تەسفیەکردن و کوشتنی هەڕەستەت،سەدام بەو جۆرە دەبێت بە کەسکی دڕەق و فاشیست و تەسفیەچی و کودەتاچی و ئیتر بچەک هەرشدەکاتە سەر کۆماری ئیتەمبیلەکانی عەبدولسەلام عارف و شکست دێنێت و هادەکات بە میسرو دواتر کودەتا بەسەر هاوپەکی (حەسەن بەکر)دەکات و لەدەستەات لایدەبات و دەگات بەهەڕەمی دەستەات و لوتکەی بەیاردان و بەفیعلی دەبێت بە کەسی یەکەمی وڵات و سەرکی دەوڵەت و مەژووی عیراق هێندەی تر ڕەش و خوێناویتر دەکات و سیخناخی دەکات لە خوێن و توندو تیژی و پاکتاوکردن و تیرۆرکردن و بە ماوەی ٣٤ساڵ ،بە وەستان و بە بەانەوو بەزەبری هێزو کوتەک و ئاگرو ئاسن حوکمی خەڵک دەکات و دەوڵەتکی پۆلیسی قەمعی تۆتالیتێری ڕەدەنێت و هەرچی دەنگێکی ناڕازی و ڕەنگێکی جیاوازو نابەعسی بێت، هەمووی دەخنکێنێت و دەستەتوو وڵات یەکپارچە دەکات بە بەعسیستان و ئەنفالستان و شەقینیستان و لەسایەی حوکمی بەعسیزمدا ئیتر هەناسەیەک بە ئازادی و شوێنێک بە کەسی نا بەعسی نامێنەتوو تە بە بیرو باوەڕ، بەعسی و فاشی نەبیت،چارەنووست پاکتاوکردن و تیرۆرکردن و ئەنفال و کیمیابارانکردن و لەناوچون و نەمان، یاخود یاخی بوون و ڕووبەڕووبوونەوو جەنگ و شەڕ، یا ڕاکردن و وڵات جێ هێشتن و ڕووکردن لەغەریبی و تاراوگەو هەندەران، یان سەرشێی و جاشێتی و کۆیلەیەتی بە بەعس و هادەست بوون بە بەعسیکان، بەوشەویە ژیان لەژێر دەستەاتی بەعس لەعیراقدا زۆر لەپێشخەی وەرانترو کاوتردەبێت، ئەو عیراقەی کە نووسەر لەبارەیەوەدەێت(لەدوای دەرچوونی هەر بەیان نامەیەکی تازەی بەعس، پیاوکانی بەعس گەمارۆی ماڵکان دەدەن و کەمەک پیاو ون دەبن-دەڵێفندرێن) بەو چێشنە لەسایەی حیزبی بەعس و حوکمی سەدام حوسێندا، ئەمن و ئارامی، ئازادی و ژیان، ئاشتی و خۆشگوزەرانی بەیەکجاری لەوڵات بارگەیان تێکدەنێن و باردەکەن، یاخود لەپشت چواردیواری بەندیخانەکانی بەعس دەست و پێو دەمیان دەبەستەتوەو بەندەکرێن، یا لەسەردەستی جەلادەکانی بەعسیزم لەسەدارەدەدرێن و بەماوەی سیواچوار ساڵ، خوێنشتن و بە سەروشوێن کردن و کوشتن و تیرۆرکردن و پاکتاوکردن و ئەنفالکردن و تەعریبکردن و بە بەعسکردن دەبێت بە سیمای سەرەکی ژیان و بنەماکانی دەوڵەتی عیراق، لەژێر هەژمونی سەبەری دەستەاتی بەعسی تیرۆرست و تاقمۆرو دەندە، لەژێر دەستی سەدامی کورد کوژو مرۆڤ کوژی ڕەگەزپەرست و لەمەڵا و مرۆڤ داچەڵاو،ئەو عەقڵیەتە شەقینیەی تەعریبکردن و ئەنفالکردن و کوشتن و تیرۆرکردنی تائێستایش ، لەژێرناو بەپاساو بەشەوازو لەناودەمامکیتر بەتایبەتی لەدژی نەتەوەی کورد درێژەی پێدەدرێت و کۆتایی نەهاتووە و هەرماوە.

..

شەماڵ بارەوانی

وەرزە سـەوزەکانی ئەوین/9.. شیعری: ستیفان شەمزینی

وەرزی نەیەم

کزە با ساردەکەی ئەم باکوورە
یاری بە تاڵ تاڵی پرچت ئەکرد
ڕەشەبا بە ئەقڕەکەی ناو من
جڵانەی بە بورکانی هەستت ئەکرد
کە لە ئامێزم گرتیت
دەم وەک تاقگەیەک کەوتە هاژە
کە لە چاویشم ون بوویت
بە فرمێسکم وت خۆت بگرە و مەبارە
سبەی دەتەوە ژوان دووبارە

من و تە هەر ئەوەندە جیاوازین
من شەرابی سوور دەنۆشم و
تە شەرابی سپی
من و تە هەر ئەوەندە جیاوازین
تە گوڵی سپی باخی سەزم
بە دەکەیتە چەپک و
من گوڵی سووری شیعرت
لە باخچەی هەست بە ئەنم
من و تە هەر ئەوەندە لێک دوورین
هەناوی هەناسەت وەک ئەکسجین
دەژیتە نەو سیەکانمەوە

زەر جادووگەرانە لێت ئەوانیم
بەیە ماچەکانم بوونە پەپولەی شیعر و

لەسەر گۆباخی لەوت نیشتنەوە
زەر رەمانسیانە لەم ئەوانیت
هەنسکەکانت بوون بە قاقای پێکەنین و
رژانە نەو بە ئەقڕەیی دەمەوە

لە وەستگەی شەندەفەر
هەر لەگەڵ نیگاکردنەکانی تەدا
چاوی تامەزرەم لە فرمێسکا نغرۆ ئەبە
لە وەاتی وەیشومە و بەفردا
رەحی شەیدای چاوەوانم
لە لەشی ناسکی شیعر دەئاڵێت
وەرە ئەی ئاگری کەپەسەندوو
سەری بەستووم لە مەژە
تینووی گەی سووری تەیە

بریا دەمتوانی میلی کاتژمێر رابگرم
زەمان لەو بینینەدا بوەستێنم
تا بە هەمیشە لە ژوانی تەدا بمێنمەوە
بریا دەمتوانی هەستی خەمت پێبەم و
پە بە هەموو ئاسمان هاوارم بکردایە
خەشم ئەوەی گوڵە ئەستێرە
بریا دەمتوانی ببمە هەورێک
دڵپ دڵپ، تنۆک تنۆک
بەسەر ژنەتیتدا ببباریمایە

ئەڵە رەژەکی قەترانییە
لە ئاسمانەوە بەزاریی ئەبارەت
سەیرە من هەر عەشقی تەم
بەسەردا ئەبارە!
ئەمشەو شەوێکی شەختەیە
لە هەموو لایەکەوە گڤەی رەشبایە
سەیرە من هەر شنەبای عەشقی تە
بەرەو رووم دە!

لەودیو پایز و
گەاڵزانی خەندەکانمەوە
بەهاری عەشقت، ئامەزی
بە منی شاعیری دەشکاو کردەتەوە

لەودیو زەمانی چەق و
زمانی بەاوی هاوارە خەمەکانمەوە
بزەیەکی عەشقی تە
هەزار شەوی تەنهایی
بە ئەبەد بیر بردمەوە

ئەو ساتە کابوساویانەی
بە دیار تەماشای وێنەیەکی لاویمەوە
پیر پیر بووم
تە بوویتە شەرابەکی جادوویی و
لەگەڵ یەکەم پەکی عەشقت
سەرلەنوێ لە دایک بوومەوە
ئەو کاتە تەمومژاویانەی
پرسەم بە مەرگی لاولاو دانابوو
شینم بە فەینی چەلەکەی
خەشنوودیم دەگەڵا
تە وەک شاخەکی بەفرین
بەسەر عەشقی مندا
هەرەست هەنا

تە لە شەوی دەیجورمدا چرایت
لە وشکەساڵیمدا شەستە بارانیت
لە تەنهاییمدا هاوڕێی ئازارەکانیت
لە بەدبەختیمدا هاواریت
لە بەکەسیمدا هەموو کەسیت
لە ئاسمانمدا ئەستێرە گەشەیت
لە زەوی چاوەکانمدا رووباریت
لە خەونمدا واقیعت
لە واقیعمدا خەونەکی جوانیت
لە دەیشمدا مەجنونترین لەیلایت

هەر بە سوعبەت/ شیعر.. نەوزاد بەندی

ئێستم ..
کەترکی لای خەمان ،
هەڤێن بەرو هەندەران ..
تە بێی کەترکانی ئەو ،
پەنجە مرە لەورگرن و
لە قوتویەکی ژەنگاوی
قەراغ شارا ، ڕایگرن و ..
هەفتەی حەوت دەنک گەنم و
حەوت قوم ئاو و ..
هەتا پێنج سال ،
لێی یاساغ بکرێ هەڤێن ؟

خەخاڵکەیەکی لای خەمان ،
لە گیرفانی قاچاخچیەکا ،
گەر نێی بکەوێتە ئێمانیا ..
تە بێی بیخەنە کەمپ و ..
پێی بڵێن : تا خاڵکانت سپی نەبن ،
بێت نیە باڵت لێک نێیت و ..
بە دوو دڵپ چەسپی خەرا ،
باڵکانی داخەن و
بیکەن بە کیسڵێ ؟

ئێستم سەیرە ..
تە بێی سەرکە زەر و بەرکان ،
کە لە سەر فەرشی سوور ئێژن ،
بەعزە جارێ شەرمەزار نەبن بە تاوێ ؟
کە لە پەنجەرەی فڕۆکە تایبەتکان ، ئەبینن ،
هاووڵاتییەکان لە بنی دەریای ئیجەدا ،
لەسەر مێزی قرشەکان بە ێیز دانراون ؟

ئێستم چەند سەیرە ،
ڕۆژکیان ،
مەشولێیەکی لای خەمان ،

ەی بکەوێتە فنلەندا ..
لەو نەهەن یەک دڵۆپ خوێن بمژێت و
سێ ژمم مەعکەرەنەی بەنە ..!

ئاخر سەیرە ،
شوتیەکی بەشارەتیی ،
ەی بکەوێتە لەندەن و ..
لەو بە قاش قاشکراویی
جا بە سنووراشکراویی
بینەرنەوە بە ئەستەمبوڵ ..

دووەمین فێستیڤاڵی سانەی مەم و زین بەڕێوە دەچێت

ناوەندی هەشتبیریی مەم و زین لەدرێژەی کار و چالاکییە ئەدەبی و هەشتبیریەکانی، دووەمین فێستیڤاڵی سانەی مەم و زین، بە دروشمی:
“ دا خەلقی نەبژتن کو ئەکراد
بە مەعریفەتن بە ئەسڵ و بنیاد (خانی)
لە هەولێر سازدەکات.
فێستیڤاڵی مەم و زین فێستیڤاڵێکی سانەی ئەدەبییە، کە ناوەندی هەشتبیریی مەم و زین بەڕێوەی دەبات، لەپێناو زیاتر بڕەودان بە کەرتی هەشتبیریی و ئەدەبی لە کوردستان.
وا بڕیارە ٢٠ی ئەم مانگە لە هۆڵی هەشتبیریی لە هەولێر دووەمین فێستیڤاڵی مەم و زین بەڕێوە بچێت.
لە فێستیڤاڵەکەدا پانێڵی (هەوشی ئەدەبیات لە کوردستان) پێشکەش دەکرێت، بە ئامادەبوونی لێکۆڵەر و نووسەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان. هەروەها لە فێستیڤاڵەکەدا نووسەرێکی دیار و کاریگەری کورد خەڵاتی دووەمین فێستیڤاڵی مەم و زینی پێشکەش دەکرێت .



فیلمی "سپی پۆش" کە لە کوردستان وێنەگیراوە بووە نوێنەری ئێران لە ئۆسکاری 2022

مەنسوور جیهانی -

کورتە فیلمی "سپی پۆش" لە نووسینی سیناریۆ و دەرهێنانی "ڕەزا فەهیمی" کە لە کوردستان وێنەگیراوە وەکوو فیلمی هەڵبژاردەی بەشی نوێنەتەوەیی فێستیڤاڵی نوێنەتەوەیی کورتە فیلمی تاران کە ڕووداوی پەسندکراوی ئەکادیمیای ئۆسکارە، نوێنەرایەتی سینەمای کورتە فیلمی ئێران لە نەوەد و چوارەمین خەڵاتی ئۆسکار لە ساڵی 2022 لە ئەستۆی دایە.

کورتە فیلمی "سپی پۆش" بەرهەمی "ڕەزا فەهیمی" کە ساڵی ڕابردوو خەڵاتی گەورەی بەشی نۆنەتەوەیی سی و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نۆنەتەوەیی کورتە فیلمی تاران بۆ خۆی مسۆگەر کرد، لە کوردستان وێنەگیراوە و کۆمەڵک لە ستافی پەشەگەیی سینەمای کوردستان لەم بەرهەمەدا بەشدارییان کردووە، بە پێی یاسا و ڕێکارنامەی ئەکادیمیای ئۆسکار، وەکوو نوێنەری سینەمای کورتە فیلمی ئێران لە نێو کۆی کورتە فیلمەکانی ناسێندراو لە لایەن ئەو فێستیڤانەی کە مەرجەکانی ئەکادیمیای ئۆسکاریان هەیە، ئامادە دەبێت.
بە لەبەر چاو گرتنی دەستنیشان کردنی فێستیڤاڵی نۆنەتەوەیی کورتە فیلمی تاران لە پێستی فێستیڤاڵەکانی "ئۆسکارکوالیفاید"، ئەم فێستیڤاڵە و فێستیڤاڵەکانی دیکەی ئامادەبوو لەم لیستەدا، بە پێی یاسا و ڕێساکانی ئۆسکار، دەتوانن لە ماوەی کاتی دیاری کراوی 1ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ تا 30ی سێپتەمبەری ساڵی دواتر، ناوی کورتە فیلمی هەڵبژاردەی هەمان خول لە ڕووداوەکە بەم ئەکادیمیایە بناسێنن. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، کورتە فیلمی "سپی پۆش" بەرهەمی "ڕەزا فەهیمی" کە لە سی و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نۆنەتەوەیی کورتە فیلمی تاران، خەڵاتی گەورەی بەشی نۆنەتەوەیی بەدەستهێنا، لە ئۆسکاری 2022 بەشداری دەکات.
نەوەد و چوارەمین خەڵاتی ئۆسکار لە بەشی کورتە فیلمەکاندا، میوانداری بەرهەم گەلێک دەبێت کە لە ڕۆژانی یەکی ئۆکتۆبەری 2020 تا کۆتایی سێپتەمبەری 2021 لە فێستیڤاڵەکانی پەسندکراوی ئۆسکار لەسەر ئاستی جیهان، هەڵبژێردرێن و بەم ئەکادیمیایە ناسێندرابێتن.
کورتە فیلمی "سپی پۆش" کە بە پاڵپشتی ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران بەرهەم هێنراوە، پێشتر لە ڕووداوەکانی گرینگی نۆنەتەوەیی وەکوو؛ فێستیڤاڵی "کلەرمۆن فران"ی فەرەنسا، فێستیڤاڵی "شێرت شێرتس"ی ژاپۆن (لە فێستیڤاڵەکانی ئۆسکارکوالیفاید)، فێستیڤاڵی "کۆنکورت"ی ئیتاڵیا و چەندین فێستیڤاڵی سینەمایی دیکە بەشداری کردووە.
فێستیڤاڵی نۆنەتەوەیی کورتە فیلمی تاران بە ئامادەبوون لە ڕیزی پێستی فێستیڤاڵەکانی پەسندکراوی ئەکادیمیای ئۆسکار کە بۆ یەکەمین جار لە مژووی سینەمای ئێراندا هاتۆتە ئاراوە، فیلمی هەڵبژاردەی خەڵاتی گەورەی بەشی نۆنەتەوەیی خۆی لە هەر خولێکی فێستیڤاڵەکەدا، هەموو ساڵێک بە ئەکادیمیای ئۆسکار دەناسێنێت.
"سادق مووسەوی" بەڕێوبەریی گشتی ئەنجوومەنی سینەمای لاوانی ئێران بۆ ئاماژە بەوەی کە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی تاران، لە لایەن ئەنجوومەنی سینەمای لاوانی ئێرانەوە بەڕێوەدەچێت، گوتی: لە قاڵبی ئاسیا وەاتانێکی دگمەن لەوانە: ژاپۆن، کۆریای باشوور،

هیندستان، سەنگاپوور، تورکیا و لە باکووری کیشوەری ئەفریقاشدا تەنیا وڵاتی میسر ئەو شانازییەیان هەیە کە فەستیقاڵەکانی ئەسکار کوالیفایدیان هەبێت. لە ئێستادا، تەنیا 127 فەستیقاڵی سینەمایی لە ئاستی دنیادا بوونیان هەیە کە "ئەسکار کوالیفاید" بن.
مووسەوی لە درێژەی ئەم وتووێژەدا گوتی: لە ئێستادا، زیاتر لە 10 هەزار فەستیقاڵی باوەڕپێکراو و باوەڕپێنەکراو لە جیهاندا، بوونیان هەیە؛ لەم هەمان کاتدا، فەستیقاڵی نوێ و تازە کورتە فیلمی تاران، پێگەیەکی باشی لە ئاستی جیهاندا هەیە. ئەم ڕووداوە سینەماییە لە لایەنی کەمی و باوەڕپێکراوییەوە؛ گرینگترین فەستیقاڵی کورتە فیلم لە ڕووی هونەرییەوە ئاوەڕێستادا دەتەئمار.
بوونیادی گشتی ئەنجوومەنی سینەمای لاوانی ئێران لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: دوای لابردنی ئاستەنگە نوێ و تازەکانی ناردنی پارە، ناونووسی بڵاشی فیلمکان وڵادانەردرەت و وەکوو فەستیقاڵەکانی دیکەی جیهان، ئەمەش خەرجی ناونووسی لە بەشداربووان وەردەگرین و بەم شێوەیە، فەستیقاڵیش دەتوانێت تەواوی خەرجەکانی خۆی دابینبکات. لە ئێستادا ناونووسی بەرهەمکان لە فەستیقاڵی کورتە فیلمی تاران و هەروەها پشکنین کردنی بەرنامەکانی بە سینەماکارانی کورتە فیلم، بڵاشە.

١٦ی ئۆکتۆبەر، فرێشتنی کۆرکوک یان کۆیینوەی.. لاوان عەلیی – کامیار سابیر

ڕووداوەکان و سەرهەڵدانە سیاسییەکانی ئەوانەی ریفراندەمی ٢٠١٧یان سەپاند کە لە مەطبەخی هەزە ئیقلیمییەکاندا، ئامادەکرابوو، ئاکامە تراژیدییەکانی بە ١٦ی ئۆکتۆبەر، کۆتایی هات. ١٦ی ئۆکتۆبەر، باڵانی پە لە هاژووژی نەتەوەیی ریفراندەم و ئینفیصالییە پڕکسییە ئیقلیمییەکانی فس کردەوە. غروری ئەو نەژادیی و طائیفییە کوردییەی تەکشکاند کە ئێویست دەستی موخابەراتی تورکیا بگرێت و سنوورەکانی میثاقی میللیی لە ئەجەندای ئەردەغان و پڕکسییە کوردەکاندا(پارتیی و بارزانیی و یەکێتیی مولحەق و …تاد)، ڕەنگەڕێز بکاتەوە.

١٦ ئۆکتۆبەر، راستکردنەوەی مەسارێکی سیاسیی مورتەزیقەی ئیقلیمیی بوو کە ئێویست بەشێکی گەورە(ئەگەر هەمووی نا) ی کوردستانی عێراق و ویلایەتی موصل، لە عێراق دابڕێ و وەکو میثاقی میللیی کەمالیستەکان، بە سەر خاکی تورکیای ئێستا، بیگەڕێننەوە. هاوکات، راستکردنەوەی هەڵەیەکی ستراتیژیی کارستباری ریفراندەمکی قاصیرانە بوو کە کەمتە تاجیری میلیاردێری نەوت و مافیای ئیمارەتی شەخنشیینیی سەر بە تورکیا، لە ژێر ناوی ئاوەی کەمتە ئینفیصالیی (نەژادیی و نەتەوەیی و طائیفیی) بە دەغدەغەدانی مەشاعیری نەژادی کورد و ختوکەی گوتاری ناسیونالیستانەی کوردایەتیی و هارکردنی رەگی مەذهەبییەتی سوننییگەریی بەرامبەر بە شیعەگەریی و رقبووناوە لە عێراق و لە بەغداد، کەمپەینکی ناعەقڵانیی و ناواقیعیی و سەرتەیانیان، کرد.

ریفراندەمی قەومچییە کوردەکانی سەر بە مەدرەسەی فاشیلی کوردایەتیی کە لە مەطبەخکی ئیقلیمییدا، ئامادە کرابوو، کارتی دووەمیان بوو، پاش ئاوەی کارتی یەکەمیان، تەرەریزمەکەی داعش لەسەر دەستی هەزە عێراقییەکان بە دەرجەی یەکەم و پێشمەرگە (کە زەرینەیان کوەی فەقیروهەژاری کورد بوون) بە دەرجەی دووەم، هەیبەتە عەسکەرییەکەی تەکشکێنرا. لە کاتەکدا، بەشێکی زەر لەوانەی خەیان بە زەعیمی رەحیی پێشمەرگە ئەزانی، لەگەڵ قیادە مەیدانییەکانی داعشدا، لە هەمان ئەجێندای ئیقلمییەوە، دەستوریان وەرئەگرت و دوژمنایەتیی عێراقیان ئەکرد و تیجاتیان پەکەوە ئەکرد و گوتاری بەتاڵ و بوغزی کوردایەتیی و رقوکیینەی نەژادیی و حیقدی طائیفییان بەرامبەر عێراق و عەرەبی شیعە، هەئەڵشت و مارکەتینگی سیاسیی و ئابووریان، پەوە ئەکرد.

پاش ئاوەی تاجیرە میلیاردەرەکانی کوردایەتیی، گوێیان لەو هەموو بانگەوازە نەودەوەتیی و ئیقلیمیی و ناوخەییەی کوردستان و عێراق، نەگرت، بە جەکەوتکردنی بەرژەوەندیی ئیقلیمیی و ئیمارەتەکەی خەیان، بە حەماقەتی سیاسیی عوصابییانە، ملیان نا بە ئینتیحارێکی سیاسییەوە کە یەکەک لە گەورەترییەن فشەلە سیاسییەکانیان، بگومان، بە بەرپەرچدانەوەی خیانەتێکی لەو چەشنە کە بە دەسیسەی ئیقلیمیی، خیانەت بەرامبەر سەروەریی خاکی عێراق بکرە، ئەبە بەپێی قانون و دەستور و سیادەی عێراق(کە سیادەی هەرەمیش ئەکات)، سنووردک بە گەڵالاوژە و پرژەی پەکەوەلکاندنی(ئیلحاق- annexation) کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان بە تورکیای نیعوثمانیی ئەردۆغانییەوە، دابنرە. سوپای عێراق، مەوقیفێکی نیشتمانیی

جەریئانەی نواند کە کەرکوکی لە دەست چەتەکانی کوردایەتیی، سەندەوە. لە واقیعیشدا، ئەوە میلیشیای پەشمەرگەیە کە خیانەتیان لە وەتەکەی خۆیان لەو عەراقە کرد کە دەستورەکەی نەک هەر گەلی کورد، ئەپارێزە، بەڵکو کورد بە جدیی و بە فیعلیی لە حوکمانییدا، بەشدارە. خیانەت ئەوەیە کە تفەنگ بنێی بە سوپای فیدراڵیی وەاتەکەتەوە، وەکو چیبش؟ وەکو میلیشیای قاندراوی ئیقلیمیی و بە دەستوری موخابەراتی وەاتانی تر، ئەم خیانەتە بەرامبەر سوپا و نیشتمانەکەی خەت بکەیت.

ئەمسایش، دوای چوار ساڵ لە فەشەلی ئەو خیانەتە گەورەیەی ریفراندەم، بە ئەوەی ئاژاوەی قەومیی و طائیفیی سەرلەنوێ لە کەرکوکدا بنرێتەوە و بە تایبەتییش لەسەروبەندی ١٦ی ئەکتوبەردا، بە دەسیسەی موخابەراتیی و حیزبیی، کەمێک گەنجی سەرلەشواو، بە حیقدی نەتەوەیی و طائیفیی، بار ئەکەن و بە بانێی بردنەوەی هەڵبژاردنەکی پێ لە ساختەکاریی، تەقە بەسەر هەزە ئەمنییە عەراقییەکاندا(نەک حەشدی شەعبیی) ئەکەن. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، پاش چوار ساڵ لە ریفراندەمی گەمژانە، هەشتا کەمێک حیزب، سیاسیی و نوخبەی رۆشنبیریی کە بە ئەندێشەی خۆیان، نەیار و رەخنەگری سیاسەتەکانی پارتیین، کەچیی لە ترسی تەخوین بەت یان لەبەر رەپبوونی دەمارە قەومییەکانیان، دووبارە و دە بارە، بە شیعاراتی نەتەوەیی و نژادیی و طائیفییەوە، ئەکەونەوە ناو داوە موخابەراتییەکانەوە و شەو و گەچەڵ بە عەراق ئەفرەشن و گوایە حەشدی شەعبیی(وەڵای ئەوە هەزەکی طائیفییە، بەڵام حەشد هیچ دەخالەتەکی نەکردووە) دەستدرێژیی بە سەر کەرامەت و شەرەفی کوردایەتییی ئەو گەنجانە، کردووە.

ریفراندەم، چەن فەشەلی پێ هەنرا؟ ئەبە نانەوەی ئەم ئاژاوەگێڕییە و ئەم تەخرییبە سیاسییانەی ئەمسایش، بە دەست و گوتارەکی نیشتمانیی، بە گوتاری پێکەوەژیان و عەراقییانە، سەروەڕ، بکوترێتەوە و هەوەی نزیکی موخابەراتی ئیقلیمیی تێک بشکێنرێتەوە. خۆشبەختانە، هەزەکی عەراقیی لەبەر حەساسییەتی دەخەکە، هاتن و دەخەکیان کەنترەڵ کرد، بە ئەوەی هەندە کورد و تورکمانی نزیک لە پارتیی و بەرەی تورکمانیی، بیانووی ئاژاوەی نەوان پێکهاتەکان نەقزنەوە و بە پەپەی ئەوەی کە تورکمانەکان ژیانیان لە مەترسییدایە و تورکیا پاڵکەش نەکەن، هەروەکو چەن بە نزیک بەعشیقە، هەنایان و هەزەکی مودەبی عەسکەریی و موخابەراتیی لەوە جێگیر کراوە.

تورکیا و پارتیی، تورکیا و داعش و پرەکسیێ تورکمانەکان و ئەجناسەکانی کوردایەتیی، لە ریفراندەمدا، فشەلێکی گەورەیان خوارد و بە زەبری هەز و بە پاراستنی کەرکوک و کەرکوکیێکان، بە پووچەڵکردنەوەی پیلان و پلانێ ئیقلیمییەکان، هەزێ چەکدارەکانی عەراق، سوپای نیشتمانیی عەراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی، میلیشیاکانی کوردایەتییان(پێشمەرگە)، لە کەرکوک و ناوچێ جێناکۆکەکان، دەرپەراند یان هەندێکیان سەحبیان کردەوە(کە کارەکی عەقڵانییان کرد). ئێستا دووبارە، لە گەرمەی تەزویری ئیلیکترۆنیی ئینتیخابییدا لە عەراق کە حیلفی سوننیی-کوردیی- عەرەبیی(ئیماراتیی) و طائیفیی(تورکیا) و شیعیی ئیطلاعاتیی خۆگونجێن لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمەریکا و سعودیێ، سەرگەرمی ئەو نەخشێ سیاسییەی بردنەوەن، تورکیا لە رێگەی پارتیی و تورکمانەکان و قەومییەکانی کوردەوە، جارێکی تر ئەیەوێ ئاژاوێ بنێتەوە و نەخشێ رێگەیەک بە هەنانی هەزەکانی تورکیا بدزنەوە، بەڵام کاتێ کە ئەزانن شکستیان خواردە، خەیان لە بابەتەکێ ئەدزنەوە و بەسەر دەستەکێ و شەریکەکیاندا (یەکێتیی) ئەهێنن و خەیانی لە نەبان ئەکەن و گوتاری عەراقیی و نیشتمانیی، بە بەڵادابردنی پیلانەکێ، تەخشان ئەکەن.

ئەو هەزێ عەراقییەی هەندێکیان لە بەغدادەوە هاتبوون، بە گرتن و لەپەچیینەوە لەوانەی تەقەیان کردووە و ئاژاوەی قەومیی و طائیفییان نایەوە، مەبەستی سەرکیان ئەوە بووە کە بیانوو بە تورکیا نەدرێ کە چاوی لە کانگای وزەی کەرکوک و چەمچەماڵ و گەرمیانە. هاتنی دەستوبردی ئەم هەزە ئەمنیی و عەسکەریی و موخابەراتییەی سەر بە دامودەسگاکانی عەراق، گەر ئەمەریکا یان ئێران یاخود حکومەتی عەراقیی لە پشتەوە بووبێت، شایانی دەستخۆشیی لێکردنە، چونکە ئەجێندا کیان پاراستنی پێکهاتەکانی کەرکوک، بووە. هاوکات، بەیینی ئەو دەستانەیە کە ئیانەوە بە خوونی نەخشی هاوشانەوەی پەیماننامەکانی سایکس پیکۆ، لەزان، سەرگەرم بن و سنووری پانتورکیێکی بگەنێنەوە بە ویلایەتی موصڵ و بەتایبەتییش بە کەرکوک و ئەجێندا ئایدیاڵۆژیی، سیاسیی و ئابووریێکانیان، جێکەوت بکەن.

چوار ساڵ لەمەوبەر، لە رێگەی ریفراندەمەوە، هەوڵ درا، کەرکوک بخرێتە قۆناغی تورکیاوە، ئەم جارە، لە رێگەی بەدەستخستنی پارێزگاری کەرکوک بە پارتیی یان تورکمانەکان، بە گەمەی دەمەکراسیی و هەڵبژاردن و زەریینە(بە هاوکاریی ناسیۆنالیزمی

عەرەبیی سوننییی) ئەیانەوێت ئەم کارە بکەن. مەعلومە چەن قیادەی یەکێتیی کەن، ئامادە بوون پەستی سەرەک کەماری عەراق، بە پارتیی بفرەشن و صەد میلیەن دەلار وەربگرن، ئەوە ئەمجارە، یەکێتیی نوە، لەسایەی سەرکردایەتییەکی پرە-پارتیی و سەری سەرەک کەمارەکی زەر لاواز و بەرژەوەندییخوازەوە(کە ئامادەیە لە پەناوی کورسییەکەی خەیدا نەک کەرکوک، بگرە سلەمانییش بخاتە سەر صینییەکی زەیین و پەشکەشی ئەردەغانی بکات)، پەستی پارەزگاری کەرکوک، وەکو دیاریی یەکەیزیی کوردا! لەژەر بەنجی شیعاری بەیەکەوە بەهەزترییەن و تەصدیقکردنەوەی مەرجەعی عولیای بارزانیی، پەشکەشی پارتیی بکەن. ئەوەی رەگرە لەم کارە، یەکێتیی، گەلان، نەوەی نوە، یەکگرتوو، نوخبەی سیاسیی و ثەقافیی کورد نییە، بەکو دەسگا قووەکانی عەراق و هەزە ئەمنییی و موخابەراتیی و عەسکەرییەکانی عەراق. بە واتایەکی تر نیشتمانییبوون(لە ئاستی عەراق) و عەراقییبوون و پاراستنی سیادەی عەراقییە کە رەگرە لەم پلان و پیلانەی تورکیا و تورکمانە پرەکسییەکان و هەی تیجاەیی کورداێتیی و ناسیۆنالیزمە نەوتییە-کوردییەکە.

بەە ١٦ی ئەکتەبەر، قەرارەکی صائیب و عەقلانیی و جرییئانەی عەراقیی بوو لە هەمبەر قەرارەکی پرەکسییانەی کورداێتییە چەتەگرییە شەخنشیینییەکەدا کە رەیی جەکەوتکردنی ئەجەندا کانی تورکیای پە سپەردرابوو. هاوکات، ١٦ی ئەکتەبەر، دەحری خیانەتەکی گەورەی وەکو ریفراندەمی کرد و پەچایەوە. بەهەمان شەوەش، هەەمەتی هەزە عەراقییەکان لەم چەند رەژەی رابردوودا، دەحری پیلان و پلانی چەندەمیین جارەی تورکیا و پارتیی و بەرەی تورکمانییە کە خەونی سیاسیی و ئایدیەلەژیی بە میثاقی میلییەوە ئەبیینن. دیارە، ئەمانە بە هاوکاریی مەنتاێیتیی نەخەشی کورداێتیی و قیادەی یەکەتییە نوەکان کە ئامادەن کەرکوک بخەنە موقایەزەوە و مانگانە و ساانە پارەی کەنتراکتی فرەشتنی کەرکوک، بە پارتیی و بە تورکیا، وەربگرن.

لاوان عەلیی – کامیار سابیر

ئیبراهیم رئیسی.. نەچوونی بۆ (نیویورک) و هەکار و دەرهاویشتەکانی!..

عەبدولڕەحمان گەورکی

چاوخشانێک بەسەر ڕەنگدانەوەی بڕیارەکانی بزوتنەوەی دادخوازیی زیندانییە قەتوعامکراوەکان لە ئێران!

لایەن عەبدولڕەحمان گەورکی (مهابادی) نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی

کەمتەرخەمیگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ساڵێک لە نێوان دوو مانگی سێپتەمبەر و دیسەمبەر کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی ئەنجام دەدات بۆ ئامادەبوونی کەسانی یەکەمی وڵاتان. سەرۆکایەتیی پۆیستییەکی بەهێزی ژێرەمی مەزهەبی دەسەڵاتدار لە ئێران بۆ ئامادەبوون لەو کۆبوونەوەیەدا، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کۆمار بەفەرمانی وڵی فەقیهی دەسەڵاتداری ئێران، ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو و ڕایگەیاند کە ناچێت بۆ نیویورک و ئاویش پرسیارە لای هەمووان دروست کرد کە بۆچی نەچوو بۆ ئەم کۆبوونەوەیە؟!

ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەی (دادخوازی) لە جیهاندا!

دوای ئاوەی لە ساڵی 2016 و لە لایەن موقاومەتی ئێرانەوە (بزووتنەوەی دادخوازی) بۆ خۆنی زیندانیانی قەتوعامکراوی ساڵی 1988ی ڕاگەیاندرا، زۆر بۆ خۆرایی ئەم هەنگاوە هەموو وڵاتانی جیهانی گرتەوە و لە لایەن بەشکی زۆر لە دەوڵەتان و کەسایەتییەکان و کەمەڵە نەونەتاوەییەکان پشگیری کرا. چون ئەم تاوانە، نموونەیکی زۆقی (ژینوسایید) بووە کە تیایدا زیاتر لە 30 هەزار ئەندام و لایەنگرانی ئەم موقاومەتە قەتوعام کران و ئێستا زیاتر لە 30 ساڵیشە بەهۆی سیاسەتی سازان و خەمساردی ڕەژئاواوە، ئەم دەسیەیە بۆ نەکراوەیی ماوەتاوە و یەکێک لە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە گەورەیەیش، واتا (ئیبراهیم ڕەئیسی) وەک سەرکەماری رژێمی ویلایەتی فەقیهی دانراوە کە بۆ مانەوەی ژێم و بەردەوامیی کوشتن و جینەساید ڕاسپەردراوە.

ئەمە بۆ هەی ڕاگەیاندنی بزوتنەوە دادخوازی، بیر و ڕای گشتی جیهان سەرنجی خستەتە سەر ڕەوشی ئیبراهیم ڕەئیسی لەم "کەمەکوژی" و

بە ئەم مەبەستە و نیازە گاوییان، ئەردۆگانی ناپیاو، جگە لەوەی کە لەشکرکی گەورەی دەندەی بە تانگ و تەپ و زرپێش و فڕۆکەی جەنگی و درۆن، ئامادە کردووە. هەروەها جاشە ئیسلامییەکرێگیراوەکانییشی لە بەرەی نوسرە و داعش لە سوریا. خستەتە ئامادە باشی و چەکی نوێی بە ناردوون، تا لەگەڵ سوپای تورکیادا، پێکەوە هێرش بکەنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان. ئەردۆگانی سیکۆپاتی، وەک هێرشکانی پێشووتری بە جاشەکانی و لەشکرە

ئامادەکراوەکەی وتووە: سەر بە ئەمە و تاقانی و دزی بە ئەوە. دەستیش لە منداڵی ناو لانکیشیان مەپارێزن.
دەیەوێت سیاسەتی "زەوی سووتماک" لە ڕۆژئاوای کوردستان دا ئەنجام بدات.
دەیەوێت بەم تاوانە نامەردییە تازانەی لایەنگرتن و دەنگەکانی ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا بدەستبهێنێت بە هێرشبژاردنەکانی داهاتوو لە تورکیادا. واتە ئامانجێکی سیاسی و هێرشبژاردنی لە پشتەوەیە.
مەبەستم ئەوە نییە کە ترس بخەمە دڵی ڕێڕەو قارەمانەکانی گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەوان باش لەم هێرشە و نیازگاوی و نامەردییانەی ئەردەگانی خوێنمژ تێگەیشتوون. هەموو خراپی و و تاوانێکی قەزەوانیان لەدەوشێتەوە. کەمێکوژی دەرسیم و ئاگری و دێڕسێلان و چەندین شوێنی تەرمان لە باکووری کوردستاندا، لە بیرمان نەچێتەوە و لە بیرمان ناچێتەوە. ڕژیش نییە کە لە شاری "عەفرین"ی داگیرکراودا، چەندین تاوانی کوشتن و ڕفاندن و پەلاماردن و بەسەر و شوێنکردنی لاوانی کوردمان نەکەن ئەم بێوشتانە هەموو تاوان و بێوشتییەکیان لەدەوشێتەوە.
گەر ئەردەگانی دکتاتەری لەخەبایی، کەرایەتییەکی وابکات، با باش بزانێت بە ئاسانی بەی ناچێتە سەر و باجێکی زەری ئەم سەرکێشی و بە ئەقڵییەی دەداتەوە. خەیان باش ئەوە دەزانن، کە مەحاڵە و هەرگیز ناتوانن بە زەبر و بە هێز و لەشکرکێشی و بە کەمێکوژی، چێک بە گەلی قارەمان و خێراگر و کێنەدڕی کوردمان دابدەن.
ڕۆژئاوای کوردستان. ڕۆژئاوای هەموو کوردێکی دەسەز و کوردستان پەروەرە. هەموومان ڕۆژاڤایین و چارەنووسمان یەکە. هەر کوردێک هێوەستی نەبێت، هاشا کورد و کوردستانی نییە.
خوشک و برایانی دەسەز و کورد و کوردستان پەروەر، پەویستە هێوەستمان هەبێت. ئەوەی لە توانمان دایە و پەمان بکرێت درێغی نەکەین. ئەرکی نەتەوەیی و ڕەوشتی هەموومانە، کە ئامادەبین بە هەر شێوازێک بێت، بە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرنگاری هەر هێرشی تورکیای داگیرکەر و ڕەگەزپەرست بە سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان. نیازتان وابوو، کە شەکەری کورد بە غەزە بنەرن و لە دژی ئیسرائیل شەبکەن. گەر کەمێک هەست و هاوبەستبوون و غیرەتان هەیە. شەکەرتان

بە ڕۆژئاوای کوردستان بنێرن. با شتێ لە دژی تورکیا بکەن. ئەگەر ئیسرائیل بە داگیرکەری فەلەستین دەزان ـ ئەگەرچی خاکی ئیسرائیل خاکی خەیاتی ـــ تورکیاش داگیرکەری کوردستانە. کوردستان خاکی کوردە و تورکیا بە کوشتن و وێرانکردن داگیری کردووە. دەزانن و لەبیرتانە، کە مەلا ئەردەگانییە ڕەگەزپەرستە بکرەگیراوکان، لە کاتی داگیرکردنی شاری عەفرین دا، لە وتارەکانی نوێژی هەینی مزگەوتەکانی ئیستەنبول و ئەنکەرەدا، فەتوای ئەویان دا. گەر مار و دووپشکتان بینی مەیکوژن، بەڵام گەر کوردتان بینی بیکوژن. ئەی نەشتان بینی کە سەرکی ڕەکخراوی حەماسی ئیسلامی فەلەستینی "خالید مەشعەل" بە بانەی داگیرکردنی شاری عەفرینەوە پیرۆزبایی لە خونەڕێژ ئەردەگان کرد و شاباشی کرد؟
ئەی بیرتان نایات، کە بەعسییە عەرەبە شۆڤێنییەکان، کە نەوەکانی خەلیفەکان و خالید بن وەلید و قەقاع سەعدن، چۆن پەلاماری کوردستانیان دا. کەمەکوژی و کیمیاباران و ئەنفالیان لە کورد کرد هەر لەبەر ئەوەی کە کوردین. کام دەوڵەتی ئیسلامی و عەرەبی کەمترین بەوا لەسەر کورد هاتنە قسە و لەمەی سەدامیان کرد؟. بەس بە خرافاتی بە بنەما مەشکی سقیل و خەشبەوای خەڵکی کورد بشنەوە. ئەوە پێش ئەوەی ئیسلام بن کوردن. گەر هەڵوێستی نەتەوەییتان نەبێت.. ئەوسا قسەیەکی ترمان دەبێت.
خەشک و برایانی کوردمان. هەموومان دەزانین کە نیازی گاوی تورکیا لە هەڵشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان چییە. هەموومان کوردین و کوردستان نیشتمانی پیرۆزمانە، لە ئەوپەڕی باکووریەوە تا ئەوپەڕی باشووری، لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتیەوە تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوای، خاکی پیرۆزی هەموو کوردێکی دەسۆزە، لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بژی. با هەموومان یەکگرتوو و یەکدەنگ و یەک هەڵوێستبین، ئەرکی پاوێستی ئەستەمان بەدی بهێنین. ئەگینا شەرمەزاری گەلەکەمان و مێژوومان دەبین.
درود بە ڕۆحی شاعیری نەمر و نەتەوەیی کوردمان "فایق بێکەس" کە دەڵێت:
قسەت مەکەن دوژمن بەهێزە تەپ و تیارەی هەیە
ئیتفاقتان گەر هەبێ زەر زەحمەتێ خەی رابگرێ

١٥/ ئوکتۆبەر/٢٠٢١

چەند کەپلە شیعرێک.. نەوزاد بەندی

سەبارەک بەدوای هەتاوەو..

بە دوورکەوتنەوە ، مەترسینە ..
خەم یەکەکم
لە داهێنرانی دووریی ..
گۆشەی نیمچە تاریک و
ونا کی
زەردەخەنەیەکتە ، منی
لە چواردەورت هەشتەوە ..
ئەگینا هەرچی گۆڵایە ،
بە تاوێ سووز ئەبە لام و
لە دوای تاوە ، لەبەتەوە ..

بەفر..

بەفر دراوسێمە و ..
تەنانەت بە زستانیش ،
نە خەی ..
نە جەگەلەیەکی دەتە بەردەرگام ..
منیش ناچمە بەردەرگای ..

باران..

چوارساڵ لە زانکە و ..
چوار ساڵ لە عەسکەریی ، هاوڕێم بوو ..
ئێستا نە خەی ،
نە تاوێکی دەتە بەردەرگام ..
منیش ناچمە بەردەرگای …

ئەمە براکوژیی پە ئەڵن ..
یان عینادیی ..

یان بۆ منەتیی ..
یان جیاوازی چینایەتیی ؟
نازانم …

بچێی گۆنجان زربیان شاعیرن!.. کاروان حەسەن

لەسەردەمی ئێستادا، شیعر پانتاییەکی زۆری دنیای ئەدەبی داگیر کردووە، تایبەت لەئەدەبی کوردییەوە کە باسکەی ئەمە پێیوەندی بە وەوە هەیە، لەرەوە سەرنجتان بۆ چەند هەکارێک رادەکێشین کە بوونەتە هەکاری سەرکی و بنچینەیی لە بەشاعیر بوونی گۆنجان و نووسینی شیعر یان پێخشان یاخود هەر دەربڕینێکی تر کە بە خۆ خاڵی کردنەوەی ناخییەتی و ڕزگار بوونە لەو دەردو کوڵە پێ ژانەی لەسینەی هەریەکەکیاندا پەنگی خواردووەتەوە و وەک گەکانێک دەیڕژێتە دەرەوەی ناخی و خۆی لەو ئێش و ژانە ڕزگار دەکات، کە ئەمەش بەگومان هەمووی ناچێتە چوارچێوەی شیعر و پێخشانی جوان و ڕاست و بەماناوە، بەڵکو زۆرجار دەردە دڵەکە و کەسی نووسەر خۆی پەیوەو مژووە دەکات و دەیەوە لەڕێی نووسین، کوڵ و ژانی دڵی بەو نووسینە خاڵی بکاتەوە، چونکە پڕسەی نووسین لەیەکەم ئاماجدا بەتاڵکردنەوە و خاڵی بوونی ناخە لەو ئازار و ژانەی لەدڵی مرۆڤکان پەنگی خواردووەتەوە، هەکاری سەرکی و بنەڕەتی بریتییە لە بەکاری و زەحمەتی ژیان و بە پارەیی و ئێش و ئازار و مەینەتی ڕۆژگار، کە هەموو ئەمانە وایان کردووە، گەنجانێک دەست بدەنە پەنووس و خەم و مەینەتی ڕۆژگار لەدەڕکەن و بیخەنە دوو توێی لاپەڕەکان و بەناوی نامیلکە و دیوان و بەرهەمی شیعری بەناوی بکەنەوە، لەلایەکی تر خیانەت و نەگونجان و ڕاڕایی و تاڵی و سۆری و داوای زۆری ڕۆگەزی مە لە بەرامبەر شووکردن و ماڵ و حاڵی دوا ڕۆژیدا بوونەتە ڕۆگری ئەو بەیەک گەیشتن و بەیەک شادبوونە، بەیەزرەک لەو کەسانە کە تووشی ئەو جۆرە بارودۆخە بووینە خۆیان لەناو شیعردا دەدەزنەوە و هەوو دەکەنە شیعر نووسین و شیعر دەکەنە پاڵنەری دەربڕینی ئێش و ژان و ئازارەکانیان. ئەمە جگە لەوەی ئەو شۆن و نەتەوە و وڵاتانەی کێشە و گرفت و شەڕ و شۆڕیان تێدایە

شاعیریان زیاترە و زیاتر بەشیعرەوە سەرقاڵن، هەروەک (ئیبن سەلام) دەڵێ:
ئەو نەتەوانەی شارەیان تەدایە زیاتر شیعر دەنووسن و شاعیریان زیاترە، کەواتا هەکار زەرن بە بوونە شاعیر یان شیعر نووس، چونکە وەک لەسەرەتاوە وتمان ئەمانە هەمووی ناچنە خانەی شاعیر و شیعرەوە، بەڵکو دیوارێکی ئاسنین هەیە کەوەک سنوور لەنێوان ئەو دوانەدا، ئەمەش بەرهەمی باش و جوان دەتوانێ ئەو سنورە لەک جیا بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شیعری ئەمڕۆی کوردی خاوەن شاعیری جواننووس و باش، هەژانە بەرهەمی جوان و باش دەبینین و لەبەرامبەریشدا بەرهەمی کرچ و کاڵ و خراپ زۆر زیاترە و هەژانەش ژمارەی بنووس لەزیاد بووندایە، ئەوەی جێی داخە زۆرێک لەو شاعیرە جواننووسانە نەناسنراون و زۆرکیش لەو وشە هەزکەر و بنووسانە زیاد لە مافی خەیان مافیان دراوەتێ و بەشان و باڵیاندا هەدراوە و گەورە کراون، تەنانەت هەندکیان وەک بازرگان کەوتونەتە گیانی شیعر و هەژانە دەیان شیعر دەنووسن، لەکاتێکدا مەرج نییە هەموو هەژێک شیعر بنووسرە و هەموو مانگێک نامیلکەیەک یان بەرهەمێک بخەیتە بازارەوە.

خاڵی بوونی هەندە دەق لەهەست و سەز و ئاواز و ڕیتمی شیعری وای کردووە بەرهەمەکە هەموو شت بێت تەنیا شیعر نەبێ، کەواتا زۆر گرنگە شیعر هەست و سەز و دەربڕینکی جوان و باش بێت و خاڵی نەبێ لە واتای شیعر، بەدیوێکی تر ناکرێ شیعر تەنیا چەند وشەیکی ڕووت و بێ مانا و سادە بێت، شیعر تەنیا دەربڕین نییە، شیعر تەنیا وشە ڕیزکردن نییە، شیعر تەنیا پێکردنەوەی لاپەڕە سپییەکان نییە بە وشەی سواو و بێ مان و دووبارە، ماکس فرەش دەڵێ:(نووسەر بە ئەوە دەنووسێ تا باشتر بەرگەی نەهامەتییەکانی ژیان بگرێت)(1).کەواتا ئەبێ نووسەر ژیان بنووسێتەوە و ئێش و ئازارەکان ببنە کارەکتەر و ژانی ژیان نیشان بدەن و ئازارەکانی مرۆڤ بخەنە ڕوو یان شیعر هەر بە ئەوە نییە شاعیر بە خودی خۆی بینووسێت و تەنیا خودی خۆی مانای بکاتەوە، ئەبێ خوێنەریش لەو واتا مەجازی و نهێنییانە بگات و بیان دەزێتەوە کە شاعیر بەهۆی کەد و هەمز و فەلسەفەوە لەناو بڕێتی شیعر دەیان شارێتەوە، لەلایەکی تر شیعر ئەگەر چەژی پێ نەبەخشی و نەیتوانی دەروونت بخاتە ئارامی و چێژێک نەخاتە دڵتەوە شیعر بوونی لە چیدایە؟

ڕیچارد هەرد دەڵێ:(شیعر هونەرێکە مەبەستی ئەنجامدانی گەورەترین چێژ بەخشینە بە گوێگر).(2)

لایەکی تر زەر بوونی شیعر پەیوەندی بەو بە سانسەری و نەبوونی فلتەرێکی چاک و باش لە کەسانی شارەزا و لەزان لەچاپخانە و وەزارەتی رۆشنبیری وای کردووە هەرچی بێ، بابەخوەندنەوە و جیاکردنەوەی باش و خراپ لەچاپ بدرێ و بکرێتە کتێب و ناوی بنرێ(نامیلکە، دیوان، بەرهەم) لەرەوە تەنیا باس لەو زەری و بەرییەی شیعر کراوە و دەکرێ ئاگەرنا بینە سەر خالی تر و تایبەتمەندی تری شیعر لەزەربەی بەرهەم و دیوان و نامیلکە شیعرییەکان بەبەش دەبن لە ناوی شیعر و تەنیا چەند وشەیەکن لەخەیان دەگرن، چونکە زمان گرنگترین شتە لە شیعردا کەچی لە شیعری ئەمرۆدا زەر بەکەمی ئەو خاڵە بنەڕەتییەی شیعر هەست پێدەکەین و دەیبینین. چونکە (بابەت زمانێک کە هەڵگری هەردوو ئاگەزی ئەستاتیکا و بابەت بێت، ئەستەمە دەقێک ببێ بەشیعر)(3)

کاروان حەسەن ـ هەولێر

_____

سەرچاوە:

(1) ئینتەرنێت.

(2) دەروازەی شیعر ناسین، جەمال حەبیب اللە (بەدار)، لەبەاوکراوەکانی دەزگای نارین، 2012 ل18

(3) گەلان بەدوای جیهانێکی دیکەدا ، سەدیق سەعید وانەزی ،لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما ، چاپی یەکەم . هەولێر 2011 ل 5

بەهرەیەکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەرکەوت.. سەباح

ەنجدەر

ئەو چژ و هزی بەردەوامییەی خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعر وەریدەگرێت، شاعیر لە نووسینیدا وەریناگرێت. شاعیربوون پێویستی بە دانایەکی پەیبەر هەیە. بە دەربڕینکی زۆر سادە پێویستە بە گەرمییەکی زۆرەوە لە زەین و خەیاڵیدا دانایەکی پەیبەربێت، زەین و خەیاڵی بینینکی ئاگایانەبن. چاوانی بنووقێنێ و هزی شاراوە ببینێ.

وەشانی نووسیار، سوپاس بێ ئەو متمانەیەی بە بچووک و تگەیشتنی منتان کردووە. بێ خەاتکی باوەپکراو، کمەك کشیعرتان بێ ناردووم تا من پوانەی کردار و خاڵی پەیوەندییان بم، بەهرەی هشمەندیی و کارامەیی زمانیان بناسم.

بێ هیچ (ئا) و (نا)یەك بچووک و تگەیشتنم بێ: شیعری بگەرد لە سەرووی هەموو (ئا) و (نا)یەکان، لەکردەی گەاەکردندا دەگەیەنم. سەرەتا بیرم لە هەموو خاەی کاریگەرەکان کردەوە، وەك تگەیشتن و هەستپکردن. نزیکەی چل ساڵی خەریکبوونی خم بە شیعرەوە پیاندا تپەیوم، بوونەتە تیشکێ و ناوەندك تیاندا بیرم کردووەتەوە و هەوەستەیان پکردووم. ئەو پودانگانەم بێ پوەربوون دانا و ایەێ و تانوپۆی پوەربوونم بردەوە ناویان، بە سروشتی خیان لە هکاری گەشە و گانیان وردبوومەوە.

1- زمان – ئاستدار – یەکئاست. 2- وێنەی ئەندازەیی – فەزای وێنە. 3- شواز – ەگەزی کتوپڕی – یەکتی بابەت – گشەی وانین – ئازادی نەست – ئاماژە. 4- میتافا. 5- دەربڕین – هەچوون – تەئەممول – پەیامی هونەری. 6- ەهەند و بەهای ئستتیکی. 7- نووس. 8- دابەشکردنی وێنە لەسەر ووبەری کاغەز – مسیقا.

(ئەو خاەنەی دامناون کەمەیەکی کەمیانم بەدی کرد.) دوای هەموو پوەرەکان، بم دەرکەوت زمانی ئاستدار دەتوانێت جیهانبینی خی بدزتەوە، هەموو ئەو خاەانەش بێت شیعرییەت وەك ناوەندك تیشکەکانی لێ هەدەگرێ و دەشیگەنتەوە ناوی، هزی شیعرییەت و ئستتیکای خدروستکردن بەرهەم دەهنێت. هەموو ئاستەکان نموونەی زۆر لك جیانین، قووایی دخی شیعرییان نەخەمیوە و سیما و کەشوهەوایان تەواو نەسکاوە. کشیعر هەیە لایەنی یەکتی بنیادی تدا درەوشاوەیە و تیدا کەوتمە مەترسی بیرکردنەوە و هەبژاردن.

پنج جار هەموو کشیعرەکانم خوێندەوە، دنیاییەکی زۆرم وەرگرت. هەر جارك بێ اگرتن لە ئاست داوای پوەری پودانگك، زەین و خەیاێ و پوەری هەموو هەلومەرجەکانم کرد، بوومە خوێنەری

نەبینراوی کتێبەکان، چۆژی خۆم نەسەپاندووە. کارم بە بۆچوون و تێگەیشتن و خواستی شیعرییەت و پێوەرە هونەرییەکان کردووە. خاڵی دوابۆچوون و تێگەیشتن و پێوەرم دانا، کەمەڵك خەسڵەت وایکرد ئازادی بە خۆم بدەم کەشیعری: (کێگەی بەتاڵ) بێ خەڵات دەستنیشان بکەم.
کرکی نوێبەخشی لە سەرەتا و کۆتاییدا خۆلادانە لە زمانی پەککەوتوو، شاعیری دەستنیشانکراو لە زمانی پەککەوتوو خۆی لاداوە و لەناو زمانی شاعیرانی تریش ون نەبووە. زمانی لە ڕستەی سادەوە گواستووەتەوە بێ ڕستەی لێکدراو. لە ترپە و ئاوازدا فۆرمی زەینی پێداوە. بە تەکنیك و ئاستی جیاجیا بەکاریهێناوە.

لەمانادا خەسڵەت دەداتە وێنەی پێ و چۆژی لێ هەڵدەقوڵێنێ. هەکێشیشی لە هەستەکانی خۆی کردووە.
ستایش بێ داهێنان و ئەو لاوانەی خۆبوونی خۆیان دەستەبەرکردووە و هەکێشین لە هەستەکانی خۆیان دەکەن، بە چاپکردنی ئەم کەشیعرە بەهرەیەکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەردەکەوێت.

20/5/2021 هەولێر

تێبینی:
وەشانی نووسیار، ساڵانە خەڵاتی چاپکردنی سێ کتێبی هەیە. کەشیعرێك، کەچیرۆکێك، ڕۆمانێك. ئەم سەرنجانە بێ خەڵاتی چاپکردنی کەشیعری ئەمساڵ نووسراوە.

گفتوگۆی ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت

ئۆکتۆبەر: وەکو لە بەیاننامەی حزبیشدا هاتووە، هەڵبژاردنی ئەمجارە بە سازدانەی حکومەتی عێراق، کە لەئاکامی خرۆشانێ

جەماوەریکانی شارکانی بغداو خواروی عیراقەوە تووشی قیران بووە و هەوشایەوە. حکومەتکەی کازمی وەکو حکومەتکانی کاربەدەستکار، ئارکی خۆی بە سازدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەستنیشان کرد، گوایە خواستکی سارکی خەڵکیشاندرانیش بووە. بەڵام ئەوەی لەماوەی رۆژانی ڕابردوودا دەبینرا ئەوەیە کە خەڵککی زۆر بێشداری هەڵبژاردن ناکەن. ئایا بەڵای ئەوە ئەم هەڵبژاردنە وەڵامە بە خواستی خەڵکیشاندران، ئەگەر وایە بۆچی ئەو ژمارە زۆرە لەخەڵك بێشداری ناکەن!؟

عوسمانی حاجی مارف: هەوشانەوەی حکومەتی عیراق ئاکامی ئەو بنبەست و قەیرانەی دەسەڵاتی سیاسییە، کە لە ئەنجامی ئەو ئالوگۆڕانەی لە هەڵومەرجی سیاسی ناوچەکەدا بەگشتی و، لە عیراقدا بەتایبەتی پێشهاتووە، لە پاشکۆو شکستکانی ئەمریکاوە تا دەخالەت و کەشمەکەشی ووڵاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەو دابەزینی ئاستی هاوسەنگی ئەو هێزانەی پێناسەی خۆیان لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی عیراقدا کردووە، لە هەمانکاتدا پیادەکردنی ئەزمونکی شکست خواردیان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کەمەگە نیشانداین و بەرجەستەترین نمونەی جەردەیی و دزی و گەندەڵی بون لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا، وەک خۆشتان ئاماژەتان پێداوە، ناڕازایەتیکانی ئەکتەبەریش کاریگەریکی بنەڕەتی بون کە ئەو دەسەڵاتە ناچار بکات ئەو حکومەتە هەوشیتەوەو حکومەتی کاتی کاربەدەستکار بخەنە سەرکار. هەڵبژاردنێک بەهەر فەرمو شێوازێک خۆی بنەماڵەت و چەندین فەڵ و ساختەکاری تیا بەکاربهێنرێت، هەرچەنێک بەت تەپڵەڵێنن، گرنگترین مەسەلە ئەوەیە لە دەخێکی وەها نالەبارو ناسازو نەگونجاودا حەتمیە ئەو هەڵبژاردنە ناتوانێت و بۆی ناکرێت بەهیچ جۆرێک کاریگەر بێت لەسەر ئارامکردنەوەی گۆڕاوێکی سیاسی کە چەندین ساڵە چارەنوسی عیراقی خستۆتە ژێر باڵی خۆیەوە. هەر بۆیە پێویستە مەسەلەیەک کە زۆر جێگای سەرنجمان بێت، گەر تەواوی هەڵبژاردنەکانی پێشوی عیراق ئەو واقعیەتەی خستبێردەممان کە نە ئایندەی عیراقی لەو گۆڕاوە دەرهێناو نە وەڵامی بە هیچ خواست و پێداویستیەکانی خەڵکدایەوە، ئیتر لە هەڵومەرجکی پڕ گۆڕاوی سیاسی زیاترو بن بەستو شکستی دەسەڵاتی سیاسی وئابووچون و ڕیسوابونی تەواوی ئەو هێزانەی لە پرسەی سیاسی عیراقدا ڕۆلیان بووە هەیە، ئەستا دەبێت خەڵکی عیراق کام چاوەڕوانی و کام ئومێدی بە هەڵبژاردنی ئەم دەستەو تاقمە مافیا ئیسلامی و تائفی و عروبانە و کوردایەتی هەبێت، کە لەگەڵی هەزی چەکداری و بەناوی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتکی تەوافقیەوە دەسەڵاتی میلیشیاکان چەندین ساڵە سەروەت و سامانی

عێراق و کوردستانیان قەرخکردووە.
ئەم دەستەاتە تەواو بەگژ و پێسوا بووە، هەر بۆیە ڕوخانی لای خەڵکی عێراق بوو بە بەهێزترین دروشم و خواست. بە ڕوخانی ئەم دەستەاتە بە پاشکۆو بە سازش هەنگاوەکان تابێت خراترو فراوان تر دەبێت، گەر سەرنج بدەن لە دەستەواژەی دروشم و ناڕازایەتیەکانیان، نەک هەر ناخوازن بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، بەڵکو دروشمی بایکۆتیان پێ کەم و ناتەواوە، هەڵوەشانەوەی ئەم دەستەاتەو وەستانەوە لەبەرامبەر تەواوی پرسەی سیاسی ئەم هەزاندا، بزوتنەوەیەکی کەمایەتی بەرفراوانی هەناوەتە پێشەوە، پێویستە ئاسەی ئەو بزوتنەوەیە بەرەو پێشترو سەرکەوتن هەنگاو بنێت، تا کۆتایی بە تەواوی پرسەی سیاسی و دەستەاتی ئەو هیزانە بهێنێت.

ئێکتەبەر: لەحاڵەتی بەشداری نەکردنی ڕژێمکی بەرچاو لە خەڵکی عێراق، ئایا ئاکامی هەڵبژاردنەکان چی لێدێت؟ ئایا دەکرێ ئەو حکومەتەی وەکو بەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە پێکدێت، شەرعیەتی سیاسی و یاسایی هەبێت، چ لەئاستی جیهانیدا و چ لە ئاستی ناوخێیدا؟ ئایا بەڵای ئەوە ئاگاری ئەوە هەیە کە هەر حکومەتێك پێك بێت؟

عوسمانی حاجی مارف: لە ئاستی جیهاندا هیچ پێوانەیەک نەخراوەتە بەردەست بە شەرعیەت دان بە هەڵبژاردن، تا ڕادەیەکی چاوەڕوانی هەیە بەشداری لە پرسەی هەڵبژاردن بکەن یان بەشداری نەکەن، ئەو هەڵبژاردنە بە فەرمی دەناسرێت یان ناناسرێت! پێکهاتەی سیستمی دیموکراتی ئەوەی خستۆتە ڕوو، هەر چەندێک لە هاووڵاتیان بەشداری بکەن دەسەاتدارێتی بەرجوازی کاروباری دەسەاتی سیاسی خیانی پێ ڕایی دەکەن، هەڵبژاردن تەنها جیاکردنەوەی دەنگەکانە بە دیاریکردنی زۆرترین ڕێژەی دەنگدەر بە حزب و لایەنێک یا لیستێک، ئەویش لەسەر بنەمای دابەشکردنی ڕێژەی بەشداربوان و، دەنگەکان بەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی دیاریکراون بە پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتەکیان، ئیتر هەر ڕژێمێک بەشداری دەنگدان بکات بیان گرنگ نیە. بۆیە لەم بارەوە بە هەڵبژاردنەکانی عێراقیش پێویست ناکات لە سەنگەی شەرعیەتی سیاسیەوە بچینە سەرئەوەی کە ئایا ئەتوانن حکومەت پێک بهێنن؟ بۆرای من لەم بارەوە هەڵە سیاسیەکان دەرگیر نین و کاری خیان تەدەپێنن، بەڵکو ئەو ناڕازایەتیە جەماوەریە فراوانەی لە ڕاپرینی ئێکتەبەرەوە بەرەو ڕوین و خواستی ڕوخانی دەسەاتی سیاسی دروشمی سەرەکی ئەو ڕاپرینە بوو، ئیمکانی تێکدانی پێکهاتەی

حکومەتی دوای ئەم هەڵبژاردنە دەخاتە بەردەمیان. لەلایەکی تروە بنبەست و قەیرانی دەسەڵات، لە پێکهاتەی ئەم هەزە میلیشیا ئیسلامی و تائفی و عروبەو کوردایەتیەی هەڤدە ساڵە ئەزمونەکی شکستخواردوی وەهایان نیشانداوین کە دوبارەکردنەوەی هەمان شێواز لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافق کارێکی نەک ئاسان نیە بەیان بەکو ئەگەری ئەوە هەیە بارگرژی و ناجێگیری سیاسی زیاترو قەیرانی قوڵتر لە عەراقدا بخولقێنن.

ئەکتەبەر: ئەگەرهاتوو مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت بەوجۆرە بوو کە هەزەکان لەنێوان خەیاندا رێك نەکەون، ئایا ئەگەری تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش و ئارامی عەراق هەیە؟ ئایا دەوری دەوڵەتانی ناوچەکە لەپرسی پێکهێنانی حکومەتدا چەندە دەتوانێ کاریگەری هەبێت؟
عوسمانی حاجی مارف: جارێ پێش هەموو شتێک عەراق بە خۆی نە ئاسایشی هەیەو نە ئارامی، نەبوونی ئەم نائارامیە و نەبوونی ئاسایش و گۆڕاوی،سیاسی، ئاکامی هەلومەرجێکی سیاسیە کە لەداگیرکاری ئەمریکا و وڕانکردنی عەراقەوە بەسەر خۆیدا سەپێنراوە، تا دابەشکردن و بەتاڵابردنی سەروەت سامانی عەراق لە لایەن دەستەو تاقمو گروپی میلیشیایی ئیسلامی و تائفی و قەومیەکانەوە، کە مایەی ژیان و گوزەرانێکی دەزێخ ئاسایە بە دانیشتوانی عەراق. ئەم هەزە سیاسیانە حکومەت پێك بهێنن یا پێکی نەهێنن هیچ کات لە ڕاستای سیاسەتی ئارامکردنەوەو کۆتایی هێنان بە گۆڕاوی سیاسی نین، هەزی ڕاوەوت و تاڵانی و دزی و جەردەیین، بۆیە سود لەو گۆڕاو نائارامیە وەردەگرن، تەنها یەک ڕێگا ئومێد بەخش بە ئارام بونەوەی عەراق، ڕامالین و پاکردنەوەی عەراقە لەم جۆوجانەوەرانە.

ئەکتەبەر: ئەگەرهاتوو خۆپێکی کوردستان بەرژەوەندیکی کەم بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، تا چ ڕادەیەك ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر نوێنەرایەتیکردنی خۆپێکی کوردستان لە بەغدا؟ ئایا نابێتەهۆی باڵادەستبوونی حکومەتی ناوەندی بەسەر کوردستاندا؟

عوسمانی حاجی مارف: پرسەی هەڵبژاردن لە کوردستانیش هەرچەندێک بێت حزبەکانی کوردایەتی لەسەر ئەوە نەوەستاون ڕێژەی بەشداربوان چەندە، هەرچەندێک بەشداری لە هەڵبژاردندا هەبێت، بەشێك بە شراکەت لەدەسەڵاتی سیاسی لە ناوەندا بەدەست دەهێنن، بەڵکو لە ڕگەی هاوسەنگی هەزەوە دەچنە ناو پرسەی سیاسی بە ڕێکەوتن لەگەڵ هەزە میلیشیاکانی عەراقدا، بۆیە ئەوان نوێنەرایەتی خۆپێکی کوردستان ناکەن، بەڵکو حکومەتێک کە لە عەراق لەسەر بنەما تەوافقی

دەستەو تاقمی هەزی میلیشیا تائفی دامەزرابەت ،کە جەردەیی و تالانی و دزی بەرنامەکەیان بەت حزبە کوردیەکانیش دەبنە شریکە بەشی ئەو هەزانە.
ئەوەش کە پەویستە ڕۆشن بەت بەمان عەراق و کوردستان لە نەوان ئەو هەزە تائفی و عروبەو کوردایەتی و بنەمالەکاندا دابەشکراوە، ئەوە هاوسەنگی هەزە ئەتوانە باڵادەستی هەر هەزو لایەنێک دیار بکات نێک دەنگدانی خەڵک و هەڵبژاردن.

ئەکتەبەر: لەحاڵەتی پەك نەهاتنی حکومەتی عەراق و تەکچووونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی، بارودۆخی سیاسی و ئەمنی کوردستان چی بەسەردێت؟ دەبە خەڵکی کوردستان لەم بارەدا چی بکەن؟

عوسمان حاجی مارف: بەو ئاقارەی کە بە دەوری حزبەکانی کوردایەتی هەمیشە چارەنوسی کوردستان گرەدراوە بە بەرژوەندی و پەیوەندی و یەکپارچەیی عەراق و حکومەتی فیدراڵیەوەو جەگاو ڕەگایەك کە لە هاوکێشە سیاسیەکاندا بویانەو پاشکەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ووڵاتان بون، بەردەوام ناجەگیری سیاسی لە کوردستانیشدا واقعیەتی ژیان و گوزەران و چارەنوسی خەڵک بووە.
بەو مانایەی ئەم هەڵبژاردنەی ئەستای عەراق لە لایەك جەگای ئەوپەڕی نائەزایەتی و نەفرەتی خەڵکە و، لەلایەکی ترەوە دوای هەڵبژاردن پەکهەنانی حکومەتی عەراق، لە نەو ئەو جەنجاڵ و ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی ناوچەکەو عەراقدا ئاسەکەی دیار نیەو دەرگیرە لە ناو قەیرانێکی قوڵدا. لەهەمانکاتدا کەشکانی هەرەم و بەغدا لە هەمان چوارچێوەدا یاریکردن بە چارەنوسی خەڵک بەسەر دەبرێت، هەڵبەتە ئاشکرایە کە دوای ئەم هەڵبژاردنەو چونە ناو پرۆسەی پەکهەنانی حکومەتەوە ئەو ئەگرانەی لە پەشهاتنی دەخەکی نالەبارتر پەشبینی بە ئایندەی عەراق دەکرێت، کوردستان بەبەش نابێت لە دەخی نالەباری هەرئاڵوگۆڕێک کەبەسەر عەراقدا ڕوبدات، بە خەڵکی کوردستان ئەو ڕەگایە کارسازە کە وەك بەشەك لە نائەزایەتیەکانی عەراق تووڕەیی و نائەزایەتیەکانیان وەها عەمەلی کەنەوەو گەشە پەبدەن کە کەتایی بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بهەنن و دەسەڵاتی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە شوراکاندا هەڵبژێرن و حکومەتی شورایی دامەزرێنن.

چیای زەریا.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

لە نیوە شەوا،،
کوپێک قاوەیە،،
خوێنی ڕەشی شیعر،
سەرهەڵگرتنی من،
لە نیشتمانێ، ،،
دەرگاکانیم بیرچوەتەوە،
یان ئەو، سنورەکانی لێداخستووم،،
خەیاڵ ئەکەم، لە ئەقیانوسی وشە، کاتە..
سروەی گەڵای مەرگێکی قەشەنگ بردوومی!
کە جەستەم ئێستا هەورە،
سەاوم لەو پەڵە ڕیشەیە بەدنەفرەتیانەی ئاسمانی خەمگینیە!
کەڵگەی زەمان ڕەگاکانیم وونکردوە!
تارمایی ئەو ئافرەتەی، لە کتێبە…
لە بارانی شەستە سەفەر!
هەزار مانگی بوهەیمی پێشکەش کردم!،
سەر لەبەیانی کەچێکی پرتەقاڵی..
وەک باڵی تاوسی حەسرەت،،،
وەک ئاوازی..
نامەیی بەم زیندەگی تێنیایە،،
جەمان دەڕ،،
هەرلەهەمان ڕەگە ی دووری کازیوەوە، ئازیز..
چاوەڕێم کە،
لە ژێر گڵپە تەڕکانا،
با بلەرزم، و تەزیوبم،،
لە ژێر پیانۆی نەرمی نمەکانی بیرەوەریت،،
کەس بە مەی جوانی کازیوە مەست بە،،
کوا گوێ ئەداتە زوقم و تەمو مژی تێنیایی؟!
لەوم پەڕ لە ژەهری غوربەت،،،
تازە دەبە هەمووی نەش کەم،،،
دادەچەقێتە دڵ..
ئەو ووردە لەمە زبرانەی بیرەوەریت!
ئەسوتە بەهارە،،،

لە ئوبارى ئەندێشەى كوژراوەكانى ڕۆژەكانى غوبار!
هەڵدوەشێتەوە، بيناسازى پەيكەرتاشى ..
كەشكى بەيار،
كاتێ هارمۆنيكاى مەرگ لێبردم دەرگايێ..
لەوێندەرێ،
خەم بێ نيگرێ دڕوشاوەكانى..
خەرمكى نيوەشەوى پەمەيى ئێشم،،
لەوێ، كتێبى ئاو ئەخوێنمەوە، تاوەكو…
لێ تاقيكردنەوەى كچى فلوتژەنى..
سەر كانى موحيبەت دەرچم!
بيرەكەى خەكوشتنى ساتێ ئاتونيەكانى ئێستاش،
هەر بێ هەواسراوى،،
بێ زنجيرى بنميچى دەزەخى ڕۆح خەيەوێ قەشەنگ!
ئەرێ دەشتايى سپێدە،،
لێ كوێوە دەست پێدەكات…؟!
كام هەنگاو لێ قيبلەنماى ونەكيەوە دەستپێكەين؟
من هەر خەم،
پێش چونێ دارستانى جەهەشتنەوە،
ناوى خەم لەسەر بەردەكانى مەژووى شوێكى زامدار..
ئەنوسم، بەردەوام لێ نامیهرەبانيەكانى دنيا،
هەڵدەم و دەم و دەچم،،
لێ نەو بەستانى چنارێ بەاوەكانى كتێبەوە،
وەڕ و سەرگەردان ئێبم،،
با بێ شوەيەكى ترا داشتنى ژيان بنوسينەوە!
بێ شوەيەكى تر،،
لێ خەڵەمۆشى بونا،،
شكۆفەى نيگامان گزنگكەن!
بەلەم، لێ گوناحى مانەوە،
كێ شەپەلێ زيويەكانى تەمەن ،
تا پەنجەرەى دورخەى شادومانيمان هاتوە!،،
زەر جار پەويستێ بەخشندێ بين،،
لەگەڵ نەمانى ئەو ساتانەى،،
هيچ مانايەكى نيە!
تەماشاى شانەى ژيان دەكەم،
لێ ونەكى درەى لەو!،لێ بزەى..
پێش فەنابوون، لێ سەراخى ..
مرواريێ نەدەزراوەكانى خەشبەختى،،

هەر هیچ مانایەکی نیە!..
بونمان ، هەر خەی،،
هاتنی کاغەزی سوتاوی نامەیەکی بێ ناونیشان بوو،
لە دانایی چاوەڕوانیش..
سەر دەرناکەم،
هەر چەلەکەیەکی ڕەشی گومڕایی..
لە پەنجەرە هەڵکانی دونیاوە بەدی کەم،،
وا خەیاڵ ئەکەم نەبوبم،،
لە خەوکی قووڵی بێئاگایی ئەم دنیایەم،،
ناشتوانم، هەنجیرە مەڕکانی منداڵی،،،
بچنمەوە جارکی تر،
ناشتوانم ، بە دوای سیمرخی..
گەگرتووی تەما نەچم،
پرۆشکانی یادەوەریتم بە ناگیرە!!،
ئەی ئەوەی توشی تەنگژەی ..
چوون و نەچوونی کردم!
هەرگیز، ڕستە ئەرخەوانیەکانی..
جوانی تەم بە نانوسرتەوە،،،
لەسەر کەناری یەکانگیر بە تاڵایی جودایی..
ببینە، لە سیحری پایزکی..
جەستە فرمێسک و سەراب،،
خەم بەخشیوەتە،،
شەبەنگی شارە..
بەرەو ئاسەی شکستی مرۆڤکان،
سەری خەی هەڵگرت،
مردوەکانیشی سەری خەیان هەڵگرت،
پیرەمێردە نیشتەجکانی چیاو خەڵیش،
بە شکەوە ،
کەلە سەری خەیان،،،
لە پشت داری ەوناکیەوە شاردەوە،،
زەوانیش پێشبینی لەوە نەئەکرد،،
ژن و پیاوەکان…
لە قاپی لمینا،
هە نگوینی ەژە تاەکانیان بەش کەن، ،،
لە پایتەختی تارماییشەوە،،
کوە بە دەکان و کچە بە ەحەکان،،
بەسانایی، ەهەە مەسیقای فەنا…

ئەوانیشی هەنا،
دەمکە، چوتە دەریاچەی خەفەتەوە،،،
گوڵە سپیە سیسەکانی تەمەن،
ئەرکەدینی ناخ ئەشکەنجەگرتووی شونیش،،
بەردەوامە لە ژنینی حەسرەتی نامەبوون ،،،
کاتە هەموو سەرهەڵگرتوەکان،
لە فارگەنی شەماندەفەرەکانی بیرچونا،
دەن و دەچن،،،
لای من ئاماژەکانی زەردەپەڕەی ئەڤین،،
هیچ مانایەکی تری نەماوە،،
چونکە بروسکەی ژیان خەی،،
کورت خایەنە،،،
تە ئەی زەریاوان..
ببینە، رؤحم لە هەڵزنەی ..
چیای زەریایە،
سەرسەختە دە،
مەوداکانی نەوان ئاسمان و شەپەلم،،
بەزاندوە،،،
ئەم نیوە شەوە..
لەسەر لوتکەی بەرزی چیای زەریا ،،
دوا مەشخەڵەی عیشقەکی دڕەوشاوەم داگیرساندوە!
.....
وەنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی نەرویجی
.Peder Balke – Seascape

وەرزە سەوزەکانی ئەوین.. وەرزی هەشتەم\ شیعری: ستیڤان شەمزینی

بمبەرەوە بە مەژووی پێش هەوەرینم
لە زستانی پە رەهەڵەی ئەوینی ساردتدا
بمبەرەوە بە چاخی پێش خنکام
لە سەرابی نەو سەحرای چاوەکانتدا

دەتبەخشمەوە بە ڕۆژانی تەنهایی
کە باخچەیەک دڕگای بەهاری لە نەکردیەوە
دەتبەمەوە بە نەو ڕۆژانی پێش ناسینم
کە خەر لە پشت هەورەوە خەی لە دەشاردیەوە

چاوەوانیم قەوزەی کرد
تە هەشتا بیرت لە سەفەرێک نەکردەتەوە
بەرەو خاکی هەستم
سەبری ئەیووبم پچڕا
تە هەشتا بیرت لە هاتنێک نەکردەتەوە
پێش وەستانی کاتژمێری تەمەنم

لە مەسیح بە تاوانترم
دامگرە بەخاچی پرچەکانتەوە و
لەنەو پەلکەزێرینە بمنێژە
لە ئاوی کانی ڕوونترم
مەهێڵە دابەزان لێم بکا و
لە نەو چەمی ژنێتیتدا بمهێڵەوە

وەرە ئەی لە مەریم پاکیزەتر
وەرە ئەی لە باران تێڕتر
وەرە ئەی لە مانگەشەو ڕووناکتر
وەرە ئەی لە پەروانە سووتاوتر
لەرە لە ناو دەی من
لەرە لەناو موروە سەوزەکانی چاوم
لەرە لەناو شەوانی دوور و درێژم
ماچێکی تر دەنووسینەوە
لەسەر پێڵووکانمان،
لە پەرستگای لەکئانمان
نوێژێکی خەشنود دائەبەستین

مێڵە
بریندێک لە تەنهاییمدا جەمەهێڵە
مێڵە
دوا گێڵا بە درەختی ئومێدەوە مەوەرێنە
کتوپڕ مێڵە درزێک مەخەرە
پەنجەرەکانی پەلکەزێرینەوە
مێڵە و دوای خەت

دەرگای خەونم لەسەر دامەخە
مەهێ و دوای تۆ
ئیدی من لە خەم ئەهێنجم
مەهێ و دوای ڕۆشتنی تۆ
ئیدی نەورەسکی دڵخۆش نیم و
لە هیچ ئاسمانێکی تردا
لە شەقڵی باڵ نادەم

پرسیار مەکە
ئەو دەمە بگەڕدەم لە کوێ بوو
بەیانییەک دوو فریشتەی خودا
لە ناو چەمی عەشقدا دەیان شەردەوە
پرسیار مەکە
ئەو دەمە غەمبارەم لە کوێ بوو
عەسرێک وەک ئاوی کانییەک
ڕەبوارێکی نامۆ لەهی کرد
پرسیار مەکە
ئەو دەمە کوژراوەم لە کوێ بوو
ئەوارێیەک وەک ریشەیەکی پەڕاگەندە
لە سەفەرێکدا بەرەو باکوور
بە گوللەی عەشقێکی وەهاوە بوو

ئاهای ئەم عەشقەت
لەسەر کەلاوە کۆنەکانی دەم
بەرز دەکەمەوە
دەستە تەزیوەکانم
بەتینی پەنجە گاوییەکانی تۆ
گەرم دەکەمەوە

خەشم ئاوەی
هەر وەک ئەو باندەیەی جگە لە ئاسمان
شوێنێکی تری نییە بە فڕین
خەشم ئاوەی
وەک ئەو شەپۆلەی جگە لە کەنار
جگەی تری نییە بە سەروتن

هەرچەند لە چاوەکانتم روانی
بە بەدنگی هەموو شتەکیان پێ وتم

هەرچەند پەنجەکانتم گووشی
گەرمی هەستت گەیشتە بەفراوی ڕەحم
سەیرە نە من توانیم دڵەک بەم
نە تۆ توانیت دڵت بکەیتەوە!!

شیعری: ستیڤان شەمزینی

دەردەدڵەکی بانگەشە.. سەردار جاف

سیادەسەت و دەوڵەتداری دوو چەمکی جیاواز و پانتایی و ڕەهەندی فراوانی هەیە، لە هەمانکاتیشدا لیکترازان لە یەکدی قبوڵ ناکەن و هاوشیوەی ڕەوتێکی شەمەندەفەرن بە یەک هەنناکەن و یەکیان بە ئەوی دی ڕەوتی ژیان ئادەگرێ.

لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردن بە خولەکی نوێی پاڵەمانی ئێراق، لایەنە لاوازەکان جگە لە پەلاڕەدا بردنی ئاستییەکان و چەواشەکردنی تاکی کورد و دەنگدەری کورد، پەلاماری لایەنی زلهێزی کوردستان و ئێراقیان دەدا، و ئیدی هەریەکە و بەجۆرێکی فرتوفێڵاوی تەماتباری بە کۆخایەتیان دەکرد. کار گەیشتە ئەوەی لایەنی سیاسی دەرەوەی سنووری کوردستان و داگیرکەری کوردستانی باشوور خەریکبوونە نەو ئەو تەشهیرکردن و هیرشبردن و ڕەگریکردنەی لە سنووری شەنگال ڕوویاندا, ئاقیبەت و دەرئەنجام وا بەرچاویەک ڕوون بەتەوە و هەموو ئەو بانگوسەدا ناڕەوایانەی ڕەژانی بانگەشە جگە لە بەقی سەر ئاو هیچی دیکە نەبوون، ڕەژگاری کوردیش هەر بە دڕوشانەوەی خەرەکەی خەی مایەوە.

گەرەکە لەڕوە هەوەستەیەک بکەین و کەمەک شرۆڤەی سەردەمیانە و دیفاکتەیی نەودەوڵەتی و هەرمایەتی بکەین بە خودی ئەو ڕووداوانەی لە کوردستانی باشوور دەگوزەڕە و پەنجە بخەینە سەر ڕاستی و دروستی کە هەمیشە لەو ڕوانگەیەوە هەڵدەقوڵە. بەش بەحاڵی خەم کورد بە جۆرێک ناسیونالیزمی تونڕەو دەبینم کەچی ناسیونالیزمی خەڵک بە شۆڤێنیزم دەزانە ، هەرچەندە تاڕ و قورسە کە

وادەم ، لە کاتێکدا بە خۆی هیچی لەوە کەمتر نییە، کە هەرگیز ئامادە نییە کەمێک سازشی لە سەر بکات و بێتە خوارە لەو مکوو بوونی خۆی، و بەرچاو ڕوونییەکی یاسا نودوو تییەکان لە بەرچاو بگرێ.

دیقەت بدەن، کورد زۆر لای ئاسایی عارەب بیست و یەوەندە دووێتە و زیاتریش بێ، لە هزر و بیری خێیشیدا وا لێکدانەوە و شرۆڤە دەکات وەاتانی عارەبی بەرەو دابەشبوونی زیتریش دەبات و گرۆو لە سەر دابەشبوونی لیبیا و سوریا و ئێراق و یەمەن دەکات کە ئێستا ئاماژی و گرفت و کێشەیان تێدایە، شرۆڤەکانی لەو ئاستەدا چەق نابەستە و پێل بە ئایندەی نزیکیش دەبات و باس لە دابەشبوونی ئێران و تورکیا دەکات، ئەمانە جگە لە خۆیان و لێکدانەوەی چەواشەکاریانە و نادروست و ناسەردەمیانە هیچی دیکە نین، هاوکات گەمەکردنیشە بە سۆزی تاکی کورد و فریودانیان، لە بەرامبەردا کۆرانە وا بە خۆی بە ڕەوای دەزانە لە مەتاتیەوە تا دوورگەی خارج ئیمبراتۆریەتیک پێک دەهێنی و هەموو جیهان بکوێتە ژێر ڕکێفیەوە بە زلهێزکانی دونیاوە، بە ئاگا لەوەی کە لە ڕووی ئابووریەوە ئەم ناوچە هەستیارترین و دوورەمێندترین دووێت دەبە لە جیهاندا، وەک لایەنی سەربازیش کورد گەلێکی ئازان و پشمەرگە بە جیهانی سەلماند کە چ هێزێکی شکێرە، ئەوە نەبە کورد تەنها لەم سەردەمدا وا چەلەنگ و بوێر بووبێ ، بەڵکو لە سەردەمی زێنەفونەوە ئەم لایەنە دەرکەوتووە. ئەم یەک دووێتە گوریەی کورد کە هەندێ لایەن بانگەشەی بە دەکەن جگە لە خۆیان بەاوی و فریودان و بە کوشتدانی ڕەشکانی ئەم سەردەمە هیچی دیکە نین، و هیچ ئامانج و مەبەستێک بە دەست ناهێنن، و ناکرێنە چوارچێوەی ستراتیژی هیچ بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کوردستان. دەرئەنجامە بەرایەکان لەمزی ئەوانەی کوتایەوە کە هەرەشەی لە باربردنی هەرەمی کوردستانی باشوور دروشمیان بوو.

دوای ئاپەڵەنی بەهاری ۱۹۹۱ و لەو ڕۆژگارانەدا لە سنووری سلێمانی وا خەڵکی تێگەیەنرا بوون کە ئێتەنەمی داخوازییەکی کەن باو و بە سەرچووە و گاتەیان بە هەڵگرانی و بە بەدەستهێنەرانی ئەو مافە دەکرد، کەچی دروشمی ئەم گاتەجاییە شانزی ئێکتەبەر بوو، گەرەکە بڵێین نە من و نە هەموو ئەوانەی بە بیروباوەڕەکی یەقین و چەسپاوەوە کە هەگر و ئینتیما و ئاشقی ئەو خەڵە زەردەن کە ئاوابوون لە نیشتیمانی کورد نازانە وا گشکراون، هەرش و پەلاماردان و قسە نەشیاو و هەجوو و جنێویان لە ببارە، کە ئەو جۆرە

پەلاماردانانە سانایە و بە هەموو کەسە دەکرێ، وەلێ حیکمەت و عەقڵانییەت و ئاشتی ویستی و سەرکەوتن بە هەموو کەس و گروپ و لایەنێک ناکرێ... بۆیە چاوەنوای تووندی و پەلاماردانمان لە مەکەن... کەچی لە بەرامبەردا لە ماوەی بانگەشەکەدا نزیارانی هەڵگرانی ئاو پەیامە هەمنانە بنیمان چیانکرد و حاڵەتکیان گەیاندە مریشکە هەشە، گەر کەسێک و سەرکەک بە حیکمەت و عەقڵانییەت و هەمنییەوە کنترڵی دەخکەی نەکردباکە کوردانە و کوردپەروەری و کوردایەتی و کوردستان خۆشویستی بوو، لەو پەڕی ئارامي و دان بەخدا گرتن دەرکەوتن کە نزیار و هەقیبانی دەراندەر ئاگری بن کایەکیان پوکایەوە و مەرامەکان سەری نەگرت، کە جگە لەو پەلامارە ناوخۆییانە دژیانویست لە ڕەی شەنگال و بە فیتی قەندیل و ئاودیوی قەندیلەوە فیتنە و ئاشوبکی تر بخوەقنن، ئەستا سەرکەوتوو بووی زرینە بە هەموو ئەوانە دڵسۆن ئەڕە سندوقکانی دەنگدان و گەلکەمکەی خەتان لە دیارە؟

کورد بە گشتی زەر زەر ئاسوودە و دڵخۆش بوو کاتێک شەست دەوڵەت لە هاوپەیمانێتکی نودەوڵەتیدا بە زەبری هەز سوپا داگیرکەرکەی سەددامی لە دەوڵەتی کوەت وەدەرنا، کەچی لای گوناه و تاوان و کوفرە ئەو هاوپەیمانییە نودەوڵەتییە یان هاوشوەی ئەوە بە پاککردنەوە و ئازادکردنەوەی قەندیل بگیرێتبەر، با بە هەچوون و سزەوە وەڵامت نەبە و دیقەتی ئەم ژانرە نەدەی، عەقڵانییەت و سیاسیانە و یاساییانە و سەردمیانە بیربکەینەوە، هەروەک پشتریش باسمکرد، ئاخە کورد خاوەن ئەو لەبییە گەورە و دیپلەماسییتە نودەوڵەتییە کە بتوانێت نەخشەی چوار دەوڵەت بگۆڕێت، ئەمە نەک خەیاڵە بگرە لەو دیو دیوارە کەنکرێتییەکانی خەیاڵیشەوە، با چیتر خەیاڵ پڵاوی بیر نەکەینەوە و فریودانی تاکی کورد بەس بێت، با بەوامان وا بێت لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانەدا بتوانین مافەکانمان دەستبەر بکەین و بە ئەو مەبەستە تێ بکۆشین، پاشان کە زەمەن ڕەی خۆش کرد هەر پارچەیەک لەو چوار پارچەیەی کوردستان بە خەی دەوڵەت بوونی خەی جاڵ بدات، لەوە دەبینە چەند دەوڵەتێک نەک ئیمبراتۆرییەتێک، گرینگە ئەو کات سەددامیانە بیر نەکەینەوە و یەکدی داگیر ناکەین.

نها نە دەوڵەتین نە هیچ، ئەوەی هەیە کوردستانی باشور لە چوارچێوەی هەرەمەکی دانپەدا نراو خودان کیانەکە، و هیوا و ئومەدی چل ملیەن مرۆڤی بە مافی نەتەوەیی، کەچی بە ناوی بزاڤی رزگاریخوازییەوە ناو بە ناو و لەڕ و لەوەو پەلاماری دەدرێت و گەلکانی شەهید دەکرێ، هەر یەکە و بە جۆرێک لە جۆرەکان و لە

قەڵەک لەو قەڵەنەی چواردەوریيەوە.. دەربارەی شەی برا کوژیش، پەشتریش زۆر لەلای ئەمە ئاسایی بووە کە ئەستایش هەروایە وەاتە عارەبییەکان بەگژ یەکدا بچنەوە و سوپا بنەرنە سەر یەکدی، ئا ئەوە بە شەی برا کوژی نازانن، کەچی ئەوەی لیرە ووەدا بە ناوی برا کوشتن هاژوهوش دەخوەقەندرە، کەچی بە خەیشی بە رەوای دەزانی بمکوژە و منیش بە نوتق بم.

شتەکی دیکە کە زەرجار سەرنج رادەکەشە ئەوەیە هەندە خەکی کاەفام و بە ئاگا لە دنیا وا بیر دەکەنەوە و بانگ و سەایشی بە دەدەن و دەەەن خەەک لە سەددام حوسەن اپەەی چەن لە دەسەەاتی ئەستا اناپیەەت، ئەو خەەکە نەزان و فریودراوانە لە بیری خەیان دەبەنەوە کە سەددام حسەن و هەزەکەی ئەو هەزە هاوپەیمانە نەودەوەتییە شەووی نەکردایە، زەمینە نەدەسازا اپەەین بخوەقە و ئەستایش لە بن چەکمەی پەستا و زەبر و زەنگی سەددام دەبوون و ئەو جورئەتی قسە کردنەی ئەستات نەدەبوو.

بەر لە دوماهی و ئاوابوونی ئەم نووسینە دەکارە بیژین، زەربەی هەرە زەری ئەوانەی لە خولی پەشووی پارلەمانی ئەراق کە ئەندام پاەەمان بوون جگە لە یک دووانەکیان نەبە کە لە بەرەی دژبەری نەتەوەیی و کوردستانی و ئەم کیانی هەرەمە دەوەستانەوە، سەر ئاو کەوتن و لە گەە لافاوی دەنگی دەنگدەران اماەران و ملیان نا، لە زبەدانەکن نە کەس ئیرەییان پە دەبات نە مرەقی کورد دیقەتیان دەدات، قەزە ونن قەزە ون.

ئەمانیا

١١/١٠.٢٠٢١

فلاشباک.. لە دەفتەری بیرەوەریی رەژانەوە/ بەشی هەژدە.. ستیڤان

شۆمزینی

بەشی هەژدە

ئازارێکی زۆر ئەچێژم لەو دیمەنەی ڕۆشنبیرە "جیددی" و بە حیساب سکۆلارەکانمان مەستی تەوژمێک بووون بە ناوی "ئیسلامگەرای میانەو". من وشەی جیددیم لە نێوان دوو کەوانەدا بە ئەو ڕۆشنبیرانە بەکار بردووە. هەر چەند لام ئاشکرایە، ئەوان هەڵەی میتۆدی ئەکەن و سەرئەنجام بە شەرمەوە ئەم روانگانەی خۆیان بیر دەتەوە. لەم ڕۆژانە لە هەڵەی ڕۆشنبیریی سەلمانی لە یەکێک لە سیمینارەکاندا کاک "ڕەبین هەردی" یەکێک لە سیما دیارەکانی پەژەی "ڕەهەند" بە حەماسەوە و بە بەنووبردەی تەزە فەلسەفییەکانی هەندە بیرمەندی خۆرئاوایی لە هەوەی ئەوەدا بوو، یەکگرتووی ئیسلامی و کەی ڕەوتی ئیخوان لە تووندڕەویی ئیسلامی جیا بکاتەوە. زیاد لەمەش بە "ریفەرم"ی محەمەدی خاتەمی، سەرکەی ئێران شاگەشگە ببوو، هەروەک چۆن "فەکە" کاتی خۆی مەستی شەڕشی ئێران و شاگەشگە ببوو بە "ئیمام خومەینی".
لە هەقیقەتدا، ئەمە مەترسییەکە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەستپێکردووە، چۆن ئەتوانن باز بدەن بەسەر مەژوو و ڕاستییە تاڵەکاندا؟. ئەم نەرمە ڕۆشنبیرە کوردە کە لە ژێر کاریگەریی تەزەکانی "ئەمیل زۆلا"دان و خۆیان بە نوێنەری داوا و خوونەکانی گەنج و کەمەگە ئەزانن، هەموو پلاتفەرمیان بووە بە ئیخوانیزەی کەمەگە بە گشتیی و گەنج بە تایبەتی. ئەو تێفکرینەیان ئاوکردنەناو ئاشی ئیخوان و ئیسلامیستە تووندەوەکانە، کە ئێیانەوە کەمەگە بگەننەوە بە زەلکاوەکانی مەژووی تاریکی خەلافەتی ئیسلامی.

مارکس لە تەزی چوارەمی تەزەکان دەربارەی فویەرباخ ئەنووسە "فویەرباخ لە واقیعەوە دەست بەکارئەبە، کە ئاین ئینسانی لە زاتی خۆی دوورخستەتەوە، لەسەر ئەم بناغەیە دنیا دابەش ئەکات بە دوو جەر: دنیایەکی خەیاڵکردی ئاینی و دنیایەکی واقیعی". هەشتا ڕۆشنبیرە کوردەکان تەرویج بە جیهانی ئاینی ئەکەن، نایانەوە مرۆڤ لە تەنزگەی ئاین و غەیبانییەت رزگاری ببێت، هەشتا چاوەڕێی ئەوە ئەکەن مورشیدی گشتی ئیخوان ببێتە "مارتن لەسەر" و ریفەرمی ئاینی لە ئیسلامدا بکا!! ئەو ریفەرمەی پێش چەندان سەدە موعتەزیلە نەیانتوانی ئەنجامی بدەن و لە بەرانبەر ڕەوتی حەنبەلییەکاندا بەزین. بەاوکردنەوەی ئەم جەرە تەزانە باوەشنکردنی خەونی قووڵی مرۆڤی کوردە تاکو هەشیاریی ماتریالیستی بەرپەی ڕۆشن نەکاتەوە.

محەمەد عابد ئەلجابری، بیرمەندی عەرەب ئەنووسێ "ماتریالیزمی مێژوویی لە شیکردنەوەی مێژوودا لەو فەرمە گشتییەدا وەنا ئەکرێت کە خەڵک خەیان دروستکەری مێژووی خەیانن". ئەمە دروستترین پێناسەیە بە دیدی ماتریالیستی، بەڵام ڕۆشنبیرانی ئێمە هێشتا مجامەڵەی ئەوانە ئەکەن پەیانوایە مرۆڤ کائینکی بەدەستەاتی خودایە، لە کاتکدا من لەو هەموو دەستەاتەی مرۆڤ ئەترسم، کە خەریکە جەرگی کەون هەدەکڕێ. بەهەرحاڵ پەموایە ڕۆشنبیرانی کورد ئەبێت بە خەیاندا بچنەوە و چاو بگێننەوە بە تەرح و روانگەکانی خەیاندا.
ئێستا ئەمم بە بارەگای حزب بزانم تا چەند ئەو هەواڵە ڕاستە کە لە بوومەلەرزەکەی پەڕەی شاری ئێستەمبوڵ هەردوو هاوڵێ "ئیسماعیل – مهاباد" ژیانیان لە دەستداوە؟. هیوادارم هەواڵەکە ڕاست نەبێ، چوونکە جیا لەوەی دوو هاوڵێی زەر نزیکن، دوو کەمەنیستی چالاک و نموونەی دوو ئینسانی ئازادیخواز بوون. تەلەفزیۆنی پەکەکە باس لەوە ئەکات دەیان هەزار کەس بوونەتە قوربانی لەو ڕووداوەدا کە ژمارەیەک لەوانە کوردی عەراقن.
ئەمم سەراخەک ئەکەم...

18-8-1999

تێبینی: ئەم بەشە لە لاپەڕە 61-64 کتێبی "فلاشبای"چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکەش لە سەرەتای ساڵی 2017 چاپ بووە

چیرۆک بە منداڵان.. لانە و دەستکانی دایکی.. نووسینی: ڕەزا شوان

گوڵنار و شاباز، کچەکی جوانکیلەی نە مانگانیان هەبوو. ناوی "لانە" بوو.
ڕۆژەکی هاوین، شاباز وەک ڕۆژانی تر زوو لە خەو هەسا. دوای نان خواردن، چوو بە سەر کارەکەی. گوڵناز خانیش تەشتە هەویری

شەلا بە ئەوەی بیکات بە نان.
دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، لانەی تەر شیر کرد. تاوێک هەڵپەڕاند و یاریی لەگەڵدا کرد. ئینجا خستییە ناو لانکەکەی، لەگەڵ ڕاژەنیندا لایلایەی بۆ دەکرد. لانە خەوی لێکەوت.
گوڵناز خان تەنووركەی داخست. سەبەتەیەک نان و کولێرە بە کونجیی جوانی کرد. وەک هەموو جارێک کە نانی دەکرد، چوار نان و سێ کولێرەی جیاکردەوە. کە بیبات بە نانە گوڵچین، پیرژنکی هەژار و بێکەس بوو. ماڵەکەی لە ئاوسەری کانیان بوو.
گوڵناز خان: ئەم نان و کولێرانە دەبەم بە نانە گوڵچین، زوو دەگەڕێمەوە، پێش ئەوەی کە لانە لە خەو هەڵبسەت.
گوڵناز خان چوو بۆ ماڵی نانە گوڵچین. هەر لە بەردەم دەرگای ماڵەکەیدا، نانکانی داڵی. ماوەیەکی کەم پێکەوە وەستان. لەم کاتەدا، دەنگی هەڵینی ئەتەمبەڵی ئاگرکوژێنەوە هات. گوڵناز خان دڵی داخورپا و ترسا. نانە گوڵچین هەستی پێکرد.
نانە گوڵچین: کچم دەت نەترسە. ئەمە شارە و زۆر شت تێیدا ڕووددات، لەوانەیە ئاگر لە پووش و پەڵاش بربووبێت.
لەم کاتەدا، دوو ئەتەمبەڵی ئاگرکوژێنەوە و ئەتەمبەڵەکی فریاکەوتن (ئەمبوڵانس) بە بەردەمیاندا تێپەڕین. خەڵکیش بە دوایانداڕایان کرد. گوڵنازیش لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕایکرد. لە دوورەوە بینی ئاگر و دوکەڵ لە خانووەکەیانەوە بەرزبوونەتەوە. کە گەیشتە بەردەم ماڵەکەیان، پێ بە دەم هاواری کرد: کچەکەم.. ئەی هاوار کچەکەم. تەکانیدا کە بچێتە ژوورەوە، پیاوانی ئاگرکوژێنەوە، گرتیان و پێیان وت: نەڕۆی دەسووتێی.
گوڵناز خان خۆی لە دەستیان ڕاپسکاند و بەناو گەی ئاگر و چەە دوکەڵدا خۆی گەیاندە لای لانکەکەی لانە. خۆشبەختانە ئاگرەکە نەگەیشتبووە ژوورەکەی لانە. زۆر بە خێرایی لانەی لە لانکەکەی دەرهێنا. بە خێرایترێش بەتانییەکی لە ئاو هەڵکێشا و ئاڵاندی بە لانەوە و گرتی بە باوەشییەوە. بەناو ئاگرەکەدا هاتە دەرەوە. لانە هیچی لێنەهاتبوو. بەڵام دەستەکانی گوڵناز خان زۆر سووتابوون.
ژنانی هاوسێیان لانەیان لە گوڵناز خان وەرگرت. ئەتەمبەڵی فریاکەوتنەکەش، یەکسەر گوڵناز خانی بە نەخۆشخانە برد. پیاوانی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکەیان گوژاندەوە.

دوای دو هەفتە لە تیمارکردن، گوڵناز خان لە نەخۆشخانە دەرچوو. بەڕام شوێنەواری سووتاوییەکە بە دەستەکانییەوە دیاربوو. پێستی دەستەکانی سوور و کورژاوە ببوون.

گوڵناز خان: بە لامەوە گرنگ ئەوەیە، کە لانەی کچم لە سووتان رزگارکرد و هیچی لێنەهاتووە.
تەمەنی لانە بوو بە نە سال، لە پێلی چوارەمی قوتابخانەی بنەڕەتیدا بوو. تا ئەو ڕۆژە لە دایکی نەپرسیبوو، کە بۆچی دەستەکانی سووڕهەگڵاو و هەڵقرچاون. دایکیشی ئەوەی بە خەیاڵدا دەهات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لانە پرسیاری ناشیرینی دەستەکانی لێبکات.
لانە: دایکە پێستی دەستەکانت بە سوورهەڵگڵاو و ناشیرینن؟
گوڵناز خان کە ڕۆژی ئاگر بڕبوون لە ماڵەکەیانی هاتەوە بیر و بڕچاوە، کە چۆن لانەاو ئاگر و دوکەڵدا لانەی جگەرگۆشەی لە سووتان رزگارکرد. تەزوو بە لەشیدا هات و هەناسەیەک قووڵی هەڵکێشا و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک.
لانە: دایکە وابزانم بە هۆی ئەم پرسیارەم لێتکرد. بە چاوەکانت پڕبوونە لە فرمێسک؟
گوڵناز خان: نا کچی شیرینم. ئێستا بۆت دەگەڕمەوە، دەستەکانم بە وا ناشیرینن. دەستەکانم سپی و جوان و خڕپانە بوون. وەک ئێستا پێستەکەی سووهەڵگڵا و چرچ و ناشیرین نەبوون.. بەسەرهاتی سووتانی ماڵەکەیان و چۆنێتی رزگارکردنی و سووتانی دەستەکانی بە گەڵایەوە.
لانە کە چیرۆکی سووتانی دەستەکانی دایکی زانی، گریا و چاوە گەشەکانی پڕبوون لە فرمێسک. باوەشی بە دایکیدا کرد و تەر ڕوومەتەکانی و دەستەکانی ماچ کرد.
لانە: دایکە گیان، لێم ببوورە. لە ئەمڕۆ دەستەکانی تۆ، جوانترین دەستی دایکن لە جیهاندا. ئەم دەستانەی تۆ منیان لە سووتان رزگارکرد.

(*) منداڵە خۆشەویستەکانی کوردستان، ئەمە بەسەرهاتێکی ڕاستی نییە. داهێنانی زادەی بیر و خەیاڵی خامە. مەبەستم لەم چیرۆکە، دەسزی و قوربانیدانی دایکانە. کە ئامادەن گیانی خۆشیان لە پێناوی منداڵەکانیاندا ببەخشن.
سوید: ٢٠٢١

پەیکەرێک لە سەراب.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

(١)
زیاتر لە دوری با،
زیاتر لەگەیشتنی باڵە ڕەشکانی..
پەلەوەرکانی مەرگ،،،
زیاتر لە نا ڕەشنی..
تابلۆی پرسیارکان،
زیاتر لە کوژانەوەی مۆمی فرمێسک..
زیاتر لە سەرەتای شەو،،
بیرت ئەکەم،

(٢)
ژیان پشوێکی پێشوەختە،
دوای ماندوبوونی ڕۆح..
بە عیشقی ژە،،
نیشانەگرتنی...
تیرە قوڕقوشمێکانی بارانە،
لە ئاوێنەی ڕەشی درزبووی زەمەن،،
(٣)
فرمێسکێکی درەختکی تینوو..
بە درەنگە وەرزی وشکەساڵی عیشق،،
بەم بخارە نامۆبوری...
پایزێکی سەرابپێش،،،،
دونیا بە، لەگەڵ وەرینی..
پرۆشکانی یادەوەریت،،
ئەگاتە نەو دەستی شۆخێی..
پەیکەری غوربەت
(٤)
لە بەشایی چوون و نەچوون،،
بوون و نەبوون،
ئەمنمەوە، تا ئەبەد،،،

چی بەندەر ، جەم هەشتوە،،
ئەگاتە تۆ؟
چی کەگە ەوشەنی..
بەستانی سپی شەو ،،
بەت نابەتە دارستانە،،
لە شیعرە چرۆ؟
(٥)
نە زوو ، نە درەنگ،
کەسی تر ناگات،
بە دروەنەوەی..
گوڵە گەنمەکانی مانا ،
دەرگا داخە..
لە تارمایەکانی دوای شنەبای..
تەنیایی خەت،،
دەنیابە ، نە سبەینە،
نە سەدان سبەی..
کەس ناگاتە جە..
گوەدانەکە،
چاوەوانی،،
پە لە خونچەی ئەرخەوانی فرمێسک،،
دەپە خوەنی شیعرە،،
لە دەوە بەی ئەژە

(٦)
پوشو پەاشی ئارامی دەی هاتوکانی سوتان
ئاگرستانی پرسیاری ئەزەل،،
لە ژەر مەمی خەرئاوابوونک،،
وەک چاوی ەشی مەرگ،،
ەهایی ئەو شتانەی ،،
لە کەشتی خودی خەمانا باریان ئەکەین،،
بە ئەودیو قەراخ ەوباری ..
ئەسک و پروسکی ەژە باردوکان.
(٧)
شاریش دەبرە،
گوزەرکردوانی،،
نەو تەپ و تەز… و…
بە دەنگی دوای جەنگ،

هەزارەکان، خەمەشی …
خاکی هەزار شەوە خوێن،،
لەوان لەو بە بە بەردی کات،
خاچی ڕەشی جەستەی خەیان،،
لە کۆناوە،،
بەرەو دەروازە تەمتومانی ..
نیشتمان..و..
نانیشتمان،،،
(٨)
لە نەگەەانەوەی زەریا،،
بە بیابانی جەستە..
لە بیرچوونی دیواری ەابردوو،،
بە ترپەی دڵی کاتژمێر،،
وشەیەکیش ناەەم، تەنها..
تابلۆی پەیکەرێک،،،
لە سەراب ئەبم بەت.

……..

وەنەکە کارێکی هونەری فەتۆگرافەری ئەرلەندی
(Brands Amon)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە

شەترەنج.. شیعر: روزبە بمانی.. وەرگەەانی: پشکۆ ناکام

ئاواز : داریوش

"""""""""""

دوای نمایشەکە ، سەیرم کە

وەک شەترنجی زەمانە

هەر کەس وەک " داش"ە

لەم یارییەیا ئەمنە

یەکە وەک ئەمە پیادەیە

یەکە سەدسا سوارییە

نەفەرە خوێن ئەدەشە

یەکە خاونی دوو قەڵا

لایەک هەموو هێش

لەیەک هەموو سپین

هەوو بە هەووی یەکتر

تەمەنی ئەمەیان هەیە

بە یاری کردن

لە سەرەتای یارییەوە

لە مانی تە و من

لەبەر دەم ئەسپی دوژمن

ئەو هەموو سەربازە ڕائەگرن

ببینە ، یاری ئەمە

لە نەوانی" شا " و وەزیر

ئەستا بە جوڵە

لە پشتمانەوە سەنگەر ئەگرن

تاج و تەختی "شا"ی دوێنە

لە قەڵاکەیا ، نامێنن

بە خەیاڵیان ئەم تاجە

بۆ هەمیشە وا لە سەریان

لە بیریا چووە ئەو" شا" یەی

بەسەد " داش " نەیدەن

تاجی سەری بەدەستی

لەشکری " پیادە " فەدا

ئەوەی یارییەکە بە ئەمە ئەیا

ئەویە کە " داش " لەئەکاتەوە

ئەویە نە شا ، نە سەرباز

نە سپی ، نە ڕەش

دوای نمایشەکە سەیرم کە

کچە کتێب دزەکە.. شەمامە بارەوانی

ڕەمانێکی قەبارە مەزنی٦٥٠لاپەڕەیی- خەیاڵی- مەژوویی(مارکەس زۆساک) نووسەرو ڕەمانووسی ئستورالیەو یەکەم چاپی لەساڵی٢٠٠٥لە بڵاوبووەو لەساڵی ٢٠١٣، فیلمێکی سینەمایی هەر بەهەمان ناونیشان لە بەرهەم هێندرا، توانی چەندین خەڵات بدەست بهێنێت و بەپێی لیستی ڕۆژنامەی(نیویورک تایمز) بە ماوەی٢٣٠هەفتە، ژمارە پڕوانەی لە پڕفرۆشترین تەمارکردووەو پڕفرۆشترین ڕەمان بووە،
ڕوداوەکانی ناو دوو تۆی ئەو ڕەمانە باس لەتاریکترینی قوناغی ژیان و چرکەساتی مەژووی مرۆڤایەتی دەکات، سەردەمی دەسەڵاتداریەتی نازیەکان و حوکمی هیتلەر،لەکاتی دووەم جەنگی جیهانیدا،لەئەڵمانیا، ئەو کاتەی تەواوی ئەڵمانیا، سیستەمێکی دیکتاتۆرانەی تۆتالیتارانەی نازیزمانەی پۆلیسی و قەمعی بەڕەوەی دەبات و بیری ڕەگەزپەرستی لەترۆپکدایەو کابوسی هەژاری و دۆزەخی

برسیەتی تەنگی بەژیانی خەڵک هەڵچنیوەو تارمایی تەمی ترسی نازیەکان هەموو لایەکی ژیانی تەنیوەو خەڵکی بەدەست دەیان موعانات و، نەهامەتیەکانی جەنگەوە دەناڵێنن و خەم و ئازارو تراژیدیاکانی ژیان لەسایەی جەنگدا گیانیان دەهاڵێت، ئەو جەنگەی کەسایەتی و دەروونی وخاندوون و هەموو بونی تەک و پەکی شکاندوون و ژیانکی پە لە کابوساوی لەگەڵ دەنگی فڕۆکەو تەقەی جەنگ و بوردومانە یەک لەدوای یەکەکان بەدەڵەکان،جەنگەک جەستەی وەات و مرۆڤکانی پارچە پارچەکردووەو دەیان و سەدان هەزار مرۆڤ دەبن بە قوربانی و سوتەمەنی ئاگرە بە ئامانکەی، بەو شێوەیە خەڵکی لەگەڵ ترس و مەرگ، لەگەڵ تراژیدیاو نەهامەتی و ئازارەکان ژیانکی کەڵەمەرگانە بەڵەدەکەن،ئاسمانی ئاڵمانیا، تەمی بیری ڕاسیزم و ڕەگەزپەرستی دایپۆشیوەو جووەکان توشی چەوساندنەوەو ئیبادەو کەمەکوژی دەبنەوە لەلایان نازیەکانەوە، هیچ ئاسێەک و ئومێدەک و دەروازەیەک نییە بە قورتاربوون و چوونە دەر لەو دەخە دەزەخیە، تائەو کاتی لەساڵی١٩٤٥، ئەمریکیەکان دەنە ناو ئەڵمانیاو نازیەت شکست دەنەت و بتی هیتلەر بە هەتاهەتایە دەکەوەت و کابوسی نازیزم لەناو دەچەت و تاریکایی و تەمی دەمارگیری و دەگەزپەرستی و دەسەڵاتی دیکتاتەرانە،لەئەڵمانیا، ئاوا دەبەت و بێەکجاری ون دەبەت، لەو ڕەمانە، مەرگ گەڵەوە(راوی)ەوداوەکانە، پاڵەوانی «کچە کتێب دزەکە».

(لیزل) کچەکی تەمەن نەسااڵنو حوکومەتی نازی بەبیانوی ئەوەی دایک و باوکی شیوعین، لەگەڵ براکەی کە دواتر دەمرەت، لیزل و براکەی لەدایک و باوکی دەسەنەت و خانەوادەیەکی هەژار، خانەوادەی هەبەرمان، پەک دەن لە (هانز هەبرمان) و (روزا)ی هاوسەری، وەک کچی خێان تەبەنیان دەکەن و لەخێاندەگرن ژیاندەکات، ئەوخانەوادەی لەژیانکی پە لە ترس و قەڵەق و نیگەرانیدا دەژین، بەهەی دەسەاتی نازیەکانەوە، ئەو کاتەی(ماکس)جو دەت و لەترسی ئاودونانی نازیزمەکان خەی لەژێرزمینی ماڵەکەی ئەوان حەشاردەدات، قوەی ترسەکیان دەقات خەستردەبەت و هەندێیتر مەتەکەی ترس لەنازییەت باێیان بەسەردا دەکەشەت، ئەو نازیەتەی هەرچی کتێبە کە لەگەڵ بیری نازیزمدا ناگونجەت هەمووێان کۆدەکاتەوەو گێیان تێبەردەدات و دەیانسوتێنەت و خوێندنەوەی هەر کتێبەک، جگە لەکتێبەکانی حیزبی نازی وەکو کفرەکی ئاشکراو دەرچوون لە یاسای نازیەت و سەرپێچیکردنی بێیارەکانی هیتلەرو تاوانکی گەورە ئەژماردەکرەت و خوێنەرەکەی بەتوندترین شێوە سزادەرەت، هەموو خەڵکی لەژێر هەڵەشەوهەزو فشار ناچاردەکات ئاای نازیزم لەماڵەکانیان

هەبواسن، مناەکان لەقوتابخانە درووشمی نازیزیت بەنەوو هەموان بە ئایدیلۆجیەتی نازیزم تەلقین دەدرێن و بەو بیرە ەگەزپەرستانەو فاشیانەگەشدەکرێن و فێری دەمارگیری و ەق و توندو تیژی دەکرێن و دەروونی پاکیان دەشوێندرێت و دەکرێن بە خزمەتکارو جە بەجێکاری ئارەزو ئەجێندای نازیزم،
لیزیل، ئەوکاتەی ماکس دێت،ماگس جو، گەشتی خوێندنەوو چوونە نەو دنیای کتێب و تەکنەبووونی ئەو بەکتێب دەست پێدەکات و کتێبگەلێک دەخوێنێتەوە، کە لەگەڵ ئاست و تەمەنەکەی ئەو ناگونجێت،هەر لەرشەویە گەشتی دزینی کتێبی لیزیل دەستپێدەکات و نازناوی کچەکتێب دزەکە وەردەگرێت و ئەو هەر کتێبێک کە دەیدزێت و دوای ئەوەی کە دەخوێنێتەوە، دەیگەڕێنێتەوە بە شوێنی خۆی،
من لەرەوە کەتایی بەگەڕانەوەی چیرۆکەکانی ەەماناکە دێنم و پاشماوەو تەواوی ەەوداوەکان و هەرچیترو ئەویتری ماوە، بەخوێنەر خۆی جە دەەم بەوات چیرۆک و بەسەرهاتی ەەماناکە تەواوبکات، تاوەکو بزانێت لەئەنجامدا چیرۆکی ژیانی لیزل و هانز، ەەزا، دایک و باوکی ەاستەقینەی، هاوەەکانی(ماکس ، و ەەدی) و دەخی ژیان، بەکوە دەگات و چی لێدێت.
..
شەماڵ بارەوانی

ئازار و مەینەتییەکانی مرۆڤبوون لە کەەە چیرۆکی " نەبەری مەرگم دیت" ی دڵشاد کاوانی.. میدیا خۆشناو

کتێبی (نەبەری مەرگم دیت) خۆی لە بیست و سێ چیرۆکی فانتازی مەژوویی و ئایینی و فەلسەفی وتراژیدی تاک و شیوەنی مرۆڤایەتی دەبینێتەوە .

هەبەتە خوێندنەوەی هەر کتێبک ، بە پێی جیاوازی گۆشەنیگاکان،

دەتوانرێ ، دەیەها و سەدەها ، تەنانەتی لە هەبەهەنجرەت.
هەمیشەیی گوتوومە، بە خوێندنەوەی هەر کتێبێک ، پێویستە خوێنەر
واز لە شتی سادەو بە ئاسانی گەیشتن بووەستێت بەهەنەت،
بەڵکوو ، پێویستە لە دیووی دووەمی نووسینەکە بکەنێتەوە ماندوو
بێت.

خۆشبەختانە (نەبەرەی مەرگم دیت) ، پڕ لە کەد و
شتی شاراوە کە خوێنەر پەرۆش و ماندوو دەکات، ماندووبوون بەمانا
سستبوون و بێزاربوونی نا ، بەڵکوو ، بەمانای باڵایی نووسەر و
پەرۆشی خوێنەری بە سەلیقەو لێهاتوو.

ـــ ئەو لایەنە باشانەی کە من لە "نەبەرەی مەرگم دیت "بینیم

١ – شینی نووسەر بەمرەقایەتی: تەی خوێنەر کاتێ نەبەرەی مەرگم دیت
، دەخوێنیتەوە، هەست بە ژان و ئێشکی ڕۆحی دەکەیت، کە ڕادەچڵەکێی
، بە مەینەتکانی کەمەگ و پیاو سالاری و هەژاری، کوشتن و قەکردن
و پەکردنەوەی ئازارێک بە ئازارێکیتر بە گەیشتن بە خۆشبەختی.

٢ – فەلسەفەی قوو: هەمیشە لە نووسینەکانی نووسەر و چیڕۆکنووس "
دەشاد کاوانی" هەست بە قووڵییەکی زەری فکری دەکەیت ، هیچ کات
مانای شتەکانت وەها بە ئاسانی نادات بە دەستەوە، دەیەوێت خوێنەر
، بێشکی گەورە بێت لە نووسینەکانی و دەتباتە جیهانێک، تا شتەکان
نەدەزیتەوە ، ناتوانی بڕیتەوە جیهانی حەقیقی.

٣ – وروژاندنی بابەتی هەستیار: زەرجار لە کەمەگەی ئەمە،
ناتوانین وەها بە ئاسانی باسی شتگەلێک بکەین ، بەتایبەتی لە
مەسەلەی ئایین بەڕام نووسەر زەر لێهاتوانە بە قەڵەمەکەی کەت و
بەندی شکاندووە ئەوەتا ، لە چیڕۆکی هەشتی " ئیمپڕاتەریای ژن" کە
باس لەوە دەکات، ژنان پێویستە بەندەر و کەتایی بە پیاوسالاری
بهێنرێت، جیهانەکە دەکات بە هی ژن دوور لە نەرینە ، لە
دەربڕینەکا دەڵێت" خوداش ناچار بوو یەکێک ڕەوانە بکات پێغەرێکی
ژن و بە زمانی ژن بدووە."!!

٤ – ڕۆح بە بەرداکردنی نووسین : بە نووسەرێک کە ئازاری کەمەگە
دەنووسێتەوە، ڕەنگە شتێکی قوس نەبێت ، تە و منێکی خوێنەر هەست
نەکەین، کە دەربڕین و چیڕۆکەکانی هەتا وشە بە وشەی نەو کتێبەکە
بە خەی ڕۆحەکە، ئەوەتا لە چیڕۆکی پانزەی " هەرگیز پاشگەز
نابمەوە" لە دەڕۆکانی کەتایید دەڵێت " خوێنی سنگ و دڵ بە
سزەکەی نەورەز و سەر و مێشکی کاوەی دەسزە ، لەگەڵ خوێنی دامێنی

پاکی نیشتمان بەیەکەوە ڕۆژانە سەرخاک، لەگەڵ گریانی خاک بوو بە جگەرەیەک و پاشان بوو بە دەریا ، سەربازەکانی تەدا خنکاند و دەرگا پەناینەکانی شکاند".
٥ – دروستکردنی خوێنەری باڵا: یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە من لەو چیڕۆکانە بەدیم کرد ، ئەوەبوو، دەشێ خوێنەرێکی ئاسایی بکاتە خوێنەرێکی سەخت و باڵا ڕوانین، مەحاڵە تەکتەبی دەشاد کاوانی بخوێنیتەوە ، کەچی سێ جار بیری لە نەکەیتەوە.

شتێك پیویستە بوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵکی سڤیلی بی تاوان کە داوای موچەی خۆیان کردووە ئەداتە بەرشەق و لە زیندانەکان تۆندکردووە بە تووممەتی سیخوری و ئەمەش درێژەکی شاخدارە و، ئەو کەسانە دوورن لەو تومەتە خراوەتە پاڵیان و پیویستە سەرۆەری دادگاکان بپارێزرێت و، حکومەت بوێر بێت گەلی کوردستان ئاگادار بکات و بڵێت ئەو کەسانە پەیوەندی یان سێزیان لە گەل پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هەیەو نابێت چیتر خەڵك چەواشە بکات و، دیارە هەرچی خراپەکاریەك تورکیا ئەیکات ئەخرێتە ئەبای پ.ك.ك .
چیتر درێ مەکەن و بەڕێن مەدەن و، ئەوە شایستەی ئەوە نین هەرێمی کوردستان بەرێوە ببەن و گەلی کوردستان لێتان تووڕەیەو گلەیەکانیان کەڵەکەی کردووەو ئەگەر بتەقێتەوە بەبی شك بەرپرسان رائەمالێنێت ، لە وڵاتان حکومەتێك شکست بێنێت دەست لەکارئەکێشیتەوەو لە کۆتاییدا پیویستە بڕۆن نا بەحزبەکانی دەسەڵات ،شەق و تەهەدان و بە ناو دادپەروەری زیندانیکردنی ئازادیخوازان.

7/9/2021

ئێران و چەند سەرنجێك دەربارەی

هێزی ناوەندی لە گۆڕەپانی بەرهەستکاریدا!..
عەبدولڕەحمان گۆرکی

چاوخشانێک بەسەر پێوەر و پێوانەکانی لەمڕۆ هێزە ڕەسەنەکانی بەرەی بەرهەستکاریدا!

عەبدولڕەحمان گۆرکی نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

لە هەموو شوێنکی دنیادا، بە ئاوەی دیمەنی ئاستەقینەی موقاومەتک بە دروستی هەبسەنگێنرێت، دەبێت ببینرێت کە هێزی سەرەکیی موقاومەتە و ئامادەی مەیدانە! چ سنووڕکی هەیە بەرانبەر بە هێزی دەسەڵاتدار و لایەنە هێزەکانی کەمەڵگا (چ سیاسی و چ کەمەڵایەتی)؟ هەروەها گرنگە بزانین ئەم هێزە چەن دەوانەتە کۆشکانی کەمەڵگا و ناسنامەی چیە و خاوەن چ بەرنامە و پلانکە؟ سیاسەت و ستراتیژی و نەخشەڕێگای چیە بە کەمەڵگا؟ بە هەڵسەنگاندنکی وردتر پێویستە بزانین خاوەن چ مەڕوویکە و پکهاتەی ئەندام و کادرەکانی چیە؟ ئەمانە یەکەم پرسیارن کە یارمەتیمان دەدەن بە هەڵسەنگاندنی موقاومەت بە شێوەیکی ڕاست و دروست و واقیعیانە. بەگومان کاردانەوەکانی "هێزی دەسەڵاتدار" لە بەرامبەر ئەم "هێزە" دا دەکرێت بە پێوەرک دابنرێت. چونکە ئەمە یەکەکە لە میتۆدە زانستییەکانی پێناسەکردنی هێزک بە ڕەگەی دژبەرانییەوە!

هێزی ناوەندیی موقاومەتی ئێران لە زمانی هێزی دەسەڵاتدارەوە!

هەموومان شاهیدی ئەوە بووین کە ویلایەتی فەقیهی دەسەڵاتدار لە ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ هەمیشە (ڕەکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران)ی بە هێشتای سەرەکی خەی دەزانێت و لەم ڕاستەوە لە هیچ پیلانگێڕییەکی سەربازی و سیاسی و دەروونی و دەواندنی، لە ناوخە و دەرەوەی ئێران دەرحەق بەو ڕەکخراوە سەی نەکردەتەوە و بە ئەمکارە بە ملیارد دۆلاری خەرج کردووە بە ئەستایشەوە، کە باسکردنی وردەکارییەکانی، بە سەدان کتێب و فیلم و... هەدەگرێت!

هەروەها زەر سروشتی و زانستی و لۆژیکی دەبێت ئەو دوو هێزە لە هەموو پرس و کۆشە و بوارەکاندا، هەوەستی دژ بە یەکیان هەبێت. لە

روانین بە سەر پرسەکان تا کردار و کردەوە بەرامبەر بە هەر کامیان. لە سیاسەت و بەرنامەوە تا چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمەڵگا و خەڵکدا. دوو هێزی تەواو ناکۆک و ناتەبا و دژ بە یەک، کە مانەوەی یەکێکیان بە واتای فەوتانی ئەویتریان دێت!

هێزی سووری موقاومەتی ئێران!

"دوژمنی دوژمنی من دۆستی منە" بەپێی ئەم ئەزموونە مێژووییەی شەشکانی جیهان، هەموو ئەو هێزانەی دژ بە دیکتاتۆریی ولایەتی فەقیهی دەسەڵاتدارن لە ئێران، پێکەوە چەندین (خاڵی هاوبەش)یان هەیە. کەواتە دەبێت خاڵە هاوبەشەکان بپارێزرێن. ئەمانە "سنووری سووری بنەڕەتی"یەش لەخۆی دەگرێت. هێزی سووری نەوان هێزی دەسەڵاتدار و هێزە بەرهەڵستکارەکان. کەواتە ئەوە وەک ئێرکێکی خەباتکارانە دەکەوێتە سەر هێزەکانی بەرهەڵستکاری بەرانبەر بە هێزی دەسەڵاتدار کە ببنە بانگدەر و بڕەودەر و هاندەری ئەم هێزە سووڕ و بەردەوام سووربوونی زیاتر بکەن!

شەوازی هەڵسوکەوتی راست و دروست لەگەڵ رووداوەکان!

ئێستا کاتێک سەیری مێژووی چەند دەیەی ڕابردووی موقاومەتی ئێران دەکەین، دەبینین کە ئەم موقاومەتە پێشوازیی کردووە لە هەموو هەنگاوێک بەرامبەر هێزی دەسەڵاتدار و لە هەموو کات و شوێنکدا هێزی لەگرتوون تا ئەو ڕادەیەی هەندێک جار، تەنانەت بە هێزەکانی موقاومەت لە سەرتادا، جێی پرسیار یان لێبوونن!

هەر لە جیابوونەوەی یەکەم سەرکەماری رژێمەوە تا جیابوونەوەی بەڕێز حوسنەعەلی مونتەزیری لە پێستی جگرەوەی خومەینی، لە هەرشی رژێم بە سەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران تا هێرشەی هەرشکردن بە سەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لە لایەن حکومەتەکەی سەر بە ویلایەتی فەقیهی ئاخوندی لەو وەتە لە نۆڤەمبەری 2012. لە دوورکەوتنەوەی ڕواڵەتیی بزوتنەوەی بەناو سەوز(!) لە خامنەئی تا هاتوهوشکردنە ڕواڵەتییەکانی کۆی دیکتاتۆرە لەبارچووەکەی شا بەرانبەر بە ڕژێمی ئێستای ئێران و… هتد.

لەگەڵ ئەماندا بوترێت کە هەر موقاومەتی ئێران بوو ئاماژەگر و پشتگیر، لە ئاشکراکردنی دەستتێوەردانەکانی رژێمی ئێران لە کاروباری وڵاتانی دوور و نزیک و هەڕەشە پڕژە تیرۆریستی و ئەتۆمییەکانی ئەم رژێمەدا!

ڕەسەنایەتی هێزەکان لە کوێوە دەست پێدەکات؟

لە ڕوانگەی موقاومەتی ئێرانەوە ئەوەی (ڕەسەن) بێت "دووركەوتنەوەی هێزەکانی بەرهەڵستکارێ لەو ژێرەمی دوژمنی سەرکیی گەلانی ئێرانە"، نەک ئەو ناکەکی و ڕەخنانەی کە لە ناو موقاومەت و نەوان هێزەکانی بەرهەڵستکاریدا هەستی پێدەکرێت. چون ئاسایی و سروشتین. موقاومەتی ئێران تەواو ئاگادارێ لەو شتانە و بە گشبینیەوە هەنگاوی بە ئێم قۆناغە هەڵگرتووە. هەربۆیە لە ڕوانگەی موقاومەتی ئێرانەوە "ڕەسەنایەتی و گرینگی لە یەکگرتوویی هێزەکانی بەرەی گەل و بەرهەڵستکارێکاندایە". جا بۆیە لە ڕوانگەی موقاومەتی ئێرانەوە، نزیک بوونەوە لە ژێرەمی ئێران، واتای دووركەوتنەوەیە لە بەرەی گەل و بەرژەوەندییەکانی خەڵک کە دەبێت بەرهەڵستی بکرێت!

کاریگەرییەکان!

ئەو هێز و لایەنانەی نەیاری ویلایەتی فەقیهن، چ بیانهەوێت یا نیانهەوێت، دەور و چالاکییەکانی هێزی ناوەندی و سەرکیی موقاومەت کاریگەرێ بە سەریانەوە. هەر لەو چوارچێوەیدا سەرباری ئێگەری هەبوونی ناکەکی و ڕەخنەکان، هێزەکانی بەرهەڵستکار هاوبەش دەبن لە هەوراز و نشێوی تایبەت بە هەنگاونانەکانی ئەو هێزە و هەر لەم ڕەهەندایە کە تاقی دەکرێنەوە. ئێگەر هێزێک دوژمنایەتیکردنی هێزی سەرکیی موقاومەت بگرێتە بەر، یاسامانەند دەبێتە لاگری هێزی دەسەڵاتدار. واتا دوژمن!

لەبەر ئەوەی هێزی سەرکیی موقاومەت، هەرگیز لە بەرانبەر هێزی دەسەڵاتدار، هێزەکانی دیکە بە تەنیا جێ ناهەڵێت لە بەرەنگاربوونەوەی ژێرەمی دەسەڵاتداردا، ئومێد وایە هێزەکانی بەرەی موقاومەتیش، دەستپێشخەری لە خۆیان نیشان بدەن بە مانەوە لە بەرەی بەرهەڵستکاری و بەرژەوەندییەکانی گەل و دیوی راست و دروستی مێژوودا و ڕێگەی پێچەوانە نەگرنە بەر. چون لایەن و ڕەگا نییە. هەڵبەت و تەنها دەبێتە هەی درێژکردنەوەی تەمەنی هێزی دەسەڵاتدار و بە ئازارترکردنی چارەنووسی کەمەڵگا. کەواتە یەکەم وانە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو بریتییە لە پێویستیی یەکەڵیزیی کردەیی و زیاترکردنی هاوکاری بە لاوازکردن و لێکترازانی (دوژمنی هاوبەش)!

وریابوونەکی پێویست و گرنگ!

لە تەمارگەی مێژوودا هاتووە کە لە هەر بەرخدانێکدا، (هێزی دەسەڵاتدار) بەدوای شێواندنی هێز سووڕکان و لێکترازانی بەشەکانی موقاومەتەوەیە بە زەبر وشاندن لە کیانی بەرهەڵستکاری و بە تایبەت زەبر وشاندن لە هێزی سەرکیی موقاومەت، کە جگە لە

لەدانی جەستەیی و فیزیایی، دوورخستنەوەی هەزکانە لە دەوری. هەر بۆیە دەبەت وریاییەکی بەردەوام هەبەت لە "دەمامک"، "دروشم" و "پیلانگێڕی"، کە هەندەک جار، بە (شتی بریقەدار) دەپێچرێتەوە و پێشکەش دەکرێت. کەم نین هەزی ساختەیی و رواڵەتی کە پاش ماوەیەک وەک گیای بەهاری، سووز دەبن و بە خۆرایی کاڵ دەبنەوە! چون دەستی هەزی دەسەڵاتداریان لە پشتە یاخود بە ڕگ و ریشەن لە ناو کەمەڵگادا.

دواوتە!

بە وتەی دوژمن و بەشکی زۆر لە گەلانی جیهان، ئێستا (موقاومەتی خەڵکی ئێران) پێگەیەکی سەقامگیر و چەسپاوی هەیە لە گەڕەپانی خەبات و تەکۆشان بۆ ڕانبەر بە ڕژێمی دەسەڵاتدار لە ئێران و لێهاتوویی و کارامەیی ئەو هێزە، سەلمێندراوە وەک "تاکە بەدیلی دیموکراتی دژی ئەم ڕژێمە" و وەک ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر. بەدیلێک کە بە سەرکەوتنی بەسەر ڕژێمی وێلایەتی فەقیهیدا، هەموو هێزە ڕەسەنەکانی کەمەڵگا، بە هەر مەڕام و بیر و باوەڕ و خواستێکەوە، سوودمەند دەبن لە دەستکەوتەکانی ئەم موقاومەتە.

بۆیە دەبەت بە ڕەزاوە سەیری ئەم هەزە سەرکی و ناوەندییەی گەڕەپانەکە بکەین و ئەو ڕاستییەیش لەبەرچاو بگرین کە لەم بەرەیدا، لایەنانیتر هەن جگە لە "ئەمە و مانان"! جا بۆیە لەبەر خۆشەویستیی گەل و نیشتمان و بە ئەوەی خەڵک لە چنگ ستەم و تاوانی ڕژێم رزگار بکەین و ئازادی و دادپەروەری لە جێی دابنێین، پێویستە هەموو شتێک لە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەوە دەست پێ بکەین و بەس!
کەتایی

هایکو.. سمکۆ ئەحمەد ڕەشید

١

،حیکایەتی تەنیایی خەم بە گۆایەوە
لە قاقای گریانی دا
.بەرد

٢

،خوایە هیچ بایە
لە هەڵبجەوە هەڵنەکات
.مارانگەستەی بەنی سەوم

٣
، بولبولێک دەناسم
پیانۆژەنە –
لەم چەپە ئەو چەپ.

٤
باخێکی بە خاوەن،
تراتێنی تەدا دەکەن –
ڕەشباکان.

٥
دیکتاتەر،
بە بەردێک دوو چۆلەکە دەپێکێتە
نان و ئازادی.

٦
چیمەنتک،
سوپای زەمەن تاانی کرد –
قژم.

٧
پەنجەرەکەم دەکەمەوە،
بە ئامێزم بە پاڵیە –
کزەبا.

٨
بە تەم بەن
یەخەی ئەو کەانە بەردا –
غەریبی منداڵییم دەکەم.

٩
گەایەکی بە ناونیشان،
شەپۆلی با بە کۆی دەبا،
قەڕاج.

١٠
تاوێ تەرزە،
وەکی دوای پەناگەیێ ـ
پاساری.

١١
لەناو هەمەرێ دوکەڵاویەکەدا،
ئاوەی بێ بیرمدا دەهات مردن نەبوو ـ
چاوەکانت بوون.

١٢
کوڕایان داهاتووە،
شەوی هاوینیش نادرەوشنەوە ـ
ئەستێرەکانی سەر شانم.

١٣
گەڵەکە،
بێ بەرم تەنگێ ـ
نیشتیمان.

١٤
زیندانی ئینفرادی،
تیایدا سمکۆان دەکات ـ
ئەسپی خەیاڵ.

١٥
سەر بێ تەریقەتی هەڵەم،
بەیعەت بێ نشەوان نادەم ـ
لوتکە نەبێ.

١٦
شەوانی ئاب دەست بێ کارباوە ناگرێ،
ملیارەها گەپ دادگیرسێنێت ـ
ئاسمان .

١٧
دراوسێکەم لێ برسا مرد،
رووخساریم بێ تف سواخ دا ـ
شاشەی تیڤیەکەم.

کاسێی سەرم
لە چاوەکدا بشارنەوە
(خۆشبەختی پیشێی من نییە).

نیشتمانێ لە هابردوو.. شیعر/ کاوێ عوسمان عومەر

نیشتمانێ،،
لە چنگێ لەمێ،
لە پەنجەکان وەری،،
کەشکێ کانی غوربەت، جەمانێ،
تا کەتا، دەم...
لای شەپۆلی ئەو کەنارانەی..
لە چاوی تەدان،،
وەک داری ئازار،
شکۆفەی خونچەکانی خەرم چنیوەتەوە،
هەر نەهاتی، پرسیت..
چی هەوی نەدا، لە ژەر
تەرزەی تەنیایی نیشتمانێ،،
فڕۆشرا، و ماڵەکیش..
بە کوکوختیێ سپێکانی شیعر نەمان،،
شەقامەکان پڕن ..
لە پیاوی تەنیا،،
سپێدێ زەردێ نەخشەکانیش..
پڕن لە کەچی ژنێ هەشپەشەکانی..
جەنگێ بە پەرواکان،
گیتاری پەغەمی..
شەوێ سەربەاوەکان،
لە خەوی تاڵی نەگەیانەوە..
سەریان نایە سەر،،
بەردی جەستەی یەکتر،

خەمی بۆنیشتمانی کۆچەرەکان،
بەدار بوون ، لە خاکی پە پرسیار..
عاشقبوون ،،،
لە ساتەوەختی ڕۆچوو،،
خەووزی گەی گومان..
لە وەاتە ، بەسەر بانی شکاوی ..
پەروانەی قەدەرەوە، شەکەتی..
ئەو تارماییانەی،
پەیامبەرکیشیان نەبوو،،
ئەو بە لانانەی..
لە ژێر پردە جە ماوەکانی…
بەهەشتەکی وەرانەدا،
نە بیر لە مردن ئەکەنەوە ،،
زوڵفی تەی فریشتەکانی شیعریش،
لە ئامێزی شەختەیان ، نائاڵی،،
ماندوو شەکەت،
تارماییەکانی شەوی غوربەت،،
بە بروسکەی دەربازبوون،
خەباریەنی بەمانایی،
ئابڕۆقەی دان،،
مەنجەنیقی بە حەقیقەت ،
لە زەمینەک ،
هەنگاو بە هەنگاو،،
لە خاچدرا،،
خەیاڵ دەکەم،،،
لە شەپەلەکی سرکی تر ،،
دروستبونەوەی تاقگەیەکی تر،،
کەگەیەکی سەربەستی شاراوەی تر،
چرایەکی ڕۆشەنی تر.
سروودی ئەبەدیەتیەکی تر.

..……
وەنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی فەرەنسی
Claude Oscar Monet / Evenining at Argenteuil

وەرزە سەوزەکانی ئەوین/ وەرزی شەشەم.. شیعری: ستیڤان شەمزینی

قەدەری من و تۆ
هەروەک قەدەری ئاو و ئاگر وایە
من ئاگرەکم لە ئاوی بۆ خۆی
چاوەکانتا ئەکوژمەوە
قەدەری تۆ و من
وەک چارەنووسی کەشتی و دەریا وایە
تۆ کەشتییەکی بروسکە ئاسا
بۆ دەریای هەستما تەدەپەڕیت

زەمەنەک شک نابەم
لە دەروەی زەمەنی بۆ ئەقڕییەکانم
ئاگردانەک شک نابەم جگە
لە کەپۆ و گۆی هەناسەکانم
کەسەک لەم دنیا گەورەیە
هاوەڵم نییە جگە لە وەهمەکانم
مەعشووقەکیشم نییە بەدەر
لە خەیاڵی نەو شیعرەکانم

ئازیزم، تۆ ناتوانیت
بەرگەی سەرکەشییەکانم بگریت
ناتوانیت خۆت بدەیتە
بەر شەپۆلی ئاگرەکانم
ئازیزم، تۆ ناتوانیت
لە شیعرەکانمدا خۆت ڕەسم بکەیت
ناتوانیت کورتە وچانەکیش بدەیت
لەنەو گەردەلوولەکانم

لەم تەناگەیت چەن گەناجای ئومەدم
بۆ نائومەدیی سووتاند
لەم حاڵی نیت چەن

لە نیشتمانەکی بە جوگرافیاوە هاتووم
دەرکی ئەوە ناکەیت
بینم نا بەهەر کانیەکەوە سەراو بوو
ئەو دەریای عەشقی بەدوایدا رامدەکرد
تەنها سەراب بوو

خەکی شەرابی هیوا ئەنەشن
من بەهیوایی ئەمخواتەوە
خەکی کەنیاکی رق هەدەقوەنن
من ئەوین هەمدەقوەنە
خەکی گەرانی بە مردوو ئەچەن
من ژیان بە ستران ئەمچەە
خەکی گەە بە عەشق هەدەکەنن
من عەشق گەەم بە هەدەکەنە

نیگارکەشکم بە پەەەمووچی گریان
تابلە ئەنەخشەنم
سەیرە وەنەی هەرچی دەکەشم
شەوەی دەتەوە سەر تە!
مەسیقاژەنکی نامەم
بە پەنجەی خەیاە پیانە ئەژەنم
سەیرە هەر ئاوازە ئەژەنم
ناگاتە دامەنی دەنگی ناسکی تە!

کە تیری ئەوینت چەقییە دەم
خوەنی شادمانیم بەربوو و
کەەگەی وشکبووی چاوەەوانیم
سەرلە بەر بوو بە باخ
کە هەنگاوی جەهەشتنم
رەژی رووەنی کردمە شەوەزەنگ
وەک ئەستەرەیکی پرشنگدار
لە چاوی ئاسماندا کوژامەوە

شەوان بە دیار گەرانییەکی غەریبەوە
خەو دەمباتەوە و
بەیانیان بە هاواری
نەو خەونکانی بە تەیی رادەچەکەم
بەهاران خوەنی عەشقم

ئەزمێتە نەو دەی بەرووی تەو
پایزان گەلا گەلای
پیرە درەختی تەمەنم
لە بەر پەتا ئەوڕە

لەوەتی بیرم دێ هەنراوە
بە خۆشەویستی ئەنووسم و
هیچ کاتێ شەخە ژنێک
شیعرێکی تەڕی منی هەڵنەگرتووە
لەوەتی فامم کردەتەوە
لە بەردەم قاپی عەشقدا هەڵەلەرزم
هیچ ساتێ کچێک بە ئاگردانی
جەستەی گەرمی نەکردمەوە

بە دەبە لە هەبژاردنـــــــــی پەرلەمـــانی عەراق دەنـــگ بە یەکێتی بدەینەوە؟.. دهام سمکۆ

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە ساتەکانی هەبژاردنی پەڕلەمانی عەراق، پرسی دەنگدان بە کاندید و لیست و قەوارە و بەرنامەکراوە سیاسیەکان گەرمە و جێگەی بایەخی هاوڵاتیانە، چونکە دەرئەنجامی هەبژاردنەکان پێویستە بە ئایندەی هەموومان، هەم دەکرێ لەم بڕگەیەوە دەخی ژیانمان بگۆڕین و هەمیش ئاستی سیاسی و هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵکی پێ بناسینەوە و لەوە بگەین ئەمە لە چ ئاستێکداین.
لە کۆمەڵێ پێشکەوتووەکان بابەتی دەنگدان بە پارتە سیاسیەکان بە هەستیاری سەیر دەکرێت، لە لایەک ڕاستەوخۆ دیدگای تاکەکان بە دونیا بینین و ئایندەیان نیشان دەدات، لە لایەکیتر دەرخەری هۆشیاری تاکەکانە، کە پەیمان دەبەستێت ئەمە کەین و چیمان دەوێت.
هەبژاردنی پەڕلەمانی عەراق دوای ئەو هەموو ڕووداوە سیاسیەی کە لە ماوەی چوار ساڵی پێشوو و بگرە هەشت ساڵی ڕابردوو کە لە کێگەی سیاسی عەراق و هەرێمی کوردستان ڕوویدا، ناکرێ و نابە بە

لەکدانەوە و گەنگەشەکە کردن بەیاری دەنگدان بە لیستەکان بەسەرمان تەبپەەەت، ئەگەر دەنگدەر بە ئامان ئەو بەیارە بدات مافی ەەخنە گرتنی لە لایەنە سیاسیەکان نابەت، بەیە دەبەت دەنگدان وەک پەەسەیەکی بە دیموکراتیزەکردن سەیر بکەین، هەم بیکەین بە ئامرازەکی کاریگەر تا لایەنە سیاسیەکان ناچار بە خزمەتکردن و بە خە گەەین و خە گونجان لەگەە پەشهاتە سیاسی و کەمەایەتیەکان بکەین، هەمیش بە کە دەنگی ژیانی ئەستامان کە پە کراوە لە نائومەدی و گرژی و نادیاری و ئاستی خراپی گوزەرانمان و ئایندەمان تەبپەەەنین.

لە دوای هەەبژاردنی پەەلەمانی عەەاق لە سالی ٢٠١٨، هەندەک لە هەزەکان بە گەەانکاری گەورە دەنگەکانیان هەەبەز و دابەزی کرد، خەشبەختانە جەماوەر و دەست و لایەنگرە هەشیارەکانی (ی. ن. ک)، وەک چەن بە ئاگایی خەیان لە هەەبژاردنی پەەلەمانی کوردستان ئەو دەم (ی.ن.ک) دەنگەکانی کەم کرد، جەماوەرەکەی پەیامەکی هووئیان بە سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا هاوکات لە ماوەی کەمتر لە چەند مانگەک، کە بینیان سەرکرایەتی سیاسی حیزبەکەی خەیان، بە خەیاندا چوونەوە و سیاسەتی هوونتریان پەیەەو کرد و ئاکار و دونیابینینی خەیان بە یاریە سیاسیەکە گەەی، کەمەانی خەەکی کوردستان لە هەەبژاردنی پەەلەمانی عەەاق، یەکەتیان کردەوە بە هەزەکی کاریگەر و بەمەش توانیان پەگەی سیاسی یەکەتی لە هەرەمی کوردستان بەرز بکەنەوە.

بە گەەانەوە بە لەکەوتە سیاسیەکانی ئەوە ەەژە و ئەو دەخە قوسەی وا بە ماوەی چەندین سالە بەسەر کەمەانی خەەکی کوردستان سەپەندراوە، دەکرە لە هوانگەیەکی سیاسی شیکردنەوەی بە بکەین و بەمەش هەکاری دەنگدانمان بە لایەنەکان دەربەین، دیارە بە لای ئەمەشەوە ناکرە و نابە دەنگ بە یەکەتی نەدەینەوە، بەیە لە خوارەوە دوای خستنەووی چەند خاەەک هووئی دەکەینەوە کە بە دەبە جارەکیتر هەموومان متمانە بە (ی. ن. ک) بکەین و لە چوارچەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگی پەبدەینەوە:

یەکەم: لە دوای دەرئەنجامەکانی هەەبژاردنی پەەلەمانی هەرەمی کوردستانەوە لە سالی ٢٠١٣-2018، جەماوەری یەکەتی نیگەرانکرا لە لایەن پارتیەوە، بەوەی کە پارتی ویستی دەرفەت لە دەخی لاوازی یەکەتی و کەشە ناوخەییەکانی وەربگرەت و هەزیتر بکاتە ئەتەرناتیف، کە زوو دەرکەوت وەهمە هەزەکی مەژوو کرد و خاوەن هەزاران شەهید و جەماوەرەکی هەشیار و خە بە بەرپرسیارزان و بە پەرەشی وەک یەکەتی پەراوەز بخرەت، بەمە بە کوردستانیان سەلمەندرا یەکەتی ئەگەرچی دەنگیشی کەم کردبە بەەام سەنگی ماوە.

دووەم: هەزە ئەپەزسیەنەکانی هەرەمی کوردستان، کە لە هووی

جوگرافیای سیاسیەو هەمیشە قەرزاربارى یەکێتین، بەوەى پێگەیان لە ژێر قەڵەمڕەوى یەکێتیە، ئەمە جگە لەوەى کە یەکێتى بە گیانەکى وەرزشى و میهرەبانانە هەموو شتەکى لە قبوڵ کردوون، پێش یەکتر دەکەوتن بۆ بەرکەوتنى لەتەک کەکى زیاترى حکومەت، بەڵام بە دڵنگى زەرەکانمان لە هەڵبژاردنى پەڵەمانى عێراق پێیامى ڕوونمان بۆ هەڵکاندا و نەیانتوانى بە یەکێتى حکومەت پێکبهێنن.
سێیەم: ئەو دەم بۆ بەخشینى پێستەکانى یەکێتى بۆ لایەنیتر، بۆ تایبەت مەڵەفى پێشمەرگە و دارایى، یەکێتى ئارامى گرت و بۆ لەبەر چاوگرتنى ئازادى سیاسیى و باوەڕ نەبوونمان بۆ دەسیسەى سیاسى و موئامەرە قبوڵمان کرد، بەڵام هەر زوو زەواجى سیاسى ئەو لایەنانە کەتایى هات و دەدەنگى سیاسى شوێنى هەستکردن بۆ بەرپرسیاریەتى گرتەوە و چاویان لە بەرژەوەندیە گشتیەکان کوێر کرد و شوێن بەرژەوەندیە سیاسیە بچووکەکان کەوتن، قەچى عینادیان لە یەکتر گیر کرد و کوردستانیان تووشى کێشەى قوڵ کرد و دەخى سیاسیان بۆ بنبەست گەیاند، دیسانەوە بۆ کوردستانیان سەلمێندرایەوە هەزى هەسەن لە پێناو هەڵپەى سیاسى خەڵک تووشى کارەسات ناکات، هاوکات کەمەڵانى خەڵکى کوردستان گەورەیى و کارامەیى یەکێتیان بۆ دەرکەوت کە لەو سەردەمەى یەکێتى دەخیلەى کوردستانى لا بوو چێن خۆشگوزەرانى بۆ دیهێنا بوو، لە شێوەى داعیش سەرباری ئەوەى ئەمە کەمترین چەک و هاوکارى هاوپەیمانى نەودەوڵەتیمان بۆ دەست دەگەیشت، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەى میلانەکان لە بازاڕەکانى چەکى قاچاغ دەفڕۆشرا، بەڵام یەکێتى بە خوێنى شەهیدانمان کە زەرەک لە سەرکردە و فەرماندەئازاکانمان کە بە دەیان ساڵ لە ژێر تەزەکانى نیشتیمان پەروەرى و جەنابى مام پێگەیەندرابوون، خەباگرى کرد و خاکى کوردستانیانى لە هەژموونى داعش پاراست بەڵام هەزیتر لەگەڵ داعش دەشکان، ئەمە جگە لەوەى کە بە شایەتى پارتى دیموکراتى کوردستان ئەگەر هەزەکانى یەکێتى نەبووان مەخمور ئازاد نە دەکرا و هەوڵەریش دەگیرا لە لایەن داعشەوە.
چوارەم: پارتى دیموکراتى کوردستان بۆ داخستنى دەرگاى پەڵەمان و بردنى قفڵى پارەکانى کوردستان بۆ وڵاتەکى هەرەمى بۆ ناوى سەربەخۆیى دارایى، گەیانى ئاوت کرد و جارەکیتر خشتى دیوارى بەرلین و دەگەڵەى هەڵچنیەوە، هەزەکان لە جیاتى تەگەیشن لە ئاستى بەرزى هەستکردنى یەکێتى بۆ پاراستنى دەخەکە و میهرەبانى یەکێتى بۆ هەزەکان، زوو کەوتنە پڵاماری یەکێتى و کەنالى هەواڵشاندنەوەى ئیدارەى هاوبەشیان لەدا و ویستیان کوردستان بۆ کرداری بکرێتەوە بۆ دوو پارچە و یەکێتى لە سڵەمانى گەمارە بدەن و لەواشەوە ململانێى بکەن و لاوازى بکەن، دیسانەوە یەکێتى بۆ ڕادەستکردنەوەى

پەستی پارێزگاری سلێمانی بە بزووتنەوەی گۆران لە دۆخێک کە گۆران زۆریش بە هێز ببوو و تووشی گۆمارەی سیاسیش ببوو، یەکێتی بەم هەوڵستەی دەریخست تاقە هێزی بەرپرسیارێ لە کوردستان و ئارامی سیاسی بە سلێمانی گۆراندوە و لە ڕۆگەی نوێنەرایەتیکانیشی لە حکومەت زۆرترین خزمەت و پێشکەشی بە ناوچەکە ئەنجامدا.

پێنجەم: دوای ئەو هەموو دۆخە نالەبارەی لە هەرێمی کوردستان ڕوویدا، چ بە هۆکردنی ئاگای کوردستان لە کەرکووک و چ بە ڕیفراندەم، دەرگەی عەقڵانیەتی سیاسی لە بەردەم هێزکان داخرا و کوردستانی تووشی کارەساتی گەمارۆ سیاسیە شۆفینیەکانی حکومەتی عێراق و هێزە ئیقلیمیەکان کرد، هەروەها هێزە جیهانیە بە هێزمووندکانی دونیا کە دەستمان بوون بێنام گومان لێیان نەگرت و زۆرەمەندی یاریەکە بووین، ئەمە سەرباری ئاوەی نیوەی خاکی کوردستانمان لە دەستدا، هەروەها بە بەستنی گرێبەستی پێنجا ساڵەی نەوت لەگەڵ تورکیا، دۆخێلەی ئابووری کوردستان تووشی ئیفلاسی بوو، دیسانەوە یەکێتی بەو پێیوەندیە دەستایەتیەی لەگەڵ هێزە عێراقیەکان هەیبوو دەروازەیەکی بە کوردستان کردەوە و بەشێک لە بودجەی بە کوردستان گێراندەوە بە حیکمەتی سیاسی ژیرانەی جەنابی مام جەلال.

شەشەم: هێزکان، لە کۆتا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرباری ئاوەی کە لە ناوچە داگیرکراوەکان، چ بە بایکۆت و چ بە فیێدانی دەنگی کورد و گۆڕینی سیمای نیشتیمان بە «وەتەن»، لە هەمووی خراپتر گومان کردن لە دەنگی کوردستانیانی کەرکوک و گەلە کەمەکی شەشی حوزەیران لە پەڵەماڵەمانی عێراق بە هاوبەشی هێزە شۆفینی و تەرانیەکان، کەوتنە دژایەتی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردستان، کەرکووکی شا دەماری چارەسەری پرسە نیشتیمانیەکانی گەلی کوردستانیان خستە ژێر مەترسی ڕاستەقینە، دیسانەوە یەکێتی بووە هەی ئاوەی کورستانیبوونی کەرکووک بسەلمێنێتەوە بە هەی ئاوەی براوەی یەکەمی شاری کەرکووک بوو بە جیاوازیەکی زۆری دەنگ لەگەڵ هێزکانیتر لە هەڵبژاردنە پەڵەمانیەکەی عێراق.

حەوتەم: دوای پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەڵەمانی عێراق، ئۆگرچی ماوەیەکی زۆر بوو هێزکان هیچ پێوەندیەکی سیاسیان لە نێوان نەمابوو، دیسانەوە یەکێتی بە حیکمەتی مامی گەورەمان ئاسا، گرێ کوێرەی ئاو چەقبەستووە سیاسیەی کردەوە و لە دەرگای لایەنەکانیدا، بە تایبەتیتر دوای بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆران و لێکتکگەیشتن لەگەڵ هێزرکانیتر، بەمەش وا خەریکە هێزە کوردستانیەکان بە کە دەنگی بەرەو بەغدا دەڕۆن بە بە دەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دەستوری و دارایەیکانمان، کە ئەمەش

دەبێتە بوژانەوەی گوزارانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هاوڕێ و هاوپەگ و سەنگی کورد لە عەراق بەرز دەکاتەوە.
لەبەر ئەم هەکارانەی سەرەوە و گەلەک هەکاریتر، دەبێ دیسانەوە هەموومان دەنگ بە هەزە ڕەسەنەکەی کورستانیان بدەینەوە، تا لاسەنگی هاوسەنگی هەز لە کوردستان چاکبکەینەوە، لەبەر ئەمە با هەموومان دەنگمان بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (هاوپەیمانی کوردستان) بێت، بە خوێن دەنگ بدەین بە لیستی شەهیدان و لیستی جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروان، نەمری بە شەهیدان و سەرکەوتن بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

دهام سمکۆ
مامۆستای زانکۆ.

شیعر و واتا یان شیعر و قسە؟.. سەدیق سەعید ڕواندزی

گرفتی بەشێکی زۆری ئەوانەی لە شیعر دەدوێن، بە تایبەتیش نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین لەوەدایە، کە ئاگایەکی قووڵ و وردیان لە بارەی قەناغەکان و ڕەوتی شیعری کوردی، لە ڕابردووەدا و بە تایبەتیش زەمەنی پێش ڕاپەڕین نییە. بەیەشە کاتێ لە بارەی ئەزموونی شاعیرێکەوە دەدوێن، دەکەونە هەڵەوە و پارادۆکسی گەورە، کە خەشیان هەستی پێ ناکەن. بەشێک لە وانەی لە شیعر دەدوێن، لە کاتێکدا شاعیرن بە تێگەیشتنی خۆیان و سەروکاریان لەگەڵ دنیای شیعر هەیە، بەڵام ڕەشنبیریی شیعرییان نییە، کە ڕەگەکانی دەچنەوە نێو مێژوو، زمان، هەومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی قەناغەکانی شیعری کوردی. تاکو بەرەبنای ئەو مێژووە، لە بارەی شیعر و ئەزموونی جیاوازی شیعری بدوێن. لە ڕاستیدا، لە نێو نەوەی پێش ڕاپەڕین و نەوەی دوای ڕاپەڕین و بە تایبەتیش نەوەی ساڵانی دوو هەزارەکان، گەلەک خەسڵەتی جیاکەرەوەی فەرهەنگی هەن، بەڵام دیارترین ئەو خەسڵەتە ئەوەیە، کە نەوەی پێش ڕاپەڕین، لە نێو پاشخانێکی گەورەی کولتووری و ڕەشنبیریی و خوێندنەوەی کتێبەوە، دێنە نێو دنیای نووسین و ئەدەب بە گشتی. بە پێچەوانەوەی نەوەی نوێوە، کە

دەنووسێت، پاشان دەتە نێو دنیای خوێندنەوە. لەرەوەش گەر سەرنج بدەین دەبینین، هیچ شاعیرێکی نەوەی پێش ئاپۆین نییە، ئاگایەکی لە مەژوو و ڕەوتی شیعری کوردی، ئەگەر کەمیش بێت نەبێت. نەوەی پێش ئاپۆین، بوونەوەری ئاستەقینەی نێو کتێب و خوێندنەوە بوون، دوای پەیوەندییەکی درێژ و قوول لەگەڵ کتێب و دنیای خوێندنەوە، دەست بە نووسین دەکەن، بەڵێ ئەستاش کاتێ سەرنج لە نووسینەکانییان دەدەین، زۆر بە ڕوونی هەست بەوە دەکەین کە نەوەیەکن، ئاگایەکی گەورەیان لە ئەزموونی شیعری کوردی و ئابردوو بە گشتی هەیە. بەڵام نەوەی نوێی دوای ئاپۆین، ئاگایەکی کەمی لەو مەژووەو ئەو قەناغانە هەیە، بەڵێ کاتێ لە شیعر بە گشتی و ئەزموونی شاعیرێک بە تایبەتی دەدوێت، چونکە ئاگاداری ئابردوو نییە، ئیدی پێی وایە ئەزموونی ئەم شاعیرە، جیاواز و تایبەتە و لە مەژووی شیعری کوردیدا، داهێنانێکی تازەیە. بە بێ ئەوەی لە زۆر کاتدا، لە چەمکی داهێنان و ئەزموونی جیاوازی شیعریی و شیعری داهێنەرانە گەیشتبێن. لەو ڕوانگەیەوە، دەمەوێت وەک خوێندنەرێکی شیعر، قسە لە سەر وتارێکی (شاکار حەبیب) بکەم، کە لە پێشکی کەمەکی شیعرێکی تازە چاپکراوی (سامی هادی) بە ناوی (بەڵەمی نادیار) نووسیوەتی. شاکار لەو پێشکییەدا، کە لە ڕاستییدا ستایشنامەیەکە و بەرمەبنای ئەو پەیوەندییە هاوبەشییەیە کە ئەو بە شاعیر دەبەستێتەوە، بە گشتی دەیەوێت لە بارەی شیعر و شیعرکانی نێو ئەو کەمەکی شیعرەش بدوێت. نووسەر ئەو شیعرانە، وەک نموونەی ئەزموونکی تازەی شیعری دەناسێنێت و پیشانی خوێنەری دەدات.

بە بۆچوونی ئەو (سامی هادی) لەو کەمەکی شیعرەدا، دابڕانکی گەورەی لە ئەزموونکانی پێشووی هەناوەتە ئاراوە و خوێنەر بەر ئەزموونکی دیکەی تازە و جیاوازی کەشفکراوی ئەو شاعیرە بە قسەی ئەو دەکەوێت. بە بە ئەوەی بتوانێت ڕوونی بکاتەوە، کە ئەو شیعرانە، چۆن و بە چی لە شیعرکانی ئابردووی ئەو شاعیرە جیا دەکرێنەوە و ئەزموونکی تازەی تاقیکراوەیە؟ بە دەربڕینکی تر، کاتێ باس لە دوو ئەزموونی جیاوازی شیعری شاعیرێک دەکەین، دەبێ ئەگار هونەرییەکان و جیاوازییەکانی نێو هەردوو ئەزموونکە ئەنالیز بکەین و دواتر لە پەراوێزی ئەو بەراوردکردنەوە، دەری بخەین کە ئەزموونکە نوێ و جیاوازە. دەنا قسەکردن لە بارەی ئەزموونی نوێ، چەمککە و خوێندنەر دەتوانێت بیداتە پاڵ دەیان شاعیر، بەبێ ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەزموونکە نوێ بێت. بەر لەوەی لە سەر ئەو بۆچوونە بووستین، دەمەوێت بە کورتی لە بارەی ئەزموونی جیاوازی شیعری بدوێم. بەگومان یەکێک لەو دەستواژە لاستیکییانەی، بەردەوام لە پەراوێزی خوێندنەوەی نووسینی نووسەران دەکەوێتە بەرچاوم، چەمکی (

ئەزموونی نوێ و داهێنەرانەی شیعریێ) لە کاتێکدا ئەگەر بە وردی سەرنج لە شیعرەکان بدەین، دەبینین لە ڕووی دنیابینی و ناوەڕۆک و زمانەوە، هەمان ئەزموونە بە وێناکردنی جیاواز. لە ڕاستیدا، هیچ ئەزموونێکی شیعری جیاواز نییە، ئەگەر لە بڕایەدا زمانێکی جیاواز، فۆرمێکی جیاواز، دنیابینییەکی جیاوازیی شیعری نەبێت. لە مێژووی شیعری کوردیدا، ئەزموونی شاعیرانی ئەمە هێندە هاوشێوە و لە یەک چوون، کە لە زۆر کاتدا بچووکترین خاسیەتی جیاکەرەوەی نێوان شیعری ئەو شاعیرانە نابینینەوە. سەرنج لە ئەزموونی شیعری کوردی نیوەی دووەمی هەفتاکان و قۆناغی دوای هەرەسی شۆڕشی کورد بدەن، شیعرەکانی ئەو قۆناغە، لە ڕووی گوتار و دنیابینییەوە هێندە لە یەکترییەوە نزیکن، وەک ئەوەی ئەزموونێک بە کەیە و هی یەک شاعیرە نەک جیاواز. بەیە ئەزموونی شیعری، دابڕانێکی بنەڕەتییە لە ئەزموونەکانی هاوشێوە و هاو قۆناغ و هاوسەردەمەکە. بۆچی دەگوترێت ئەزموونی نوێی گۆران؟ چونکە هیچی لە شیعری کلاسیک نەدەچوو. شتێک نییە بە ناوی ئەزموونی جیاواز، ئەگەر ڕوانگەی جیاواز و زمانی جیاواز و دۆقی جیاواز نەبێت. کاتێ ئەزموونی شاعیرێک، لە ڕووی دەربڕین و زمان وگوتارە و لە ئەزموونی شاعیرێکی تر دەچێت، ئیدی شتێک نامێنێتەوە بە نێوی ئەزموونی جیاواز. ئەزموونی جیاواز، واتا جیاواز کێوتنەوە لە نووسینی دۆقی شیعریی. ئایا بچووکترین هاوشێوەبوون و هاوچوونی زمانی، لە نێوان شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر) و(کەریم دەشتی) و(جەمال غەمبار)بە نموونە هەیە؟ ئایا سەباح ڕەنجدەر، وەک فەرهاد شاکەلی و گۆران و شەرکە بکەس دەنووسێت؟ وەک شاعیرانی هەفتا و هەشتاکان و ئێستای هەولێر دەنووسێت؟ مەگەر کاتێ بەر ئەزموونی ئەو شاعیرە دەکەوین، بەر شتێک دەکەوین کە لە شیعری شاعیرانی پێشووتر بینیبێتمان؟ کەواتە ئەو ئەزموونە جیا و تایبەتە، دەرئەنجامی دنیابینی تایبەت و زمانی تایبەتی شیعرییە. شاعیرێک ناتوانێت ئەزموونێکی تازەی شیعری تاقیبکاتەوە، ئەگەر زمانێکی تازەی شیعری و دنیابینییەکی تازەی شیعری تاقینەکاتەوە. ئەزموونی جیاواز، دابڕانێکی گەورەیە لە ئەزموونی ڕابردوو. جیاواز کێوتنەوەی شیعری، جیاواز کێوتنەوەیە لە سەر هەموو ئاستێ هونەرییەکانی دۆقێکی شیعری، کە دواجار وەک ئەزموونێکی تایبەت دەردەکەوێت. بەیە کاتێ، شالاو حەبیبێ دەنووسێت (سامی هادی) ئەزموونێکی تازەی شیعری تاقیدەکاتەوە، بەگومان دەبێ خوێنەر ئەو جیاواز کێوتنەوەیە لە ئەزموونی پێشووتر ببینێت. نووسەر لە پێشکی ئەو کەمە شیعرەدا دەنووسێت:(بە گشتانەوە بە شیعرێ کێنەکانی شاعیر کە لە کۆتایی ئەم کەمە شیعرە، یەک دوو نموونە دانراون، هەست بە گیان و شێوازێکی تازەی شیعری ئەو

شاعیرێ دەکەین و شاعیر جیهانی نوێی کەشف کردووە) مەبەستی شاکاو ئاوەیە، کە لە کۆتاییەکانی ئاو کۆمەڵە شیعرێ، چەند نموونەیەک لە شیعرە کۆنەکانی ئاو شاعیرێ هەن و جیاوازن لە شیعرەکانی نێو ئاو کۆمەڵە شیعرەی. بەڵام هەر خوێندنەرێک ئاو بەراوردکارییە بکات، بگومان دەزانێت کە ئاو بەچوونەی نووسەری پێشکیەکە، لە قسەیەکی ئاسایی و ستایشی بەو لاوە، هیچی تر نییە. ئەگەر بەراوردی ئاو شیعرانە بە یەکتری بکەین، زۆر بە ڕوونی هەمان دەنگی ئاو شاعیرێ و هەمان هەناسەی شیعریی و هەمان موفرەداتی شیعری دەبینین. لە شیعرەکانی (سامی هادی)دا، بە گشتی خوێنەر بەر گەڵەک چەمکی وەک (پاییز، تەنیایی، ڕەشبینی، تەمتومان، وەرز ، سرووشت ، مەرگ، شەراب، پەنجەرە، مانگ) و گەڵەک دەربەینی دیکەی شیعریش دەکەوێت. لە شیعرەکانی ئاو شاعیرەدا (کە من پێشتر لە بارەیەوە نووسیوم) هەست بە تەنهایی و ڕەشبینییەکی گەورە دەکەین، کە بەردەوام لە دنیابینی شاعیردا، بە تایبەتیش دوای مەرگی (زیلانی) کچە جوانە مەرگەکەی، ئامادەیی هەیە. شاعیر لە بەڵەمی نادیاریشدا، هەمان دنیابینی هەیە و هەمان ئاو ئەدگارە زمانی و هونەرییانە دەبینین، کە بە گشتی لە شیعری ئاو شاعیرەدا هەن و دەبینرێن، بەتایبەتیش نائومێدی و ڕوانگە ڕەشبینییەکە بە ژیان. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، زمانی شیعرەکان، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و وێنەی شیعرییەوە، هەمان ئاو زمانەیە، کە سانەکە شاعیر شیعری پێ دەنووسێت. ئیدی نازانم کامانێن ئاو گۆڕانە شیعرییانەی لە ڕووی شێواز و ناوەڕۆکەوە، لەو شیعرانەدا تازە و جیاوازن لە شیعرەکانی پێشووتری ئەم شاعیرە؟ کامەیە ئاو جیهانە نوێیەی کە شاعیر کەشفی کردووە؟ بەچی شاکاو لە وتارەکەیدا نەیخستەتە ڕوو؟ دەکرێ خوێنەران بە دڵنیابوونەوەی زیاتر، بەراوردی ئاو نموونە شیعرییانە بە یەکتریەوە بکەن، کە لە ڕوانگەی نووسەرەوە، جیاوز و دابڕاون لە یەکتری. نووسەر بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:(من هەمیشە ئاو شاعیرم خۆشویستووە، کە دەتوانین سەبەرەکانی ژیانی لە پەناو پەسیوی شیعرەکانی بدەزینەوە) بەردەوام دەبێت و ئەمجارەیان دەنووسێت:(خۆشبەختانە دەتوانم لە شیعرەکانی سامی هادی تێبگەم) نووسەر، کە خۆی وەک دەنگێکی گەورە و جیاوازی شیعریی نەوەی دوای ڕاپەڕین دەبینێت و ئازەزووش دەکات هەمووان وای ببینن، بە ڕوونی و بە پێچ و پەنا، پەمان دەڵێت کە من سەرو کارم لەگەڵ بایۆگرافیای شاعیرە نەک شیعرەکانی. پەمان دەڵێت، من دەمەوێ بزانم، ئاو شاعیرە چی دەکات؟ لە کوێ دەخوێت؟ منداڵی چۆن بووە؟ نەک ئاوەی لە شیعرەکانیدا چیمان پێ دەڵێت و گوتار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی چین؟ ڕوونتر بدوێین، ئاو لە جەری ئاو خوێندنەرە هەمووکییانەیە (عەوام)

کە گۆرانکیانە شیعر سادە و بە فیکر و بە قووڵایی بێت. گۆرانکیانە، زۆر بە ئاسانی لە شیعر بگەن، وەک چۆن بە ئاسانی لە دۆربینەکی میللی، لە پانتایی کەمڵایەتییەکە دەگەن. ئەم بۆچوونە، کە شاعیرە و شاعیرانیش دەبە پاشخانەکی گۆڕەی شیعریان هەبێت، وا لە شیعری سۆرکەوتوو و داهێنرانە گەیشتووە، کە سادە و ئاسان بێت و زۆرترین کەس و خوێنەر لەو شیعرە بگەن، وەک ئەوەی زۆر جاری تر وتوومانە، کە ئەوانە شیعر بە (تەپانی) دەزانن، بەیە لایان وایە، کە چ شیعرێک زۆرترین جەماوەری هەبوو، ئەویان داهێنرانەترین شیعرە. سەیرم پێ دێت کەسێک خەی شیعر بنووسێت، کەچی هەندە سادە لە شیعر و قووڵایی شیعریی گەیشتبێت و پێی وابێت دەبە شاعیر، بایۆگرافیای خەی بکاتە شیعر. ئەگەر وایە، بۆچی یادەوەری ناخوێندنتەوە نەک شیعر؟ کەسێک بەو شێوەیە لە شیعری سۆرکەوتوو و داهێنرانە و جیاواز گەیشتبێت، نازانم چۆن بوێری ئەوە دەکات، ئەزموونی تازە و کەشفکردنی جیهانی نوێ، بداتە پاڵ شاعیرێک؟ مەگەر جیهانی شاراوە و کەشف نەکراو، جیهانەکی واقیعی، ڕەهەندیی و گشتییە؟ جیهانی کەشفنەکراو، جیهانەکی داخراو و ئاڵۆز، یان سادە و ساکار کە هەمووان پێی پێ دەبەن؟ چۆن دەبێت کەسێک شاعیر بێت، کەچی بە بە سەرمینەوە باس لەوە بکات، کە شیعر دەبە سادە و ڕەوان بێت و هەمووان وەک یەک تێی بگەن، وەک ئەوەی شیعر (مەتەڵ) و (قسەی نەستەق) بێت. بە تایبەتیش لە ڕەخنەگارەکدا، کە شیعری کوردی، وەک ڕابردوو، چیتر هەڵگری پەیامەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە و شیعر چیتر ڕۆڵی هوشیارکردنەوە و ڕیفۆرمکردنی تاکەکان و کۆمەڵگە بە گشتی نابینێت. بەگومان ئاسایی دەقەکی شیعری سادە و ڕەوان بێت و هەمووان بە ئاسانی تێی بگەن. سادەیی زمان و دۆربین، ووبارەکی گەورەی شیعری کوردی لە ڕابردوودا پێکهێناوە، قسە لەسەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەوەی دەبێت ڕەخنە بکرێت و ڕەتبکرێتەوە ئەویە، کە تە بینیت، ئەو دیدگا سادە و بە قووڵاییەی خێت، وەک تیارێک و میتادێک بە خوێندەوەی شیعر ببینێت و پێت وابێت، داهێنەترین و سۆرکەوتووترین دەقی شیعری شاعیران، ئەو شیعرانەن کە هەمووان، لە نەخوێندەوارەکەوە بە پڕۆفیسارێک، لە کاسبەوە بە خوێنارەکی وردی شیعری بە جیاوازی تێی بگەن. ئەم نەویە، بەشکی زۆریان بەو شێوەیە، لە زمانی شیعر گەیشتوون، بەیە هەموو دیاردە و کردە ڕۆژانەییەکانی ژیانی خەیان دەکەنە شیعر و بە ناوی شیعر بڕاوێدەکەنەوە. تا ئەو ڕادەیەی زۆر بە دەگمەن، لە پشت ئەو زمانە سادەو ڕۆژانەییەوە، شیعرەکی جوان و بە چڕ دەبینین. نووسەر لە وتارەکەیدا، لە کاتەکدا باس لەوە دەکات کە شاعیر، جیهانەکی تازە کەشفنەکراوی دەزیوەتەوە و ئەم شیعرانەی گۆڕانەکی

گۆرە و بنەماتیەن، لە ئەزموون و شەوازی شیعری بەراورد بە شیعرکانی ئابردووی، بەتام هەر خۆی بەچوونکانی خۆی ئەت دەکاتەوە و دەکەوتە هاودژیەکی زۆرەوە لە نووسینەکی. با بزانین، نووسەر کە باس لەو جیهانە کشفنەکراوەی شاعیر دەکات، دواتر چی دەڵێت. ئەمجاریان لە درێژەی وتارەکیدا، دەنووسێت.(لە کەی ئەو کتێبەدا واتا بەڵەمی نادیار و بەتایبەتیش لە ڕووی بابەتەوە، هەمان ئەو سامی هادیە دەبینم کە لە ساڵی 2012 ناسیم) بەگومان ئەگەر بەو پەڕە بێت کە ئەو دەستنیشانی کردووە، ئەوا نە شیعری جیاواز، نە گەڕانی شەوازی شیعری، نە جیهانێکی کشف نەکراویش بوونییان هەن. چونکە ئەگەر شاعیرێک، بەهەمان وێنەی یانزە ساڵ پێش ئێستا، لە ڕووی بابەتەوە شیعر بنووسێت، مانای وایە هیچ لەو چەمکانە بوونییان نییە و بەکو زادەی خەیاڵکردنی شاعون، کە ئەو خەیاڵکردنەوش، دەرەنجامی ئەو پەیوەندییە برادەرایەتییە، کە ئەو بە شاعیر دەبەستێتەوە. نووسەر لەو شیعرانەدا، وێنەی هەمان ئەو شاعیرە و شیعرکانی دەبینێت کە دەیەیەک لەمەوبەر(کە زەمەنێکی زۆر بەنوە کردنەوەی شیعری) ناسیویەتی و شیعرکانی خوێندۆتەوە. ئەمەش ئەتکردنەوەی ئەو بەچوونەی خەیاتی، کە پێشتر بانگەشەی بە دەکات. بەیشە نایتوانیوە، بە پراکتیکی و لە پراوێزی خوێنەوەی شیعرکانییەوە، ئەو دابڕانە شیعرییە باس بکات، کە ئەو پێی وایە، لەگەڵ شیعرکانی ئابردووەدا هاتۆتە ئاراوە. نووسەر لە درێژەی وتارەکیدا، ئەمجاریان باس لە (شیعری گۆرە) دەکات. با بزانین ئەو لەو بارەیەوە چی نووسیوە؟ نووسەر دەنووسێت:_(شاعیرێک ئەگەر بیەوێت، شیعری گۆرە و فەلسەفەی گۆرەو جیهانبینی گۆڕەی هەبێت، دەبێ بە شێوەی سامی هادی بنووسێت، دەبێ ژیان و دنیایی ئاستەقینەی خۆی بنووسێتەوە و بکاتە شیعر) لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونە، شاعیرێک ئەگەر بیەوێت شیعری گۆرە بنووسێت و داهێنان بکات، ئەوا دەبێ بە شێوەیەک بنووسێت، کە هەمووان لە شیعرکەی بگەن، نەک نوشتە ئاسا شتێکمان بە بنووسێت، کەس تێی نەگات. هەبەتە بەوەدا دیارە کە دیدگای ئەم بۆچوونە بە شیعر، چەند هەژار و لاوازە، کە نایەوێت شیعر ئاماژ و قووە و پە واتا بێت، بەکو دەبێ زمانێکی ئاسایی و ڕۆژانەیی هەبێت و هەموو خەڵک تێی بگات. نووسەر، نایەوێت ئامان و بیرکردنەوەی شیعری هەبێت، بەکو تا بە ئاسانی لە شیعرێک بگەی، بە چەژتر و هونەریترو داهێنەرانەتر. بەگومان هیچ دەقێکی شیعریی نییە، بەو دەقانەی نووسەر وەک (نوشتەش) ئەیانبینێت، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەڵگریی واتایەکی قووڵی شیعرییانە نەبن، بەتام جیاوازییەکە ئەوەیە، ئەم جۆرە دەقانە، خوێنەوە و ئامان و هەڵوەستە کردنیان دەوێت. بیرکردنەوە و تێامان و گەڕان بە دوای

پرسیارە شاراوەکانی دڵۆڤکیان دەوێت، ئەمش پرسیەکە لە توانای هەموو خوێنەرێک نییە و هەموو خوێنەرێکیش ئەو توانستە زمانی و هزریی و شیعرییەی نییە لە هەموو دڵۆپێک بگات.

من بە پێچەوانەی ئەو، هەمیشە ئارەزووی خوێندەوەی ئەو دەقانەم کە تێیان ناگەم، چونکە ئەم شیعرانە، ناچار بە بیرکردنەوە و هەوڵستە و ئامانم دەکەن، بە بەوای من هەر ئەمشە خوێنەرێکی بیرکەرەوە لە خوێنەرێکی ئاگوزەر و بیرنەکەرەوە و فەیسبووکی جیا دەکاتەوە. ئەمە لۆلایەک ، لۆلایەکی دیکەوە، ئۆگەر(جیهانبینی گۆڕە) و(شیعری گۆڕە) و(فەلسەفەی گۆڕە)، بە نووسینەوەی ژیانی ئاستەقینەی کەسەکان بێت، ئەوا دەبوو نووسەر بزانێت ئێستا نیوەی مرۆڤایەتی و کوردیش، شاعیری گۆڕە و فەیلەسوفی گۆڕە و داهێنەر دەبوون. چونکە کەس نییە، هەوداوەک لە ژیانی ئاستەقینەی نەبێت و بشێ بیکاتە تیمەی نووسینین دەقەک. بەیە ئەم قسەیەی نووسەر، قسەیەکی بە ئەرزش و بە ناوەڕۆکە و لە بە ئاگایی و لە شیعرو جیهانبینی شیعری هاتووە. دواجار دەڵێم، هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد (سامی هادی) ئەو پێشکیە بە کەمەڵۆ شیعرەکەی دابنێت، چونکە ئەو خەی شاعیرەکی ناسراوە و من وەک خوێنەرێک شیعرەکانی دەخوێنمەوە و پێشتر لە بارەی شیعرە کانییەوە نووسیومە. ئیدی چ پێویست بەوە دەکات، شیعرەکانی لە ڕەی کەسەکی دیکەوە بناسین.

سەدیق سەعید ڕواندزی

-_____

*خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە سەر پێشکی کەمەڵۆ شیعری (بەڵەمی نادیار) کە چەند ڕۆژێک لەمەو بەر، لۆلایەن (وەشانخانەی بانەدە) چاپ و بڵاو کرایەوە.
** دەربڕینی نەو کەوانەکان، لە وتارەکەی نووسەر وەرگیراون. تکا دەکەم خوێنەران بە دڵنیایی، بگەڕێنەوە سەر وتارەکەی نووسەر، لە پێشکی کەمەڵۆ شیعرەکە.

فلاشباک/ بەشی شانزە.. ستیڤان شەمزینی

لە دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانەوە

ستیڤان شەمزینی
بەشی شانزە

ئەمە وەک ڕۆژانی پێشوو ماندووم، زۆر کارم کردووە، وەک نووسینەوەی دوو کورتە ڕاپۆرت لەگەڵ "ئاسۆی پەیامنێر" بۆ ڕادیۆ، شۆیش تا درەنگانە سەرقاڵی خوێندنەوە بووم. سروشتم وایە شتی دژ بە یەک ئەخوێنمەوە، جاری وایە نووسراوەکانی لینین ئەخوێنمەوە، جاری وایە مەکتوباتی کاک ئەحمەدی شێخ. پاشە جاری دووەم "ئایدۆلۆجی ئەڵمانی"ی "ماركس"م خوێندەوە، بە دوایدا کتێبکی سادەی "شێخ محەمەدی خاڵ"م بە ناوی "ناڵەی دەروون" خوێندەوە. قسەکەی "بردناشە" پراکتیزە ئەکەم کە ئەڵێ "ڕۆشنبیر کەسێکە لە ڕشتەیەک هەموو شت و لە ڕشتەکانی تریش شتێک بزانێ". ئایا بەیارە من ببمە ڕۆشنبیر؟. ئایا لە نێوان پێناسە دژ بەیەکەکانی "گرامشی" و "بیندا"دا ئەبمە چ جۆرە ڕۆشنبیرێک؟.
پاشە شەو، هەواڵی کچی دوایی هونەرمەند "قادر دیلان" لە تەلەفزیۆنی میدیا، بڵاوکرایەوە. لای من دیلان موزیکزانێکی بە توانا و ئاوازدانەرێکی داهێنەر و سترانبێژێکی پێشکەوتووخواز بوو، تەنیا لەبەرئەوە نا کە چەپ بوو، لەبەرئەوەشی کە ئاواز و گۆرانی تەقلیدیی تێپەڕاند بۆ گۆرانی کوردیی مودێرن، ئەگەرچی ئەویش نەیتوانی ئەو زمانە کشتوکاڵییە تێپەڕێنێ لە گۆرانییەکانیدا، کە زادەی قۆناغی فیودالیزمە وەک ئەوەی مەمکی ژن بە سەو و پرتەقاڵ، گۆنای بە هەوێژ و مزرسەو پێناسە ئەکات، لەگەڵ ئەوەشدا توانی لە پێنا چەند هونەرمەندێکی تری هاوشێوەی خۆی شۆشک بکەن، کە گیان لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە.
ئەمە ڕۆژی نەورۆز، هاوڕێکانم ئەستا لە شەقامی سالم "سەهۆڵکە" چاوەڕوانم ئەکەن، بەگوومان ئەستا شەقامەکە جمەی دێت لە خەڵک، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ لاشە لەنێو ئەو حەشاماتە مەگەڵەین، کە وەک سەگەکەی پاڤلۆڤ کاتێ گوێیان لە زەنگی تی ڤی حزبەکانیان ئەبێ، لیکی بدەمیاندا دێتە خوارەوە و دەنێ سەر شەقام و نمایشکی بە ئەرزش ئەکەن!! من دەنیام حزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد زۆر شارەزان لە دەروونزانیدا، پەموایە تیۆری سەگەکەی پاڤلۆڤ پەیڕەو ئەکەن،

چوونکە هەر کات بیانوە زەنگ لە ئەدەن جا مەرج نییە هەموو کات پلە گەشت بێ.
هەشتاش، دیمەنی ئەو گەنجە لە پێش چاوم لا ناچێ، کە دوو هەفتە بەر لە ئەمە، کاتێ لە نەخۆشخانەی ئیمەرجنسی بینیم، ئەو برایەکی لەدەستدا بوو، خەیشی قاچێکی، ئەمە نموونەی دوو کەسبەری زەحمەتکێشی شاری چەمچەماڵن کە لە رێبایەکانی ئەرتێشی بەعسەوە دەستەژیان لەکرابوو، کاتێ ویستبوویان بە قاچاخی بنزین لە کەرکووکەوە بهێنن چەمچەماڵ! بە وتەی خەی لە یەکەم دەستەژدا براکەی پێکرا و ئەمیش بەناو کەسگەی میندا رایکردبوو، بەڵام شانس یاوەری نەبوو لوغمەک لە بن پێیدا تەقیبووەوە.. ئێستاش ئازار ئێژم بە بیرهاتنەوەی ئەو مەرگساتە. لە خەیاڵدام نەورەزی شادیی بە ئەمان چی؟ هیچ شتێک بە هەژاران نییە جگە لە کوڕەوەریی، ئەم دنیایە بەویژدانانە غەدار بووە لەسەر دەستی سیستمی سەرمایەداریی.
سەمەدی بەهرەنگی چەند جوان ئەڵێ "ئەگەر نانێک هەبوو با بە هەمووان بڕێت، ئەگەریش نەبوو کەس نان ناخوات" ئەمەیە گەوهەری سۆسیالیزم و خەونی کەمۆنیستەکان، وەلێ ئەوانەشی بە ناوی کەمۆنیزمەوە هاتن تا دەگاتە خودی لینین، خیانەتیان لەم پرنسیپە مەزن و هیومانیستییە کرد. بەداخەوە.

20-3-1999

پیرەزبەت (ڕەژی جیهانی ماوستایان).. ڕەزا شوان

مامۆستایان بەنەرختترین و گەورەترین ژیرخانی فەرکاری و پەروەردەیی ڕۆشنبیرین.
پیشەی مامۆستایی لە جیهاندا، پیرەزترین پیشەیە و بە دایکی هەموو پیشەکانی تر دادەنرێت. مامۆستایان خاوەنی پیرەزترین پەیامن و مژدەبەخشن بە هەنانەدیی ژیانێکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتر و جیهانێکی ئاسوودەتر. مامۆستایانی سەرکەوتوو کەسەکانی بنیاتنانی فەرکردن و پەروەردەکردنکی سەرکەوتوون.

(جبران خلیل جبران) دەڵێت:" نیشتمانەکان لەسەر شانی سێ کەس بنیاتدەنرێن: مامۆستا پێرۆردەی دەکات، جووتیار خۆراکی بە دابین دەکات، سەرباز دەیپارێزێت".
لێم پێودانگەوە، ئەوە دەزانین کە مامۆستایان چی ئەرکێکی قورس و پیرۆز و چی بەرپرسیارێتیەکی هەستیار و گرنگ و چارەنووسازیان لە ئەستۆگرتوون. هەر هەڵەکردنێک لە فێرکردن و پێرۆردەکردنی قوتابییەکانیانەدا، دەشێ کارەساتێکی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە و راستکردنەوەی زەر ئاسان نابێت و زەری تەدەچێت.
(ئەلیزابێت ماخ) دەڵێت:"لە کاتی ئەنجامدانی پێرۆردەکردنی منداڵەکانماندا، هەر هەڵەیەک بکەین، دەبێتە هۆی دڵەڕاندنی جەنگێک، کە لە پێناوی داهاتوویەکی باشتردا دەستمان پێ کردووە ".
لە ساڵی (١٩٩٤) ەوە، هەموو ساڵێک لە رۆژی(٥/ ئۆکتۆبەر) کە بە (رۆژی جیهانی مامۆستایان) دانراوە، بەم بۆنەیەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە مامۆستایان دەکەن و گوێیان پێشکەش دەکەن. لە قوتابخانەکان و لە شوێنانی تریشدا ئاهەنگی خۆشی و چەندین چالاکی هەمەجۆر و هونراوە و پێخشان پێشکەش دەکرین، هەر لەم رۆژدا، کەمپێک لە مامۆستایانی لێهاتوو خەڵات دەکرێن. ئەم یادەش رێکەوتی راگەیاندن و واژۆکردنی ئەو راسپاردانەن، کە رێکخراوی نێتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) بۆ پێرۆردە و زانیاری و رۆشنبیری، بە هاوبەش لەگەڵ رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ئیدیکشن ئینتەرناشیونا) دا، کە لە کۆنگرەی (پاریس) دا، هاوهەڵوێست بوون لە راگەیاندنی کەمپێک راسپاردە. لە پێناوی ئاوەدانەوە و بایەخدانی پێویست بە پیشەی مامۆستایی و بە وانە وتنەوە. بە باشکردنی باردۆخی مامۆستایان و پارستنی مافەکانیان لە هەموو جیهاندا. چونکە فەرکردنێکی باش و پێرۆردەکردنێکی دروست، هیوا و مژدەبەخشی ژیانێکی باشتر و خۆشتر و داهاتوویەکی گەشتر و شیاوترن.
لە کۆنگرەی پێنجەمی نێودەوڵەتی بۆ پێرۆردە، کە لە ساڵی (١٩٦٦) دا، لە شاری (جنێف) لە سویسرا بەسترا، لەسەر رۆشنایی راسپاردەکەی (یونسکۆ) و (ئیدیکشن ئینتەرناشیونا) یەکێک لە بڕیارە گرنگەکانی ئەم کۆنگرەیە ئەوەبوو، کە بە یەکەمین جار بڕیاری ئەوەیان دا، کە رۆژی (٥/ ئۆکتۆبەر)ی هەموو ساڵێک، بکرێت بە رۆژی مامۆستایان لە هەموو جیهاندا، بە ناوی (رۆژی جیهانی مامۆستایان). بۆ یەکەمین جاریش لە (٥/ ئۆکتۆبەر/١٩٩٤) دا، بە فەرمی لە زیاتر لە (١٢٥) وڵات لە

جیهاندا، بەم بۆنەوە چالاکی و ئاهەنگی شیاویان سزاکرد. لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ، لەم ڕۆژ و مانگەی هەموو ساڵێکدا، بە ئۆپەڕەی ڕۆژەوە، یادی ساڵڕۆژی (ڕۆژی جیهانی مامۆستایان) کردەتەوە. مەبەستیش لەم یادکردنەوەیە، دانان و پێزانینە، بە ڕۆحی گرنگ و بە قوربانیدانی مامۆستایان و بە پیرۆزی پیشە و پەیامەکەیان.
ڕۆژی جیهانی مامۆستایان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، لە هەمان ڕۆژدا ناکرێت. لە هەندە وڵاتدا. لە ڕۆژان و مانگی تردا دەکرێن. ڕەنگە ئەو ڕۆژانەیان هەبژاردووبێت کە پەیوەندییان، بە ڕۆژی تایبەتمەندی مامۆستاکانیان یا نیشتمانەکانیانەوە هەبێت.
مامۆستایان بە دەسەزی و لەخەبووردن و ماندووبوونەوە خزمەت دەکەن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی سوپاس و هیچ پاداشتێک بن. لە هەموو وڵاتاندا، مامۆستایانن بەردی بناغە و کڵێکانی شارستانی و پێشکەوتن و داهێنان و گەنجینەکارین. ڕابەر و چرای گەشی ڕووناکردنەوەی شەوڕەنگی تاریکین. مەم ئاسایی دەسووتێن بۆ ئەوەی ڕێی سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهاتوو بە ڕۆحانی نیشتمانەکانیان ڕووناک بکەنەوە. مامۆستایان هەنگ ئاسایین و شێلەی گوڵانی زانیاری و زانستی دەمژن و هەنگوینی زانیاریمان پێشکەش دەکەن. مامۆستایان هێندە ڕەزدار و شکەدارن و پایەبەرزن، تا ئەو ڕادەیەی کە بە میراتگر و بە جێگرەوەی پێغەمبەران ناوزەند کراون. میری شاعیرانی عەرەب (ئەحمەد شەوقی) کە (بە ڕۆچەک کورد) دەڵێ:"هەستە بە مامۆستا شکەداریە.. هێندەی نامابوو مامۆستا ببێت بە پێامبەر"
مامۆستایان لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا ڕۆکی گرنگ و کارتێکەریان هەیە. چونکە مامۆستایان نەوە لە دوای نەوە پەروەردەگەیەنن. هەمایەکن لە هەماکانی پێشکەوتن و شارستانی. گەر گەلان شانازی بە زانا و دانا و بیرمەند و بلیمەت و داهێنەرکانیانەوە بکەن، دەبێ ئەوە بزانن کە هەموو ئەم هەڵکەوتووانە لە پێشا قوتابی مامۆستا بوونە.
ئەمڕۆ لە پەڕەک، نەبوونە بە کەچ و کوڵەک. مامۆستایانی کوردپەروەری دەسەزمان فەری ئەلفوبێی کوردایەتی و کوردستان پەروەری و تەکۆشان و گەشبینی و هیواداریان کردین. هەشی ئەمە زۆییەکی بەیار بوو. مامۆستاکان کۆڵەیان و تاوی زانست و زانیاریان لە تاوکرد. لە چی پایە و پستەکدابین، هەمیشە قەرزاری مامۆستاکانمانین. پشکی شانازی بە دەسەزی و ڕەنج و ماندووبوونی ئەوان دەگەڕێتەوە. ئەوان ڕۆکی گرنگیان لە بنیاتنانی دروستکردنی کەسێتی ئەمڕۆدا بینی.

مامۆستایانی خۆشەویست، پێشمەرگە گیانبەخشەکانی گەلی فەرکردن و پێرۆردە، ئەو شایانی ئەوپەڕی سوپاس رێز و پێزانین. ئەوان منداڵانی گەلەکەمان بە باشی فێردەکەن و بە دروستی پێرۆردەیان دەکەن. ئەوەی دایک و باوک و خوشک و برا ئاسایین، دەستی سەز و خۆشەویستی و رێز بە سەر منداڵە چاوگەشەکانماندا دەهێنن. ئەوە خۆشەویستی و هاوبەستبوون بە کوردستان و کورد لە لایان شیرینتر دەکەن. لە راستیدا ئەوەی مامۆستایانی دەسەز پارێزکی دەگمەنن کە بە ئاسانی دەست ناکەون.
مامۆستایانی دەسەز، ئەو منداڵە چاوگەشانەی کە تا دوێنێ قوتابی ئەوە بوون، لە ئەمڕۆدا: مامۆستان، نووسەرن، هونەرمەندن، پارێزەرن، پزیشکن، ئەندازیارن، بڕیارەبەرن، تەکنەشەرن، رێژنامەنووسن، راگەیاندنکارن، چالاکوانن،.. هتد. ئەمانە ئەو تەوانەن، کە ئەوە تەتان کرد و پێیانتان گەیاند و هاتوونەتە بەرهەم.
مامۆستایانی فرە بڕێزمان، ئەوە شوێنکی تایبەتیتان لە دڵماندا هەیە، خۆشەویستی و رێزمان بە ئەوە بسنوورن. هەردەم لە یادتان ناکەین، هەرگیز رێز و خۆشەویستیتان لە دڵماندا کاڵ نابنەوە. نەک تەنها لە رێژی جیهانی مامۆستایان دا، بەڵکو لە هەموو رێژەکانی سادا، رووخساری گەش و شیرینی ئەوە لەبەر چاومانە. وشە ناسک و جوانەکانتان، رێنماییە دروست و بەسوودەکانتان، زێردەخەنە شیرینەکانتان، چرۆکی تایبەتییان لە یادەوەرییەکانماندا هەن. لە ئەوەی دەسەزەوە فێری تەکەشان و کوردایەتی و کوردستان پەروەری و گەشبینی و کەنەدان و هیوا و ئومیدی سەرکەوتن بووین. لە ئەوەوە فێربووین کە لە بەردەم بەڵا و متمانە بەخۆبوون و ئیرادەی پەڵایین و خۆڕاگری و کەنەدانەدا، بە گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکانمان، ئەستەم بوونی نییە.
مامۆستایانی دەسەز و کوردستان پەروەر، وشەی سوپاس و ستایش شەرمەتان لێدەکەن. چونکە ئەوە زۆر لەوە گەورەتر و جیاوازتر و شایستەترن، کە وشە و رستەی شیرین، بتوانن ببن بە پارسەنگ و هاوسەنگی دەسەزی و شکۆداریتان.
مامۆستایانی کوردستان، زیادەیی ناکەم کە دەڵێم بە راستی ئەوە جیاوازن. لە کاتی شەڕش و راپەڕینەکانی کوردستاندا، ئەوە رابەر و پێشەوا و پێشەنگ بوون، بە دەستەکتان چەکی بەرگریتان هەڵگرتبوو، قارەمانانە و سەرسەختانە لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا بەرگریتان لە خاکی پیرۆزی کوردستانمان دەکرد. بە دەستەکەی تریشتان پێنووس و پەرتووکتان هەڵگرتبوون. لە دێەکان و لە

پەنای کۆمەڵە سەرکەشەکان و ئاشکەوتەکانی کوردستانداا، منداڵانی گەلەکەمانتان فێری خوێندنەوە نووسین دەکرد. فێری چەینی سروودی (ئەی رەقیب) و (دەمی راپەڕینە) تان دەکرد. لە خەباتی نهێنی ناو شارەکانیشدا، ئەوە دینامۆی هاندان و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان بوون. بە رۆژ شانە تەکۆشەرەکانی ناو شارەکانتان رێکدەخست. بە شەوانیش سەرپەرشتی چالاکییەکانی دژ بە رژێمی داگیرکەرتان دەکرد. ئەوە لە هەموو شوێنێکانی کوردستانداا، سەری رەم بوون و پشکی شێری تێکۆشان و خەبات و گیانبەختشیینتان هەبوو. مامۆستایانی پاک و پەڕە لە سەروەری و لە شکۆداری و لە هەوەستی بەرز. ئەوە لە شوێنکاندا پێشمەرگەی هەڵمەتبەری شەر ئاسایین. لە ئاشتیشدا هەڵگری چەک نەرگزی خۆشەویستی و ئاشتین. ئەمە باوەڕتان بوو و باوەڕتانە و نەگەڕاون و ناگەڕێن.

ئەوە بەبێ مووچە و بە نیوە مووچە و بچارەگە مووچە، خەڵاگربوون و بایکۆتی خوێندتان نەکرد و قوتابخانەکانتان بەجێ نەهێشت. بە کوێرەوەری و بە نەبوونی درێژەتان بە خوێندن و بە پەیامە بەرز و پیرۆزەکەتان دا. بەیە لە هەموو کەس ویژدان ئاسوودەترن. بەم خەڵاگریەتان، لاپەڕیەکی شکۆداری و سەروەریی ترتان لە مێژووی مامۆستایانی کوردستان تۆمارکرد. رێز و پێزانین و خۆشەویستی راستیی گەلەکەمان بۆ ئەوەی مامۆستایانی دڵسۆزمان، بەرزترین میدالیای پێزانین و رێزلێنانێ.

بە داخەوە کە دڵسۆزاتدارنی سەرکوتکەری هەردوو حیزبی دڵسۆزاتدار لە هەرێمی کوردستانداا. لە جیاتی پاداشتکردن و پێزانین و سوپاس و رێزلێنان بە تێکۆشان و خەڵاگری و بە خزمەتی پیرۆزتان. کەچی زەر نامەردانێ، بە شەق و بە تەپا لێدان و گوللەباران و بە قسەی سووک و بە جوێنی ناشیرین، وەحامی مافەکان و داوا رەواکانتانیان دایەوە. ئەمەش ئەوپەڕی بێوەشتی و ناپیاویی. پەیەکی قیزەونیشێ بە تەوەی دڵسۆزاتی خەڵکپێنی شکستخواردوو و هیچ لەباری هەرێمی کوردستان.

رۆژی سێ شەممە (٥/ ئۆکتۆبەر/٢٠٢١) یادی (٢٧) تەمین ساڵەڕۆژی (رۆژی جیهانی مامۆستایان) ێ. مامۆستایانی کوردستانیش بەشکن لە مامۆستایانی جیهان. بەم بۆنەیەوە، پێبەدێ جوانترین پیرۆزبایتان لێدەکەین. دەستێ پیرۆزکانی یەک بە یەکتان ماچ دەکەین و جوانترین چەپکێ گوڵی خۆشەویستی و رێز و دڵسۆزی و ئەمەکداری و پێزانینمان پێشکەشتان دەکەین.

ئەمەش کەمترین شتە لە ئاستی دەسەزی و شکەداری بەرخودانی ئووەدا. گەشبینین کە لە سایەی دەسەزی و پەرەش و ماندووبوونی ئووەدا، داهاتووی گەشتر بۆ کورد و کوردستان دەتەدی.
بەم بۆنەیەوە، ئەم پارچە هەنراوەیەی خۆم، کە بۆ ناوی قوتابیێ بۆ ئەمەکەکانتانەوە نووسیوەە. پێشکەشی سەرجەم ئووەی مامۆستایانی کوردستان دەکەم:

هەڵسن مامۆستا هات
هەڵسن هەڵسن مامۆستا هات
پێشەوەمانە بەرەو ئاوات
مامۆستایە پێیەم پێرەز
لەو بۆ خەندە و هەمن و بەسەز
بە رووخۆشی و زمانی شیرین
زانستی زەری پە بەخشین
مامۆستامان پشەنگمانە
خوشک و برا و هاوڕێمانە
بە تەی مامۆستای دەسەزمان
پێزانین و سپاس و رەزمان

رەزا شوان
سوید: ٣/ ئوکتۆبەر/٢٠٢١

"ئەزموون" خولاتی باشترین سیناریۆی فەستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "تیرانا"ی بەدەستهێنا

مەنسوور جیهانی ـ

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" The Exam لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد "شۆکەت ئەمین کورکی" خولاتی باشترین سیناریۆی بەشی "پشبەکی سەرەکی" ١٩مین خولی فەستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "تیرانا" لە وڵاتی ئاڵبانیای بەدەستهێنا.

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" The Exam چوارەمین فیلمی بەندی سینەماکاری کورد "شۆکەت ئەمین کورکی"، لە بارەمهێنانی "مەمەد ئەکتاش"، بارەمی هاوبەشی هەرەمی کوردستان و وڵاتانی ئەمانیا و قەتەر؛ لە دووهەمین بەشداری نێودەوڵەتی خۆیدا لە بەشی "پشبەکی سەرەکی" نزدەیەمین خولی فستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "تیرانا" Tirana لە وڵاتی ئەلبانیا نمایشکرا و لە لایەن بینەرانەوە پشوازییەکی بەرفراوانی لێکرا و ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی ئەم فستیڤاڵە باوەڕیان بە فیلمەکە هێنا و بڕیاریان دا خەڵاتی باشترین سیناریۆی ئەم بەشەیان پشکەش بە "شۆکەت ئەمین کورکی" و "محەمەد ئەزا گوهەری" نووسەرانی سیناریۆی ئەم فیلمە کورد بکەن.
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "پشبەکی سەرەکی" نزدەیەمین خولی فستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "تیرانا" بریتی بوون لە: "جیوانی ڕۆبیانۆ" Giovanni Robbiano سیناریۆنووس لە وڵاتی ئیتالیا، "عیسمەت سیجارینا" Ismet Sijarina سیناریۆنووس و دەرهێنەر لە وڵاتی کۆزۆڤۆ، "سیمئۆن ڤێنتیسلاڤ" Simeon Ventsislavov سیناریۆنووس لە وڵاتی هەنگاریا و هەروەها خاتوو "باربارا گاسەر" Barbara Gasser ڕۆژنامەنووس و ڕخنەگری سینەمایی لە وڵاتی نەمسا و ئەندامی ئەنجوومەنی چاپەمەنییەکانی هۆلیۆوودHFPA. ◘
فستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "تیرانا" TIFF وەکوو گرینگترین و گەورەترین ڕووداویی سینەمایی ناوچەی باڵکان؛ بە مەبەستی پێکهێنانی ناوەندێکی گرینگی فەرهەنگی و سینەمای سەربەخۆ، ڕەخساندنی کەشووهەوایەکی هەڤاڵانە بۆ سینەماکارانی ئەوروپا و سەرتاسەری جیهان و هەروەها کۆکردنەوەی تامەجرۆیان، خوێندکارانی سینەما و شەیدایانی ئەم هونەرە بەنرخە دامەزراوە.
فیلمی سینەمایی "ئەزموون" بارەمی کومپانیای "میتوس فیلم"ی بەڵژیکی و کومپانیای "مستی فیلم"ی سلێمانی کە بۆ پاڵپشتی وەزارەتی ڕوشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهاتووە، لە لایەن کۆمپانیای نێودەوڵەتی ئەمانی "ئارت هوود" ArtHood لە ئاستی جیهاندا باڵودەکرێتەوە.
نزدەیەمین خولی فستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "تیرانا" بە دروشمی "جیاواز بیربکەنەوە و یەکسان سەیربکەن" لە چەندین بەشی پشبەکی لەوانە؛ بەشی "فیلمە بینەرەکان"، بەشی "فیلمە یەکەمە بلێندەکان"، بەشی "کورتە فیلمە چیرۆکی و ئەنیمەیشنییەکان" (فیلمە هەبژاردراوەکان ڕەوانەی خەڵاتەکانی ئەسکار دەکرێن)، بەشی "بەگەفیلم"، بەشی "پشبەکی خوێندکاری"، بەشی "هونەر و

ئەزموون”، بەشی “فیلمەکانی باڵکان” و بەشی “ئەو فیلمانەی کە بە زمانی ئاڵبانیایی سازکراون” و هەروەها بەشی دەرەوەی پڕشبۆکی، لەوانە؛ بەشی “تەرکیز”، بەشی “نمایشی تایبەت”، بەشی “پانۆراما” واتە: نمایشی “فیلمی منداڵان”، “جیلەکان”، “دنیای نوێ”، “زەوقە جیاوازەکان” و چەندین بەشی دیکە لە ٢٤ ژانیی تا ٣٠ی سێپتەمبەری٢٠٢١ لە شاری تیرانا پێتەختی وڵاتی ئاڵبانیا بەڕێوەچوو.

بۆ زانیاری زیاتر:
/http://tiranafilmfest.com/awards-2021

لاپەڕەی فۆرمی فیلمی سینەمایی “ئەزموون” لە ئینستاگرام:
https://instagram.com/the_exam_movie?utm_medium=copy_link

لاپەڕەی فۆرمی فیلمی سینەمایی “ئەزموون” لە فەیسبووک:
https://www.facebook.com/The-Exam-%D8%A6%DB%95%D8%B2%D9%85%D9%88%D9%88%D9%86-106319785023346/

بەردەوامبوونی گشتی فیلمی سینەمایی “ئەزموون”.

خوێندنەوەی ئەمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)ی (کاروان کاکەسوور).. ئاراس وەهاب

کاتێ ئەمانی (یادەوەریی بووکانم)م خوێندەوە، هەستم کرد (کاروان) نزیک هەر ئاستی ئەمانی کوردی، بەکوو ئاستی پشووی خۆیشی تێپەڕاندووە. لە خەمم دەپرسی ئایا دوای ئەم ئەمانە ئەمانێکی تر چاپ دەکات لانی کەم ئەم ئاستەی بپارێزێت، بەڵام (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟) ئۆگەر لەو باڵاتر نەبێت، هەمان ئاستی ئەوی هەیە. بۆ ئەوەی ئەمانێک بۆ خوێنەری زیرەک بێت

تێکستێکی داهێنەرانەیە و دنیایەکی گەورەتر لەوەی هەیە ئەفراندووە، پەیوستە بیرکەی قووڵی خستبێتە ڕوو، بەڵام لەوێش گرنگتر ئەو هێگا و تەکنیکانەن، کە بیرکەکانیان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و جیاواز گەیاندووە.
بە ئەوەی باس لە تێکستی (کاروان) بکەین، پەیوستە بیخوێنینەوە. هەنگاوە بوترێت ئەمە بە هەموو تێکستێک دروستە، بەڵام ڕاستییەکەی لەڕادا مەبەست لە چەمکی خوێندنەوە وەستانە لەسەر هەر وشەیەک، هەر ئاماژەیەک، هەر ڕستە و پەرەگرافێک، تەنانەت ناوی کارەکتەر و شوێن بەمەبەست نین. کەی دەتوانیت بڵێیت تێکستی (کاروان)م خوێندووەتەوە؟ کاتێ دەتوانیت باس لە پەیوەندیی نێوان هێگزەکان بکەیت و لە کاتی قسەکردندا نموونەیان لە وەربگریت. ئەوە خوێندنەوە نییە کە من چەند لاپەڕەی سەرەتای بە پچڕپچڕی سەیر بکەم، یان لەبەر و لەوە سەرنج لە هەندێک ڕستە و زاراوە بدەم و بەم لەبارەیەوە قسە بکەم، گوایە خوێندووومەتەوە.
من بە خوێندنەوەی ئەم هەمانە کاتێکی زەرم تەرخان کرد. تێکستی (کاروان) چ چیرۆک و چ هەمان کورت ناکرێنەوە، چونکە لە کەمدێک بیرکە پێک هاتوون، چەندان ئاماژەیان هەن، بەژمار کارەکتەر دەردەکەون، هەوداوەکان تێک چەژاون، کات تێک شکێنراوە و زۆری تر. (کاروان) لەگەڵ نەزانراو، نەوەک لەگەڵ زانراودا کار دەکات، بەڵێ ئەو خوێندنەوەیەی هەوبەشووی ئەو نەزانراوانە نەبێتەوە، ناتوانێت هیچی نوێ بە دەستەوە بدات. سەرجەم بەرهەمی (کاروان) گەڕانە بە دوای ئەوانەی نین و ونن، نەوەک ئەوانەی هەن و ئامادەن. ئەو ژیانی خەی نانووسێتەوە، بەڵام مەبەستیەتی هێگای تری ژیان بدۆزێتەوە، کە ئەدەبی گەڕانەوە گونجاوترین ژینگەیە تێیدا ئەو هێگا نەزانراوانە تاقی بکاتەوە. ئەم هەمانە نموونەیەکی دیاری ئەو گەڕانەیە. پێت دەڵێت هێگای تری ژیان زەرن، بەڵام لە واقیعدا ئەمە تەنیا یەکەکیمان تاقی کردووەتەوە، ئەو هێگایەی پێی ژیاوین و بەم ئێستایەی گەیاندووین. ئەم هەمانە ژیانی زانراوی نووسەر و خوێنەریش بە لاوە دەنێت و چەند هێگایەکی تری نەزانراو پێشان دەدات. ئایا هەر بە ڕاستی هێشتا توانایەک لە ئارادا نییە ئەمە خودی ئەو تەمەنەی بەو هێگا زانراوەدا بە سەرمان بردووە، بە کەمدێک هێگای تریشیدا ببین و بە ئەنجامی دیکە بگەین؟ (کاروان) خەی لە دەروازەی هەمانەکەدا نووسیوێتی: ((ئەگەر پێت وایە دەبوو بەم خاڵەی ئێستای زەمەنت بگەیت، تۆ لە زەمەن نەگەیشتووێت. خۆ ئەگەر وا بزانیت تەنیا دەکرا بەم هێگایە پێی بگەیت، ئەوا لە زەمەن هەر نەگەیشتووێت! ئەمە بۆیە دەڵێم، چونکە نووسین فێری کردم دەکرێت بە زەر هێگای جیاواز زەمەن ببەم. ئەم (ئێستا)یەی ئێستام،

یەکەکە لە هەزاران (ئەستا)کانم. ئایا تۆ دەزانیت من بە قەدەر (ئەستا)کانم، (هابردوو) و (ئایندە)یشم هەن؟))
هەوڵ دەدەم لە ڕێگای چەند تەوەرێکەوە خوێندنەوەیەک بە ڕەمانەکە بکەم:

بەشەکانی ڕەمانەکە:
لە هەشت بەش پێک هاتووە و دەروازەیەکی هەیە. هەموو ئەو پارچانەی (ئەو ئەفریسمانەی) لەو دەروازەیەدا هەن، لە تێکستەکەدا شوێنەواریان هەیە. ڕەمانەکە لە دەرەوەدا لە مرۆڤ دەچێت و قەناغەکانی گەشەکردنی بایۆلۆجیایەی مرۆڤیش دەردەخات. دەروازەکە کەرپۆلەی سکی دایکە، بەشی یەکەم ساوایە و لە بەشەکانی تردا گەشە دەکات، بەڵام لە ناوەوە ئەو سیستەمی کاتێک دەشکێنرێت و شێوەی بازنەیی شوێنی دەگرێتەوە. بە نموونە لە بەشی حەوتەمدا زۆر وردتر لە بەشی یەکەم باس لە قەناغی منداڵی دەکات. واتە ئەو بیرکانەی سەرەتا بە سادەیی خراونەتە ڕوو، لەوێدا قووڵ دەکرێنەوە.

شێوازی ئێپیستەلاری(Epistolary):
(کاروان) خۆی لە پێشەکیی (ڕاگەردان)دا لەبارەی ئەم شێوازەوە دەنووسێت: (واتە گەڕانەوە لە شێوەی نامەدا، یان قسەکردن بە کەسێک، یاخود زیاتر لە کەسێک، کە ئەوانە زیاتر گریمانین، نەوەک ڕاستی. یەکێک لە شێوازکانی مانەگ، بەوەی کارەکتەر بە پلەی یەکەم پشت بە یادەوەریی خۆی دەبەستێت. بە ناخیدا ڕوو دەچێت و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، کە مەرج نییە بەدوای یەکدا بێن، بەکوو پاشوپێشیان پێ دەکرێت. ئەو تەکنیکە بەردەوام لای ڕەمانووسانەدا جێگەی بایەخ بووە. بە نموونە کامیلە خاسە سێلا لە ڕەمانی خانەوادەی پاسکوال دوارتەدا بە کاری هێناوە).(1)
لەم ڕەمانەدا (کاروان) هەموو شتەکانی خۆی بە (کارا فاتیح) دەگێڕێتەوە.(2) واتە لەی دەپرسێت هاوڕێیەکی هەیە و نیازی وایە سەردانی بکات، ئاخۆ ئەو لەو بارێوە چی دەڵێت. بە ئەوەی (کارا فاتیح) بڕچوونی خۆی پێ بڵێت، سەربردەی هەموو تەمەنی دەگێڕێتەوە، کە پەیوەندیی بەو هاوڕێیەوە هەیە. بەکورتی (شەکشەک)، ئەو هاوڕێیەی منداڵیی (کاروان) لە منداڵییەوە گەیشتبێتە هەر کەسێک، شوێنکی شکاندووە. (کاروان) بەیاری داوە نەبینێتەوە و ماوەیەکی زۆریش لە ئەوروپا لە ژیانیدا گوم دەبێت، بەڵام ئەمجارە تەلەفۆنی بە دەکات و پێی دەڵێت دیسان دەیەوێت سەردانی بکاتەوە. لەمەوە (کاروان) پێنا بە (کارا فاتیح) دەبات بەو هیوایەی لەم ڕووەوە بڕچوونی خۆی بڵێت.

بایەخی ئەم شێوازە لەوەدایە کە هەمیشە نیگاتیڤیک، واتە کارەکتەرێکی ناوەوە هەیە، گوێی گرتووە و لە گەڵانووکەدا بە بەدەنگی بەشدارە، کە لێرەدا (کارا فاتیح)ە. هەروەها ئەو شێوازەی کردووە کات بە شێوەی زنجیرەیی نەچێتە پێشەوە، بەڵکوو ئاڕاستەی جێراوجێر وەربگرێت. دواتر بە تایبەت بە ئەم خاڵە دەگەڕێمەوە.

بایەگرافیا:

ئەوەی پێشتر بەرهەمکانی (کاروان)ی خوێندبێتەوە، بە تایبەتی (منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پێلکەزەینەکاندا بازبازێنی دەکرد) و گفتوگۆکانی، دەزانێت ئەم ڕەمانە بە شێوەیەک لە شێوەکان ژیانناموەی نووسەر لە خەی دەگێڕێت، بەڵام ژیانناموەیەکی دەقاودەق نا، بەڵکوو هەندێک خەسڵەت و ئاماژەی ژیانی خەی بە کار هێناون. وەک (ژیڤان بۆکر) دەنووسێت ((ئەم کتێبە ژیانناموەیە، وەڵێ بە تامی ڕەمان نووسراوە، هەر لە دەستپێکی ڕەمانەکەدا، نووسەر باڵ بەسەر گەڵانووی بیرەوەرییەکانیدا دەکێشێت. وەگەڕووی هەمووشتزان بە کاتی ئێستە و بەردەوام ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، جیاواز لە تەکنیکە باوەکانی تر، کە چیڕۆکی هونەریی کلاسیکیی کوردی پێ دەنووسران. بە دیوەکی دیکە، گەڕەوە خەی لە کاری ئابردووی (بوو) دەرباز کردووە، بەیە بە کاتی ئێستە و بەردەوام ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە)).(3)

بە نموونە باوکی هەمیشە لە سیاسەت ترساوە و دایکی کەسێکی بەپارێز بووە، بە تایبەتی لە پاکوخاوێنی و ڕەکخستنی ماڵدا زیادەڕەیی کردووە. منداڵێک لەنێوان ئەو دایک و باوکدا سەری لە تەک چووە و بە مانای وشە دەچەوسێنرێتەوە. لای باوک خوێندن هەموو شتێکە و جگە لە کتێبی خوێندنی فەرمی، هەر شتێکی تر قەدەغەیە. دایک دەیەوێت هەموو شتێک بە ڕێکی بچێتە پێشەوە. نابێت کوڕەکەی نەخەش بکەوێت، نابێت بە ئاوی زەرگەرم خەی بشوات و ئاوی زەرساردیش هەر خراپە. ئەو دوو خەسڵەتەی دایک و باوک تا قەناغی لاوەتییش بەردەوامن و ڕەژانە ڕووبەڕووی ئەو کوڕە دەبنەوە، کە لێرەدا ناوی (جیهانگر)ە. نەبوونی ئازادی لەو ماڵەدا وای کردووە (جیهانگر) هەندەی لە خەیاڵدا بژی، هێندە لە واقیعدا نەژی. لەبەر ئەوەیش خەیاڵێکی چڕی هەیە، بەڵام لە ڕووی جەستەوە شەتێک دراوە. وایش ڕێک کەوتووە هاوڕێی نزیکی (شکشک) بێت، کە ئەو تەواو پێچەوانەیەتی. ئەوە وای کردووە هێڵە درامییەکە گەرم ببێت و ژیانی پێ بێت لە ڕووداو. ئەو خەیاڵە هاتووەتە ناو ڕەمانەکە و نەیهێشتووە بە تەواوی ببێتە ئەدەبی ژیاننامە، بەڵکوو هەر ئەوەیە ژیاننامە لە پاڵ کەمێک

ڕۆگەزی تردا بایەخی هەیە.

زەریی کارەکتەر:
یەکە لەو ڕۆگەزانەی ڕۆمانی نوێ لە ڕۆمانی تەقلیدی جیا دەکاتەوە، زەریی کارەکتەر، بە مەرجێ ئەو کارەکتەرانە خاوەنی زمان و تێگەیشتنی خۆیان بن، نەوەک زمانی نووسەریان بەسەردا زاڵ بێت. لە ئەدەبی کوردیدا (کاروان) بەوە دەناسرێتەوە، کە بەردەوام کارەکتەر دروست دەکات، بەڵام هەر کارەکتەرێک چیرۆکی خۆی هەیە و خاوەنی زمانی خۆیشیەتی. لەناو یەک خێزاندا کەسەکان تەواو جیاوازن. هەتا ئێگەر ناویان نەهێنێت، خوێنەر لە ڕۆگای زمانەوە دەیانناسێتەوە. (جیهانگر) و (شەکشەک) هاوڕێی مندااڵیی یەکترن، لە یەک کۆمان و لە یەک ڕۆژدا هاتوونەتە دنیاوە، کەچی دوو دنیای تەواو جیاوازن. زەدەڕۆیی نییە ئێگەر بەم ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟) هەزار کارەکتەر زیاتر لە خۆی دەگرێت، کە چیرۆکی یەکەکیان لەوەی تریان ناچێت و زمانی هەر یەکەیان لەوەی تر جیاوازە. واتە ڕۆمانەکە فرەدەنگە. (کاروان) لە سەرەتاوە بایەخی بە فرەدەنگی داوە. بووەتە ئەزموونی خۆی، بۆیە دەیشتوانێت لە گفتوگۆکانیدا بە چاکی لەبارەی ئەو چەمکەوە بدوێت. نوێترین گفتوگۆی لەژێر ناونیشانی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دایە، کە (شاخەوان سدیق) لەگەڵیدا کردووە. ئەو چەمکەی بە فەلسەفەی جیاوازییەوە گرێ داوە و بەوردی ڕۆهەندەکانی دەرخستووە.(4) (د. حەمە مەنتک) پێی وایە (کاروان) ئەو ڕۆمانووسەیە، کە لەبارەی تەکنیکەکانی گێڕانەوەوە شارەزاییەکی دەگمەنی هەیە.(5) من لەگەڵیدا هاوڕام. لەم ڕۆمانەدا بە دەرخستنی تەکەای ڕۆهەندەکانی کارەکتەر کەمەک تەکنیکی نوێی بە کار هێناون، بۆیە تێگەیشتن لە ڕۆمانی (کاروان) پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە.

منداڵی و گەورەیی پێکەوە:
لە پێشەوە وتمان ڕۆمانەکە لە دەرەوەدا لە مرۆڤ دەچێت و قەناغەکانی گەشەکردنی بایەلۆجیانەی مرۆڤیش دەردەخات، بەڵام لە ناوەوە ئەو قەناغانە تێکەڵ دەبن. دەرخستنی قەناغی منداڵی لای (کاروان) مانای گێڕانەوە نییە بە ئەو قەناغە، بەڵکوو پێشخستنە. تەمەنی مرۆڤ لە دیدگای ئەودا بەم شێوەیە دابەش ناکرێت: منداڵی، هەرزەکاری، لاوی، کامڵی، پیری، بەڵکوو ئەوانە هەموویان پێکەوە هەن، بۆیە شتێک نییە بە ناوی گێڕانەوە بە منداڵی. واتە فەاشباک نییە، بەڵکوو فلاشفۆردە، چونکە منداڵی قەناغێک نییە، تا تەواو بووبێت، بەڵکوو بەشێکی دانەبڕاوی کاتی ناوەوەیە. ئەو لە چاوی منداڵەکەوە دنیای گەورەکان دەگێڕێتەوە. (کاروان) نایەوێت بەڵت

منداڵی بەهەشتە، بێ ئاوەیشی نییە داخ بێ بەسەرچوونی ئاو قەناغێ هەبکەشت، بەڵکوو بێ ئاوەیاتی دنیای ساختەی گۆرکان دەربخات. لێ بەشی حاوتەمدا منداڵێک لێ ماوەی یەک ساڵدا دوو جار ون دەبێت، یان سەر هەڵدەگرێت. لێ ونبوونکانیدا نهێنیی دنیای گۆرکان دەدەزێتەوە و پەمان دەڕژێن. لێو دوو ونبوونەدا کوژرانی چەند کەسێک دەبینێت و نهێنیی دوو سێ ماڵ ئاشکرا دەکات، کە ئاگەر ئاو منداڵێ نەبووایە مەحاڵ بوو بیزانین. لێ (کاروان)م پرسی ئاو تەکنیکێ چییە، کە وا دەکات منداڵێک دنیای گۆران بگۆڕتەوە، بێ ئاوەیی منداڵیی خۆی لێ دەست بدات. واتێ بێ ئاوەیی هەست بکەین گۆڕیە. گوتی نارەتارەکی دووڕگ هەیە. واتێ تەکنیک لێ منداڵی و گۆڕیی، تا بێ جارێ دوو دیدگێ دروست بکات. دیدگەی نارەتارەک، کە هیچی گۆڕیە و نارەتارەک، کە خودی منداڵەکیە. بێ ئامێژش زەمینەی ساز کردووە. بێ نموونێ هەر لێ بەشی حاوتەمدا، نارەتارەک هەیە تەمەنی بیستوحاوت ساڵە و لێ ئانکارێیە لێگەڵ نارەتارەک یەک دەگرێت، کە منداڵەکە لێ تەمەنی پێنج و شەشدایە. کەواتێ نارەتارەک کاتێ بێ زمانی منداڵەکەوە ڕووداو دەگێڕێتەوە، ئاوە لێ ناخیدا نارەتارەکی گۆڕیش هەیە. وەک پێشتر وتمان بێ شێوازی ئاپیستێلەری نووسراوە. هەشیاریی گۆڕیەک و چاوی تیژی منداڵەک یەکیان گرتووە و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە. واتێ هەشیاریەکی دووڕگ ئامادەیە، بەیە زمانی منداڵەک لێم ڕەمانەدا هەمان زمانی منداڵەک نییە لێو واقیعەی ناسیومانێ.

چەمکی کات:

بێ ئاوەی هەر تێکستێکی (کاروان) بخوێنینەوە، پێویستێ واز لێو تێگەیشتنێ سادەیە بهێنین، کە لێبارەی چەمکی کاتەوە هەمانە، بێ ئاوەی هیچ تێگەیشتنێکی تری پێشوەختیش دروست بکەین، بەڵکوو دەبێت ڕووبەڕووی تێکستێکە ببینەوە، تا لێوەدا وردەوردە تێگەیشتنی خەمان هەڵبچنین. لێم ڕەمانەیشدا وەک هەموو بارەمەکانی تری بایەخی سەرکیی بێ کات دراوە. بایەخی ئاو بێ کات ڕووبەکی فەلسەفەییانەی هەیە، کە بەردەوام لێ گفتوگۆکانیدا دەریخستووە. هەر ئامساڵ لێ دوو ئازموونەوە باسی لێو دیۆ فەلسەفییەی کات کردووە. یەکەمیان، لێ وتارێکدا بێ ناونیشانی (کات وەک پرسیارێکی شانگەز لێ ئازموونی منداە)،(6) بەناوی دووەمیان، لێو گفتوگۆیەی لێژەر ناونیشانی (ڕەمان لێ تاکدەنگەوە بێ فرەدەنگ)دا چاپ کراوە. لێ شوێنێکی ئاوەی دووەمیاندا پێی لەسەر جینالۆجیای بۆهادا گرتووە، کە لای (نیتشە) هەیە (بێو مانایەی ڕەگەی تێکشکانی حەقیقەت و دەرکەوتنی بۆهای ڕاستیە، کە ئامێژش لێ دوو ئاستدا دەردەکەوێت:

ئاستی یەکەم، ئەو بەهایە، یان ئەو بیرکردنەوەیە لە ناوی مێژووییەوە چەن سەری هەڵداوە و چەن گۆشەی کردووە، بەڵام ئاستی دووەم، ڕەخنەیە لەو بەهایە و لابردنی ئەو چینە پیرۆزییەی سەری، تا ناوەوەی بکرێتەوە. بە مانایەکی دی، گومانکردن لە حەقیقەتی ئەو بەهایە، بە مەبەستی تێپەڕاندنی. لێرەدا لە ئاستی هەڵاوە دەچێتە ئاستی هەڵوێستیەوە. هووکش لا دەچێت و هەستن دەگەڕێتەوە، کە یەکەمیان لەسەر مەتافیزیکا دامەزراوە و لاوازە، بەڵام دووەمیان خاوەنی هێز و توانای بەردەوامیی هەیە.)(7) واتە ئەو فیلەسووفە بە هیچ بەهایەک ڕازی نییە، کە ئەوانەی تر بەمانی پێناسە دەکەن، بەڵکوو پەیوستە خەمان هەڵیانبکەڵێین، تا هەرچی خێرە هەیە لەسەریان لا دەبەین و هەستێتیان دەدەزینەوە. لەم هەماندا گەڕانەوە بە منداڵی، بە خودی منداڵی نییە وەک پێشتر وتم، بەڵکوو بە هەستێتی بەهاکان، کە هەتا هاتووە بە خێرە داپشراوە. کەواتە لە دنیای (کاروان)دا هەڵکەڵێن هەیە، نەوەک گەڕانەوە، چونکە نە بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە و نە بە خاڵێکی دیاریکراویش دەگەڕێتەوە، بەڵکوو هەموو شتێک هەڵدەکەوێت. بەکورتی تێکشکاندنی کات پەیوەندیی بە بەهاکانی ژیانەوە هەیە. ئەو ئەستاتیکایەیش کە لەو هەڵکەڵێنەدا دەردەکەوێت ئەستاتیکای ژیانە. هەر بە ڕاستی هەچوون بە ناو دنیای (کاروان)دا هەچوونە بە ناو بەهاکانی ژیاندا و چۆنی ئەو هەچوونە لەوەدایە، کە وەک خوێنەر بەشداریت. خوێنەری هەڵکەڵەر، ئەو خوێنەرەی بەوە ڕازی نییە لە هەی وەسفی درۆزدادەوە نووسەر شتی پێ بڵێت، چۆن لە بەرهەمی (کاروان) دەبینێت، چونکە وەک ئەوە وایە خەی نووسیبێتی. من خەم لە خوێندنەوەی چیرۆک و هەمانکانیدا دەیان جار بە بۆگەکانی پشوو دەگەڕەمەوە، تا لەگەڵ ئەستا گرێیان بدەمەوە، کە دەزانم دواتریش دەبێت ئەمانە بە کەمەکی تروە ببەستمەوە. بۆیە دەڵێم هەڵکەڵێین، نەوەک گەڕانەوە.

ناوی کارەکتەر:

هەر لە سەرەتاوە (کاروان) مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ چەمکی ناودا کردووە. لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا ئەمەڕۆ ئەو چەمکە هەڵکەڵینی نوێی تێدا دەکرێت. ئەزموونەکە لەوە دەرچووە تەنیا لە چیرۆک و هەماندا دەربکەوێت، بەڵکوو چووتە ئاستی تیەریشەوە. لە گفتوگۆ و وتاردا لەوەی دواوە. ئەو تەنیا بە ڕازاندنەوە ناو لە کارەکتەر نانێت، بەڵکوو خودی ناوەکە کاری پێ دەکرێت. پێچوانەی ئەو بەچوونە تەقلیدییەی پێی وایە ناوی ڕازاوە بە کارەکتەری پێزەتیف گونجاوە، بە ئەوەی ناوەکە هیچ ئەرکێکی لە ئەستۆ گرتبێت، ئەو لە دەرەوەی نۆگەتیف و پێزەتیڤەوە لەو چەمکە دەڕوانێت. لەم هەماندا

ئەزموونەکی تری ناونانی کارەکتەر دەبینین. واتە ناوی هەر کارەکتەرێک بە چیرۆکەوە بەندە، کە ئەو چیرۆکە وای کردووە کارەکتەر ناوی خۆی لە دەست بدات و ناوێکی تر هەڵبگرێت. واتە ناو بەشێکە لە پەیوەندیی نێوان (من) بەوەی تریەوە، نەوەک شتێکی ئەزەلی بێت. ئەوانەی دژەوەی خۆت ناوت لە دەنێن و چیرۆکەکانیش لەو هەڵگایەوە دێنە ئاراوە. ناو چەسپاو نییە، بەڵکوو لە جووڵەدایە و جووڵەکەی بەندە بەو پەیوەندییەوە. لە هەمانی تەقلیدیدا ناو چەسپاوە و ناگۆڕێت. لای (کاروان) ناو دەچێتە ئاستی ململانێوە و کاریگەرییەکەی دژدەکەوێت، بەڵێ خودی ناوەکە چیرۆکی هەیە. هەتا ئەگەر چیرۆکی ناوی کارەکتەرەکیش نەگۆڕدرابێتەوە، ئەوە ئاماژە بەوە دراوە، کە هەیەتی. بە نموونە نازانین چیرۆکی ناوی (شەکشەک) چییە، بەڵام وردەورد بەمان دژدەکەوێت لە (شکاندن)ەوە هاتووە. هەندێک ناو لە شێوەی تیپدا کۆرت کراونەتەوە وەک (پ...ن)، (م..ز..ن)، (ست ج..هـ..ن) و (د.ا.و.ر). هەندێک ناوی وەک (کچی میستەر گرین)، (ویتی)، (داچ)، (تیئەنتی)، (نارک)، (پاژان)، (کاردی)، (ئالیلی)، (نازی)، (نیرفاسەنا)، (سەرجەنی ئۆکەدی)، (گەربووش)، (کولدیساک:Cul-de-sac)، (شیپ)، (برای مارلین مەنرۆ)، (مام پەلەکەن)، (ئاقا گاردنەر)، (کوڕی ژنە بەبرژانگەکە)، (ترینیتی)، (تیتیتی)، (وازا) و(نیدی)مان هەن، کە بژدەوام دژدەکەون و ون دەبن. ناومان هەیە حەقیقەتێکی دیکەی مێژوومان بە دژدەخات، جیاواز لەوەی هەتا ئێستا زانیومانە. بە نموونە (سەمارتە)، کە ناوی کارەکتەرێکە، نەنک و باپیری لە بیستەکانەوە هاتوونەتە ئەم شارە و بە کوردی دەدوێن. ئەگەرچی مێژووی فەرمی پەمان دەڵێت سامەڵا شارەکە عەباسییەکان دروستیان کردووە، کەچی دژدەکەوێت وشەکە لە (سەمارتە)وە هاتووە و لە سەردەمی بژدینەوە هەیە. کارەکتەرێکی تر بە (دیکفلاش:Dickflash) بانگ دەکرێت. بۆچی؟ چونکە چیرۆکێکی نووسیوە و گوتوویەتی (دیکفلاش:Dickflash)ی تەدا بە کار هێناوە، گوایە ویستوویەتی بڵێت (فلاشباک:Flashback). کارەکتەرێکی تر ناوی (کاکە فانس)ە، بەڵام دژرکەوتووە (کاکەفۆنس:cacophonous)، یان (cacophonous words) واتە ئەو وشانەی لە گۆچکەدا قورسن و دەنگدانەوەی ناخۆشیان هەیە. بژدەوام گەمەی سەیر و سەمەرە لەگەڵ ناودا کراوە. ئەمە هەر ئەو چەند نموونەیەمان لە وەرگرت، دەنا لە هەر لاپەڕەیەکدا شتێکی وات بەر چاو دەکەوێت.

زمان:

بایەخی (کاروان) بە زمان لە لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکدا

دەردەکەوێت. لە ڕووی تیۆریەوە شارەزاییەکی باشی لە قوتابخانە زمانەوانییەکاندا هەیە و چەند جارێک لەو بارەیەوە نووسیوێتی. واتە تێگەیشتن لە پەیوەندیی زمان و فەلسەفە بەردەوام خەمی ئەو بووە. لە ڕووی پراکتیکیشەوە وردبینییەکی بەرچاو بە کارەکانیەوە دیارە. یەکێک لەو نووسەرە دڵگەرمانەی لە ڕێنووس، وشەسازی، ڕستەسازی و خاڵبەندی شارەزان. بایەخی سەرەکیی (کاروان) بە ڕێتم ئاماژەیە، بەیە لە خەیاڵ وشە فۆنادات و دەزانێت چ وشەیەک لە کوێدا بە کار بهێنێت. ئەو بیرکارانەی (کاروان) بە چەند وشەیەک دایاندەڕێژێت، لای ئەو نووسەرانەی شارەزای زمان نین، بە چەند لاپەڕە درێژ دەبنەوە. لەم ڕێمانەیشدا ئەو شارەزاییەی کەمکی کردووە، تا قووڵایی وشە دەربخات. ئەو خوێنەرانەی لە (کاروان) ناگەن، لەبەر ئەوە نییە نازانێت بیرکە بە چاکی دابەڕێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە ئاستی زانراوی شت بە لاوە دەنێت و ئاستە نەزانراوەکانی دەردەبڕێت. (کاروان) وەک (ژیڤان بەکر)یش هەر لەو گوتارەیدا نووسیوێتی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە شوێنی ئێستادا دەگێڕێتەوە. (دەخەوات، دەڕوات، دەبات، دەنووسێت، دەشەوات، دادەنیشێت)، نەوەک (خواردبوو، ڕۆیشتبوو، بردبوو، نووسیبوو، شووشتبوو، دانیشتبوو). ئەوە لە لایەک پەیوەندیی بەو تێگەیشتنەی ئەوەوە هەیە بە کات، کە پێی وایە ڕابردوو و داهاتوویش هەر ئێستان، لە لایەکی تر نایەوێت هەندە (بوو)ی ڕابردوو ڕێتمی زمانەکەی خاو بکاتەوە.

تراجیدیا و کۆمەدیا:

ڕۆگەزی تراجیدیا لە هیچ کارەکی (کاروان) جیا نابێتەوە. لە پشتەوە وتم لە دنیای ئەودا بەهاکان هەڵدەکەرێن، تا ڕەسەنێتییان بدەزرێتەوە. ئەوە ناوەرۆکی تراجیدیایە و (نیتشە) بەردەوام پێی لەسەر بایەخی ئەو تراجیدیایە داگرتووە، کە خودی ژیانە. تراجیدیا ڕوانینی مرۆڤ بە قووڵاییەکان. واتە باوەنەکردنە بەو مژدە ساختانەی بە مرۆڤ دەدرێن، گوایە هەزی فریادڕەس هەن و بە هانامانەوە دێن. بەڵام ئایا لە دنیای (کاروان)دا تەنیا تراجیدیا هەیە؟ نەخێر، کۆمەدیا لە پاڵ تراجیدیادا دەردەکەوێت، چونکە هەردووکیان یەکێکن. بەیە زەر جار چەمکە لای تۆژەروان دەبێتە (تراجیکۆمەدی). خودی کۆمەدیایش واتە ترازاندنی ئەوەی هەیە، بەو مەبەستەی ئەو لایەنانەی دەربکەون، کە نەناسراو و نەزانراون. لەم ڕێمانەیشدا تراجیدیا و کۆمەدیا تێکستێکە دەجووڵێنن. لەو شوێنانەی ئازار هەیە، (ئازار بەو پێناسەیەی نیتشە بەی کردووە)، پێکەنینیش ئامادەیە. پێکەنین واتە کردنەوەی دەرگەی تر بەسەر بابەتدا. تا

ئەو ھەمانە تەواو دەکەیت بەژمار لە قاقای پێکەنین دەدەیت. وای لە دەت ھەر ناوی (شەکشەک) بەت، پێکەنین دەتگرێت. لەو کاتانەی ژیان گەورەترین مەترسیی لەسەرە و وا دەزانیت ئەستا مەرگ دەردەکەوێت، دیمەنێکی کەمەدی وات لە دەکات قاقا پێبکەنیت. بە نموونە لە بەشی ھەشتەمدا، کاتێ (پاژان) دەگەیەنێ بەغداد، خوێنەر دەستی بە دیەوە گرتووە، ئاخ کەی دەگیرێن، کەچی ھەر لەوێدا قاقا پێدەکەنێت. لەم ھەمانەدا خەشویستیی بە ژیان فەکەسی گەورەی لەسەر کراوە. ئەو (شەکشەک)ەی سەرەتا وا دەتێ بەر چاو کەسێکی بەباک، بەکوو توندوتیژ، بەڵام دواتر بە تایبەتی لە بەشی ھەشتەمدا دەردەکەوێت چەند ژیاندەستە و ھەموو ھەوڵێکی ئەوێیە (جیھانگر) ئاسوودە بکات.

شەکشەک وەک تەرمەکی فەلسەفی:
زۆر تەرمی فەلسەفی و سایکۆلۆجی لە تەکستی ئەدەبییەوە وەرگیراون. بە نموونە سادیزم، ماسۆکیزم و دەنکیخێت. دەکرێت لەمەودوا (شەکشەک) بەوانە بگوترێت، کە ئەگەرچی ھیچ ئارەزوویەکی ئازاردانیان نییە، بەڵام بگەنە ھەر کەسێک شوێنکی دەشکێنن و خوێنی لە دەھێنن. (شەکشەک) لە ھەمانکەدا وای لە دەت، ھەر دەربکەوێت خوێنەر چاوەڕێیە، خوێن لە جەستەی کەسکەوە بھێنێت، لە کاتکەدا ئەوانەی تر بەی دەپشن و دەڕژێن نەیزانی. نووسەر لە سنووری ھونەردا ئەتمسفەرێکی میتۆلۆجییانەی ھەناوەتە کایەوە، تا کاری (شەکشەک) بە چاکی مەیسەر ببێت و بە پەوەری واقیعی زانراو لەی نەوانێت. (شەکشەک) دژی سیستەمە. ناھەقێت ھیچ پرسەسێک تەواو ببێت، بەکوو لە ھەی شکاندنەوە تکی دەدات. (شەکشەک) ئەو ھەموو خوێنە لە جەستەکان دەھێنێت، بەڵام کەس ناکوژێت. تەنیا باوکی خەی کوشتووە، ئەویش لە ھەی گاتەوە، کە ئەمە مانایەکی سایکۆلۆجییانەی ھەیە. لە تەکستەکەدا ھیچ ئاماژەیەک نییە خوێنی لە جەستەی دایکی ھەنابێت. ئەو دایکەی تەنیا یەک جار لە بەشی ھەشتەمدا بە ڕاستی دەردەکەوێت، لە کاتکەدا دوای مردنی سەندەیەکی بە دەستەوەیە و باخ ئاو دەدات. جلی ڕەشیشی نەپشیوە، گوایە مەردی وەسیەتی کردووە ڕەش نەپشێت.

لایەنی دەروونی:
شەوازی نووسینی (کاروان) بە پلەی یەکەم دەروونییە. تەکشکاندنی کات و دابەشکردنی بەسەر یەکەی وردوردا پەوەندیی بە لایەنی دەروونییەوە ھەیە. وەک (نەھێر ھەمەر) دەڕێت (ئەم ھەمانە پارچەپارچەیە و ھەر پارچەیەکی لە نەو دوو سێ بەش خەی تەواو

دەکات، یا بەکیش بە کراویی هەڵدراونەتەوە).(8)
هەوداوەکانی دەرەوە لە ناوەوەدا دەبنە ئاماژە. واتە لە ئاستی وشەوە دەچنە ئاستی نیشانە. (کاروان محەمەد فەتاح) پێی وایە بەرهەمی (کاروان کاکەسوور) (بریتییە لە ئاماژە، چونکە شتەکانی دەرەوە لە ناوەوە بە ئاماژە دەگۆڕێت. ئەوە تەنیا گۆڕینی یاساکانی کاتی دەرەکی نییە، بەڵکوو گۆڕینی ئاستەکانی زمانیشە لە هاستەوخۆییەوە بە ناڕاستەوخۆیی. خوێنەر لێرەدا بەوونەوەرێکی دەستپاچە نییە، کە تەنیا گوێ بگرێت، بەڵکوو ئەرکی هەیە. ئەوە خوێنەرە هەر لە ڕێی ئاماژەوە ئەو دیمەنانە بە شەوازی خۆی پێک دەبەستێتەوە و مانایان لێ پێک دەهێنێت.)(9) فاکتەری کەلەپووری و ئابووری ڕێگەی گەورەیان هەیە، بەڵام لە ناوەوە بەو زەقییە دەرناکەون. ئەمە تەنیا پەیوەندیی بە (کاروان)ەوە نییە، بەڵکوو بە گشتی ئەو ڕەهانەی بایەخ بە لایەنی دەروونی دەدەن، کەشە زەقکانی دەرەوە بە ئاماژە دەگەڕێن، بۆیە تێگەیشتنیان سەختترە لەوانەی دیوی دەرەوە پشان دەدەن. بەرهەمکانی (دەیستایەڤسکی) لەم بابەتەن. (تاوان و سزا) بە تایبەتی. دوای ئەوەی (ڕاسکۆلینکۆف) لەژێر فشاری دەخی ئابووری و کەلەپووریتیدا ژنەکی بەتەمەن دەکوژێت و پارەکانی دەدزێت، تووشی دەخەکی دەروونیی دژوار دێت و دەکەوێتە لێکدانەوەی خودی تاوانەکەی. جارێک پاساوی بە دەهێنەتەوە و جارێک خۆی دادگایی دەکات. ناوەناوە کەشەی خەزانیی خۆی دەنێتە ناوەوە، کە هەم دایکی و هەم خوشکی بە دەست کەلەکێک گرفتەوە دەتلێنەوە. دەگاتە ئەوەی (ڕاسکۆلینکۆف) زمانی بشەوێت و وشەکانی لە شەوێی وێنەدا گوێیان لێ بگیرێت، تەنانەت کاتێ دەچێتە بنکەی پۆلیسیش، وا دەزانن تێک چووە. واتە هەکاری دەخە دەروونییەکەی (ڕاسکۆلینکۆف) ئابووری و کەلەپوورییە، بەڵام زۆر بە ناڕاستەوخۆیی ئاماژەیان پێ دراوە. (کاروان) ئۆگەرچی خۆی لە دەیان کەشەی گەورەی وەک شەڕش، شەڕ، هاونان، گرتن و کوشتن دەدات، بەڵام ئەوانە دەکاتە شتی لاوەکی. ئەوەی بایەخی سەرەکیی هەیە کاریگەریی ئەوانەیە لەسەر دەخە دەروونییەکاندا. شتێکی سەیر نییە ئۆگەر دەبینین لە ڕەمانی ئەودا وەسف زۆر کەم هەیە، چونکە هەمیشە چیرێک ئامادەیە. واتە زنجیرەچیرێک شەوەی وەسفی درێژدادەی گرتووەتەوە. (پەشەو عەبدوڵا) پێی وایە (کاروان) بایەخ بە قووڵایی کارەکتەر دەدات، بۆیە خوێنەر نابێت لە بڕهەمکانیدا وەک ڕەمانی هەندێک ڕەمانووسی تر بە دوای وەسف و گوتەی زەقدا بگەڕێت.(10) (سابیر ڕەشید) پێی وایە ناکرێت بە یەک جار لە (کاروان) بگەیت، چونکە هەم هەشیاریەکی فرەوانی هەیە و هەم ئەو شەوازەی پێی دانووسێت جیاوازە لەو شەوازە باوانەی ئەمڕۆ.(11) (دڵزار حەسەن) هەکاری ئەوەی کەم قسە لەبارەی دنیای

(کاروان)ەو کراوە هەر بە ئەو فاکتەرە دەگەڕێنرێتەوە.(12)
ئاستییەکەی وەسفی دەروونی لای (کاروان) هەیە، کە مادام لە ناوەوەیە نابێتە هەی وەستانی پرسسی گیانەوە، بەڵام وەسفی دەرکی وەک (پشێوە عەبدوڵا) دەڵێت کەم، یان نییە. زەر جار نووسەران لە نەبوونی بیرکەوە پەنا بە وەسف دەبەن، بەڵام توانای (کاروان) لەوەدایە بەردەوام چیرەک دروست دەکات، بەیە پەویستی بەو وەسفە نییە. هەتا کاتێ وەسفی دەرەوەیش دەکات، هەر وەک ئەوە وایە لە ناوەوە بێت. لەڕەدا پەم خشە نموونەیەک بهێنمەوە، کە باس لە ماڵێکی دەوەمەندە، دوای ئەوەی سەفەریان کردووە کوێکەیان ماوەتەوە و هاوڵێکانی بە ماڵ دەباتەوە. ئەوان وەک ئەوە وایە چووبێتنە دنیایەکی تر. هەموو شتەکان دەپشکنن. لەبارەی وێنەی دایک و باوکیەوە ئەم پەرەگرافە دەخوێنینەوە:
(هاوڵێیان بە بێنی خۆش مەست دەبن و خەیان هەڵدەدەنە سەر تەختە نایابەکەی نووستن. ئینجا لەو وێنانە دەڵوانن، کە لە دیوار دراون. یەکێکیان دووقۆیی و بە بێنەی زەماوەندەکەیانەوە گرتوویانە. دایکی درەسکی سپیی، کە بە جلی بووکێنی ناسراوە؛ پەشیوە. دەستی چەپی خستووەتە ناو دەستی مەردەکەیەوە و بە ئاستەی چەپکە گوڵی گرتووە. ئەگەرچی وێنەکە هەشوسپییە، بەڵام دیارە ئەو نیگانەی لە بنەتدا سوورن، کە ئەوەتا لەسەر پەڕەی گوڵە سپییەکاندا جیاواز خەیان دەنوێنن. چەپکەگوڵەکەی بە سکیەوە ناوە و تا نزیک ئەژنەی هاتووە. دەکرێت بڵێین لە پلاستیک دروست کراوە و خاوێنی ستادیە بەو مەبەستە داینراوە، کە هەر بووکێکی دیکە بە دەستیەوە بگرێت، کاتێ بە وێنەگرتن ڕەی دەکەوێتە لای. زنجیرێکی سپیی لە مل کردووە، کە هەمان ڕەنگی کاتژمێرەکەی مەچەکی هەیە. پەپوولەیەکی پەوەیە و لەسەر سنگی هەنیشتووە. قژی گەیشتووەتە سەر شانی و تارایەکی سپیی تەنک بەشێکی داپۆشیوە. تاراکە لە دواوە شێ بووەتەوە و لە زەوی خشاوە. وەک بەڵی ویستبێتی هەقی ئەو شوێنانەی جێستەی بکاتەوە، کە تەواو ڕووتن، بە تایبەتی قۆڵکانی و بەشێکی زەری سنگی. بزەیەکی خستووەتە سەر لێوی، بە ئادەیەک ددانە وردەکانی لە شێوەی نیمچەسەگشێیەکدا دەرکەوتوون. بڕە باریکەکانی نەخشێکیان پێک هێناوە. بوونەتە سنووری نێوان ناوچەوان و دەموچاوە درێژکۆلەکەی. مەمکە خڕکانی لەژێر درەسکەدا دەرپەقیون و جیاوازییەکیان لە تەپگرافیای قوماشەکەدا دەرخستووە، بە ئادەیەک هەر دەڵێی ئەو دوو تەپە بەشێکن لە درەسکە، نەوەک لە جێستەی. مەردی بە قاتێکی ڕەشەوە لە تەنیشتی وەستاوە، بگرە جێستەی بە جێستەیەوە لکاندووە، بە ئادەیەک ئەوەی لێکیان جودا دەکاتەوە، تەنیا ڕەنگە، کە ئەمیان سپی و ئەویان ڕەشە. جووتە دەستکێشی سپیی بە دەستەوە گرتوون، کە

دیارە هیی ژنەکەین. ئەنگە لەویاندا ویستبێتی مانایەک پێشان بدات. خۆ دڵشۆ نەریتەکی ستەدیەکە بێت. ئەگەرچی باڵای کورت نییە، بگرە بەرزە، بەڵام نەیتوانیوە لە سێ چوار سانتیمەتر زیاتر بەسەر هیی ژنەکەی بکەوێت. ئەویش وەک ئەم پەڵاوی فلاتی لە پێ کردووە).

سەرچاوەکان:

1 کاروان عومەر کاکەسوور، ڕاگەردان، پاشکەی بەرهەمەکانم، لە زنجیرە بەاوکراوەکانی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، 2017، ل16

2 ئەگەرچی لە تەکستەکەدا تەنیا ناوی (کارا) هاتووە، بەڵام وەک لە کتێبی (ئەمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا نووسیوێتی مەبەستی لە (کارا فاتیح)ی هاوڕێیەتی. لە ڕوان هاوڕێیاندا تەنیا یەک ناو دەهێنرێت، ناوی خۆی. (کاروان) چیرۆکی لەدایکبوونی ئەم ئەمانەی بە گەڵاوەتەوە.

3 ژیڤان بەکر، ئەمانی ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە، ماڵپەڕی ژنەفتن. لینک:
ئەمانی "ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟" – ژنەفتن ((jineftin.krd

4 ئەمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا، چاپی یەکەم، 2021

5 دیبەیتێکی کراوە لەبارەی دنیای ئەدەبیی کاروان کاکەسوور. لە یوتیوب وەرگیراوە.
Plican l Debayti krawa l Dnyayi Adabi Karwan Kakasur – (6) YouTube

6 کاروان عومەر کاکەسوور، کات وەک پرسیارێکی شانگەز لە ئەزموونی منداڵ، ژمارە یەکی گۆڤاری گەانەوە، 2021

7 ئەمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا، چاپی یەکەم، 2021، ل20

8 نەهرێ هەمەر، ئەمانی تێپەڕ؛ «ئەو هاوڕێیەی منداڵیی ببینەوە؟»ی کاروان کاکەسوور بە نموونە، ماڵپەڕی ژنەفتن. (هەڵەی چاپ لە ناونیشانەکەدا هەیە!) لینک:
ئەمانی تێپەڕ؛ «ئەو هاوڕێیەی منداڵیی ببینەوە؟»ی کاروان کاکەسوور بە نموونە – ژنەفتن ((jineftin.krd

9 کاروان عومەر کاکەسوور، مەزەخانەی کوڤقدرژ، ئەمان، ناوەندی ئاشتی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، 2021 پشکیەکەی

(کاروان محەمەد فەتاح).
10 هەمان سەرچاوەی سێیەم.
11 سەرچاوەی پێشوو.
12 هەمان سەرچاوە.

لە ڕۆژی جیهانیی وەرگێڕاندا… مامۆستایانی وەرگێڕان لای هەندێك نەتەوە.. عەلی نادر

گەر بمانەوێت باس لە وەرگێڕان بکەین، پێویستە سەرەتا بچینە لای خەرئاواییەکان و باسی وەرگێڕانی کتێبە پیرۆزەکان بکەین. دەبێت ئاماژە بەوەیش بکەین کە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تیۆری وەرگێڕان لای ئەوان لە چوارچێوەی ئەو دیبەیتەدا گیری خواردبوو کە جۆرج شتاینەر بە مشتومڕکی "بەهودە" لەمەڕ "مەدلێکی سڵایەنە": "شرۆڤەکردن،" "وەرگێڕانی حەرفی" و، "لاساییکردنەوەیەکی ئازاد" ناوی دەبردن. لەگەڵ ئەوەیشدا جیاوازیی نێوان وەرگێڕانی "وشە بە وشە" و "واتا بەرامبەر واتا" دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سیسیرۆ (106 پێش زایین – 46 پێش زایین) و سەینت جیرۆم (347 زایین -420 زایین). لە خەرئاوا، لەو شوێنەی کە پێگەی نووسەرە کلاسیکییەکانی یۆنانی کۆن و ڕۆما لە ئاستێکی باڵادا بوو، بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەزار ساڵ یاسا و ڕێساکانی نووسەرانی یۆنان و ڕۆما بنەما سەرەکییەکانی وەرگێڕان بوون.
قسەکردن لەسەر وەرگێڕان لە سەدەی یەکەمی پێش زایین و چەند سەدەیەکی پاش زایینیش هەر لە ئاستی وشەدا بوو. وەگێڕانی کتێبی پیرۆزی ئینجیل و تەورات بە شێوەیەکی سەرەکی لای وەرگێڕەکان وەك ماددەیەکی خاو سودیان لێ دەبینرا، هەر ئەمەیش وای کردبوو کە هەر لادانێك لەو پەرتووکە پیرۆزانە هەرا و زەنایەك لە دنیای وەرگێڕاندا بهێنتە ئاراوە.

هەراس یەکێك بووە لەو وەرگێڕانەی کە سەبارەت بە پاچڤەی وشە بەرامبەر بە وشە ناقایل بووە، بیست ساڵێك پێش زایین جەختی لە

بەرهەمهێنانی تێکستێکی جوان و دڵگیر لە زمانی بەرامبەردا کردووەتەوە. هەر ئەم هەوڵستەی هێراس کاریگەریی کردووەتە سەر وەرگێڕەکانی سەدەکانی دواتر. بەم شێوازە سەینت جیرۆم کە بەناوبانگترین وەرگێڕی سەردەمەکی خۆی بووە، پشتی بە بیرۆکانی سیسیرۆ، بۆ پێداچوونەوە و وەرگێڕانی چاپێکی نوێی ئینجیل بە زمانی لاتینی، بەستووە. لەم چوارچێوەیەدا ستراتیجی خۆی لە بارەی وەرگێڕانەوە بەم شێوەیە دەربڕیوە: "کاتێك لە زمانی گریکەوە وەردەگێڕم- جگە لە کتێبی پیرۆز کە پێکهاتەی هێستەسازییەکەی ئایزییەکی تێدایە- بە شێوازی وشە بەرامبەر بە وشە وەرناگێڕم، بەڵکو بە شێوازی واتا بەرامبەر بە واتا وەردەگێڕم."
دواتریش لای چینییەکان بەتایبەت بایەخ بە وەرگێڕان دراوە، بۆ نموونە لە سەردەمی بنەماڵەی هانەکانی خۆرهەڵات و سەردەمی سێ پاشایەتییەکەدا (148-265 زایین) باس لە وەرگێڕانی وشە بەرامبەر بە وشە کراوە و پێکهاتەی هێستەسازیی زمانی یەکەم پشتی پێ بەستراوە. لە سەردەمی عەباسییەکانیشدا (750-1250 زایین) لە بەغداد ناوەندێکی گەورەی وەرگێڕان کراوەتەوە، زۆر جار کتێبی زانستی و فەلسەفیی گریکەکان بۆ زمانی عەرەبی پاچڤە کراون، بەڵام هەندێك جار پشت بە زمانی سریانی وەك زمانێکی نێوەندگیر بەستراوە. عەباسییەکان دوو شێوازی وەرگێڕانیان بوونیاد ناوە: شێوازی یەکەم یوحەننا ئیبن ئەلبەتریق و ئیبن نەعیمە دەستیان پێ کردووە، هەبەت ئەو دوو وەرگێڕە تاڕادەیەکی زۆر پشتیان بە وەرگێڕانی حەرفی بەستووە. دواتریش بەیکەر و حەننا ئەم شێوازەیان بە ناکامێ زانیوە و شێوازی دووەمیان، واتا بەرامبەر بە واتا، بە گونجاو زانیوە.
لە سەدەکانی پازدەیەم و شازدەیەمدا زمان و وەرگێڕان بوون بە دارەستێك بۆ ململانێی نێوان زلهێزیەکان. زمانی لاتینی کە کەنیسەی ڕۆما کۆنترۆڵی کردبوو، دەستەڵاتێکی تاکەهەندی بەسەر زانست و ئایینەدا هەبوو، بەڵام بزووتنەوەی مرۆڤگەراکانی ئەوروپا لە سەدەکانی چواردەیەم و پازدەیەمدا ڕووبەڕووی ئەو دەستەڵاتە ئایینییە بوویەوە. لە سەرەتای سەدەی پازدەیەمدا ئیفرمخوازە پرۆتیستانەکانی باکووری ئەوروپا، کە دەستپێکی جیابوونەوەیەکی گەورە بوو لەنێو مەسیحییەتدا، لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئینجیلەوە بۆ زمانە لاوەکییەکان، توانییان تەحەدای زمانی لاتین بکەن. لە وەها بارودۆخێکدا وەرگێڕانی هەر کتێبیك کە دەستەڵاتی کەنیسەی بەسەرەوە نەبوایە، مەترسیی یاخیبوون لە ئایین یان سانسۆرکردنی لێ دەکرا. تەناتە کەمترین وەرگێڕان بە هەڕەشەیەك بۆ سەر تەکووز و دامەزراوەکان دادەنرا. بۆ نموونە لە ساڵی 1551 دادگای پشکنینی ئیسپانیا بڕیاوکردنەوەی ئینجیلی بە زمانە لاوەکییەکان یاساغ کرد.

چارەنووسکی تەخیش ووبەووی ئەوانە دەبووییەوە کە ئەو جارە تکستانەیان دەخستە بەر دەستی خەکی ئاسایی. دوو دیارترین نموونە لەم بارەیەوە بریتین لە وەرگ و ئایینشناسی ئینگلیز، ولیام تیندا (1490-1536 ز.) و یەک لە نووسەرە هیومانیستە فەنسییەکان بە نوی ئیتین دلت (1509-1546 ز.).

تیندا زمانزانکی بەشک بوو کە باس لەوە دەکرت هەشت زمانی زانیوە. ئەو ئینجیلەی ئەو وەریگابوو بەرهەمی ژیانی ئاوارەیی بوو، دواتر بە فەرمانی پاشا هنریی پنجەم ئەو چاپەی ئینجیل یاساغ کرا. تیندا بەبیانووی داهنان لە وەرگانی ئینجیلدا فنرا و لە 1536 لە هەندا لە خاچ درا، بەم شوازە ناوبراو بوو بە یەکەمین شەهیدی وەرگران. دواتریش دلت لە سای 1536دا لەلایەن فاکەتیی ئایینیی زانکی سربنەوە سەرکنە کرا، تەنیا بیانوویەک ب ئەم کارە ئەوە بوو کە لە وەرگانی یەک لە دایەلگەکانی ئەفلاتندا دلت س وشەی (هەرگیز هیچ شتک)ی ب کتایی هستەیەکی ئەفلاتن زیاد کردبوو، شایانی باسە ئەو هستەیە باسی لە ژیانی دوای مردن دەکرد، بە زیادکردنی ئەو س وشەیە هەبوونی ژی پەسانی ەت کردبووەوە. بەم شوازە ئەمیش تمەتی کوفرکردنی درایە پا و بەزیندوویی خرایە نو ئاورەوە.
گەورەترین کارک لە سەدەی شازدەیەمدا لە وەرگاندا کرابت، لەلایەن مارتن لسەری ئەمانییەوە کراوە. وەرگانی ئینجیل لە سای (1522 ز.) و تەورات لە (1534) لە دیارترین کارەکانی وی بوون. لسەر باوەی وا بوو کە دەبت ئەو پەرتووکە پیرزانە بە زمانی خەکی ئاسایی پاچفە بکرن. وتە بەناوبانگەکەی بووە هکارک کە ەچەشکن بوو لە دنیای وەرگاندا: "دەبت لە ماەوە لە دایکەکان، لە کان لە منداان و، لە بازایش لە پیاوان پرسیار بکەیت کە چنهایی قسان دەکەن، تیش هەر بەو زمانە وەربگیت."

وەرگان لە ئاستی وشەدا تا دەیەی شەستەکانی سەدەی ابردوو بەردەوام بوو، لە ناوەاستی شەستەکان بەدواوە، کاتک کاتفرد (1917-2009) توانیی ئاستی وشەی تبەپەنت، ئیدی لەو دەمە بەدواوە وەرگان وەک زانستک لە بەشکی زری زانستگەکانی جیهاندا خوندرا.
حەمەکەریم عارف لە کتبی "خیانەتی حەا"دا باس لە یەکەمین ئەزموونی وەرگان لە ناو کورددا دەکات و باوەی وایە کە مەترانکی سابخی لە سای 1919 یەکەمین جار کتبی پیرزی مەسحییەکانی کردووە بە کوردی. لە پەنجاکانی هەمان سەدەدا مامستا

جەمال نەبەزیش "پاڵتۆ"کەی گۆگۆل و "گەرداو"ەکەی شکسپیری کردوون بە کوردی. بەم شێوازە کتێبە ئاینییەکان بوون بە سەرچاوەی وەرگێڕان لای پاچقەکارانی کوردیش.

لە ساڵی 1997ەوە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆیاری ژمارە 71\288 ڕۆژی 30 ئەیلوولی هەموو ساڵێکی وەك ڕۆژی وەرگێڕانی جیهانیی دیاری کرد. دیاریکردنی ئەو ڕۆژە پاش ئەوە هات کە سەینت جیرۆم لە هەمان بەرواردا لە شاری بەیتلەحمی فەلەستینی ئێستا کۆچی دوایی کردووە. سەرمەشقیی وی لە وەرگێڕانی ئینجیلدا لە زمانی گریگەکانەوە بۆ زمانی لاتین وای کرد ئەو قەشەیە بە باوکی وەرگێران دیار بکرێت.

عەلی نادر
30 ئەیلوولی 2021

-_____

سەرچاوەکان:

1- حەمەکەریم عارف: "خیانەتی حەڵاڵ"
2- ویکیپیدیا: جەی. سی. کاتفۆرد
3- بابەتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەم بەستەرەی خوارەوەدایە:
https://www.un.org/en/observances/international-translation-day
4- تیرەکانی وەرگێڕان: جۆرمی مەندەی.

هەزار ساڵ چاوگێڕانی.. سەباح شوان

هەزار ساڵ بوو چاوگێڕان بووم
هەر دڵهاتی و نەدڵهاتی.
کاتێ هاتی نێ تێ تێ بووی
نێ من خۆم بووم!
نێ تێ لێڵێ پێ مەیلەکەی جارانم بووی

نێ من فەرهادێ گەلێکی ئاشقت مام
کاتێ هاتی
نێ سیمرخێك لێم ناوێ مابوو نێ منیش
ئیتر ئێژدیهای ڕۆژگارم پێ دەکوژرا
نێ بەهار بووی ئەشقی ڕەنگاوڕەنگت پێ بێ
نێ پایز بووی تەنکێ غەمی بەاو و بەدڕەنگت پێ بێ
نێ هاوین بووی لێ بەاچێ ئارەزووتا بمخنکێنی
نێ زستان بووی تەر تەر بەسەرما بگریت و
مەشخەڵانی گەکانی دەم داکەوێ
بەم ئیتر لەسەر سینەی خەرنەدیدەی
تەدا خەوم لێ دەکەوێ
من وام دەزانی ئەگەر بێی
چاوێ شینەکانت وەکو
غەمەکانی من قووڵ دیارن
قژێ زەردەکەت غەریبی ئەوارانمێ
لێبەر تاڤگەی تەنیاییا
دەمخواتەوێ
کەپەی باڵا داگیرساوەکەت بەیانییان
خومارشکێنی شەوانی تاڵیم دەکا
من نەمزانی؟
تەرمی بەفرەکەت قەڵەمی
دەستوپێی شیعرم دەشکێنێ
غەریبییەکی لێ ئازار بەئازارترم
بێ دەنگ
هەزار ساڵ بوو
بەدیار شووشەی مەرەکەب و
شەرابی وەك
شەو و ڕۆژەوێ دامابووم
کاتێ هاتی
نێ شیعر بووی بمنووسیت
نێ مەستی بووی بمخەیتەوێ
ئەی گەر وا نەبووی بەچی پێت نەگوتم
تاکو بچم پەیمانەکی ناپاکانێ
لەگەڵ سەزانییەێ مەرگەکەی
ئەرەکی ژەهرا ببەستم.
هەزار ساڵ بوو
چاوەڕوانیم درەختەکی باڵابەرز بوو

لق و پەپی شەی بە تە
درێژ دەکرد
تەش بارانەکی وشك بووی
چرکانی شەوگارمت
دەوراند و نەدەهاتی.
کاتە هاتی
گەیەك بووی لە زستانا
چووزەری بن بەفرکانمت
هەڵپووکان
زریانەك بووی لە هاوینا
هەر دەمودەست توایتەوە
بوویتە گریان
هەزار ساڵ بوو چاوەڕێت بووم
کاتە هاتی
شەوەکی تاریك و دوور و
پەنگاوی تەنیایی بووم من
تەش ئەژەکی سەر بەرەو خوار
من وا مزانی گەر بڵی ئیتر
گۆشکە و خەرکوەریم تووش دەکەی
کەچی ئێستا تەنیاترم
لە کانیەکی دڵتەنگی
نزیك بارگا و ئەردووگاکانی جاران!
تەنیاترم لە ئێستەڕی بەجەماوی بەربەیان.
تەنیاترم
لە شوانە هەرزەکارەکی
شەو بەکەوی دەشتی گەرمیان
وەرانترم لەکەوی شەوەکی ووخاو
نە ئەمە تەی
ئێستەڕە باڵا بەرزەکەی
جارانم بی
نە ئەمش سەزە سەوزەکەی منە ئەمشەو
کوانە ئەمە زماوەندە
کەی تە بووکی وەاتەکەی
بەفر و خۆنی ناو شیعرەکەی گەرانی
کوا من ئاشقە شێتەکەی باڵاکەتم
ئەم هەموو کێترە باریکە و
بەرخەانەی خونکانم

بە لەبەر پەتا کوژراون
بە ئەم گورگە برسیانە
ئەوها دەوریان لە داوی
خە بەفر ئەمشەو هیچ گوێی لێت نەگرتووە!
هەزار ساڵ بوو
حەزم دەپ دەژا و
بەردی شەوی لەبەر پەما کون دەکرد و دەتوایەوە
من وام دەزانی ئەگەر بێی
پە کەشت وردە ئەستێرەی
ەنگاوەنگم بە دەهەنی
دارستانکی پە ەنگم بە دەهەنی
مژدەی مردنی خوای جەنگم بە دەهەنی
ئەم داە و گەنخرانەت کەی بوونە یاوەر
ئەم گەشتخەری هەژارانەت کەی بوونە دەست
کوانە دەکەی گەرمیانت
بە بەجێتهێشت و بە گریان
خستێ بەردەست دەخەرکان
خە لانکەی من لەوە بوو
پە بوو لە هێلکە کەتر و مرواریی حەز و ئارەزوو
تە غەریبی
هەرگیز بە گیانی من ئاشنا
نەبوویت و نیت
من غەریبم
هەرگیز بەها گەردانی باها جوانکەت نەبووم من
تە خەونە بووی هەزار ساڵ بوو
دەتمبینی و نەتمەبینی
تە مەیە بووی
بە یەکەم بادە مەستت بووم
تا ئێستاکەش
نامەوە بەمەوە سەرخە
وەرە با بچینەوە کوێستان
کوێستانە بەفرینکەی سەری من و
شەو کراسە تەنکەکانی تەمی بەر تە
هەزار ساڵ بوو چاوەڕێت بووم
ئێستاکە بە
بە هەرزە ئێشقبازەکان
پێدەکەنی

هەر منم سۆفیی خانەقای
ئیشقە پاك و خودایییەکەی تۆ
هەر منم مەستی مەیخانەی
باڵا لەخۆباییەکەی تۆ
سەد ئەوەندەش بەوفابی
هەر خۆشمدەوێی
ئەمە منم
ئەمم
ئەم.

1993 هەولێر

شەو درەوشاوەکانی سەفەر.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

ئای لەو هەژانەی ، لە دوورەوە،،
نیگامان ئەکرد،،
بە ئاستەم ، کەشتیەک..
لە نەو چنگی شەپۆل،
ڕزگاری ئەبوو!
لە دەخی نەوان مەرگ و نامەرگ،،
عیشق و ناعیشق،،
چوون و نەچوون، پرسیت..
تا کەی ژیان ؟!،
گەر باهەکانمان…
بە خاچی خواوەندە خەیاڵبردوەکان بەسترابێتەوە؟!
تە کتەبەکانی ئاو بخوێنەرەوە،،
من لە ژێر چیای خەرمکی کەچەرا،،
لە چنینەوەی پرچی ئالتونی پایزەکی ترام،،
ئای! ئەشکەنجەی ئەو شەوانەی…
لە کوپە زەڕەی خەرمکی سەرخەش،،
بە مەی شیعری بوهەیمی سەرخەش ئەبوم!،،،

گەشتی مەستبووون،،
بە لاوەتیەکی دەندە،
واتە، دیدەنی پرچی ڕەشی سپەدەیەک ،
واتە، دەنەوایی خاکەکی نەخۆش،،
وەک چرپایەکی ئاخراو..
لە ژێر دنیایەکی تەکەڵ و ئاڵۆسکاو ..
لە تەپۆڵینی پەنجەڕەی شەمەندەفەڕ ،
لە سەرابی ڕەژە گەنجەکانا !..
گەرچی لە یادی بینینەوەت،
هەرهەمویم لەدەستچوو!
ئێرە، ئەم هەموو نیگەرانیەی..
بە شار و بە زەریاو بە کەشتی دەکەی سرکە!،
ئەو دەروازە خەونیانەش ،
چەند نامەن، بە هاتمان،،
ئازیزن، دوای تە،،
دارستانە بیرچوەکانی ڕەژانی ڕەشتن،
ئازیزن، هارمەنیکای هاتنت و تەپڵەبونت ..
وونبووونیش، مانای هەیە ..
بە نەو بەستانی پەروانە ئاڵتونیەکانی نیگات!
کاتی گوزارشتە لە مەرگی خود ،ئازیز،
کاتە جیهان بەرە هەڵدەری بە پشەوە سەرنە!
توانەوەی ڕەحە،،،
لە ژێر لەزمە بارانی سوور.. و..
سپی کارگەکانی دەزەخ،
بەنام، تازە فێری ڕەحسوتان بووین..
بە کوشتنە ، دوان،سیان، هەر نامرین!

ئیتر ماڵئاوا،،،
ئەی گوڵە سەوسەنە لەو قورمزیەکانی ..
سەر گەڵی هاوڕە کوژراوەکانی،
ئەو سەنگەرانەی…
ئاڵا شکاوەکانیان ، تەنها ئاورینگ …و..
نیگای مانگەکی ئەرخەوانی بوو،،
پەم ئەڵەی ، بە جارەکی تر ،
کتێبەکانی ئاو ناخونیتەوە؟؟
بەنام من هەرگیز پرسیار،.
لە سەرەتاو کۆتای..

نمایشی کەمیدیاشانی ژنۆسرابیەکان ناکەم،
کاتێ کوژڕی ڕەح و فریادڕەسی ڕەح ،،،
هەر خەم بم!
گومبوون ، واتە بێ تۆیی،
لە بیابانی کیشوەرێک لە تەنیایی!
گەر تەماشای خەرئاوابونەکی زیویش نەبێ ،
لەم غوربەتە دا،،،
متمانە بە هیچ فرمێسکەکی گەرمی تری..
فریشتە دڵشکاوەکانی کازیوەیەکی پەمەیی ناکەم،
نە ڕوخساری تەمتومانی تۆ ،
ئەبینمەوە، نە هاواری تۆ، ،،
لەم کە ئێشکەوتە شوشەیی، ئەمگاتە..
ئەڕە پەرتەوازەبوونی هەستەکانێ، دڵانی..
نەخشەی قەدەغەکراوی فیردەوسەکی سوتاوە،،
ماندووبوونی مەڵە تەرکراوەکانی وەاتەکی سەربەاوە..
لە دەزینەوەی دوا بەندەری تیشکی ڕەها،،
چی جادوویەکی قەشەنگیشە ،
وونبوون لە تۆ،
کە شیعر ئەبەتە..
کەنار زەریا،
چی ئەفسوونکیشە،،،
لە دەندەیی شنەبایەکی تەنیایدا،،
نمە بارانەکی خەندەیەکت ئەبارە،،
پڕڕەی ڕەگا پەرش و بڵاوکان،
با لە ئاسمانی مسینی چارەکەی کەشتی وونا تەپڕەن،،
پردەکم لە ئازارە داگیرساوەکانی..
دڵی کچێ تەنیاکانی شار دەزیوەتەوە ،،،
بەختەوەریم، لە خەرابستانی باخچە سوتاوەکانی..
جەنگێ ئەفسانەیەکان بینیوەتە وە،،
سەوزڕەنگ هەمن..و..خامەش..و..سەرخەش،،
بە زەردەپڕەی منداڵەم ،،
لەم بیابانە مرۆڤە پەویستە، سپەدەش..
بە نیگات نەخەشە،،،
خەباریەنی بە تۆیی،،
چی نەفرەتکی پڕڕاینی هەناو گەکانێ،
ئازیز، نابینی…
لە بنبەستی لەو..

لە قفەدانی دە..
زنجیرکردنی جەستەی زەریا،
چوارمەخکەشآنی کەنار..
کەچ بوەتە تەرتیلە ی گوە زەنگلەدەرکانی ..
شەو درەوشآوەکانی دارستانی سەفەر

وەرزە سەوزەکانی ئەوین.. وەرزی پەنجەم\ شیعری: ستیڤان شەمزینی

گوەم لە دوو پەە هەور بوو
بە چرپەوە ئەدوان
ئەیانووت ئەمە لە چاوی ئاسمان ئەتکەین
کە هەوا لە باوەش ئەگرە
گوەم لە شاخەکی بەفرین بوو
بەدەم هەرەسەوە هاواری ئەکرد
ئەژنەم شکا و وا عەشقی شەتانەی خەر
دەی سەهەیم ئەبرژنە

وا مەزانە بە رەکەوت لە حەوشەی
حەزەکدا تەم دەزیەوە
نا، من بەر لەسەدان سال
لە خەونی یەکەمدا تەم ناسیوە
وا تەمەگە شنەبایەکم دەم و
بە پەلە رەت دەبم
نا، خودای عەشق هەزاران سالە
تەی لە چارەی من نوسیوە

لەو هەموو بارانەی من
خەت نەخستە بەر تەنها دەە پەکیش

تا لە سەحرای وشکی
پیاوەکی تردا لە تینووەتیدا خنکایت
لەو هەموو شیعرەی من
تەنها یەک دانەشت هەڵنەگرتەوە
تا لە رەقایی دەی پیاوەکی تردا
هەر وەک شوشە شکایت

لە یادمە وتت ئەبمە
دەزگیرانی شاعیرەکی سەرشت و یاخی
بە ئەوەی بە خوێنی خەی ناوم
لەسەر دەفتەری شیعرەکانی هەکەت
لە بیرمە وتم، ئەبمە
دیلی ژنەکی رەنگ تریفەیی بەرزەفە
بە ئەوەی کەتری عەشقم
لەنەو قەفەزی سینگیدا ئارام بنوە

دوکەڵ و بەگەنیوی جەنگ و
باروت کاسی کردووم
ئەو منم لە جەنگی ئەوینی تەدا
یەکەم نیگا ئەمرم
شەی خەی جنەکە
بەر دەرگای ماڵی نیشتمانی گرتووە
ئەو منم لە شەی عەشقی تەدا
لە یەکەم ماچدا دەکوژرەم

ون ببووم
لە فنجانی قاوەکەی تەدا
خەم دەزیەوە و
لەگەڵ یەکەم پەکی عەشقتدا
تاکو قیامەت مەست بووم
ون ببووم
لە قووڵایی لاپەڕەیەکی مەژوودا
منت دەزیەوە و

لەگەڵ یەکەم هەنگاودا
کەوتمە شاری ئاوەدانی هەنوکەتەوە

ئاوێنەیەکی وردوخاش بووم
بە هەپرونبووونی خەم ناگریم
نا، غەمی ئەوەمە ئیدی یاری بریندارم
خەیم تێدا نابینێتەوە
کانییەکی وشک بووم
بە تینووەتی خەم شیوەن ناگەم
نا، شینی من بۆ ئەوەیە
چیدی لەوی یاری بەنازم تێ ناکەموە

پرسیارم لە ئەکەیت
بۆچی بە زمانی فریشتە ئەدوەم و
تەنها ئاشنای فرمێسک و
ڕەگا بنبەستەکانی ئەویندارییم؟
پرسیارم لە ئەکەیت
بۆچی وشەکانم زەر غەریبن و
بە تەنهاش خاوەنی ماڵێکی
سارد و ژوورێکی چۆڵم؟
وەڵامەکەیم لا نییە
ڕەنگبە لەبەرئەوە بە شاعیرم!!

کە تەرمی منت بینی
وا تەمەگە ئەمە کەتایی ڕەگایە
زەرجار ڕەگە سەختەکە
لەوەوە دەست پێئەکات
کە وتم ماڵئاوا و ئیدی نایەموە
ناڵێم چاوەڕوان مەبە
زەر جار گەڕانەوە
لەناو ماڵئاوایێدا خەی شاردەتەوە

_____